سەرنووسەر
عثمان محمد فائق

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی یە
لە دەزگای رۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی
کوردی دەردەچێ

هاوکاری

کانونی دووەمی ۱۹۷۰ دامەزراوە

۱۲ لاپەڕە — ۲۵ فلس

● چوار شەممە ۱۰ی تشرینی دووەمی ۱۹۷۶ ژمارە ۳٤۲ ●

● الاربعاء ۱۰ تشرين الثاني ۱۹۷٦ العدد ۳٤۲ ●

شورشە سوشیالیستەکەمان بە تەنیا توانای پیشخستنی گەشە کردنی ئابوری و کۆمەڵایەتی هەیە چونکە هەر ئەو سەربەرشتی بەرژەوەندی نەتەوایەتی ئەکات وە ئەتوانێ سەرکەوتن بە سەر کەورەترین ئەرکی کرانا کە بەدی هێنانی گەشە کردنی پەلەیە .

احمد حسن البكر

سەرۆکی ئەمڕۆ جەماوەرمان جڵەوی کار و باری لە دەست خۆیدایە

فەرمانده

بەرێز سەرۆک احمد حسن البکر ووتی : جەماوەرمان ئەمڕۆ جڵەوی کاری گرتۆتە دەست و خۆی بۆ شەرێکی شارستانێتی توندو تیژ ئامادەئەکات و بەرگری هێرشی رۆشنبیری بێگانە ئەکات کە لەگەل رەسەنی و کەلەپوری ئەمنەتەوەیەدا ناگونجێت . لەبەر ئەوە چەکدار کردنی جەماوەر بەرۆشنبیری و وریاکردنەوەی تەنیا ئەوە ناگەیەنێت کە حەق خراوەتەوە جێگای خۆی ، بەڵکو خۆئامادەکردنێکیشە بۆ بەشداری کردن لە شەڕەکانی دژی دواکەوتن و رزگاریدا و بەدی هێنانی روانگەیەکی فراوان بۆ ژیانی نوێ لە بێگەیاندنی ئەوەیەکی وریا و هوشیاری ئەوتۆدا کە هەستبە ئەرکە مێژوویەکانی سەرشانی بکات .

بەرێز سەرۆک لە نامەیەکدا کە بۆ کارگێری ئژانسی دەنگوباسی عیراقی) باردوو تیایدا پیرۆزبایی حەفدەهەمین ساڵی دامەزرانی لێکردوون لەو نامەیەدا ئەرکەکانی دەزگاکانی راگەیاندی دووبارەکردۆتەوە لە ئاگادارکردنی جەماوەری ئەم وڵاتەو هەمو نیشتمانی عەرەب لە شارەزایەکی سەرەکی زانستی و هونەری شارستانیدا وە وریاکردنەوەو قوڵ کردنەوەی هەستی نیشتمانی بەروریان و نوساندنیان بە نیشتمان و نەتەوەوە وە بە چارەکی مرۆڤانە بەستنیان بە بزوتنەوەی مرۆڤایەتی پێشکەوتنخوازەوە لەجیاندا .

ئەمەش تەواوی نامەکەی سەرۆک البکرە کە بۆ ئاژانسی دەنگوباسی عیراقی باردوە .

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی یە لە دەزگای رۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی دەردەچێ

بەرێز سەرۆک لە نامەیەکدا کە بۆ کارگیرای ئژانسی دەنگوباسی عیراقی) باردوو تیایدا پیرۆزبایی حەفدەهەمین ساڵی دامەزرانی لێکردون لەو نامەیەدا ئەرکەکانی دەزگاکانی راگەیاندی دووبارەکردۆتەوە لە ئاگادارکردنی جەماوەری ئەم وڵاتەو هەمو نیشتمانی عەرەب لە شارەزایەکی سەرەکی زانستی و هونەری شارستانیدا وە وریاکردنەوەو قوڵ کردنەوەی هەستی نیشتمانی بەروریان و نوساندنیان بە نیشتمان و نەتەوەوە وە بە چارەکی مرۆڤانە بەستنیان بە بزوتنەوەی مرۆڤایەتی پێشکەوتنخوازەوە لەجیاندا .

ئەمەش تەواوی نامەکەی سەرۆک البکرە کە بۆ ئاژانسی دەنگوباسی عیراقی باردوە .

رۆژلەکانم کارگیرانی ئاژانسی دەنگوباسی عیراق ..

بە پێنەی جەمدە هەمین ساڵی دەمەزراندی دەزگا گرنگەکەتانەوە ساڵاوتان لێ ئەکەم ساڵاوی شۆرش و حیزبەکەتان . پیرۆزبایی بەردەوامی پێشکەوتنتان لێ ئەکەم لە ناشکرا کردنی ئەو سەرلێشێواندنەی ئیمپریالیزم دژی ئەل و ئەتەوەکەمان ئەی نوێنن ، وە پیرۆزبایی دەوری سیاسیتان ئەکەم کە بەشداری کردوە لە دەرخستنی روی پرشنگداری شۆرشەکەتان و بیروباوەری حیزبە سەرکردەکەتاندا حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب .

رۆژلەکانم .. وەمانی تیا نیە کە ئەوە باش ئەزانن کە بەرامبەری هێز لە دنیادا خۆی لە رۆژی شێوەو روکاری جۆر بەجۆردا نیشان ئەدات ، هەروەک لە شێوەی ئیمپریالیزمدا کە ئەورا بەرەو دوای بەسەردا هاتوە وە نیستا بە تەواوی ئەوە ئاشکرا بوە کە ئیمپریالیزم بایەخێکی زۆر بەبیرو باوەری پێشکەوتنخوازو سۆشیالیستی ناو وڵاتە تازە گەشەکردۆکان ئەدات وە ئەم بایەخ پێدانەش لە شوەکزەنەبانی جیا ناکرێتەوە وەک شەڕانەوەو دەست درێژی و پێشکەوتن لە چەک دروست کردنا و زیاد کردنی ناخۆشی لە ئاوان دەوڵەتاندا .

ئیمپریالیزم و ئیستیعمار ئیستا هەتاو بۆ قۆناغێکی نوێ ئەتن قۆناغی جاوتاخشداند . ئەوە بەسەرچەمی ستراتیژی جەنگیشاندا بۆ بەر باکردنی ئەرکی سایکۆلۆژی فراوان و کزکردنەوەی هێزە کانی ئەمەرەمانی دنیا بۆ ئەوەی لە یەک تەوژمی دژ بە بیروباوەری پێشکەوتنخوازی و شۆرشیالیستی رێکیان بخات ، وە راگەیاندن یەکێکە لەو هێزە گرنگانەی بۆ ئەو مەبەستە خستویەتە کار .

زۆری تەرکیز و بایەخ بیدانی ئیمپریالیزم بە هەمە جۆرە لایەنی کاری راگەیاندن ، یەکێکی تەواوی ئەوەیە کە ئاتوانی بەربەستی بلاو بونەوەی هاو چەرخە بێت بو گەل و جەماوەرمان .

لە دوایدا ، بەرپرسیاری دەزگاکانی راگەیاندن دووپات ئەکەینەوە ، بوچەکدار کردنی جەماوەری وڵاتەکەمان و وڵاتی عەرەب بەزانستی بە هونەری وزانیاری و شارستانیەتی پێشکەوتنخوازی جیهاندا هەروەها بێویستە کە زۆر دەربەستی رۆشنبیری عەرەبی لە فرمان وکۆشتاندا بێ رەسەن بن ، بەتایبەتی لەناو جەماوەری کرێکاران و فەلاحان و قوتابی وئافرەت ولاواندا چونکە تا ئیستا هەر بێویستیان بێ یەتی ..

داوای سەرکەوتنتان ئەکەم لە ژۆر هەموو ئەو هەوڵانەی کە ئەیدەن بۆ گەشە کردنی ئابوری و کۆمەڵایەتی هەیە چونکە هەر ئەو سەربەرشتی بەرژەوەندی نەتەوایەتی ئەکات وە ئەتوانێ سەرکەوتن بە سەر کەورەترین ئەرکی کرانا کە بەدی هێنانی گەشە کردنی پەلەیە .

رۆژلەکانم .. ئەمرۆ جڵەوی کار بە دەست جەماوەرەوەیە خۆی ئامادەی بەشداری شەرێکی شارستانی توندو تیژکردوە وە بەرگری هێرشی رۆشنبیری بێگانە ئەکات کە لە گەل رەسەنی و کەلەپوری ئەمنەتەوەیەدا ناگونجێت ، لەبەر ئەوە چەکدارکردنی جەماوەر بە رۆشنبیری و وریاکردنەوەی تەنیا ئەوە ناگەیەنێت کە حەق خراوەتەوە جێگای خۆی . بەڵکو خۆئامادەکردنێکە بۆ بەشداری کردن لەشەڕەکانی دواکەوتن و رزگاریدا وە بەدی هێنانی روانگەیەکی فراوان بۆ ژیانی نوێ لە ئەمەرەمانی دنیا بۆ ئەوەی لە یەک تەوژمی دژ بە بیروباوەری پێشکەوتنخوازی و شۆرشیالیستی رێکیان بخات ، وە راگەیاندن یەکێکە لەو هێزە گرنگانەی بۆ ئەو مەبەستە خستویەتە کار .

زۆری تەرکیز و بایەخ بیدانی ئیمپریالیزم بە هەمە جۆرە لایەنی کاری راگەیاندن ، یەکێکی تەواوی ئەوەیە کە ئاتوانی بەربەستی بلاو بونەوەی هاو چەرخە بێت بو گەل و جەماوەرمان .

لە دوایدا ، بەرپرسیاری دەزگاکانی راگەیاندن دووپات ئەکەینەوە ، بوچەکدار کردنی جەماوەری وڵاتەکەمان و وڵاتی عەرەب بەزانستی بە هونەری وزانیاری و شارستانیەتی پێشکەوتنخوازی جیهاندا هەروەها بێویستە کە زۆر دەربەستی رۆشنبیری عەرەبی لە فرمان وکۆشتاندا بێ رەسەن بن ، بەتایبەتی لەناو جەماوەری کرێکاران و فەلاحان و قوتابی وئافرەت ولاواندا چونکە تا ئیستا هەر بێویستیان بێ یەتی ..

داوای سەرکەوتنتان ئەکەم لە ژۆر هەموو ئەو هەوڵانەی کە ئەیدەن بۆ گەشە کردنی ئابوری و کۆمەڵایەتی هەیە چونکە هەر ئەو سەربەرشتی بەرژەوەندی نەتەوایەتی ئەکات وە ئەتوانێ سەرکەوتن بە سەر کەورەترین ئەرکی کرانا کە بەدی هێنانی گەشە کردنی پەلەیە .

سەرۆک کۆمار

لەجیاتی سەرۆک بەکر : هاوڕێ صدام حسین کۆنگرەی فیکری لەبارەی زایۆنیزمەوە ئەکاتەوە .

لە جیاتی سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکر ، پێرێ بەیانی مۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کونگرەی فیکری لە بارەی زایۆنیزمەوە کردەوە .

لە سەرەتای ئاهەنگەکەدا کە لە هۆڵی « خلد » ساز کرابو هاوڕێ « شبلی العیسمی » بارمەنیدەری ئەمینداری ئشتی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و چەند هاوڕێیەکی ئەندامی سەرکردایەتی ئەتەوایەتی حزب و بەر زان ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش و هاوڕێیان ئەندامانی سەرکردایەتی فوتری حزب و وەزیرەکان و سەرۆکەکانی نونەرە دبلوماسیەکان و چەند کار بەدەستێکی کەورە بەشدار بون .

سەرۆک احمد حسن البکر لە وتارەکەیا کە مامۆستا صدام حسین خوێندیەوە رزی رێکخراوی ئەتەوەیە کەرتوەکانی کرت بەژنەی ئیشو و بارەیەوەکە زایۆنیزم بەجۆرێک لە رەگەزپرستان دانەنێ . چونکە رێکخراوەکە بەم بڕیارە ئیلغی بەیمان و بەیمەکەی دوبارەکردەوە ، لە وتارەکەی سەرۆکدا باوەڕ بەو خاوەن بیرە تیکۆشەرانە ئەکات کە بەشداری کونگرەکەیان کردوە . هەر وەکو هیوای بەسەرکەوتن و بەجێ گەیاندنی ئەو ئەرکەیان هەیە کە پێیان سپێردراوە لەبنیاوی خزمەتکردنی مەسەلەی دادپەروەری و ماف و ئاشتی دا .. وەفراوان کردنی رنبازی زانیون بەسەر رەگەزایەتیدا بەچەکی زانین و بیروباوەری مرۆڤانەی بیرۆز .

بەرتریان ئەوەی سەلماند کە لە زیانی هاوچەرخماندا هیچ خرابەیەک بەئەندازەی دیاردەکانی رەگەزایەتی خراپ نیە کە رو بەروی ئەتەوەو کەلانی تیکۆشەر وەستاوە ئەو ئەلانەی کە بەدرنژایی رۆژگار ئیستیعمارو دواکەوتن و دەست بەسەراگرتن و بارچەکردن ماندووی کردون . وە هیچ شتێک وەکو زایونیزم کردارەکانی رەگەزایەتی خراپ نیە کە

بڕوانە ل : ۱۰

سەروتار :

بەغدای ئاشتی دوژمنانی رەگەزپەرستی ئەگرێتە باوەش

ئەم رۆژانە بەغدا دەستەیەک رۆشنبیرو دانایانی جیهان دەگرێتە باوەش کە لە هەموو لایەکەوە هاتوون بەشداری کۆنگرەی نایدژاوژی بکەن دەربارەی زایۆنیزم .

ئەم دەسپێشکەری یەی سەرکردایەتی سیاسی ی حیزب و شۆڕش بۆ بەستنی ئەم کۆنگرەیە ، مانای تیکەیشتنێکی هوشیارانەی دیاردەی زایۆنیزمی رەتەزپەرستە کە خۆی لەو کەلە تیکۆشەرانە مەلاس داوە بۆ پێوەدانیان کە دوای ئەندیشەو ئازاری ساڵەهای سەردەمی دواکەوتن و چەوسانەوەو ونجربوون رادەپەڕن .. هەروەها باوەڕی پتەوی گەلمان دەنوێنێ بە پێویستی ی بەرەنگارکردنی هەول و تەقەلای زایۆنیزم دژی نەریت و بەهای شارستانیتی و ئاشتی جیهان ، ئەمەیش لە نێوان قەناعەت هێنانەوە بەوەی کە مێژووی گەلمان کەلێ نموونەی زیندووی بە جیهاز بەخشیوە لە کۆڕی سەر بلندی و تواناو دەسەلاتی مرۆڤدا بۆ شکاندنی سنووری تەسک بینی بوونی خۆی و تەقەلادانی بۆ دژستایەتی و تیکەلاوبوون لە پێناوی خێرو خۆشی هەمو و مرۆڤایەتی و سەربەرزی و کەرامەتیدا .

سەرۆکی فەرمانده احمد حسن بکر لەو ووتەیەیدا کە هاوڕێ صدام حسین لە جیاتی ئەو لەکاتی کردنەوەی کۆنگرەکەدا خوێندیەوە رایگەیاند نەتەوەی عەرەب وەختێ دژی ئەو هێرش و بەلامارانە تیدەکۆشاکە دەکرانە سەری و هەستی بە مەسئولیەتێکی مێژوویی دەکرد کە پەیمێکە لە پەیامە شارستانیەتەکەی ، لە خەباتدا دژی بەرەنگارپەرستی . خراپەکاری بە خراپە بەرەنگار نەئەکرد بەلکوو بەکۆلنەدان و بە چارەسەرکردنی لاوازی و کەمو کووڕی ناوخۆ کە دوژمن سوودی لێوەردەگرت و بە نوێ کردنەوەی زاتی خۆی لە نێوان نەریت و بەهای شۆڕشگێرانەی پێشکەوتنخوازەوە کە بەدرنژایی تیکۆشانی ، دژی دوژمنە رەگەزپەرستەکانی پابەندی بوو ، بەمانە بەسەر رەگەزپەرستیدا سەردەکەوت و چارەنووسی خۆی بێنەباراست .

بڕوانە ل : ۱۱

ئاماژەیەکی لوبنان لەرێگەچوە .. هێزەکانی وڵاتانی عەرەب نەخشەی دابەش کردنی هێزەکانی خۆی دانا وە

بیروت ـ ئاژانسەکان

رۆژی دوو شەممەی رابوردو ئاژانسی یونایتدبریس بڵاوی کردۆتەوە کەوا شەڕ لە لبنان هەر بەردەوامە .

هەروەها وتویەتی : گەرم کردنی توپباران ریکەوتنەکەی بەم دواییە نەخاتە مەترسی یەوە کە ١٩ رۆژ لەمەوبەر مۆرکرا ، لە هەمان کاتدا هەوڵو تەقەلای سەرۆکی لبنان ئەلیاس سرکیس و نوێنەری جامیعەی وڵاتانی عەرەب حسن صبری خولی ئەخاتە مەترسی یەوە کە بۆ ناوبژی شەڕکەرەکان ئەیدەن .

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بیروت وتویەتی: هێزی بەرگری عەرەب شوێنی خۆی گرتوە ئەویش لە جوار چێوەی جێ بەجێ کردنی (ئەخشەی ئاسایشدا) تەواوکردنی ئەم کارەش لە ٧٢ سەعات زیاتر ناخایەنێت .

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ئەوەشی راگەیاندوە کە هێزەکانی بەرگری عەرەب خۆی ئەدات لەیەک لیوا نزیکەی دوو هەزارکەس) لە هەر گۆشەیەک لەو سێ گۆشەیەی ئەم هێزانە بۆی ئەچن .

دوێنێ کەال جنبلاط سەرۆکی ئەنجومەنی سیاسی مەرکەزی بزوتنەوەی نیشتمانی لبنان لەگەل عەقید روکن احمد الحاج فەرماندەی هێزە عەرەبێکانی لبنان کۆبۆتەوە ..

وەک باس کراوە لەو کۆبونەوەیەدا کە دەوروبەری دوو سەعاتی خایاندوە بەدرێژی باسی بلانی ئاسایشی عەرەب کراوە ، بۆ راگرتنی شەڕو لابردنی روالەتی چەکدارانەو کردنەوەی رێگاوبان ئەویش وەک پێشەکیەک بۆ رێگا خۆش کردن لەدوی چارەسەرێکی سیاسی بۆ ئەنوچەلەمەی لبنان .

● وتەی هاوڕێی رافعی ..

لەلایەکی ترەوە هاوڕێ دکتۆر عبدالمجید الرافعی ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی قوتری حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لە لبنان وتویەتی : هێزی بەرگری عەرەب تەنیا هێزێکی دامرکانەوەی سەربە رژێمی گومڕای سوریایە ، ئەویش لە بەرئێکی عەرەبیدا ئامانجیشی ئەوەیە شوێنی پیلانەکە بکەوێت دژی شۆڕشی فەلەستین وبزوتنەوەی نیشتمانی لبنان بۆ لەیەک دابرینیان و بەرە بەرە لە خۆگرتنی بەرگری فەلەستینی، دوای ئەوەی پیلان گێرەکان ئەیان توانی لەناوی بەرن .

هەروەها هاوڕێ الرافعی لەو گفتوگۆیەیدا کە لەگەل لاوانی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لە ئەرابدیس کردویەتی وتویەتی :

لایەنگرتنی راوەستانی شەڕ دوای ئەو هەموکوژەوەری یەی تەلەکەمان بەدەست ئەیەوە چەشتویەتی رێکای ئەوەمان لێ ناگرێت کە هەلوێستێکی هەبدەئیمان بەرامبەر ئەوبڕیارە عەرەبیانە هەبێت کە لەلایەن ئەورژیمانەوە دەرچوە زوربەی زۆریان دەستیان لەو پیلانەدا هەیە کە لە لبنان کەرتیت .. هەروەها وتویەتی: مافی بەرگریی فەلەستینی لە بون و نیشکردن و جولانەوەی لە لبنان دا ، هەروەها مافە دیموکراتیەکان مافێکی هەبدەئیمە و دەست کاری ناکرێت .

هاوڕێ رافعی رەخنەی لە هەلوێستی شلوق و رارای لەوبارەیەوە وتویەتی : بەتەنیا عیراق هەلوێستێکی هەبدەئی رون و ئاشکرای وای نواندوە کە لەگەل خواست و ئاواتی جەماوەری عەرەبدا ئەگونجێت .

« أسد » بەلێنی سەرشۆڕی بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم ئەدات

نیویورک : تشرینی دووەمی ١٠٠٠ع :

سەرۆکی رژیمی گومڕا حافظ أسد بەلێنی داوە بە هێزی کیسنجەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کە دەست بە سەر چالاکی فیداکارانی فەلەستینداله خواروی لوبناندا بڕێ کە بنکەی راپەرینی ئەوفیداکارانەیە، دژی کیانی زایونیزم .

ئەمەش « مارفین کیاب »ی بەیامنێر ئیستگەی « سی . بی . ئیس » تلفزیونی ئەمەریکایی کە بەیوەندی بە هیزی بە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکاوە هەیە رای گەیاندوە ، وە لە زمان حافظ ئەسەدەوە وتویە : لەسەر ئیسرائیل و ئەمەریکایە لەم روەوە گوی نەدەنێ و بیزار نابن (کیاب) پتری لە نیویورک وتویە :کیسنجر ئەم بەلێنی ئەیاد بە « سەمحادینس »ی بالویزی ئیسرائیل لە واشنتن ئەویش گەیاندویەتی بە ئیسحاق رابین سەرۆک وەزیرانی .

بەریتانیاییەکان چەپەڵترین جۆری رەگەزپەرستایەتی بەکار ئەهێنن

سەرگوزەشتەیەکی کۆن دەربارەی جارییەیەك هەیە کە خۆی زۆر بەسەماوە خەریک کردووەو ، باشی ئازانیوە ، بەڵام هیچ خەڵاتێکی لەلایەن سوڵتانەوە پێ نەبەخشرا ، چونکە نە شەوەزەنگدا سەمای نەکردو ، نە سوڵتان چاوی پێی نەکەوتو نەنەوانی تر ، بەم جۆرە هەمووکاتو ڕەنجەکەی بەفیڕۆ نەچوو ٠

هەر هەمان سەرگوزەشتە ئیمڕۆ لەسەر شانۆکانی جیهانی نیستامان دووبارە ئەبێتەوە ، ئا ئەوە تا شانۆی بەریتانیا یەکێ لەم سەرگوزەشتانە بەخۆیەوە ئەبینێت ٠٠ کورتەی سەرگوزەشتە کەمان ئەوەیە کە بە دەیەها هەزار لە ئاسیاییەکان و ئەفریقاییەکان و دانیشتوانی دورگەکانی ئۆقیانووسەکان و بە تایبەتی دانیشتوانی دورگەکانی ڕۆژئاوای هیند ، ئەمانە دەستیان کرد بە کۆچ کردن بەرەو بەریتانیا کاتێ کە وڵاتە دوای ڕۆیشتنیان کانیان لە ژێر زوڵم و زۆرداری داگیرکردنی بەریتانیا ناڵەتالیان ئەهات ، ئەو کۆچ کردنەش دوای تێپەڕبوونی پانزە ساڵ بەسەریاو سەربەخۆبوونی بەشی هەرە زۆری وڵاتەکانی جیهانی سێیەم بە ئاشکرا ڕوون بووەوە ٠

کۆچ کردنی دانیشتوانی ئەو وڵاتانەش لەبەر کەڵێ هێزی بنچینەیی بوو یەکێ لەو هۆیە گرنگانە ئەو هەژاریە بوو کە داگیرکەرە بەریتانییەکان لە دوای چۆل کردنی ئەو وڵاتانە وەکو باشماوەیەك لە دوای ڕۆیشتنیان مایەوەو بەزەیمانە دژیانو ، دژی تەشەنەی کرد ، بەم جۆرە دانیشتوانی ئەو وڵاتانە بەرەو بەریتانیا کەوتنەڕێ بۆ ئیش کردن ، بەریتانییەکانیش هیچ درێغییان نەکرد لە چەوسێندنیان بە ڕێگایەکی چەبەڵانە ، ئەو چەوساندنەش لەو کارە قورسو ناخۆشیانە کە پێی ئەیترران بەو کرێ کەمەی ڕۆژانەیان دەرئەکەوت ، بەڵام کوڕەکانیان ئەوانەی کە لە بەریتانیادا ، لە دایك بووبوونو بەرەوزدە کرابوون دەریانخست کە ڕەگەزپەرستایەتیەکی بێ باوکەکانیان بەکار ئەهێنرێت ، ئەمە بووە هۆی ئەزەیی دەربڕینو ، لە ئاوابوو ئاشووبە ڕەگەزپەرستە خوێناویەکانی ساڵی ١٩٥٨دا کە بەریتانیا بەخۆیەوە بینیو بە هەزاران لە کۆچ کردووەکان (پێ ئەوەی بێستە سیبەکانی تێدا بێ) لە ئاسیاییەکانو ئەفەریقاییەکانو دانیشتوانی دوورگەکان بوونە کۆچی قوربانی ئەم ڕووداوە ٠ لەبەر ئەم کارە ئەزەوایە خوێناویانە ، حکومەتی بەریتانیا لەسەر شێوەیەکی ڕەسمی بڕیاری ڕیشەکێش کردنی ڕەگەز بەرستایەتیدا ٠ ئەم کردەوەیەش بوو بە ڕامیاری ئاشکرای هەردوو بارتەکان کە بە نۆبەت ئیشوکاری ئەم دەولەتە بەڕێوە ئەبەن ٠

بەڵام ئەم ڕامیاریە هەر وەکو خۆی بە ڕەسمی مایەوەو، لە دروشمی یووچو بەتاڵدا هیچ بەلگەیەکی هەست بێکراوی تری ئەدا بە دەستەوە ٠

بەم جۆرە ئەو کۆچ کردووانەو ئەوە کانیان خۆیان لە بارێکی زۆر نزیك لە باری نارتێستە هەژارەکاندا ئەبینی ، چونکە ئەمانە لە دوای بەجێ هێشتنی وڵاتەکانیان، هەستیان بە مافی هاووڵاتیێتیو کەرامەتی نیشتانی نەئەکرد وەکو ئەوەی کە لە وڵاتەکانی خۆیاندا هەستیان پێ ئەکرد ، هەروەها وڵاتە تازەکەیان (بەریتانیا) بە میوانێکی بەرگران لە قەڵەمی ئەدان ، لە لایەکی ترەوە ئەیان توانی ئەو مافانەیان لەبەر هاووڵاتێتی ڕەسمی وەنە لە بەر ناوی (ڕەنگاوبیەکان) وەك بەریتانیاکان ناویان دەبەن دەست کەوێ . دیسان ئەو کەرامەتەش کە هاووڵاتیێکی ئاسایی بەریتانیایی هەیەتی ئەویش نەهاتەدی ٠ ئا بەو شێوەیە لە کارەساتێکی مرۆڤانەی ڕاستەقینەدا ئەژیان

لەم دواییەدا پۆلیسی بەریتانیا بەلاماری بردۆتەسەر بەدرەنگەکان ٠٠ ئەم کردەوە ناپەوایەیەش بەردەوامی ڕووداوەکەی پێشووەو تەواو لەو دەم کوت کردنە ڕەگەز بەرستانەیە ئەچێت کە دژی هاووڵاتیە ئەفەریقاییەکان ئەکرێت لە خوارووی ئەفەریقادا هەموو ئەو تاوانانەش کەپێستە ئاسیییەکان کردبوویان ئەوەبوو کە ئەمانە لە قەراغی(نوتن‌هیل) دا ، کە ئاشووبی ڕەگەز بەرستایەتی ساڵانی ١٩٥٨ ، لێی ڕوویدا لەوێدا کۆبوونەوە بێ‌گومان نزیکەی سەدو پەنجا هەزار لە کۆچ کردووەکان بۆ ئاهەنگ گێڕان بە ناوی (فیستیڤاڵی خۆشەویستی و ئاشتی و خۆشی) دا ئامادە بوون ، ئەو فیستیڤاڵە کە هەڕەشەی دەم کوت کردنی لێکرا لەلایەن پۆلیسەوەو بووە هۆی ئەوەی کە سەرلەنوێ ئاشووبی ڕەگەز بەرستایەتی لە بەریتانیادا سەرهەڵداتەوە ٠

پۆلیسی بەریتانیایی دوو ملیون کەس دەم‌کوت دەکات

ڕوویەکی تری شەڕ

هێزە زایۆنیزمەکان خەریکی خۆئامادە کردنی شەڕێکن لە خواروی لوبنانداا ، ئەویش لەڕێگای هەشق پێ کردنو چەکدار کردنی هەندێك لە ئۆشە گیرەکانەوە کە لە ڕێگای بەندەری حەیفاوەدەیانەوە بۆ خواروی لوبنان ، هێزە هاوبەشەی پەیشکەوتنخوازو فەلەستینیەکان ئاگاداری نەوەن کە ، بە سەدان لەو ئۆشە گیرانە نیستا لە گوندەکانی خوارووداا لە ژێر چاودێری و پاراستنی هێزی سوپای ئیسرائیلدان ٠

ئەمە هەوالێکی ئاسایی یەو شتێکی سەرنج ڕاکێشەری وای تێدا نی یە ، چونکە دوژمن ساتێك لە ئەخشەکێشانی کارەساتی لوبنان دوور ئەکەوتۆتەوە ، ئەتەر شتێك ببێت سەبارەت بەمە بووترێت ئەوەیە کە بەرەی سێیەم کراوەتەوە بۆ ئاگر باران کردنی بزووتنەوەی نیشتمانیو بەرگریو هەموو پێشکەوتنخوازەکان دەخاتە بەردەم هەڵبژاردنی گەورەی بەرپرچ دانەوەو خۆڕاگرتن . زایۆنیزمی دوژمن هەر لە سەرەتای شەڕی لوبنانەوە لە ناردنی چەکو تازووقە بۆ ئوردوگای ڕاستاڕەوو ئۆشە گیرەکان کەم نەرخەمی نەکردووەو لە ڕێکخستنی کاروبار لە کەل کۆمپانیاو دەزگا شارەزاکاندا دوانە کەوتووە بۆ گرتنی بەکرێ گیراوان دیسان لە ئابلۆقەدانی هەریمە ئاوەکانی لوبنانداا لەو شوێنانەوە کە پێشکەوتنخوازەکان دەستیان بە سەردا گرتووە نەکشاوەتە وە بەڵکو بەردەوام بووە لە پشکنینی ئەو بابۆڕانەی بە وێدا هاتوون هەتا هەندێکیشیانی گرتووەو چەکو تازووقەکانی بە پابۆڕەکانی ئیسرائیلدا ڕەوانە کردووە بۆ ڕاستەڕەو و بەکرێ گیراوەکان ٠

ئەمانە هەموو زانراونو ئاشکرانو ناکونجێت چاوەڕێی لەوە کەمتر بکەین ، بەڵام ئایا ئەم شتە سەرنجی ئەوانە ڕاناکێشێتو ئایانجووڵێنێت کە بۆ لوبنان دەگرین ؟ ئایا ئەوەی هێزە داگیرکەرەکان لە سەر خاکی فەلەستین دەیکەنو دەیانەوێت لە لوبنانیش بیکەن ، ئەوەندە سەرنجیان ڕاناکێشێت تەنانەت باسی بکەن ؟! یان هەر ئاسایشی لوبنان بە لای ئەوانەوە لە ئێدانی بزووتنەوەی بەرگریو لە تاو بردنی بزووتنەوەی نیشتمانی لوبنان بەو لاوە بە دەر نی یە ، بە جۆرێك کە ئاسایشی لوبنان بوو بێت بە بەشێکی ئاسایشی ئیسرائیل ؟!

ئەو ساختە چیانەی بەرەی شەڕیان لە کەل دوژمن چۆل کردو هەموو هێزیان ئاڕاستەی لوبنان کرد ٠

ئەو ئاگر باران کردنە جڕەی لە لوبنانداا بە ناوی ئاسایشەوە بەرپایان کردوە کە تەنیا واتای ئاسایشی ئیسرائیلە ناوی چی لێ دەنێن ؟! چونکە لێدانی بەرگری واتای نەتوانینیەتی لە بە جێ هێنانی دەوری ئاسایی بەریتانیایی هەیەتی ئەویش نەهاتەدی ٠ ئا بەو شێوەیە لە کارەساتێکی ڕاستەقینەدا ئەژیان

لەم دواییەدا پۆلیسی بەریتانیا بەلاماری بردۆتەسەر بەدرەنگەکان ٠٠ ئەم کردەوە ناپەوایەیەش بەردەوامی ڕووداوەکەی پێشووەو تەواو لەو دەم کوت کردنە ڕەگەز بەرستانەیە ئەچێت کە دژی هاووڵاتیە ئەفەریقاییەکان ئەکرێت لە خواروی ئەفەریقادا هەموو ئەو تاوانانەش کەپێستە ئاسییەکان کردبوویان ئەوەبوو کە ئەمانە لە قەراغی(نوتن‌هیل) دا ، کە ئاشووبی ڕەگەز بەرستایەتی ساڵانی ١٩٥٨ ، لێی ڕوویدا لەوێدا کۆبوونەوە بێ‌گومان نزیکەی سەدو پەنجا هەزار لە کۆچ کردووەکان بۆ ئاهەنگ گێڕان بە ناوی (فیستیڤاڵی خۆشەویستی و ئاشتی و خۆشی) دا ئامادە بوون ، ئەو فیستیڤاڵە کە هەڕەشەی دەم کوت کردنی لێکرا لەلایەن پۆلیسەوەو بووە هۆی ئەوەی کە سەرلەنوێ ئاشووبی ڕەگەز بەرستایەتی لە بەریتانیادا سەرهەڵداتەوە ٠

ئەم ڕق‌و کینە ڕەگەز بەرستانەی بەریتانییەکان بەرانبەر بە کۆچ کردووەکان، کە بێش چەند حەفتەیەك تەقیەوە ، بە ئاکامێکی هەنتیکی دا ئەنرێ بۆ سەرەتا پێشووەکاندا ، کە دەست نیشانی زیادبوونی شەپۆلی ڕقەبەرایەتی‌و قینی ڕەگەز بەرستی لە بەریتانیادا لە ناستی پێستە ئاسییەکاندا ، هەروەها گۆڤاری (نیوزویکی) ئەمەریکی ئاشکرای کردەوە کە لە شاری لەندەندا گەیشتە دروشم هەبوو لەسەریان نووسرابوو پێویستە بەریتانیا بە سپێتی بمێنێتەوە) ٠٠

هەروەها (ئینۆك باویل) ئەندامی ئەنجوومەنی گشتی بەریتانیا کەکرایە سەرکردایەتی ئەو هێرشەیەی ئەکرد کە لە ساڵی ١٩٦٨دا ، دژی کۆچ کردووەکان کرا ، ئێستا زۆر ڕیزی لێ ئەنرێتو ، دەسەڵاتێکی بەهێزو دەستو پێوەندێکی زۆری هەیە ٠

ئایا لە هیچ شوێنێکی تردا ڕەگەزپەرستایەتی لەمە زیاتر هەیە ؟

ئا بەم جۆرە خوێنی ئەلەکان لە کاتی داگیرکردنداا ئەمژنو لە دوایشدا بێکاری بە کۆچ کردووەکان ئەکەنو ئیشی سەختو نابروبەرو کرێی زۆرانەی زۆر کەمیان بۆ دانەنێن ٠ لە دوایشدا یان بەرەو وڵاتە بنچینەکانیان دەریان ئەکەن یان ناخۆشترین ئازاریان پێ ئەچێژنو نامرۆڤ ترین ڕق‌و کینەی ڕەگەز بەرستایەتی لە مێژوودا دژیان بەکار ئەهێنن ٠

بەرواتە ل : ٨

بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەی فیکری لەبارەی زایۆنیزمەوە

بەڵگەیەکی دەوڵەتی لەبارەی پەیوەندی نێوان ڕژێمی خواروی ئەفەریقاو قەوارەی زایۆنیستەکانەوە لە ٩٦٧ - ٩٧٤

لە کۆبوونەوەکانی بیستو نۆ هەمین سوڕی کۆمەڵی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانا کە لە ئەیلولی ١٩٧٥ دا دەستی پێ کرد ، لیژنەی تایبەتی لە بارەی جیاوازی ڕەگەزایەتیەوە بڕیاری لە سەر ئەو لێکۆڵینەوەیەدا کە مامۆستا (بیتر هیللر) لە بەرەی پەیوەندی نێوان خوارووی ئەفریقیا و قەوارەی زایۆنیستەکانەوە ، ئامادەی کردبو لە ماوەی ساڵانی (١٩٦٧ - ١٩٧٤ ، وە کۆمەڵی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەم لێکۆڵینەوەی لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٥ دا وەکو بەڵگە نامەیەکی نێو دەوڵەتان دەرکرد ٠

دەر کردنی ئەم بەڵگە نامەیە ڕواڵەتێکی تازەیە لەو ڕواڵەتە هەست پێ کراوانەی کە کۆمەڵگای دەوڵەتان لە بارەی ڕاستی پەیوەندی فراوانی نێوان قەوارەی زایۆنیستەکان‌و ڕژێمی ڕەگەز بەرستی فەرمانڕەوای خوارووی ئەفریقیا هەستی پێ ئەکات ٠

وە بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی جیهانی یەوە لە بارەی « ڕەگەز بەرستی وجولانەوەی زایۆنیزمەوە » « هاوکاری » هەندێك لەم بەڵگە نامەیە ئەخاتە بەرچاوی خوێنەران ٠

زایۆنیستەکان لە سەرەتای دروست بونی قەوارەکەیانەوە هەوڵ ئەدەن کە ڕوخسارێکی میسالی لە وێنەی دەوڵەتی جولەکە نیشانی جیهان بدەن وئەو تۆقاندنو زەبرو زەنگەی کە نازیەکان بەرامبەریان کردیان بیخەنە بەر چاو وە ئەوانەش واتە جوولەکەو قەوارەی زایۆنیستەکان) ئەبی بەلایانگری دیموکراتی وبەکسانی دابنرێن ٠

لە هەمان کاتدا ڕژێمی خوارووی ئەفریقیا لە ساڵی ١٩٤٨وە نوێنەری حزبی فەرمانڕەوایەکە لایەنگری نازیەکان بون لە کاتی شەڕی دووهەمینی جیهاندا ٠

پەیوەندی نێوان خوارووی ئەفریقیاو قەوارەی زایۆنیستەکان لە ساڵی ١٩٤٨وە دەستی پێ کرد . وە لە ساڵی ١٩٥٠ ، موشی شاریت چو بو خوارووی ئەفریقیا ،وە بەرامبەر بەمە (مالان) لە ساڵی ١٩٥٣ دا چو بۆ سەردانی قەوارەی زایۆنیستەکان ، هەر وەکو دوسەر کردەی لە شکری قەوارەی زایۆنیستەکان (ئیئال ئالون‌و موشی دایان) لە هەمان کاتداچون بۆ سەردانی خوارووی ئەفەریقا ٠

● دان بیانانی ئاشکرا بەریکەو تنامەی نێوان هەردو ڕژێمی ڕەتەز بەرست

دوای نوشوستی یەکەی ١٩٦٧ ریکەو تنامەی نێوان خوارووی ئەفریقیاو قەوارەی زایۆنیستەکان بۆ ڕژێمی خوارووی ئەفەریقا دەر کەوت کە تا چ ڕادەیەك کێشەو بەر بەرە کانێ لە ناو چەی عەرەبیدا هەیە ، وە بەکۆمەڵو یارمەتی دارایی نەك تەنیا لە لایەن کۆمەڵە زایۆنیزمیەکانەوە بەڵکو ٠٠ ڕەگەز بەرستە کەمایەتیە سپی‌یەکانی خوارووی ئەفەریقاش یارمەتی قەوارەی زایۆنیستەکانیان تەدا ٠ وە بەمە خوارووی ئەفەریقا لەو مەسەلانەی کەدوای حزیرانی ١٩٦٧ روی دا پشتگیری لە دوژمن نەکردو لە بارەی مەسەلەی بەری ڕۆژ هەلاتی قودسەوە شان بە شانی دوژمن ئەوەستا ٠٠ وە پەیوەندی نێوان خوارووی ئەفەریقاو قەوارەی زایۆنیستەکانەوە کۆڕایە سەر زەمینەیەکی تازە ، وە پەیتا پەیتا یارمەتی قەوارەی زایۆنیستەکانی ئەداو لە بواری بازرگانیدا پەیوەندیان بە هێز تر بوو ، وە ئەمە بوو بە سەرەتای پەیوەندی سەربازی جەنگی بە هێز لە نێوان هەردو لادا ٠

وە لە ساڵی ١٩٦٨ دا (بن گوریون) چو بۆ سەر دانی خوارووی ئەفەریقا هەر وەکو هەندێك لە سەر کردە سوپاییەکانی زایۆنیزم چون بۆ سەردانی خوارووی ئەفەریقا ٠ ڕۆژنامەکانی خوارووی ئەفەریقا ئەم سەردانانەیان بە خۆش بوەو ستایشیان کردوە ئەئانت یەکێکیان نوسیبوی کە مانەوەی (ئیسرائیل) لە ڕۆژ هەڵاتی ناوە ڕاستدا بەکێکە لە ئامانجە گەورە کانی ئەتەوە کەمان بەوەدا کە هاووڵاتیە جولەکەکانمان چون بە بیری بانگە وازەکەی (بن گوریون)ی

بەرواتە ل ٢

ڕاپۆرتی سیاسی

ئەم شەڕی ڕووبەڕووەی لەلوبنانە بۆچیە؟

نووسەری سیاسی (هاوکاری) نووسیویەدەڵێ :

هێشتا بەهۆی ئەوکارەساتو کۆڕانە یەك لەدوای یەکەوەی لە لوبناندا ڕوو دەدەنو لە هەموو لایەکەوەقورسایی‌یان دەکەوێتە سەرشانی جەماوەرو هێزە نیشتمانی‌یەکانیو دەستەوتاقمە شۆڕشگێڕەکانی دەخاتە بەر مەسئوولی‌یەتیکی مێژوویی ناڕاسایی ، هێشتاوا دەکا بێ ئارامی‌و دوودلی بال‌بەسەر وەزعی لوبناندا بکێشێ چونکە کارەسات لە بڕیارەکانی کۆنگرەی شەش قۆلیی (ریاض)ەوە بۆ بڕیارەکانی کۆنگرەی بەرزی قاهیرەو بزواقیعی جڕیەجێ کردنیان بەکردار دەستاوێزی ڕاستەقینەی ئەو بڕیارانەی‌لە ڕووخستو دەرکەوت بۆ ئەوە نەبوون گرفتەکەی لوبنانی بێ‌چارەسەر بکەن ، بەڵکوو بۆ ئەوە بوون بۆ ماوەیەك حاڵەتی شەڕو کوشتاری بێ‌ڕابگرن تا ڕژێمەخۆبەدەستەوە دەرەکانی سەربەڕێکەوتن‌بتوانن بابدەنەوەسەر چارەسەرکردنی پاکێژدان‌و ئەوەی پێیەوەو تری‌دەسپێشکەری‌ی ئەمەریکایی بۆ گرفت‌و چەلەمەی ڕۆژەڵانی ناوەڕاست ٠

ئەوە بوو هەرهێندەی‌کوشتار لەلوبناندا کەمێ کزبوو ، بینیان چۆن ڕژێمەکانی سەر بەڕێکەوتنخێرا کەوتنە ئیشارەتدان‌بەکۆنگرەی جنێڤ‌و بە پەرۆشەوە کەوتنە خۆیان بۆ ئەوەی هەولدەن هەندێ تەرەفی‌فەلەستینی ئاچاری ئامادەبوونی کۆنگرەکە بکەن تا تەواوامەسەلەکە لەگەل ئەو ئەخشە ئەمەریکایی‌یانەدا بکونجێنن کە ئەرخانن بۆ چەسپاندنی وجودی‌ڕەگەزپەرستانەی زایۆنیزم‌لەفەلەستیندا لە ڕێگەی دانپیانانێکی ڕەسمی‌ی عەرەبی‌-یەوەو بەستنی بڕۆتۆکۆلێکی‌ڕێکەوتن لەگەلیدا ٠٠ لێرەوە قەناعەت بەوە پەیدا دەبێ کە کۆبوونەوە شەش قۆلی‌یەکەی(ریاض) لە چوارچێوەیەکی موناسیب بەولاوە نەبوو بۆ ئەخشە ئەمەریکایی‌یە نوێ‌یەکە٠ لەبەر ئەوە مەسەلەی گیرساندنەوەی خوێن ڕشتن‌لەلوبنان‌و ڕاگرتنی کوشتار تیایدا لەوە بەولاوە نەبوو کە بکرێتە بەڵگەی (سەرڕاستی‌و نیاز پاکی !!) ، کە لەواقیع‌و لە ڕاستیدا جۆرە سەرڕاستی‌و نیازێکە کە جەماوەری گەلان‌لەوە بەر باشی ناسیوەو دوای شکستی‌یەکەی حوزەیرانی ١٩٦٧و دوای جەنگی تشرینی١٩٧٣ تاڵاوی ڕۆژ بەدەستەوەچەشت ٠

ئەواو ئاشکرایە کە کۆنەپەرستی‌و ڕژمەکانی‌وەختێکی لەباریان بۆجێ‌بەجێ‌کردنی ڕووەکەی تری ئەخشە بیلانگێڕی‌یە ئیمپریالی‌یەکە لەناوچەکەدا هەڵیزارد ، ئەوە بوو ڕژێمی سووریای‌بەکرێگیراو بەپەلامارداندا عەسکەری‌ی ئاشکرای بۆ سەر لوبنان ئەواو شەکەت بوو ،وەزەغتێکی فراوانی عەرەبی‌وجیهانی‌ی کەوتە سەر بۆ ئەوەی هێزەکانی‌لە لوبنان بکێشێتەوە٠ هەر وەکوو سەرکردایەتی‌ی بەرگری فەلەستینیش بەهۆی دڕندایەتی پەلامارداندانەکەوە کەوتە بەر وەزعێکی ئەنێ‌ئالۆز ٠ لەبەر ئەوە کۆنە-پەرستی‌و ڕژێمەکانی سەرلەنوێ بەپێی ئەم تەرازوو ،وەمعادەلانە کارەساتەکانیان هەڵسەنگاندەوە ، بە پەلە کۆبوونەوەیەکیان لە (ریاض)سازکرد تا مەسەلەی هێزی دامرکاندنەوە کە بڕیاردرا بنێردرێ بۆ پارێزگاریکردنی ئاسایش لەلوبناندا بکاتە پەشتەمالێك بۆ داپۆشینی‌وجودی هێزەکانی ڕژێمی گومڕای سووریا ، وە کە داتراوە ژمارەی ئەم هێزانە دوویەش لەسێ ژمارەی‌هێزی دامرکاندنەوە بێت ٠٠ بەڵام مەسەلەکە لێرەدا کۆتایی‌نەهات ٠ ئەو وەزعە سەختەی‌هێزەکانی کۆنە پەرستی ڕوو بەڕووی دەبنەوە لەیەکێتی‌و یەکڕیزی ئێوان بەرگری‌فەلەستینی‌و بزووتنەوەی نیشتمانی‌ی لوبنانیدایە ٠ کاتێ کۆنەپەرستان هەستیان‌کرد بەپای بەر ناتوانن ئەو یەکێتی‌و یەکڕیزی‌یە چارەنووسی‌یەلێکدابڕن کە هێزەکانی ڕژێمی‌سوریا سەری خۆیان پێدادا ، هاتە سەر ئەوەی پەنا بەرێتە بەر ئەخشەکانی ئاغاکانی لەواشنێتۆن کە دەوریان دا بەزایۆنیزمی دوژمن کەهێزەکانی بەلاماری خوارووی‌لوبنان‌وبنکەکانی هێزە هاوبەشی‌یەکانی بزووتنەوەی نیشتمانی بدەن‌و شرێتێکی ئەمین‌و ئومان فەرزبکەنە سەر سنووری فەلەستینی داگیرکراو تا بەر لەفیدایی‌یەکان بگرێ‌و ڕێگایان ئەدات بجێ کرداری شۆڕشگێڕانەیان ئیدامە پێبدەن ٠

دوای ئەم بیاچوونەوەخێرایەی کۆڕانی کارەساتەکان لە دوو هەفتەی ڕابوردوودا ، دیمەنەیەك لە دوای یەکەکانی ئەو کارەساتانە دەمانگەیەنێتە ئەو ڕادەیەی گرفتەکەی لوبنان گەیشتۆتێ ٠ تۆیەکانی زایۆنیزمی دوژمن بۆ ئەوەو کەوتنە ئاگر باران کە هەڵو ماوەی حەوانەوە بدەن بەهێزەکانی ڕژێمی سوریا تابەخۆدا بێتەوەو هەناسەیەك بدا، ئەو جمەوجوولە سیاسی‌یەش بۆیەکا دەستی‌پێکرد تا ئەوەو هێرش‌و پەلامارە تەواو کات کە بەشالاوی عەسکەری‌ی سووریادەستی‌پێکرد ٠ بەم جۆرە بیاورۆژ بەرۆژ لەوە دلنیا دەبێ کە هێرشی ئیمپریالیزم‌وزایۆنیزم‌و کۆنەپەرستی‌بەلوبنان دەستی‌پێکرد تا لە ئەنجامدا هەموو ئاوجەکەبکرێتەوەو بەپێی ئەخشەیەکی‌ستراتیژی‌ی ئەمەریکایی‌ئەوتۆش جێ‌بەجێ‌دەکرێ کە لایەنی‌جۆراو جۆری هەیە ، ئەمەش‌وەختێ ئەواو دەرکەوت کە ئیمپریالیزمی ئەمەریکی دەستی‌دایە شەڕی ئاشکراو ڕاستەوخۆ لە لوبناندا لە ڕێگەی دارەدەستە ناسراوەکانی‌یەوە- ڕژێمی سووریاو ڕژێمە کۆنەپەرستەکانی تر - ٠

کاتێکیش ئیمپریالیزم بەئەدەباتە بەر بەکارهێنانی جەڵەو بیلانگێڕان لە جێ‌بەجێ‌کردنی ئەخشەکانیدا ، مانای ئەوەیە ئەوشی ئاتومێدی بوە لە بەکارهێنانی ڕێ‌و شوێنی خەڵەتاندن‌و ترساندنی سیاسی‌و تەڵەکەبازی‌و دەستەو تاقم‌دروستکردنەوە لە بەدیهێنانی ئەخشەکەی‌و ئامانجە شەڕانی-یەکانیدا ٠

ئەم سەروخوارکردنەی تای تەرازووی کارەساتەکان و ئەو

بەرواتە ل : ٤

Institut kurde de Paris

دەقـی وتارەکەی سەرۆکی فەرماندە احمد حسن البکر لە کردنەوەی کۆنگرەی فیکری دەربارەی زایۆنیزم

وا لێـرەدا دەقـی وتارەکەی سـەرۆکی فەرماندە احمد حسـن البکر بلاو ئەکەینەوە ، کـە بەرێز صـدام حسـین جێگـری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شـۆڕش لـە ئاهـەنگی کردنەوەی کونگـرەی فیکـری دەربـارەی زایونیزم خوێندیەوە :

میوانە بەرێزەکان
خوشکان ، برایان

بەختیارین ، لەم ولاتەدا، کەهەر لە ساواییەتی مرۆڤایەتیەوە فیکـری پەروەردە کـردوە ، ڕێشوازی لەم ڕێکەیشـتنە فیکری بە سەبارەت بە دیاردەی زایونیزمی ڕەگەزپەرسـت بکەین .

ئێمە دەستی ڕێز بـۆ ، بەشـدار بونتـان ئەبێیـن بەسـتگەوەو بایـەخێکی گەورەش بەم هەنگـاوەی زانکوی بەغداو مانای مێژووی ئەم کۆڕە جیهانیە ئەدەین .

بەرێزەکان ، ئێمە لەسـەر خاکی عیراقی جێگای سـەر هەلدانی شارستانیەت بەختیر هاتنتـان ئەکـەین و ئاواتـە خوازین ئەو میزووە هاندەرمان بێ کەوتنەی زیندوی بـەرزی مرۆڤەو توانای مـرۆڤی ئیشانی دنیادا لە تەسك بینی ڕزگاری بێت و بـە ئامادەبیەوە ڕێشوازی دوارۆژی مرۆڤایەتی بکەین بو بەگژاچونی ئـەو دیاردانەی هەرەشـە لە چـارە نووسی مرۆڤایەتی ئەکەن .

هیچ خرابەیەك لە ژیـانی سەردەما ناگاتە خرابـەی دیاردەی ڕەگەزپـەرستی لـە شێوەنوێ بەرەبێدراوەکانیا کە بەرەبردوە ڕووبەڕوی ئـەو نەتەوەو گەلە ڕابەڕبـوو تێکوشەرانە وەستاوە ، کـە ماوەیـەکی دوورو درێـژی سەردەمی ئیمپریالیـزمو دواکەوتنو ژێردەسـتەیی و دابەش کردن ئەیڕەتاندنەوە .

وە لە ڕووی فیکـرو مومارەسەوە ، هیچ تاقـی کردنەوەیەك نیـە ، وەك زایونیزم ، پڕی بێ لە مانـای سەلبی ڕەگەزپەرسـتی و توندترین ترس بێ بۆ سـەر چارەنووسی عەرەب و زیاتـر هەرەشە بێ بۆ سەر ئاشـتی جیهان و نرخە شارستانیـەتیەکەی .

کەوانە ، ئێوەی هەلبژاردە خاوەن بیرەکان ، کە لە هەموو لایەکی دنیاوە هاتون و لـەم ڕێکەیشتنە فیکریـەی مرۆڤایەتی و ویژدانیـا نوێنەرایەتی ئەکەن ، لە بێناوی ئەوەدا کۆبوونەتەوە چەکێکی نوێ بەکار بدەنە دەسـت تێکـوشانی جیهـان دژی ڕەگـەزپەرستی ، جا ئەبـێ جێ تر هەبێ وەك فیکرو ڕووناك بیری و هوشـیاری ڕێشکەوتو بتوانی جەماوەری تێکوشەری دنیا بەگشتی و کەلی عەرەبمان لە فەلەستین و لە نیشتمانی عەرەبدا بە تواناتر یکـات بۆ بەرەنگاری دیـاردەی ڕەگەزپەرستی و بێ شـەکیل کردنی پیلانەکانی و پـەردە هەلمالین لە هەموولایـەن و زیانەکانی ؟

گومانی تیـانیە ، بڕیارەکەی ئەتەوە یەکگرتوەکان ، بـە دانانی زایونیزم ، بە شیوەیەك لە شیوەکانی ڕەگەزپەرستی دەرخستنی ئەو پێشکەوتنە گرنگە بو کە لە بیرو ئاگـایی جیهاندا بەرامبەر حقیقەتی دیاردەی زایونیـزمو ڕووی داوەو هـەروەها دەربڕی بـە ئاگایی بو لە ویژدانی جیهاندا کـە سەرەتاو بنەڕەتی نوێی ئەیشتن بە مستەوای نوێن لە ڕوو بەڕووبونی هەویـەی ڕەگەزپەرستانەی زایونیـزمو هـەموو شێوەیەکـی ڕەگەزپەرستی ئیستا لـە دنیادا .

ئێمە ، بەم بۆنەیەوە ، کـە ڕێکـەوتی ڕابوردنی ساڵێکە بەسـەر بڕیارەکەی ئەتـەوە یەکگرتوەکانا ، سلاو لـە ڕێکخراوی دەولەتان ئەکەین ، کە بەم بڕیارە گیانی کردەوە بە بەر بەیمانو بەیامەکەیـداو ئەرکی ڕویشتن لەسەر ئـەم ڕێگایەی خستە بەردەم خاوەن بیرەکانی دنیا کـە تا دوای هەلکشـانی ڕەگـەزپەرستی لە هەمـوو شوێنێکی دنیادا بڕۆن .

خوشکان .. برایان :

میژووی عەرەب پڕە لـە دەرس و پەند ، نیشـتمانی عەرەب زۆر شەڕی داگیرکاری بە خۆیەوە دیوە کە هەموویان لەسەر بنەڕەتی ڕەگەزپەرستی ئایینی یان ئەتەوەیی بوەیـان هەردووکیان پێکەوە ، بێجگـە لە داگیرکاری ئیمپریالیـزمی ئەقلیدی ، بەلام ، هەموویـان توشی نوشستی و سەرنەکەوتن بو ئەویش لەبەر یەك هو ، کـە ئەوەبو ، ئەتەوەی عـەرەب لە تێکوشانیا دژی ئـەو داگیرکاریانە هەستی بـەر بڕسیاری میژوویی مرۆڤایەتی ئەکرد کە بەشێکە لـە بەیامە شارستانیەکەی ، بەرەگـەز پەرستیانە ڕوو بەڕووی هەمان ڕەگەزپەرسـتی ئەوەسـتاو ئەکەوتە بەر ئەدا چونی خـرابی ژیانەوەی ڕابوردوی عـەرەب ئەبەستێو بیوسـتەکانی گەشەکردنی ڕابـەرینی نوێی عەرەب بەدی ئەهێنێو لەگـەل کاروانی پێشـکەوتنی مرۆڤایەتیدا چەسپ ئەبـێو کار بۆ گەیاندنی ڕووبەڕووبونی زایونیزمی ڕەگەزپەرسـتی بە مستەوای فیکری وانەکات کـە ڕادەیـەك بۆ سـەرلێ شێواندنو لەڕاسـتی لادانو چەوەشا کردنی دابنـی و سنووری تەواوتیو جیا لـە نیوان مرۆڤایەتی نەتـەوەی عەرەبو نێوان ڕەگـەز پەرستیەتی زایونیزم دیـاری بکری .

عەرەب لە میژوودا نمەك هەر دژی ڕەگەزپەرسـتی بـوون ، بەلکـو دیارتـرین تێکوشەر بـوون دژی و لـە ڕێشەوەی بە دەنگەوە هاتنی مرۆڤایەتیەوە بوون ، بـەم جۆرە بێویستە عـەرەب ئەمرۆو سبەینیو لە پاشەڕۆژا سەربازی حەقو پەیامبـەری شارستانیەت بن .

لەم ولاتە عەرەبیـە تێکوشەرەدا ، ئێمـە بـە هوشیاریەوە بایەخی فیکـر لە شورشەکانداو بایەخـی ئیلتزام بە نرخی مرۆڤایەتیەوە وەك بەشێك کە لە کـاری فیکری تێکوشەرانە جیانابێتەوە ئەزانین ، لەبەر ئەوە هەر لـە سەرەتای شورشەکەمانەوە ، کارمان بۆ ڕامالکردنی هەموو پاشماوەکانی قوناغـی ئیمپریالیزم کرد کە ڕێگایـان ئەدا بەژیانەوەی ڕەگـەز پەرستیەتی لەسەر خاکـی ئـەم نیشتمانە ئاشـتیو دامرکاویمان لە نێوان ڕۆلەکانی گەلدا بـە عەرەبو کـوردو هەموو کەمایەتیەکانیەوە بـە دی هینا ، ئەم سیاسەتەمـان لەئاسوی شارسـتانیو سەرنجدان بەرەو پاشەڕۆژەوە جێبەجێ کرد ، کە بنکەیەکـی ناو کوی تێکوشانی هاوبەشـی نیوان ئەم مرۆڤە جـۆر بەجۆرانەدا دروست ئەکـاو لەبێناوی ئەوەشدا کە عیراق لەدەست ڕەگەزپەرستەکـان ڕزگارکەین .

دیـان ئەنجـومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیارێکی دا .

بەبانگ کردنی جولەکـە عیراقییەکان کە بەهـۆی بزوتنەوەی زایونیـزمو فرتوفێلەکانیەوەو لەوزروفەنا ئاساییەی ناوچەکەی تی کەوتبو بەهوی بی داگرتنی زایونیزمەوە لەفەلەستین ، عیراقیان بەجی هیشت ، کە بگەرینەوە بـۆ عیراق .

ئەم بڕیارە ، نیشانەی ئـەو مرۆڤایەتیو شارستانیەتیـە کە ئەمانبەستێتەوە بە میژووی نەتەوەکەمانەوەو لـەسنووری لیك جیاکردنەوەی ئیـوان زایونیزمو جولەکەکانـدا نەوەستاوە ، بەکو جولەکـەی عەرەبو هەموو ئەوجۆرانەی نەبەستراونەتەوە بە فیکـری زایونیزمـەوە لە ڕەگەزپەرستی .

بەرێزەکان .. میوانە بەنرخەکان

لەکاتێکدا بەخێرهاتنتـان دووبارە ئەکەینەوە ، هیوادارین لەسەردانە کەتانا بۆ عیـراق خۆشحالبن و لەماوەی ئـەو بیروڕاو موناسەباتانەوە کـە لەبەرنامەی کونگرەکەدایـە ، هەست بەو گیانی ڕاستیـیە بکەن کـە لەپشت دیاردەکانی ژیانو چالاکیو بیرکردنەوەوە لەم ولاتەدا ، کە گیانی ئـەو ڕاستیەیەیە ، گیانی شارستانی لە میژووی کۆنمان ڕوناکـی کردۆتەوەو جاوی لەباشـە ڕۆژێکە هەموو ڕەگـەزو ئایینەکان بەخۆشەویـستیو ئاشـتی لەسـەر خـاکی فەلەستینو لە جوارچـوەی تێکڕای نیشتمانی عەرەبـدا بژین و پێشکەوتنو بەختیاری بەدی بهێنن .

ئەمەیە ، ئەمرۆ ، بالیۆنەکەی تێکوشانمان بۆ لەناوبردنـی ڕەگەز پەرستی ، وەتـا کارەسات لەئەنجامی فـراوان بونی ئەخشەی زایونیـزمی ڕەگەزپەرست بەرەو بەشەکانی تری نیشتمانی عـەرەب زیادبێ ، ئێمە هاندانـمان بەرەو ئەم ئامانجە زیاتر ئەبێ ئەو زیانەوەیەی تایفەگـەری و « شـعوبیەتە » قین لەدلەی بەرامبەر عەرەبایەتی لەلوبنان ئەمرۆ ئەبینرێ ، لەگـەڵ ئەو هەولەی بۆ چاندنی ڕەگی ڕەگەزپەرستیو فیتنـەیو دابەش کردن لە نیشتمانی عەرەبدا ئەدرێ ، وەسیلەیەکە لە وەسیلەکانی جارەسـەری یاری ناوچەکە بەو شێوەیەی بەلگە بـدات بـەبونی ڕەگەزپەرستی لەفەلەستینو لەسەر ئەساسی جەسپاندنی ڕەگەزپەرستیو کـردنی بەنکەی زیانو شـێوەی بەیوەندی نێوان مرۆڤ کـە ئەمەش لەگەڵ تەبیعەتی ژیانو گوراندا بەردو یەکیتـیو سەربەستیو سۆشیالستی لەم ناوچەیەدا ناگونجێو مانـای شارستانیو ڕابەرینـی هاوچەرخی عەرەب تێك ئەدا .

خاوەن فیکرە تێکوشەرەکان ئێمە ، باوەڕو هیوامـان بەئێوەیەو هیوای سەرکەوتنی گەورەی ئەم کونگرەیـە ئەخوازین و تیشك دانەوەیـەك بۆ لەچوارچێوەی بیوسـتی ئیـستا لەزەمانو شـوینداو نەوەستیو بگاتە خزمەتـی مەسەلەی حەقو عـەدالەتو ئاشتی ڕەوتی تێکۆشـانیش قوولتربکات بۆ لەناو بـردنی ڕەگەزپەرستی بەجەگی ژانینو باوەڕی ئیـنانی بێ کـەیشتو کەنبکە تێکوشانێکە لەگـەڵ سـەردەماو لەگـەڵ ئـەو ئامانجـە پیرۆزانـەدا بوونی ئەگونجێ کە بە ئاواتـەوەن ڕەگەزپەرست بەرەو بەشەکانی بتەدی .

نینز سلاوتان لێبێ .

ئێمە لەسەر خاکی ئەم نیشتمانە ئاشتیو بەیتخۆشیمان لە نێوان ڕۆلەکانی گەلدا بەرەبەرو کوردو کەمایەتیەکانەوە هینناوەتەدی .

ئێمە بەختیارین کەلەو ولاتەی لەهاوایی ئارەمیزادەوە چاوەدێری بیروڕای کردوە .. ئەو بیرەی کە یشتنی فکری یەدەربارەی ڕواڵەتی زایونیزمی ڕەگەزپەرستی ڕێشوازی بکەین .

هەر لەسەرەتای شۆڕشەکەمانەوە دەستمان کرد بە هەلگیرسانی هەموو پاشماوەکانی قوناغی ئیمپریالیزم .. کەببوە هۆی ژیانەوەی ڕەگەزپەرستی وە لەسەر خاکی ئەو نیشتمانە ئاشتیو هێمنیمان لەنێوان ڕۆلەکانی گەلدا لەعەرەب و کورد و کەمایەتیەکانی بەدی هێنا .

ئێمە لەشوڕشدا و بایەخی ئیلتزام کردن بە نەریت و بەلگامرۆڤایەتیەکانی وە دەزانین

Institut kurde de Paris

لە ئاسۆی ئەدەبدا

- صلاح احمد -

شـیعر چـۆن دروست ئـەبێت ٠٠؟

زۆر جاری وا هـەیە ئەرزەلوولیکی ناورتشەمینی سەرئەردانیو بیرکردنەوە داتەگرێتو ٠٠ وێنـەو دەنگەکانی دەوروبەرت تا دێن لێتدووورتر نەکەونەوەو ، ئەچنە ئەودیوی پەردەیەکی تەماویی دەرەوەی تۆوەو ٠٠

لەناو ئەرەەی بگردو بەردەی ژیانی رۆژانەدا هەستێکی نەرمی کەمێك قورس بـە ئەسپایی دانەکشێتە نـاو ناختەوەو ٠٠ پاشان وردە وردە تەشەنە نەکاتو رەنگی خۆی بەسـەر هـەموو شـتەکانی ناوەوەو دەرەوەتدا ئەرژێت ٠٠ وات لێ نەکاتبە دوای شتێکـدا بگەڕێت کە خۆشت نازانیت چییە٠٠بیرت ئەبێتە چۆلەکەیەکـی چەشتەنگاوێکی بەهارانو جێ بەخـۆی ناگـرێتو ، هەرچەند ئەکەیت نازانیت لـەچی ئەئەڕێتو ٠٠ چی ئەوێت ؟!

ئا لەم کاتی ئەرمەتا لێهاتنـەدا زوربـەی زۆری جارەکان دەست ئەدەیتە قەلەمو کاغەزو ئەتەوێت شتێك ـ هەر شتێكبێت ـ بنوسیت ٠٠٠ زۆر جاریش نـەو ورشەی شابالانەی دێتەگوێت ، بـە شـیعرێکی ئالۆزو دانەرێژراو ئەزانیتو ، جەزئەکەیت بیگڕیتو دەستەوێژی ناو قەفەسی وشەو رستەو وێنەکانی بکەیت ٠٠

بەلام هەیهوو ٠٠

تۆ لەکوێیتو ئەو وشەو سروە ناسمانە لەکوێ ٠٠ لەڕێکا ، بەنجەرەیەکی داخـراو پەردەی قورسو ئەستووری نـەو خەیالو هەستە ئالۆزانەت ئەسمێتو وەکو سستەرێکی ئیسکسووکی دلنەرم بەبێ زەنگلێدان بەدەنگتەوە دێتو ، دنیایەکروونـاکی لەگـەل خۆیـدا ئەهێنێتە ژوورەوە ٠٠ داوەکانی خەیالو هەسـتە تێك ئالۆزاوەکانت وەکو تێك ئالۆزانی سەماکەرانی « سلۆ » چۆن لەئەن کپبرونی مۆسیقاکەدا لێك ئەبنەوەو ، هەرکە ئەئەڕێتەوە جێگاکەی خۆی ، ئەناوەها لێك ئەبنەوە .

هەست ئەکەیت وشەکان یەکلەدوای یـەك رێز ئەبەستنو بەرەو رووتدێن ٠٠ لـەو ساتانەدا خۆت لێ ئەبیت بە تاشە بەردێکی ئیجگار هەستداری بەر پرشە بەفراوی ئاڤگەیەکی بەهارانە ، کە پەنجەی خۆر هەموو رۆژێك لە داهێنیدا چەند سەعاتێك یاری بە پەلکە رەنگاو رەنگەکانی ئایشەو فاتمە ئەکـاتو ٠٠ بەفراوەکەش تۆ ئەشواتەوە ، تەڕێو فینکیهەموو گیانت داگـرێت ٠٠ دەموچاوە بیگەردەکەی سستەرەکە تێکەل بەو ئاڤکیە ئەبێتو ، ئەبێت بە بەشێك لە پەلکە زێرینەکەی داهێنی تاڤگەکەو ، لەودیو پەنجەرەیەکی داخراوەوە خۆی پشانت ئەدات ٠

کە بە کاغەزەکەی بەردەستتدا ئەچیتەوە ، پارچـە شیعرێك ئەخوێنیتەوە باسی پەنجەرەیەکی داخـراوو ، سستەرێکو ، سەمایەکی لەسەرخۆو ، تاڤگەیەك ئەکات کە هێشتا هاژەکەی لە گوێتدا ئەزرنگێنیتەوەو ٠٠ داوای زیاترت لێ ئەکات .

دوا رۆمانی نوسـەری ئەمەریکایی « یۆجین ئۆنیل »

« گەشتی درێژی رۆژ لـەدنی شەودا » یەکێکە لـە دوا شانۆگەریە تراجیدیاییەکـانی نووسەری ئەمەریکی (یوجین ئونیل) ، کە لە لوتکەی سالانی بەرگەیشتویداو بـەر لەمەرگی بەچەند ساڵێك نووسیویەتی ٠

ئەم شانۆگەریە ، ئونیـلودسیەتی کـردبو لـە ژیانی خۆیدا لەسەر شانۆ پێشکەش نەکرێ ، وا ئیستا لەسـەر شانۆی مەقبەندی « کەنەدی » لە ئەکادیمیـەی « بروکلین »ی موسیقی پیشان ئەدرێو«جاسونروباردز » دەریهیناوەو خۆشی دەوری پالەوانیەتی تیا ئەگێڕێ٠

پالەوانیەتی راستەقینەی شانۆیە کە چوارئەندامەکەی خێزانی « تیرۆن »ە : پاوکو دایکو دوو کوڕەکـەیان کـە بەسەرهـاتی ژیانی « ئونیل » پەبیر ئەهێنێتەوە ، کـە لـەم نووسراوەیدا بەرەخنەو ئازارەوە بەر چاوی ئەخاتەوەو ، نـەك

هەر ئەوکارەساتانەی کە بەسەر ژیانی ئەو خێزانەدا هـاتوە بەلکـو دەقی شەخسیەتی مرۆڤایـەتیو رێرەوی ژیانی پیشان ئەدات ٠

بریتیـە لـە گەشتی بیرەوەریەك لە رووناکی رۆژی

کۆتایی ژیانی پیرێکدا ، بەرەو جیهانی شەوانەی منالی ٠

جـا وەك هەموو دروست-

کردنێکی ئەساسی لە دنیای « ئونیل »دا کـە بەیوەندیـە تێکـەڵەکانی نێـوان مرۆڤو خێزانەکەی چارەسەر ئەکـاتو

لەگەڵ ئازاری ناوەوەی خـۆی لەبەر دەم هێزی خۆشەویستی روخێنەرداو ئەو زۆرانبازیەی

لەگیانی مرۆڤدا دروست ئەبێ ، ئەمـانە هـەموو ، لەلایـەن « ئونیل »ەوە لەسنووری واقعی

ئازارەکـانی ئەبەرچێنتـەوەو رەنگێکی سوفێتی وەرئەگرێوە لەدنیای ئـەودا وێنەی بیاوێکی کـارگێری درندە دووبـارە ئەبێتەوە کەهـەموو هەستێکی جوانیو مرۆڤایەتی بزرکردوە٠

زۆر جـار پالەوانەکـانی

« ئونیل » هـەتا « پالەوانـە میژوویەکانیشی » ناکـۆك ئەوەستن بەرامبەر ئەو دنیایەی تیایدا ئەژین ، ئەك هەر ئـەوە بەلکو هەتا لەگەل خەلکەکـەی دەوروبشتیشیان ناکۆکن ئەو دنیایەی ئەو پالەوانە تیـایا ئەژیت لەگەل خێزانەکانیاو ئەو

وێنانەی ئـەو ئاواتیان بـۆ ئەخـوازێ نالوێن ، ئـەو ٠٠ هێمنیو ئاشتی بۆ خۆیو خەلکی تر ئەوێو ٠٠ ئەو هێمنیو ئاشتیـیەش ٠٠ بەئاسـانی جنگ ناکەوێ ٠

کە « ئونیل » لـە کۆتایی ژیانیـدا ، ئاوری لـە دواوە ئەدایەوە وای حەز ئەکـرد هەموشـتی بـە راسـتی وتـەواوەتی ببینێو لـەو شانۆیەیدا باوکیو دایکـیو براکەی پالەوانی راستەقینەی

هـەموو پاکیو بێگوناهیەکیو هەموو منال کاریەك لەبەردەمیا هەلیەت ٠

« جاك کرۆلەی رەخنەگری شـانۆیی لـە کۆڤـاری « نیوزویك »ی ئەمەریکی ئەلێ : شانۆیی یەکە هەرگیز توشـی ساردبونەوەت ناکا ، یەلکـو هێزی حقیقەتو بریقەی هونەر جێ ئەهێلێ ، لەوەش زیاتر وات

لێ ئەکا زۆر بەو فرتو فیلـە پێبکەنی کە بەشەر دروستیان ئەکـا تا یەك بخـەنە داوی ئەهامەتیەوە ٠

١

لێرەدا « یوجیـن ئونیل » بەرەخنـەی بڕنیش لـەواقع تێئەبەرێو ئەیەوێ بەخەو خۆی لێزرگاریکا یان بکاتە ناوەوەی دەرونی تیك شکاوی مرۆڤ ، تا شوێنی نـەو تیـك شکانـە بدۆزێتەوە ، ئەمەش لەشەوێکی قولداو بەکەرەستەو پێویسـتی رۆژێکی ، وە کاتێ ئەم بەرهەمە لەسەرشـانۆی ئەمەریکـا پیشان ئـەدرێ دور لـە « بازرگـانی »و « رووناکـی بەرودوای » پیشان ئەدرێ ٠

شانۆی یەکەن ، هەر چـەندە ناوەکانیشیان گۆڕراوە ٠

لێرەدا ، ئـەم شانۆیە ، چیـروکی ژیانی خۆیـەتی ، هەندێ جار « ئونیل » لـە شێوەی گفتوگـوی جوارینەی ساکار نووسیویەتی کە مرۆڤ

تیایدا ئەگۆڕێ بـە درندەیەکو خۆشەویستی هەستیار ئەگاتە پلەیەکی ترسناك ، پەیوەندیەکانی نێـوان ئەندامەکـانی

بەجۆرێ ئەپچڕێ کە زۆر بە نا چاری لە دۆزەخێکا ئەژین هەر یەکـەیان بـۆ ئـەوی نریان دروستکردوەو منـالی باکو

بێگوناه لەبـەر دەم درندایەتی جیهانی دەرەوەدا پاشەکشـە ئەکات ، ئـەوەش لەناوەوەی مرۆڤەوە سەر ئەکات تابێتـە توانای رووبەروو بوونی دەرەوە

هەموو ئەمانە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو جیهانی دەرەوەو ئەو هەستو ئەستە مەددیەی کە تیـایا ئەژیت لەبەر ئەوە زۆر لەشیعرە بیرۆزەکانیان لە تاقی کردنەوەی رۆحیانو رازە دینیەکانیان ئەدوان ٠ هەر وەك ئاشکرایـە لەناوەکـای زۆری شـیعری میتافیزیقی لایەنێکی دینی هەیە بۆیە مامەلەکردنی لەگەل بوونو رۆح و بیردایە ٠

کەر بچینە سەر شیعرەکانی (دۆن ـ) کـە بەگەورەترین شاعیری نـەم رێبازە دانەنرێ ئەبینین شێوەیـەکی (درامی) وەرگرتووەو تێکەل بە بیری ئازارو هـەولو تێکۆشانە ، ئازارو تێکۆشـان بەمانا گەورەکەی ٠ هەروەهـا (دۆن) مامەلەی لەگەل بیری مردنداا ئەکرد ٠ (سزنانەکانی ئیزرەکانی باشـترین شـیعرەکانیەتی لـەم بارەیەوەکە بەردەوام رووی لەسزای خۆیان ناکی یکاتەوەو وای لێ بکات لەمردن بترسێو رۆژریش لەشیعرەکانی کالتـە بەمردن کردنە ٠

(هێزبرت)یش یەکێکە لەو شاعیرانەی کەهەمان ڕێبـازی کرتبووە بەر بەلام هەمان ترسی درامی (دۆن) ئیشـان نادات یەلکو هەستی دینی سـەدەی هەڤدەهـەم بەشیوەیـەکی مرۆڤانـەو ڕووتتر ئەخـاتە بەرچاو ، کەتارادەیەك لەخوتبەو گفتوگو ئەکا یەلام بۆ ڕێکـای خـواو ڕازەمەندی ، زانینـە سەرەتایی یـەکانی دینـی ئەگێڕێتـەوە بـۆ جـۆرە سۆفیاتیەکی نوێ کە خـۆی ئەنوێنی لـە سروشتدا وەك خـۆرو ئەستێرەکـانو باوو ڕوبارو ٠٠٠ هتد ٠

ئـەو توندو تیژییـەی لەتەبیعـەتی بیورتانیەکاندا هەبوو لەهەستی دینی مارڤـل ئاشکرابوو کـەتینی (دۆن) ـ و ـ (جۆنـسـن) تیـا ئاشکرابوو ، دین لەلای مارڤل هـەر وەك لای جونسونو دۆنخۆی لەلایەنە زۆرەکـانی

شانۆی (ئونیل) ئەسلی ئەو دنیـای « ئونیل »دا کـە بەیوەندیـە تێکـەڵەکانی نێـوان مرۆڤو خێزانەکەی چارەسەر ئەکـاتو

لەگەل ئازاری ناوەوەی خـۆی لەبەر دەم هێزی خۆشەویستی روخێنەرداو ئەو زۆرانبازیەی

لەگیانی مرۆڤدا دروست ئەبێ ، ئەمـانە هـەموو ، لەلایـەن « ئونیل »ەوە لەسنووری واقعی

ئازارەکـانی ئەبەرچێنتـەوەو رەنگێکی سوفێتی وەرئەگرێوە لەدنیای ئـەودا وێنەی بیاوێکی کـارگێری درندە دووبـارە ئەبێتەوە کەهـەموو هەستێکی جوانیو مرۆڤایەتی بزرکردوە٠

زۆر جـار پالەوانەکـانی

« ئونیل » هـەتا « پالەوانـە میژوویەکانیشی » ناکـۆك ئەوەستن بەرامبەر ئەو دنیایەی تیایدا ئەژین ، ئەك هەر ئـەوە یەلکو هەتا لەگەل خەلکەکـەی دەوروبشتیشیان ناکۆکن ئەو دنیایەی ئەو پالەوانە تیـایا ئەژیت لەگەل خێزانەکانیاو ئەو

وێنانەی ئـەو ئاواتیان بـۆ ئەخـوازێ نالوێن ، ئـەو ٠٠ هێمنیو ئاشتی بۆ خۆیو خەلکی تر ئەوێو ٠٠ ئەو هێمنیو ئاشتیـیەش ٠٠ بەئاسـانی جنگ ناکەوێ ٠

کە « ئونیل » لـە کۆتایی ژیانیـدا ، ئاوری لـە دواوە ئەدایەوە وای حەز ئەکـرد هەموشـتی بـە راسـتی وتـەواوەتی ببینێو لـەو شانۆیەیدا باوکیو دایکـیو براکەی پالەوانی راستەقینەی

گەشتێکی ئازار لە دڵی شەودا

« گەشتی درێژی رۆژ لـەدنی شەودا » یەکێکە لـە دوا شانۆگەریە تراجیدیاییەکـانی نووسەری ئەمەریکی (یوجیـن ئونیل) ، کە لە لوتکەی سالانی بەرگەیشتویداو بـەر لەمەرگی بەچەند ساڵێك نووسیویەتی ٠

ئەم شانۆگەریە ، ئونیـلودسیەتی کـردبو لـە ژیانی خۆیدا لەسەر شانۆ پێشکەش نەکرێ ، وا ئیستا لەسـەر شانۆی مەقبەندی « کەنەدی » لە ئەکادیمیـەی « بروکلین »ی موسیقی پیشان ئەدرێو«جاسونروباردز » دەریهیناوەو خۆشی دەوری پالەوانیەتی تیا ئەگێڕێ٠

پالەوانیەتی راستەقینەی شانۆیە کە چوارئەندامەکەی خێزانی « تیرۆن »ە : پاوکو دایکو دوو کوڕەکـەیان کـە بەسەرهـاتی ژیانی « ئونیل » پەبیر ئەهێنێتەوە ، کـە لـەم نووسراوەیدا بەرەخنەو ئازارەوە بەر چاوی ئەخاتەوەو ، نـەك

هەر ئەوکارەساتانەی کە بەسەر ژیانی ئەو خێزانەدا هـاتوە بەلکـو دەقی شەخسیەتی مرۆڤایـەتیو رێرەوی ژیانی پیشان ئەدات ٠

بریتیـە لـە گەشتی بیرەوەریەك لە رووناکی رۆژی

کۆتایی ژیانی پیرێکدا ، بەرەو جیهانی شەوانەی منالی ٠

جـا وەك هەموو دروست-

وەرشەیەکی رەخنەی ئەدەبی لە نێوان « رۆشنبیری »یەوە

حسین عارف

- ١ -

ئەوەی دەیلێم رەنگـە تۆزێ سەیر بێ ! ٠٠ یا چاوەڕوان ئەکرا بێ !٠ با ئـەم پرسیارە بکەمە کلیلی باسەکە : ئایا هیچ ئەدیبو هونەرمەندێك دەتوانێ وەك مرۆڤێك بیرای بیر خۆی لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دابڕ بکا ؟! ٠ با وا فەرزکەین دەیەوێو سوورە لەسـەر ئەوەی وەها بکا ٠٠ چۆن وەها ئەکا ؟! ٠٠ گریمان دەچێتە ئەشکەوتێکەوە کە نە کەس بیدەزانێو نە کەس رێی تێدەکەوێ . با وازیش لەوە بێنین کـە بیویستی بە خۆراکو بەرگو بیویستیەکانی تری ژیان دەبێ ٠ با بڵێین هیچ ناخواو هیچ لەبەر ناکاو پیویستی بە هیچ شتێك نابێو بیرای بیر بێ لـە ئەشکەوتەکە ئاهێنێتە دەر ٠ بەڵکوو شەوو رۆژ هـەر خەریکی ئـەوە دەبێ کارێکی ئەدەبی یا هونەری پەرهەم بێنێ کە بە هیـچ کلۆجێ بەیوەندی بە واقیعەوە نەبێ ٠ واقیعی ژیان لە رابوردوودا ، لە حازردا ، لە دوا رۆژدا ٠ بە دوورو بە نزیك پەیوەندی بە هیچ شتێکی سەرزەمینەوە نەبێ ٠٠ هیچ شتێکی ناو گەردوونیش ٠ تەنانەت پەیوەندی بـە وشەو فڵچەو تەشوێشەوە نەبێ کـە بەرهەمە ئەدەبی یەکە یا هونەری یەکە یان بێ تۆمار دەکا !٠ ئایا ئەمە دەبێ ؟! ٠٠ ئەڤل دەبیرێ ؟! ٠

لـەم باری سەرنجـەوە من دەڵێم : مادام هـەموو کارێکی ئەدەبیو هونەری زادەی بیرو هۆش و هەستو ئەستی مرۆڤێکەو مادام ئەو مرۆڤە چەندیش حەز بکاو تەقەلا بدا هەرگیزاو هەرگیز ناتوانو لـەوزەیدا نییە بیرای بیر خۆی لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دابڕێو بـە تەواوەتی بەیوەندی لەگەڵدا بپچڕێنێ ، ئەو کارە ئەدەبیو هونەریە قەت مومکین نییە ناواقیعی دەرچێ ٠٠ قەت مومکین نییە رەنگو رووی ئەو نە نوێنێ ٠ من بەش بە حاڵی خۆم بیرو هۆشم زەفەر بەوە نابا کە ئایا چۆن دەتوانێ مرۆڤێك کە نەتوانێخۆی لە واقیع دابڕ بکا ، کـەچی بتوانێ بەرهەمێك بدا بەدەستەوە کە بە هیچ کلۆجێك پەیوەندی بەواقیعەوە نەبێ ؟!٠ نـەی دەبێ بە پەیوەیە هەبێ؟!ناواقیع؟! نا واقیع چییە؟!٠ رەنگە یەکێ بڵێ : « برا دەرێکت دێتو پێت دەڵێ کە ئارەزوو دەکا بفڕێ بە ئاسماناو تۆ دەزانیت ئەمە ئارەزوویەکی نا واقیعییەو لە وەراهیدا دەڵێیت : برا واقیعی بە تۆ بانت نییـەو ناتوانیت بفڕیت » ٠ ئەمە راستە ٠٠ بەلام من لە وەراهی ئەو یەکە دا دەڵێم : ئەی ئەوە نییە شتە کە بە واقیع لـە بەینی منو برادەرەکەما رووییداو ئەو ئـارەزووی فڕینی کردو من ئاهۆژگاریم کرد کە نەفڕێ ؟! ٠ خـۆ ئەگەر کردیشی دەبێتە کارەساتێکی کۆمیدی یادراهی ٠

کە وا بێ دەبێ هیچ بەرهەمێك نەبێ زادەی بیرو هۆشی مرۆڤ بێو بە شێوەیەکی (مطلق) لە واقیع دابڕا بێ ٠٠ یەعنی (مطلق) نا واقیعی بێ ٠

- ٢ -

ئینجا دەبێ بپرسین : ئەی ئەگەر وایـە بۆچی رۆژانە جارەها دەخوێنینەوەو دەبیسین : کلاسیکی ٠٠ کلاسیکی نوێ ٠٠ رۆمانسـیزم ٠٠ سوریالیـزم ٠٠ دادایی ٠٠ رەمزیـەت ٠٠ فوتوریزم ٠٠ ریالیزم ٠٠ ریالیزمی نوێ ٠٠ ریالیزمی سۆشیالیستی ٠٠٠ هتد ٠

دیارە بە بڕی نـەو رایەی من دەرم بڕی هەموو ئەمانە دەبنە رێبازی جیا جیـای رێبازێکی سەرەکیو فراوان کە واقیعیەتە ٠ لەبەر هۆیەکی زۆر ساکار ٠٠ داهێنەرەکانی هەموو ئـەو رێبـازانە مرۆڤ بوون ٠ مرۆڤیش بەندی واقیعە ٠ کـە بەندی واقیعیش بوو ، واقیع دێنێتە بەرهـەم ٠ بەلام بـە پێی ئایدۆلۆژیاو فەلسەفەو بۆ چوونی تایبەتی خۆی سەبارەت بەو واقیعەی تیایا دەژی ٠ دەرەوەی واقیعو جودی راستەقینەی نییە ٠٠ مەبەستم واقیعە لە رابوردوودا و لـە حازرو لـە داهاتوودا ٠ رەنگە بووترێ میتا فیزیك دەرەوەی واقیعە ٠ بەلام باسو خوازی میتا فیزیك لـە کوێدا لـە دایك دەبێ ؟!٠ بێگومان هەر لەمێشکی مرۆڤدا کـە بـەندی واقیعە . ئیتر چۆن هونەرمەنـد دەتوانێ رۆمانسی بێو واقیعی نەبێ ؟!٠٠ سوریالی بێو واقیعی نەبێ ؟!٠٠ سەر بەریالیزمـی سۆشیالیستی بێو واقیعی نەبێ ؟! ٠٠ هتد!٠

- ٣ -

سا کـە هەموو ئەو ریبازانە واقیعی بن ، دەبێ گیرو گرفتەکە لە کوێدابێ ؟! بە رای من گیرو گرفتەکە ئەوەدایە کە ئاخۆ کام لەو رێبازانەی واقیعیەت لە هەر دوو رووی ئەستاتیکیو خزمەتگوزاریەوە پەسەندترو بەچێ ترە ؟! ٠ واقعیـەتی رۆمانسی یا واقیعـەتی سوریالی یا واقعیەتی سۆشیالیستی ٠٠٠ هتد ؟! ٠ وە یاخود واقعیەتێکی تێکەڵ لە دوان سیانێکیان یا لـە هەموویان کە دەبێ دابێت (واقعیەتی شمولی) ؟! ٠ بەم پرسیارە ئیتر جارێ واز لە باسەکە دێنم ٠

کورتە باسێکی شیعری میتافیزیقی لە ئەدەبی ئینگلیزی دا

ئامادەکردنی :ـ شـیرزاد حەسەن

شیعری میتافیزیقی یاخـودبڵێین میتافیزیق لە دونیـای ئەدەبدا ئـەو زاراوەیە کـە تەنگو چـەلەمەو هەنگیرانو داڤیـرانی سروشتو رۆڵی ئادەمیزاد لەژیانـدا نیشـان ئەدا ٠

ئەوەی ئـەم زاراوەی داناوخستیە سـەر ئـەم رێبـازە ئەدەبییە (سەموئیل جونسن)ە ،کـە کۆمـەڵی شاعیرەکانی سەردەمی پیوریتانیەکانی کـردبە نموونە کە چۆن ، رۆانینێکی بـەرزو جەوهەریان هەبوو وەگرنگیان نـەدا بە نـاخو دیوی ناوەوەی مرۆڤ ٠

ئەم رۆانگە یەش دوور بوو لەجیهانی دەرەوەو ئەو هەستو ئەستە مەددیەی کە تیـایا ئەژیت لەبەر ئەوە زۆر لەشیعرە پیرۆزەکانیان لە تاقی کردنەوەی رۆحیانو رازە دینیەکانیان ئەدوان ٠ هەر وەك ئاشکرایـە لەناوەکـای زۆری شـیعری میتافیزیقی لایەنێکی دینی هەیە بۆیە مامەلەکردنی لەگەل بوونو رۆح و بیردایە ٠

کەر بچینە سەر شیعرەکانی (دۆن ـ) کـە بەگەورەترین شاعیری نـەم رێبازە دانەنرێ ئەبینین شێوەیـەکی (درامی) وەرگرتووەو تێکەل بە بیری ئازارو هـەولو تێکۆشانە ، ئازارو تێکۆشـان بەمانا گەورەکەی ٠ هەروەهـا (دۆن) مامەلەی لەگەل بیری مردنداا ئەکرد ٠ (سزنانەکانی ئیزرەکانی باشـترین شـیعرەکانیەتی لـەم بارەیەوەکە بەردەوام رووی لەسزای خۆیان ناکی یکاتەوەو وای لێ بکات لەمردن بترسێو رۆژریش لەشیعرەکانی کالتـە بەمردن کردنە ٠

(هێزبرت)یش یەکێکە لەو شاعیرانەی کەهەمان ڕێبـازی کرتبووە بەر بەلام هەمان ترسی درامی (دۆن) ئیشـان نادات یەلکو هەستی دینی سـەدەی هەڤدەهـەم بەشیوەیـەکی مرۆڤانـەو ڕووتتر ئەخـاتە بەرچاو ، کەتارادەیەك لەخوتبەو گفتوگو ئەکا یەلام بۆ ڕێکـای خـواو ڕازەمەندی ، زانینـە سەرەتایی یـەکانی دینـی ئەگێڕێتـەوە بـۆ جـۆرە سۆفیاتیەکی نوێ کە خـۆی ئەنوێنی لـە سروشتدا وەك خـۆرو ئەستێرەکـانو باوو ڕوبارو ٠٠٠ هتد ٠

ئـەو توندو تیژییـەی لەتەبیعـەتی بیورتانیەکاندا هەبوو لەهەستی دینی مارڤـل ئاشکرابوو کـەتینی (دۆن) ـ و ـ (جۆنـسـن) تیـا ئاشکرابوو ، دین لەلای مارڤل هـەر وەك لای جونسونو دۆنخۆی لەلایەنە زۆرەکـانی

(فۆهان) کە زەوی و ئاسمانو ئاوو هـەموو دیاردەکانی تری سروشـت زۆر بەجـوانی خستوتە شیعرەکانیەوە وەئەو بەڕی ساکاریو بێگـوناهی لەژیانی منالا ئەبینێو وە بیتش (جان جاك ڕۆسۆ) کەوتوە کە

ئەوەی ئەسلی ئەو دنیای « ئونیل »دا کـە بەیوەندیـە تێکـەڵەکانی نێـوان مرۆڤو خێزانەکەی چارەسەر ئەکـاتو

لەگەل ئازاری ناوەوەی خـۆی لەبەر دەم هێزی خۆشەویستی روخێنەرداو ئەو زۆرانبازیەی

لەگیانی مرۆڤدا دروست ئەبێ ، ئەمـانە هـەموو ، لەلایـەن « ئونیل »ەوە لەسنووری واقعی

ئازارەکـانی ئەبەرچێنتـەوەو رەنگێکی سوفێتی وەرئەگرێوە لەدنیای ئـەودا وێنەی بیاوێکی کـارگێری درندە دووبـارە ئەبێتەوە کەهـەموو هەستێکی جوانیو مرۆڤایەتی بزرکردوە٠

زۆر جـار پالەوانەکـانی

« ئونیل » هـەتا « پالەوانـە میژوویەکانیشی » ناکـۆك ئەوەستن بەرامبەر ئەو دنیایەی تیایدا ئەژین ، ئەك هەر ئـەوە یەلکو هەتا لەگەل خەلکەکـەی دەوروبشتیشیان ناکۆکن ئەو دنیایەی ئەو پالەوانە تیـایا ئەژیت لەگەل خێزانەکانیاو ئەو

وێنانەی ئـەو ئاواتیان بـۆ ئەخـوازێ نالوێن ، ئـەو ٠٠ هێمنیو ئاشتی بۆ خۆیو خەلکی تر ئەوێو ٠٠ ئەو هێمنیو ئاشتیـیەش ٠٠ بەئاسـانی جنگ ناکەوێ ٠

کە « ئونیل » لـە کۆتایی ژیانیـدا ، ئاوری لـە دواوە ئەدایەوە وای حەز ئەکـرد هەموشـتی بـە راسـتی وتـەواوەتی ببینێو لـەو شانۆیەیدا باوکیو دایکـیو براکەی پالەوانی راستەقینەی

پاشماوەی ٠٠ رابۆرتی سیاسی

سـەرکەوتنـە وەختیـیـەی ئیمپریالیـزمو داردەسـتە کۆنەپەرستەکانی وە دەسـتیان هێنا ، لە توانایدا نییە تاسەر تای تـەرازوو بەیاری سوودی هێزەکانی پیلانگێڕاندا بخات ،

چونکە رەشەبای گۆڕان کـە کـەلێ رژێمی کۆنەپەرستو دیکتاتۆری هێنایە ژەنگو ژار ، زامنەکە سەر لەنوێ هەڵکاتەوەو

پیلانگێـڕان بەشـۆڕشو پێشکەوتن سەرەو نگومکات ٠ دەتوانـرێ بووتـرێ ئـەو خەباتەی جەماوەری لوبنـان بەسەرکردایەتی حـیـزبو

هێزەنیشتمانیەکانیو بـە بەیەکڕیزی لەگـەڵ بەرگری ئەلەستینیداو لـە گەلیاندا

هەموو هێزەکانی رزگاریخوازیو شۆڕشو لـە پێشـیانەوە

پێشرەوەکەی حیزبی بەعـی عەرەبی سۆشیالیستی دەیکات،

زامنەکە نای تـەرازوو بەلای سوودی هێـزە خێرخواکاندا بخات ٠٠ زامنە کـە ئەمنو ئاسایش بگێڕێتەوە بۆ لوبنانو

بێتەوە لوبنانێکی یەکگـرتوو بەخاكو بەگەڵو بە ئیراده ٠

★

Institut Kurde de Paris

ڕووانگ

ـ محمد حمه باقی ـ

ئەی کچی ناو خەوەکانم ،
تۆ ، هەموو شەو .. لە ڕووباری بیندارییەما ،
دێیت بۆ ڕووتی مەلە ئەکەین ،
ئەستێرەکان ئەبن بەملوانکەی ملتو ،
لە ئاینەما ، هەڵ ئەبیت ..
درەختەکانی ناخی گیان دێنە سەیرت ..
باڵندەی ووشەکانیشم ، بەسەر سەرتا دێنو
دەچن ، بۆت ئەخوێنن ،
بۆت ئەخوێنن ،
هەر ئەنیا تۆش ، لەزمانی خوێندنەکانیان
تێ ئەگەیت ،
هەر ئەنیا تۆش ، ئوێ بۆ هەموو جریوەکانیان
شل ئەکەیت ...
تا دەرنگێ ، لەگەڵ ووردە ماسی بیرو ئەندێشەما ،
یاری ئەکەیت ...
ڕاویان ئەنێری ..
ڕاوت ئەنێن ..
ئەیان گریت ..
ئەیان نریت بە ماسی لەشی بێ‌ووڵەکەی پێستی
سافو سپیەوە ،
خووکەی ئەردنو ، سنگتو ، دەستت ئەدەن ..
بەریان ئەدەیت ..
ڕاوت ئەنێن ...
ڕاویان ئەنریت ..
دەستی بۆڵە گوڵ ئەستێرەکانی گۆڕەی نیگاکانم
ئەگریت ،
بە چراخانی جیهانی جوانی یەکەتا ، ئەیان گیریت ..
ئەیان گیریت ..
ئەیان گیریت ..
ماندوو نابن .. بێزار نابن ،
چونکە هەر خۆت .. بەرەبەیان ،
کە ، مەلەی ناو چاوەکانم ماندووت ئەکات ،
ڕووباری گیتلەکانم ، بەجێ دێڵی و ،
دنیت ، سەر ئەکەیتەسەر سنگم ،
ئوێ لە چرکەو لەدانی دڵم ڕانەگریت ..
باش ئەوەی دڵنیا ئەبیت ،
هەموو لیدانەکان بۆ تۆن ..
بەنیانی ، بەنجەکانت ئەخەینە سەر پێلووەکانم ،
لەسەر خۆ ، ئەیان نووقێنی و ،
ئەمخەوێنی ..
ئەمخەوێنی ..

١٤ـ١٠ـ١٩٧٦
هەولێر

زایۆنیزمەکان و .. ڕۆشنبیری ئەوروپا

● دەستەودایەرەزایونیزمەرەگەزپرستەکان ئەستا دەستیان بە پەتی (سامی) بەتەوە گرتوە ، وەئەو کەسانە بە دژی (سامی) تاوانبارئەکەن کە ئەیانەوێت بەردە لە ڕوی ئەو دەستەودایەرانە هەڵمالن و لەو ڕێیازە بەدەرچن کە ئەو ئەخشەی بۆ کێشاون و دەستی بەسەردا گرتوە .. بۆ ئەو مەبەستە ڕووباگاندەیەکی بەتین لە ناو خەڵکی ئەوروپادا ئەکات و ئەوەی لە حیسابی خۆشیدا داناوە کە توانایەکی گەورەی هەیە لە شێواندنی بیرواری ئەو کۆمەڵەدا ، تاوەکو بەلای داگیرکاری و تاوانەکانی خۆیدا ڕاکشێ .. ئەوانەی ڕاستیان لێ بزرکراوە بە ڕووباگاندەکانی هەڵخەڵەتان و نیازی فاشستانە شێوێنی ڕووباگاندە هەڵخەڵەتێنەرە ڕێکا لە تکدەرەکانی کەوتن .. بەڵام دوای ئەوەی خەباتی عەرەب دژی زایونیزم و ئیسرائیل بەرەی سەندو توانی ئەو هەردەی لەرو دابمالی کە درندەیەتی خۆی تیادا شاردبۆوە ئەو وێنانەش وردە وردەشیوەیان گۆڕان و بەرەبەرە ئەو ڕاستیە بۆ ڕۆشنبیرانی ئەوروپا دەرکەوت کە بونەتە قوربانی ئەو ڕووباگاندە فاشیزمی و ئەیان جەوستنەوە .

رینەر فرەنز فاسبەندەر

دەستەودایەرەزایونیزمەرەگەزپرستەکان کەوتنە ڕاوانانی ڕۆشنبیرەئەوروپایەکان ئەوانەی بەدژی ئەو دەسەڵاتەوە کەلەهەندێ لە وڵاتانی ئەوروپادا هەیەتی ، یەکی لەو ڕۆشنبیرە ئەوروپایانەی دووچاری ڕاوکان و نارەحەتی و جێ‌بەجێ‌کردن بون شانۆگەری ئوسی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا (رینەر فاسبەندەر) ئەویش بە هۆی یەکێک لە شانۆگەرێکانی کە لەژێر ناونیشانی (بێ‌ئاگاکان و مردن) بڵاوی کردۆتەوە ، (فاسبەندەر) نمونەی یەکێکە لەو ڕۆشنبیرانەی کە لە ژێر ڕکێفی زایونیزمدا خۆی قوتار کردوە (فاسبەندەر) هیچ گومانی نەداوەتە ئەوەی کە بە شێوەیەکی ڕاستەقینەو لە دڵەوە لە مەسەلەی ئەم چەوساندنەوەیە بکۆڵیتەوە ، لەوبارەیەوە ئەڵێت : (ئەبی باسی مەسەلەی زایونیزم بە شێوەیەکی فراوان بکرێت و لێی بکۆڵرێتەوە نیشاندانی وێنەی زایونیزمێکی جاوبرسی بارەبەرست لە شانۆگەرێکەمدا ئەنیا چونە ژورەوەیەکی جاکە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەومەسەلەیەی کە هەموو ئەیانەوێت چاوپۆشی لێ بکەن) .

با بەناو شانۆگەرێکەدا بگەڕێن بزانین (فاسبەندەر) وێنەی چیمان نیشان ئەدات ؟ شانۆگەرێکە لەگەڵ ئەوەدا کە چاپ دراوەو بڵاویش کراوەتەوە ، بەڵام لەسەر شانۆ نیشان نەدراوە ، ئەوەی فاشیزمی و خوێن ڕێژی و بێ ئابروی زایونیزمەکان نیشان ئەدات و ساڵ لە کاتەوە ئەوەبە کە بە هەموو وزەو توانایەکیانەوە هەوڵیان داوە کە شانۆگەرێکە لە ناو بازاڕەکاندا کۆنکەنەوە . (فاسبەندەر) وێنەی فرانکفورتی بەسی لە تاوانبارو سوزانیمان نیشان ئەدات کە ئەویش وێنەیەکە کە لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا بەرجاو ئەکەوێت لەگەڵ فەنەشی کردنی جولەکەیەو ئینە گوناح هەڵئەگرین » .

بەڵام کێ هیرشی کردۆتە سەری ؟ ئەوەی هیرشی بردۆتە سەری سەرەک نوسەری ڕۆژنامەی فرانکفورتە خاوەنی کتێبی « بەسەرهاتی هەتلەرە » و ناوی (یواکیم فیستە) وەبیویست بەباس کردنی ناکرێت کە چەند نازیەکی دەمار ئەستورە ، ئەم بیاوە نوسەری شانۆگەرێکە لە پینج ستونی ڕۆژنامەکەیدا بە دژی سامی و یەسەری و ڕادیکاڵی تاوانبار ئەکات . هەووەها (هاینز غالینسکی) کە یەکێکە لە سەرکردەکانی زایونیزمی ئەڵمانیا هیرشی بردۆتە سەر (فاسبەندەر) و ئەڵێت .. (ئەویش یەکێکە لە پێڕی چەپڕەوەکان نازیەتی تازەی ئەڵمانیا ، کە بەهەمو توانایانەوە هەوڵی ئەوە ئەدەن جولەکەی ئەڵمانیا ڕسواکەن) .

بەڵام ئایا (فاسبەندەر) بەرامبەر ئەم تاوانبار کردنە بێ‌شەرمانەیە دەستە پارچە ڕاوەستاوە ؟ بێ‌گومان نەخێر ، بەڵکو دەستوبرد ئەم تاوانانەی بوچەڵ کردۆتەوە لەو بارەیەوە ئەڵێت .. (من دوژمنی سامیکان نیم ، بەڵام هاوبەشی هەستی ئەڵەمانیکان ناکەم لەوەدا کە ناوێرن ڕاستی ناو دڵیان بەرامبەر زایونیزم بدرکێنن ، ئەو شانۆگەریە هۆیەکی مەشروعە بۆ هیرش بردنە سەر چەوساوەکان لە فرانکفورت و هەمو ئەڵەمانیادا ، ئەو زایونیزمە دل ڕەقانەی کێ کرتە کۆنەکان لە خانۆکانیاندا دەرنەکەن بۆ ئەوەی ئەو خانوانە تێکدەنەوەو کۆشکی گەورەی لەشوینیدا بنیات بنێنەوەو بە پارەیەکی زۆرتر بەکرێی بدەن » .

وە ئەبێ (فاسبەندەر) یەکەم نوسەر بێت کە لە ڕکێفی ڕووباگاندەی زایونیزمی ڕەنەزبەرستان خۆی قوتار کردبێ ، وە هەروەها یەکەم کەسیش نیە کە چەتەکانی ئەو دەستو دایەرەیە ڕاوودووی ئەن .

ئەوەی پێش ماوەیەک دژی نووسەری بەناوبانگ ولیام شکسپیر کردیو تاوانبار کردنی بەوەی کە دژی سامیکانە سەویش بەهۆی نوسینی شانۆگەریە بەناوبانگەکەیەوە (بازرگانی فینیسیا) بەڵگەیەکی ڕون و ئاشکرایە کە ئەم دەستو دایەرەیە بێزاری دڵی داگرتون ، ساختەکانیان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر ئاشکرا ئەبێت وە هیچی بەدەستەوە نەماوەتەوە لەوە بەوڵاوەکە تومەتی دژی سامیەت بە خەڵکەدا بلکێنن وەک بەڵگەیەک بە هیوای ئەوەی بیکاتەوە بە پەردەیەک و خۆی لە پەنادا حەشاردا تاوەکو دوارۆژ بۆ کردارێکی ڕەگەزپەرستی بەکاری بهێنێت .. بەڵام وریایی بیری ڕۆشنبیران بە هەست پێ کردنی هۆی ویران بونی ناوەوەیان لە ناوکۆمەڵی سەرمایەداریدا وە بێ زانینی ئەو چەوساندنەوەیەی کە چینە هەژارەکان دوچاری دێن .. وای لێ کردن کە بێ ترس و سل کردنەوە ئەو دەستەو دایەرەیە ئاشکراکەن و بە ئەواوی پەردەی لەرو هەڵمالن (فاسبەندەر) کە هێشتا ئەمەنی لە سی ساڵان نیپەری ئەکردوە یەکێکە لە ڕابەرانی سینەمای نوێی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا وە وا ئاسراوە کە یەکێکە لە

بڕوانە ل : ٨

دەربارەی دیاردەی فلیمی مۆسیقایی و هەندێ ڕوالەت بە ئەرەتی

● بۆشی لیکۆڵینەوە ●

فیلمی مۆسیقی لەگەڵ دروستبونی بەکار هێنانی دەنگ لە فیلمی سینەمایی‌یەدا بەدیابوو ، وە فیلمی « ئاوازی جاز » یەکەم فیلمی دەنگدار بوو ، هەروەها یەکەم فیلمی مۆسیقی بوو ، فیلمی مۆسیقی هەموو لایەنە هونەریە تەکنیکی‌کانو ئەو هەرێت ئەگرتەوەلەیان گرمیدای مۆسیقی فیلمی وینەی جولاوو مۆسیقای فیلمی ئەسەری کە مناڵان دەوری یاریەوانی تیا ئەبینن .

فیلمی مۆسیقی بەرهەمێکی مرۆڤایەتیە و ملکی هەموو بەشەریەتە ، وە هونەرمەندی وەک (ئوبر فنج بێرلین) و (کول بوتر) و (جرشوین) توانیان فیلمی سینەمایی وا بنشکەش بکەن کە سەماو گۆرانیان تیاکرد بە بەشێک لە چیرۆکی درامی فیلمەکە جوێ نەکرێتەوە ، یەکەم کەسیش کە گۆرانی و سەمای لە فیلمدا بەشێوەی درامی بەکارهێنا (ئەرنست لوبتش) بوو لێنجا (رۆبین مامولیان) لە ئەمەریکا .

فیلمی مۆسیقی واش هەیە کە ڕەوالەتی ڕۆمانسی یان درامی یان گالتەجاری هەیە ، بەڵام تێکڕا ، لەگەڵ ئەوەشدا لە یەکی یەکەمدا فیلمی جەماوەرین بەڵام شێوەی دروستکراوی زۆر لە خۆگردنیان بۆوە دیارە .

لە ساڵەکانی سی‌یەکان و چلەکاندا لە بەنجاکانی ئەم سەدەیەدا ، خودان بەم جۆرە فیلمانە ئەنجامی باری تاک جوی ئەوسای دنیابو کە ئەمەش ابەر نوشتی و شەرو شۆڕ کە تا کۆتایی چلەکانی خایاند شتێکی ئاسایی بوو .

بڵاو بونەوەی فیلمی مۆسیقی ئەنیا لە هۆڵەکانی ئەمریکا و ئەوروپاو دنیای گرتەوە ، لەگەڵ شکانی کومپانیای (مترۆ)دا فیلمی مۆسیقی ئەمەریکاش شکا . چونکە لەو کومپانیایە بەرهەمی چاکی فیلمی مۆسیقی دەرچو لە دەرهێنانی (مینیللی) و (جین کیلی) و (دونن) .

دوای ئەوە سیستەمی ستۆدیوی گەورە روخا ، دیاردەی فیلمی گەورەی مۆسیقی وەک (شاومن) و (ئوکلاهوما) و (جیرۆکی گەرەکی ڕۆژئاوا) وو (خانمی شۆخ) (کامیلوت) ڕوخان چونکەزیاتر ڕەوانەی شانۆیان بۆوە دیاربوو .

لە ڕووی فیلمی عەرەبی وە ، بەپێ ئوێدان بە بەراوردی توانای بەرزو هێزی شارەزایی پیشەسازی ، بەدیابوونی فیلمی گۆرانی لە میسر لە هەندێ لایەنەوە شان لە شانی ئەمەریکایی بوو . سەردەمی بەرەبەیانی فیلمی گۆرانی میسری لە سەردەمی هەڵگیرسانی شەڕو شۆڕدابوو ، هەروەک فیلمی ئەمەریکایی متمانەی بە کومپانیا گەورەکان ئەکرد ، فیلمی میسریش متمانەی بە بوونی ستۆدیوی میسربوو .

فیلمی «سرودی دڵ» یەکەم فیلمی گۆرانی میسرو یەکەم فیلمی دەنگدار بو لە ساڵی ١٩٣٢دا دوای فیلمی «ئەولادی خواپێداوان » ، دیارترین فیلمی ئەو سەردەمە « کولی سنی » بو کە لە ١٩٢٢ دا دەرچو وە یەکەم فیلم بو (محمد عبدالوهاب) دەوری یاریەوانی تیاگیراو (محمد کریم) دەریهێنابو ، فیلمەکە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدی هێنا ، دوای ئەوە (محمد کریم) ئەم فیلمانەی دەرکرد : « فرمێسکی خۆشەویستی » و « بۆی خۆشەویستی » و « ڕۆژی بەختیار » و « خۆشەویستی قەدەغەیە » و « گوڵەیەک لەدڵدا » کە یاریەوانی هەموو ئەم فیلمانە (محمد عبدالوهاب) بوون .

فیلمی گۆرانی «وداد» یەکەم بەرهەمی ستۆدیۆی میسر بوو ، وە یەکەم فیلم بو کە لە میهرەجانی دوەمدا پیشان بدرێ کە میهرەجانی بندقیەبوو لە ساڵی ١٩٣٦دا و لە ڕووی بازرگانیەوە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدی هێنا ، ئەمەش « ام کلثوم »ی هاندا لە زنجیرەیەک فیلمدا بەشدار بێ وەک « سرودی هیوا » و « دنانیر » کە لە دەرهێنانی (احمد بدرخان) بوون .

دیارترین فیلمی گۆرانی کە سەرکەوتنی بازرگانی گەورەی بەدەستهێنا و لە سەرەتای چلەکاندا دەرچو فیلمی « سەرکەوتنی لاوان » بوو ، کە یەکەم فیلمی « فرید الاطرش » و « اسمهان » بو وە دەرهێنانی احمدبدرخان دوای ئەوە فیلمی « لیلی » کە لیلی مرادو حسین صدقی دەوری یاریەوانیان تیا گێراو « سلامە » کە دەوری یاریەوانی درابوو بە « ام کلثوم ، ویحیی شاهین و هەردووکیان لە دەرهێنانی (توجوەزراحی) بوون .

دوای محمد کریم و احمد بدرخان ، ئەنوەر وەجدی پەیدا بوو کە زنجیرەیەک فیلمی

بڕوانە ل : ٨

فریدو اسمهان لە « فلیمی »سەرکەوتنی لاواندا ..

دەنگی

کەلەپورو .. داهێنان

محمود زامدار

● (هەلە) شتێکەو (نەخشەی زانستانە) شتێکی‌تر .. ئەوەی بە زاروزمانێکی کۆنینەی کەندەلەوە شت بنووسێت ، ناپاکی لەگەڵ خۆیو چاخەکەی خۆیدا ئەسازێنێ .. هەر ئەوەیەکیش ، ئەنیا حازرە خۆرین و کیفایەت بە رابردو بهێنێ و لەسەر زەمینەی ئێستادا ، بە جاوی وەک جاوی هەڵۆوە سەیری دوا ڕۆژ نەکات و لە کۆن یاخۆی نەبێتو گومان لە (راستیەکانی) نەکات ئەبێ مل بۆ یاساکانی ئێو ئەشکەوتو جەنگەلەکان شۆڕ کات ..!

● **(رەسەنایەتی) ئەنیا روخسارێکی ووشکو روتەلەی کۆنو کەلەپور نیە ، هەروەک چۆن (هاوچەرخێتی) روخسارێکی مردوی چاخی تەکنۆلۆژیا نیەو نابن ... ئەو کەسەیش بەیوەندی بە جۆشو پر لە ژانی لە گەڵ مێژوو کەلەپوری خوی نەبچرێنێ ، بە هیچ کلۆجێ بۆی ناڵوێ ، ئەدەبێکی هاوباخو زیندو هەڵخات ، یا لافو گەزافی هاوچەرخێتی لێ‌بدات ..!**

● کۆکردنەوەو بژارو بیداچونەوەو یەکاڵاکردنی زانستیانەی کەلەپوری نەتەوایەتی ، لەبەر ڕۆشنایی زانستا ، شتێکە .. بنچ بن داکوتانی بیرو بەهای ڕزیوی کۆنەپەرستی شتێکی تر ..!

● **هەن .. هەندێ نیمچە خوێندەوار لە ئەنجامی هەستکردنی کوشندەیان بە کەموکورتی و بێ‌دەسەڵاتی خۆیان بەرامبەر بە شارستانی‌ی تەکنۆزانستی بەهۆزو مەزن هەوڵی هەرزەکارانە ئەدەن بۆ فەوتاندنی کەلەپورو سامانی نەتەوایەتی میللەتان ..**

● هەیشن .. ڕۆشنبیری لێهاتوی ڕەسەنی وا ، بە جاوی پر لە ریزو شانازی‌و مەوزوعیانەوە ، نەماشای سامانی ئەدەبی‌و فیکری‌و میتۆلۆژیای میللەتان ئەکەن .. تۆزقالێکیش جیە ، لە گیانی هاوچەرخانەی خۆیان ناکەون ..

● **ڕۆشنبیرە ڕەسەن‌و هاوچەرخەکان ، زۆر بە ئاسانی نەتوانن لەگەڵ (سۆفۆکلیس‌و بوزاو هومیرۆس‌و کۆنفۆشیۆس)دا بدوێن و بلالێنەوە .. بە جاوی ریزو عەشقەوە ، سەیری (تلتامش‌و ئۆدیساو تەورات‌و ئینجیل‌و قورئان بکەن .. بێکی سەرەسەتانەی مرۆڤانە لەگەڵ (جۆیس‌و سارتۆ‌و بیکیت‌و کافکا گۆران‌و کۆن ویلسن‌و نەجیب مەحفوز) بنۆشن .. چونکە متمانەکردن ، بە کەلەپوری مرۆڤ ، مانای ئەوە نیە ، دەرگاو دەروازەی هەمو چەشنە تێکچڕژان‌و ترسان‌و ناوتەبونێکی ئیانی بەیانیانەی (جیهانی فکر) گلیل‌و کلۆم بدەین‌و خۆمان لە بەرهەم و بەری شیرینی شارستانی‌ی مرۆڤایەتی دورخەینەوەو لاتەریک بوەستین‌و لە قاوغەی تاکرەوی‌دا خۆمان بکروشکێنین ...**

● هەر بۆیەشە .. ئەتوانم سەرازادانە بڵێم : ئێمەی کورد ئەتوانین بڵێین ـ لەبەر گەلێ هۆ ـ : (ئێمەش لەگەڵ کەلەپوری بابیل‌و ئاشوردا بەشداربین ، هەروەکو چۆن لە فیکری عیبری‌و کرستیانی‌و ئیسلامیا هوبەشین .. چونکە لە بنجا ، شارستانیەت شتێکی مرۆڤانەیەو بە بنگەی (دان‌و وەرگرتن)ەوە بەندە .. بێگومان ئەم ڕاو سەرنجە ، هەم لە ڕەگەز پەرستی‌و دەمار گرژی‌و هەم لە تاکرەوی نەتەوایەتی ئەمانپارێزی ... بۆیەو ئەبێ ، زۆر هۆشمەندانە لە کەلەپوری خۆمان بدوێین .. چ بۆ دەمکوتکردنی ئەو کەرۆڵانەی کە ئەڵێن : هیچمان نیە ، چ بۆ پەرچدانەوەی ئەوانەی کە بیرو کەلەپورو سۆزی ئەوروپایان تابۆ کردوە ، چ بۆ سەراندازکردنی بەردەی هەمو کۆشەکانی واقیعی کۆمەڵایەتیمان ، کە چونەو چۆن پێک هاتوەو چۆن ئەلوێ بیگۆڕین‌و دەستاوێژ ئامانجەکان دەس‌و چاو نیشان بکەین .. هەر بۆیەشە ، لەناو هاژوهوژی بەرهەلستکردنی کەلەپوردا ، دەوری هۆشمەندانەی پیاوانی ڕاستەقینەی ئەدەب دێتە پێشەوە ، بۆ جلەو گیرکردنی ئەم ئاژاوە ناهەموارەی ئێو ژیانی ڕۆشنبیریمان ... هەر لەبەر کۆشە نیگای مەوزوعیانەش‌دا ، هەمو ئەو بەرهەمو قەلەمو ونوسینانەی ، کە مرۆڤ ئەخەنە لاوەو کوێی بێ نادەن ، سات دوای سات ، شیتاڵ شیتاڵ ئەبنەوەو خاوەنەکانیشیان برسک برسک ئەبن .. لە ئەنجامیشا تۆماری مێژوییکی مرۆڤانەو سەرازادانەو هاوچەرخانە ، بۆ ئەدەبەکەمان ئەنووسرێتەوە ..

● **... خۆ کاتێ کە ، کەلە زاناو ئەدیبەکانی ئەم جیهانە ، سوود لە کەلەپوری مرۆڤایەتی وەرئەگرن .. دە ئەوا زۆر باش ئەزانن ، چ (کەشف)و چ (اضافە)یەک ئەکەن ... بۆ نمونەو بەس : یەکێکی وەکو (برێخت) ـ لە ئالیاڵ ـدا سودی لە داستانی حەزرەتی سلێمان وەرگرتوە .. (شەکسپیر) لە ـ یۆلیۆسی قەرالیچەو شالیرو عەتەیل‌و ئەرداو)ەکەیدا ، سەودای لە ئەل کەلەپوری میللی کردوە .. ئودیب تاکو ئێستا ، لە لایەن (ژان ئەنۆی‌و ئەندرۆژیدو بردناردشۆ)وە جۆرەسەودایەکی لەگەڵ کراوە .. (فرۆید)ی هۆنەرەمەند لە باسە سایکۆسێکسیەکانیدا ، کەلێکێکی زۆر لە ـ(ئودیب‌و ئەلێکترا‌و ئەرئسیزم)ی ئیگریکی وەرگرتوە .. سیزیف لە لایەن (گەو)ەوە ،**

بڕوانە ل : ٨

Institut kurde de Paris

میوانداری کۆشکی کۆماری

سەرۆکی بەڕێز احمد حسن البکـر ، بروسکەنامەیـەکی پیرۆزبایی بۆ خاوەن شـکۆ ، هیرۆهیتۆی ئیمپراتۆری ژاپۆن ناردوە بەبۆنەی یادی یەنجـامـالەی چوونـە سەرتەخت وبوونی بەئیمپراتۆری ژاپۆن٠٠ ئەمەش دەقی تەواوێتی :

خاوەن شـکۆ هیروهیتۆی ئیمپراتۆری ژاپۆن - تۆکیۆ :

بەبۆنـەی یادی یەنجاسالەی دانیشتنت لەسـەر تەختی ئیمپراتۆریـەتی ژاپـۆن ، بەڕێخەوەری وە زەمـکترین پیرۆزبایی وئاواتەخوازیمتان بۆدەوانـە ئەکـەم ٠٠ خۆشی وتەندروستی ئووەی خـاوەن شکۆ بەحەتەوەری و پێشکەوتنی ئەلی ژاپۆنی برام ، ئیازە ٠٠

احمد حسن البکر
سەرکۆماری عیراق

لەبریارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش دا :

کردنەوەی بالەخانەی نیشتەجێ بوونی و تایبەت کردنیانە بە سەرهاو وڵاتیانی دا

دەزگای نیشتەجێ کردن بەهاریکاری لە بانقی خانوبەرە (العقاری) بریارەکە جێبەجێ ئەکات .

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بریاری دا دەزگای گشتی نیشتەجێ کردن بالەخانەی نیشتەجێ بۆ هاووڵاتیان بکاتەوە و ئەبارتمانەکانیان لەسەر تایبەت بکات .

بریارەکەلەلایەن هاووڵاتیەی لەم جۆرە ئەبارتمانە وەرنەگرێ پێشەکی ١٠٪ تا لـە ٢٠٪ی ئرخەکەی لە ماوەی مانگێکدا لە ڕۆژی ئەوەی کە دەزگای ناوبراو بڵاوی کردەوە داخوازیەکـەی وەرگیراوە ئەبێ پێشکەش بکات وە لە ڕۆژی پێشکەش کردنی پێشەکیەکەوە تاکو ماوەی سێ سال ئەتوانێ وەری بگرێ .

وە بە پێی بریارەکـە بانقی خانوبەرە باشـماوەی نرخی ئەبارتمانەکە بە ٣٪ی زیاتر ئەبێ وەرگیراوە ئەبێ پێشکەش بکات وە لە ڕۆژی پێشکەش کردنی پێشەکیەکەوە تاکو ماوەی سێ سال ئەتوانێ وەری بگرێ .

وە بە پێی بریارەکـە بانقی خانوبەرە باشـماوەی نرخی ئەبارتمانەکە ئەدات بە دەزگای گشتی نیشتەجێ کردن ، بەو مەرجەی کە هاووڵاتیەکە ئـەو بارەیە بە مانگانە بداتەوە بانقی خانوبەرە، وە ئابێ ئەو مانگانەیە لە جواریەکی دەرامەتی مانگانەی خێزی زیاتر بێ .

بریارەکە ئەو هاووڵاتیـانە ناگرێتەوە کـە خۆیان وە یان خێزانەکەیان سودیان لە هـەر بڕۆژەیەکی نیشتەجێ کردنی تر وەر گرتبێ، وە دەزگای ناوبراو بـە هـەمو جۆرێک وەرگرتنی داخوازی تایبەت کردنی ئەبارتمانەکانی ئەو بالەخانانەی کە نیاز وایە بکرێنەوە بڵاو ئەکاتەوە .

ئەمەش دەقی بریارەکەیە :

بە پێی حرکمی بڕگەی (أ) لە بەندی چل و دوهـەم لە دەستوری کاتی ئەنجومـەنی سەرکردایەتی شۆرش لـە ٦-١١-١٩٧٦ دا بەم جۆرەی بریار دا :

ماددەی یەکەم : دەزگـای گشتی نیشتەجێ کردن بالەخانەی نیشتەجێ بون ئەکاتەوە کە ئەبارتمانەکانی لەسەر هـاو وڵاتیان تایبەت بکات .

ماددەی دووەم : نرخـی ئەبارتمانەکان بـە پێی جۆرو ئەخشەکانیان

لەسەر بناغەی ئەم ئەرکانەی خوارەوە دیاری ئەکرێ :

١ - نرخی بیناکردنی .

٢ - نرخی زەوی یەکە .

٣ - هەر ئەبارتمانێک بـە پێی بەشی خۆی ئەرکی قیرتاوو زێتراب و راکشانی ناوو کارەباو ئەو شتانەی تری کەکەوتنـە سەر کە ئەرکیـان تی ئەچێ ئەگەر ساردو گەرم کـردنو پێبلکەی کارەبایی و ئەم جۆرە شتانەی تری تیا بو .

ماددەی سێیەم : دەزگـای گشتی نیشتەجێ کـردن بە هەمو جۆرێکی راگەیاندن ئەو داخوازیانەی لـە بارەی تایبەت کردنی ئەبارتمانەکانەوە لـە بالەخانـەکانا کـە ئەیـەوێ بیانکـاتەوە وەر ئەگرێ بڵاوی ئەکاتەوە بە پێی ئەخشەو نمونەکانی نرخی سەرەتایی هەر ئەبارتمانێک دیاری ئەکات .

ماددەی چوارەم :

١ - داخوازی تایبەت کردنی ئەو داخوازکـارە وەر ناگیری ئەگەر خۆی وەیان خێزانەکەی لە ڕۆژەیەکی تری نیشتەجێ کردنی لەم جۆرە سودی وەر گرتبێ .

٢ - ئەگـەر هاتو خاوەن داخوازی تایبەت کردنەکە ڤەرزی لە بانقی خانوبەرە بە مەبەستی خانو کردنەوە یان لە هـەر بڕۆژەیەکی تری نیشتەجێ کردن وەر گرتبێ، ئەتوانێ داواخوازی تایبەت کردن پێشکەش بکـات ئەگەر مەرجە ناوبراوەکانی تری هەبێ کە لەم بریارەدا هاتوە لە حالەتێکدا کە مافی ئەوەی هەبێ سەر لەنوێ قەرزی تر لە بانقی خانوبەرە وەر بگرێتەوە .

ماددەی پێنجەم : داخوازی تایبەت کـردن بە پێی ئـەو ئیستیمارەیەی کـە دەزگـای گشتی نیشتەجێ کردن ئامادەی ئەکات ڕێک ئەخرێ ئەویش بەم جۆرە ئەبێ :

١ - ناوی خاوەن داخوازیەکەو ژمارەی خێزانەکـەیو شوێنی دانیشتنی .

٢ - پێشـەی خـاوەن داخوازیەکەو دایەرەکەی ئەگەر فەرمانبەر یان موچەخۆر وە یان کرێکار بوو .

٣ - ئەبێ خاوەن داخوازیەکە ڕاستی ئەوە بڵێ کـە خۆی یان خێزانەکەی لە هیچ بڕۆژەیەکی تری نیشتەجێ بون سودی وەر نەگرتوە .

٤ - ئەبێ بەروارو مەبلەغی ئەو قەرزە یان ئەو قەرزانەی لە بانقی خانو بەرەی وەرگرتوە یان لە هەر بڕۆژەیـەکی تری نیشتەجێ کردن بـە مەبەستی خانو کردنەوە ئەگـەر وەری گرتبێ بینووسێ .

٥ - هەر مەرجێکی تر کە وەزیر بیخاتە سەر ئیستیمارەی داخوازیەکە بە پێی ئاوەژگاری ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دەزگای گشتی نیشتەجێ کردن .

ماددەی شەشەم :

١ - خاوەن داخوازی دوای ئەوە کە داخوازیەکەی لـێ وەرگیراو بڵاو کرایەوە لەماوەی مانگێکدا ئەبێ مەبلەغی کە لـە (٢٠٪)ی ئەو نرخەی کە دانراوە زیاتر ئەبێو لە (١٠٪)ی کەمتر ئەبێ بدات بە پێی ئاوەژگـاری ئەنجومـەنی بەڕێوە بردنی دەزگای گشتی نیشتەجێ کردنو بریاری وەزیر .

٢ - وەزیری ئەشـغالو نیشتەجێ کردن بە پێی ئـەو مەرجـەی بڵاو ئەکرێتـەوە نیسبەتی پێشەکیەکەی دیاری ئەکات .

ماددەی حەوتەم :

١ - بانقی خانو بەرە بە پێی ئاگاداری دەزگاکە باشـماوەی نرخی ئەبارتمانەکە بەقـەرز ئەدات بە خاوەن داخوازیەکەو قەرزەکە پێشکەش بە دەزگای گشتی نیشتەجێ کردن ئەکات

٢ - بانقی خانوبەرە سـود ئەخاتە سەر قەرزەکە بـەو مەرجە ی لە (٣٪)ی زیاتر نەبێ وە ئەمەش وەزیری ئەشـغالو نیشتەجێ کردن بە پێی ماوەی قەرزەکە دیاری ئەکات .

٣ - ئەم قـەرزە بە پێی قسطی مانگانە ئەبڕێ دردرێتـەوە بەو مەرجەی ماوەکەی لە ٢٥ سال تێپەڕ نەکـات وە ئابێ قسطەکەش لە ٢٥٪ی دەرامەتی مانگانەی قەرزارەکە زیاتر بێ .

ماددەی هەشتەم :

دەزگای گشتی نیشتەجێ کردن بەلێن ئەدات کە لە ماوەی سێ سـالدا لـە بەرواری پێشەکش کردنی پێشەکیەکەوە ئەبارتمانەکە بداتە خاوەنەکەی

ماددەی نۆیەم :

ئەبارتمانەکە لە دایەرەی تۆمار کـردنی خانوبەرە لەسـەر خاوەنەکەی وەگو ملکی صرف تایبەت ئەکرێ ، وە بە بارمتە بە ناوی بانقی خانوبـەرەوە ئەمێنێتەوە تاکو قەرزەکەی تەواو ئەبێ .

ماددەی دەیەم :

تۆمار کردنی ئەبارتمانەکە بە ناوی خاوەنەکەیەوە لە دایەرەی تۆمار کردنی خانوبەرەدا تەنیا جارێک باجی تۆمار کردنی لێ وەر ناگیرێ .

ماددەی یازدەهەم :

بەدرێژایی ماوەی قەرزەکـە ئەبارتمانەکە باجی خانوبەرەی لێ ناسەندرێ .

ماددەی دوازدەهەم :

وەزارەتی ئەخشـەکێشان بارەیەکی تەواو تەرخان ئەکات بۆ ئەوەی بانقـی خانوبەرە بۆ مەبـەستی ئـەم بریارە بیدات بە قەرز بەرامبەر بە سودێک کە لە ٢٪ زیاتـر نەبێ .

ماددەی سیازدەهەم :

بە پێی یاسایەک جـۆری دەست خستنی نیشتەجێ کەو دەست بەسـەرا گرتن وتایبەت کـردنو جۆری دانـەوەی قەرزەکەی بـە مانگانە دیاری ئەکرێ وەئەگەر توانـای بژاردنەوەی نەبێ بە هـۆی نەخۆشی یان مردن یـان هەرشتێکیتر جێبەجێ کردنی ئەم بریارە ئاسانتر ئەکات .

ماددەی چواردەیەم :

ئەم بریارە لە ڕۆژنامـەی ڕەسمی دا بڵاو ئەکرێتەوەو ئەو وەزیرانەی پێویسـتیان سەیتردراوە جێبەجـێی ئەکەن .

احمد حسن البکر
سەرۆکی ئەنجومـەنی سەرکردایەتی شۆرش
ئاەدع

خوێنەری بەڕێز

ئەو پێشکەوتنی نیستا لە ەەیدانی فیرکـردندا لـە وڵاتەکەمانا بەشتیو لـە ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە تایبەتی هەریە هەرگیز لە ڕەونـی سیاسەتی پەروەردە کردنـە شۆڕشگێڕیەی حـزبی سەرکردە لە لایەکی ئـەو باری هێنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لـە لایەکی ترەوە جیا ناکرێتەوە .

شۆڕش هەمیشە دروشمی لە ناو بردنی نە خوێندەواری وفیرکردنی بێویست و فیرکردنی بەخورایی لە هەمو ڤۆناغەکانی خوێندندا هەلبژیرە . وە بـە هەمو ئارەزوویەکەوە ئەیەوێ ئەم دروشمانە بهێنێتـەدی ، وە ڕابۆرتی سیاسی هەشتەمین کونگرەی قوتری حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب ئـەو ڕنیازەشۆڕشگێڕی و زانیاریانەی لە مەیدانی بەروەردە کردنـدا سەلماندوە .

● لە لایەکی ترەوە ، باری هێمن و ئاسایش و سەرکەوتنی ئارەزوی بەکێتی نیشـتمانی زەمینێکی تەختی بۆ پێشکەوتنی باری واقیعی خوێندنی ناوچەی ئوتونومی ئامادە کردوە کـە لەگەل بەرنامەکانی شـۆڕشو داخوازیەکانی جەمـاوەری ئەلەکەمانا بگونجێ٠٠ ئەوەبوو لە پاش لە ناو بردنی ناقمـە بەکرێ گیراوە لادەرەکە کەلێک هەولو تەقەللایەکی نایبەتـی ئەدرێ لە مەیدانی فیرکـردن لە ناو چەکەدا ٠ وەکـو کردنەوەی قوتابخانەی تـازەو تەخت کردنی ڕێگا لە مەیدانی خوێندندا بەهەموو شێوەیەک بە تایبەتی لەمەیدانی فیرکردنی بیشەیی دا ، ئەمانە هەمـوی نمونەی هەولدانو خۆ مانـدو کردنی لـە پێناوی پێشخستنی باری فیرکردن لە ناوچەکەدا ٠

● لە کاتێکدا کەلەکەمـان ئەم بەرهەمەی دەسکەوت ٠ئەبێ لەژێر سایەی ئالای شـۆڕشی ١٧ی تەمەزو حزبە سەرکردەکەیا ، زۆر باش ئەزانێ کـە باری دامەزراو دامرکاوی وڵات بارێکی بێویستە بۆ بنیاد نانو پێشخستنی بوژیانێـکی هاوچەرخانەی بێویست . لەبەر ئەوە جەماوەری کەل سـورە لەسەر سەرکەوتنو دەسکەوتەکانی ، وە ئامادەیە قوربـانی لە ڕێگایانا بدات ، وە میژوی جەماوەرەکەمان بـرە لـە هەلوێستی خەباتکوژارانە ، وە هەلوێستی وەفاداری بەرامبەر بە شۆڕش ، شـورشـی ١٧ی تەموزو حزبە سەرکردەکەی . وە شۆڕشیش وەفـاداری بەرامبەر بەو جەماوەرەی کـە جـەندان قوربانی بۆ داوە بۆ ئەوەی ئارەزوی جاکـەو پێشکەوتنو یەکێتی نیشتمانی سەرکەوێ .. ئەم باوەڕ بـە یەکتر برنە بەرەندی نیـران شورشو جەماوەر قایمتـر ئەکات کە ئەتنە هۆی مسرگەر کردنی سەرکەوتنی و هیمانەدی بەرنامەو داخوازیەکانیان .

- باوکی شیرین -

وەزیری ڕاگەیاندن پێشوازی وەزیری ڕاگەیاندنی یۆگسلافیای کرد

ئەوارەی ڕۆژی یەکشەممەی ڕابوردو بەرز طارق عـزیز وەزیری ڕاگەیاندن چاوی بـە محمـد بریرویتش وەزیری ڕاگەیاندنی یۆگسلافیاو ئـەوەقدەی [illegible] وت .

[illegible] لەبارەی کەوتنەدا کـە [illegible] وەزارەت [illegible] بالەری یۆگسلافیای [illegible] ئامادەبون ، باری سـەرنج سـەبارەت بە فراوان کردنی ئاسـۆی هاوکاری ڕاگەیاندنی نیوان هەردوو ولاتی دیاست وەرایەوە .

لـەم چاوپێکەوتنەدا کـە لەدیوانی وەزارەت بڕو ، باسی ڕێکخستنی ئاروباری ئەمەلەی ئاژانـە دەنگوباسی ولاتان [illegible] ڕووەها پێکەیشتنی هەردوو وەفـدی هونەری عیراق و [illegible] یۆگسلافیا لە دانانی بنـەڕەتی هاوکاری ڕاگەیاندنی نیوان هەردوو ولات لە [illegible] ڕۆژدا .

ڕۆژنامە نووسانی وڵاتەکەمان ئارەزایی خۆیان دەربڕین

بەڕێز سعد قاسم حـمودی ئەقیبی ڕۆژنامەنوسانی عیراق ، هانی یەکێتی ڕۆژنامە نوسـانی عەرەبی و ڕێکخراوی ڕۆژنامـەنووسانی جیـهانی داوە تازوە بەخۆیان بکـەونو ئارەزایی بەرامبـەر بەکردەوەکانی حکومەتی کـوێت ، لەدژی سەربەستیە کشتیەکانو ڕەتمە باکەکان ، دەربڕن .

هەروا بێرنکە وتویـەتی : ڕۆژنامەنوسانی عیراق داوا لـە ڕۆژنامەنووسە دیموکـراتی و شکەوتوخوازەکانی هەمـو لایەک ئەکەن ، کە بینە هانـای ڕا ڕۆژنامەنوسەکانی کوێتیان و ڕاوەستیە کردوە ، کە بشتگیریان بکەن ..

بەڕێز ئەقیبی ڕۆژنامەنوسان وەتویەتی : بـەم دوایی یە ، حکومەتی کوێت ، زنجیـرەیەن کردەوە ستەمکارانەی لـەدژی نیشتمانیەروەران و سـەرەڕا ڕۆژنامەنوسەکانی کوێتیان و بەستیە کشتیەکان کردوە ، کە لەگەل ئەخشەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و هێزە کۆنەپەرستەکانی ناوچـەی عەرەبیدا هاوجووتن و ئەبنـە مایەی ئابلوقەدانی بزوتنـەوەی ڕزگاریخـوازی عەرەب و باکۆدانی مەسەلەی فەلەستینو تالانوبردنی نیشتمانی عەرەبو هێشتنەوەی لەژێر ڕکێفـی ئیمپریالیزما .

ئەمەو بەڕێز سعد قاسـم حمودی ، پەنجەی تاوانی بۆ بریاری حکومەتی کـوێت ، لەبارەی حەلکردنی ئەنجومەنی بەرنوەبەری کۆمەلەی ڕۆژنامەنووسانی کوێت ، درێژکردوە ، ئەو ئەنجومەنەی کە لەئەنجامی هەلبژاردنێکی سەربەسـت ڕۆژنامەنوسەکانی کوێتی پراوە ، هەلتۆلاوە .. هەروا وتویەتی : ئەم بارە تشئیل کردنی تازە بابەتەو لە دری ڕێکخـستنی نیقابی و سەربەستی وشـەدا ئەکرێت .

هەروا وتویەتی : کاتێ کـە ڕۆژنامەنوسانی عیـراق ، ئارەزایی خۆیان بەرامبەر بـەم تارە ئارەوایـەی دژ بە ئاری دیموکراتیانە دەرئەبڕن ، ئەوەش دووبات ئەکەنەوە : کە ئەم کارە شتێکی کوت و بڕ نیـە و ئەبوەو ئەلقەیەکی ترەو زنجیـرەی کردەوەکانی کـەی حکومەتی کـوێت تەواوتر ئەکات ، لەبێناوی پاکژدانی بزوتنەوەی نیشتمانی و تزقـاندنو ڕاودونانی فیکری خـەباتکەرانی کوێتی و ئابلوقەدانی جولانەوەی ئەتەوایەتی سەر بەمەسـەلە هەلویساوەکانی ئەتەوەی عەرەب و وداماڕکاندنی دەنگی دایزانەیان لەروی ئەمەریکی وزایۆنیـزمو کۆنەپەرستی لەدژی هێـزەکانی شۆڕشی عەرەب .

دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی پیرۆزبایی جـەژنی حـەقدە سـالەی دامەزراندنی ئاژانسی دەنگوباسی عـیراقی ئەکـات

دوێنی ، ڕۆژنامـەنوسانی دەزگـای ڕۆشـنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی بەبۆنەی یادی حەقدە ساڵەی دامەزراندنی ئاژانسی دەنگوباسی عیراقدا پیرۆزبایان لە پراکارگوزارەکـانی خۆیان لـە ئاژانسی دەنگوباسی عیراق کرد .

ئەمەیان لە پیرۆزبایی کـاهاتوە : کە بەڕێز عثمان محمد فوق بەڕێوەبەری ئشتی دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنـەوەی کوردی بۆ وەکالەتی ئاژانسـی دەنگوباسی عیراقی ناردوە کە تیایا وتویەتی :

« هـەردوو دەسـتەی نوسەرانی هاوکاری و ئۆفارەکانی دەزگـای ڕۆشـنبیری و بلاوکردنـەوەی کـوردی ، شان بەشانی ئیوە ئاهەنگـی جـەژنی حـەقدە سـالەتان ئەگێڕنتو لەتەک ئیوەشی ساز ئـەدەن لەپیناوی بنیـادنانی عیـراقێکی پێشکەوتوخوازی ئاسودە دار » ٠

وەزیری ڕاگەیاندنو وەزیـری دەرەوە پێشـوازی (جیمس ابو رزق) ئەکـەن

بەڕێز طارق عزیز ، وەزیری ڕاگەیاندن ، پێشوازی بـەڕێز جەیمس ابو رزق ، ئـەندامی ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکـای کردوە ٠٠

هـەروا دوکتور سـعدون حمادی ، وەزیری دەرەوەیش لە هەمان ڕۆژ پێشوازی لێکردوە ٠٠٠ لە هەردو چاوپێکەوتنەکەدا باسی مەسەلەکانی عەرەبو ئیو دەوڵەتانیان کردوە ٠

لـەسیمینارەکـانی پەرەپێـدانی کـاردا

سوربون لـەسەر هەوڵ وتەقەللایەکی بەردەوام بۆزیادکـردنی بەرهـەم

ڕێکخـراوە کـارئوزاری و جەماوەری یەکان و دەزگاکـانی بەریوە بردن بەردەوام خەریکی ڕێکخستنی سـیمینارن بـۆ لێکولینەوەی ئەو ڕێگایانـەی کە دەزگا بەرهەم هێنەرەکانـدا وزەی بەرهەم زیاد ئەکـات ئەویش لەبەر ڕۆشـنایی دروشمەکانی جیـزبو شۆڕشدا ٠

ئەو سیمینارانەی بێـرێ پێک هێنراون ئەوەیان دووباتە کردۆتەوە کە پێویـسـتە کارگێرانی دەزگا بەرهـەم هێنەرەکان بۆ زیادکـردنی بەرهەمو بەرەپێدانی هـەوڵ وتەقەلایەکی زیاتر بدەن ئەویش لەپێناوی بەرزکردنـەوەو پتەوکـردنی ئابـوریی نیشتمانیماندا ٠

● میـسان

بەڕێز بارزگاری میسـان بەشداری ئەو ئەدوەیەی لقـی نیقابەی ماموستایانی کردوە کە بۆ ئەندامانی لیژنەکانی قەزاو ناحیەیەکانی پێک هێنا بـو ، لەو وتەی ئەو کۆبونەوەیەیدا داوای کردوە کـە ئەوبەری هەوڵو تەقەلا بدرێتو دریغی ئەکرێت لەبەرەپێـدانو پێشخستنی دەزگاکـانی بەروەردەی بارزگاکـەدا و دروشمەکانی حیزبو شـۆڕش بکرێتە واقیعێکی وا کە هەستی پێبکرێت .

● ذیقـار

لەبارزگای ذیقار بەریـوە بەرایەتی بڕۆژەکانی ڕێکاوبان سیمینارێکی بۆ کارگیرەکـانی خۆی ڕێکخستوە ئەویش بـۆ ڕون کردنەوەی ئامۆژگاریکانی سەرکردایەتی حیزبو شـۆڕش سەباوەت زیادکردنی بەرهـەمو بەرهەم هێنان ٠

لقی یەکێتی ناوخـۆی ئافرەتانی عیراق لە ذیقـار لە کۆبونەوەیەکی هاوبەشـی لیژنەکانی بەریوەبەرایـەتی یەکێتی یەکەدا لە ئەرکەکـانی نیشو کاری لەمەو دوایـان کۆلیوەتەوە ٠

● قادسیە

سەرۆک و ئەندامانی لقـی یەکێتی ی ناوخۆی کۆمەلـەی جوتیارانی قەزای دیوانیـە لەبارزگای قادسیە بەشداری جوار سیمینارى جوتیارانیـان کردوە لەو سیمینارانەدا لەبەر ڕۆشنایی دوو بەیاننامەکـەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرکردایەتی قوتری حیزبی بەعسی سۆشیالیـست ، عەرەبو ئەمۆژگارێکـانی مامۆستا صـدام حسین لـە مەسەلەی زیادکردنی بەرهەمیان کۆلیوەتەوە ٠

● ئەنبـار

هەیئەی ئیداری یەکێتـی نیشتمانی قوتابیانی عیراق - لقی ئەنبار زنجیـرەیەک کۆبونەوەو سیمینارى بـۆ ئەندامانی لیژنەی یەکێتـی و مەکتـەبی سکرتاریـەتی قوتابخانەکانی بارزگا کە پێک هێناوە ، لەو کۆبونەوانـەدا لەدەوری قوتابخانی کۆلیوەتەوە لەکاری بەرهەم هێناندا ٠

● سلیمانی

لقی یەکێتی ی ناوخـۆی کۆمەلەی جوتیارانی قـەزای هەلەبجە لەبارزگای سلیمانی سێ کۆبونەوەی بۆ جوتیارانی دیهاتی سەرۆ بەدەزاکە ڕێک خستوە لە کۆبونەوەکاندا لـە واقیعی کشتوکالو بەرەپێدانیان کۆلیوەتەوە ٠

● بەسـرا

نیقابەی گشتی ی خزمـەت گوزاریی و کۆمەلایـەتی لەبارزگای بەسرا کۆبونـە وەیەکی بۆ سەرۆکی لیژنـە نیقابیکانو هەمو کەرتەکانی تر پێک هێناوە ئەویش بـۆ لێکولینەوەی ئەخشـەکانی بەرهەم هێنانو بەرەپێـدانی بەرهەم هێنان ، وە لەلایەکـی ترەوە یەکێتی ی ناوخـۆی نیقابەی کرێکارانی بارزگـاکە کۆبونەوەیەکی فراوانی بـۆ سـکرتاریەتی موبارانـی سۆشیالیستیو لیژنەکـانی نیقابەی بارزگاکە پێک هێناوە کۆلیوەتەوە ٠

● سلیمانی

لقی یەکێتی ی ناوخـۆی کۆمەلەی جوتیارانی فـەزای دیهاتی سەرۆ بەدەزاکە ڕێک خستوە لە کۆبونەوەکاندا لـە واقیعی کشتوکالو بەرەپێدانیان کۆلیوەتەوە ٠

● هەولێـر

وە لەبارزگای هەولێـر یەکێتی ی پێشـەسازیکانی هەرکەزی کشتی سیمینارێکی بۆ خاوەنی کارگەکانی کـەرتی تایبەتی پێک هێناوە ٠ لـە کۆبونەوەکەدا ئەوە ساغ کراوەتەوە کە پێویسـتە سەرەتایـەی نیشتمانی لـە پرۆژەکانـدا زیاتر بخرێتـە کـار ٠

● سەلاحەدین

لە ئەل ئـەو زنجیـرە سیمینارەدا کەیەکێتی ی ناوخۆی کۆمەلەی جوتیارانی بارزگای سەلاحەدین ڕێکی خـستون کۆبونەوەیەک بۆ کۆمەلـەی ئەلبوتەمە لە ناوچەی گـەی قەزای تکریت پێک هێنراوە لە کۆبونەوەکەدا لە واقیعی کشتوکالی بارزگاکـە کۆلراوەتەوە ٠

● هەولێـر

لەبارزگای هەولێر یەکێتی ی پێشـەسازیکانی هەرکەزی کشتی سیمینارێکی بۆ خاوەنی کارگەکانی کـەرتی تایبەتی پێک هێناوە ٠ لـە کۆبونەوەکەدا ئەوە ساغ کراوەتەوە کە پێویسـتە سەرەتایـەی نیشتمانی لـە پرۆژەکانـدا زیاتر بخرێتـە کـار ٠

● سەلاحەدین

لە ئەل ئـەو زنجیـرە سیمینارەدا کەیەکێتی ی ناوخۆی کۆمەلەی جوتیارانی بارزگای سەلاحەدین ڕێکی خستون کۆبونەوەیەک بۆ کۆمەلـەی ئەلبوتەمە لە ناوچەی گـەی قەزای تکریت پێک هێنراوە لە کۆبونەوەکەدا لە واقیعی کشتوکالی بارزگاکـە کۆلراوەتەوە ٠

● ئەنبـار

هەیئەی ئیداری یەکێتـی نیشتمانی قوتابیانی عیراق - لقی ئەنبار زنجیـرەیەک کۆبونەوەو سیمینارى بـۆ ئەندامانی لیژنەی یەکێتـی و مەکتـەبی سکرتاریـەتی قوتابخانەکانی بارزگا کە پێک هێناوە ، لەو کۆبونەوانـەدا لەدەوری قوتابخانی کۆلیوەتەوە لەکاری بەرهەم هێناندا ٠

● سلیمانی

لقی یەکێتی ی ناوخـۆی کۆمەلەی جوتیارانی فـەزای

Institut kurde de Paris

ئەنجومەنی ســـەرکردایەتی شۆڕش مافی ئەوەی داوە بە کرێکاران

کە ببنە فەرمانبەر یاهەر بە کرێکاری بمێننەوە

ئەنجومەنی ســـەرکردایەتی شۆڕش مافی ئەوەی داوە بەوکرێکارانەی بـــە رۆژانە فیش ئەکەن کە ببن بە فەرمانبـــەر یاهەر بە کرێکـــاری بەتنەوەئەویش بە گوێرەی ئەبیعـــەتی رژێمو یاساکانی کرێکاران .

رۆژی یەك شەممەی رابوردو بریارێکی ئەنجوومـــەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەم بارەیەوە بلاو کراوەتەوە بریارەکە ئەوشی تیا بوە کە خزمەتەکانی پشمولە دایەرە رەسمی و نیمچـــە رەســـمیکاندا بۆ ئەوانـــەی ئەیانگرێتەوە حیساب بکرێت .

ماددەی یەکەمی بریارەکـــە خوێندنی هەیە سەربـــەکە برێتی یە لەوەی کە ئەوکرێکارەی لەوەدا کە بەم ناونیشـــانەی بە گوێرەی ماددەی ستیەمی رژێـــمی خـــزمـــەتی کرێکـــاری ژمـــارە (١٠)ی ســـالی ١٩٦٧ دامەزراوەو باوەرنامەی خوێنـــدنی قوتابخـــانەی ســـەرەتایی یا باوەرنامەی پلەیەکی بـــەرزتری (١٥١)ی سالی ١٩٧٠ی چـــاك کراودا ، بە هەمان رۆژانەکەی ئێستای .

دەقی مـــاددەی دوهـــەمی ئەڵێت .. ئەو کرێکـــارەی بە پێ ماددەی چوارهـــەمی خزمەتی کرێکاری کە لەسەرەوە ناوبراوەدامەزراوەو باوەرنامەی خوێندنی قوتابخانەی سەرەتایی هەیە یا بەرەوژورتر وەعینوانەکەی ئێستای لەیاسای مەلاکو جەدوەلی باشـــبەندنی بریاری ژمـــارە (٨٨٠)ی سالی ١٩٧٥ دا هەیە یا عینوانەکەی لەوەدانی یە بۆی هەیە کە بەم عینوانەی ئێستای بیبێتە فەرمانبەر یابیبێتە کرێکار بە هەمان ئەورۆژانەیەی ئێستا کە وەری ئەگرێت بە مەرجێك عینوانەکەی ئەگەر لە مەلاکدا ئەبو بە شێوەیەکی وەختـــی بخرێتە مەلاکـــەوەو وەزارەتی دارایی لەو مەسەلەیەئەگزێتەوە کە عینوانی ئەوانە یا عینوانێکی نزیك بەوانە بخرێتە یاســـای مەلاکەوەو سنورێکی موناسیب بۆ دەرەجەکانیان دابنرێت .. بریارەکە خزمەتەکۆنەکانی دایـــەرە رەسمی و نیمچـــە رەسمیکانی ئەوانەی ئـــەو دوو برگەیەی باس کـــراون ئەیان گرێتەوە بۆ مەبەستی تەرفیع و هەلاوە حیـــاب کـــردوە وە بریارەکە ئەو کرێکارانەی برگەی (١و٢) ناو براو نایانگرێتـــەوە کەیانخانە ژێر بالی دەســـەلاتی یاسای کاری ژمـــارە (١٥١)ی ســـالی ١٩٧٠ی چاکراوەوە خزمەت بە مەبەســـتی تەقاویتی ئەنجومەنی ســـەرکردایەتی شۆڕش بریارێکی دەرکـــردوە سەرلەنوێ حـــەقی ئیعترازی داوەتەوە بەوانـــەی خزمـــەتە زامن نەکراوەکانیان بۆ تەقاویتی حیساب نەکراوەو ئەو مافەیان لەبەر ئیعتیراز نەگرتن لەکیسی چوبو ..

وە ئەو کەسەی بریاری بۆ دەرچوە کـــە خزمەتە زامن نەکراوەکـــەی بۆ مەبەســـتی تەقاویتی بۆ حساب نەکرێت.. ئەویش بە پێی دەســـەلاتی برگەی (د) لە ماددەی (١٠٠)ی یاســـای تەقاویتیو زامنی کۆمەلایەتی کرێکارانی ژمـــارە (٣٩)ی سانی ١٩٧١ چاك کراو بە پێی یاسای ژمارە (١٥٥)ی سانی ١٩٧١ .. وە بە هۆی ئیعتیراز نەگرتنەوە لە یاسای ناوبراو لە کاتی دیاری کراودا ئەو مافـــەی لەکیس چوە .. ئەتوانی سەرلەنوێ سەبارەت حیساب نەکردنی خزمەتە زامن نەکراوەکەی ئیعتیراز بگرێتەوە بە مەرجێك ئـــەو ئیعتیرازەی لەمـــاوەی ٣٠ رۆژی دوای گەوتنەگاری ئەم یاســـایە پێشکەشی لایەنە تایبەتەکـــان بکات .

ڕواندنی ٨١٦ هـــەزاردرەختی سنۆبـــەروسەرو لـــە سلیمانی

● لەم دواییـــەداو لـــەسەرەتای دەســـت پێکـــردنی درەخت رواندا لـــەم ســـال بەریوەبەرێتی دارســـتانی باریزگای سلیمانی ٨١٦ هەزاردرەختی ســـنۆبەرو سەرو یوکالیپتوس ئەروتنی لە پانتایی هەزار دۆنم زەویدا لە ناوچـــە جۆراوجۆرەکانی باریزگاکەدا.

● **سەرچاوەیەکی رەســـمی لەم بەرێوەبەریەتیـــە ووتی . لەم دواییەدا ٥٤٦ هـــەزار شەتلمان دابەش کردووە بەسەر دوو شەتاەی سەرەکیدا لـــە سەرچنارو بەکرەجۆ کە بریتیە لە شەتلی سنەوبەرو ســـەرو یوکالیپتوسو هەندی درەختی تر** هەروەها ٢٥٠ هەزار شەتلی تریان تەرخـــان کردووە بۆ رێکخراوەکانی دارستانی باریزگا کە ٢٠ هەزار شەتل دانراوە بۆ دەزگـــاو دائرەکـــانو قوتابخانەکانو رێکخراوەکـــانی باریزگاکە بۆ ئەوەی لە ئاهەنگی جەژنی دارو دەرەختی داهاتودا لە ٢١ مارتی ٩٧٦ بیان روتنین .

● ئەوەی شایانی باسە هەتا ئێستا لە باریزگاکەدا ١٦ هەزار رۆژەکانی دارستانی باریزگا کە ٢٠ هەزار شەتل دانراوە بۆ دەزگـــاو دائرەکـــانو قوتابخانەکانو رێکخراوەکـــانی باریزگاکە بۆ ئەوەی لە ئاهەنگی جەژنی دارو دەرەختی داهاتودا لە ٢١ مارتی ٩٧٦ بیان روتنین .

● ئەوەی شایانی باسە هەتا ئێستا لە باریزگاکەدا ١٦ هەزار دۆنم زەویە .

● هەروەهـــا ١٨٦ متری تریان تەواوکـــردووە کـــە بەریوەبەریتی ناوبراو لەســـەر رێکـــا گشتیەکـــانی دەرەوەی سلیمانی رواندونی بە دارستان کـــە روبەرەکەی ٤٥٠ دۆنم زەویە .

● هەتا ئێستا رووبـــەری ٢٥٠٠ هـــەزار دۆنم زەوی ئێژراوە بە دارستانی رێکوپێك لە جۆرەها ناوچەی باریزگاکەدا

● هەر ئەو سەرچاوەیـــە ووتی نیازمان وایە بناری شاخی کەولوس لە ناوچەی شارەزوور بنێژین بە دارستان لەســـەر رێکەوتنێك لەگـــەل بەریوەبەریتی ناودێری ســـلیمانی بۆ ئامادەبوون بۆ بەربەستی ئاوی کەولوس کە نیازوایە بەم زوانە دەستی پێبکرێت .

مشتێ وشـــــەی لـــەروو

ـ سەربەست ـ

هەفتەی ڕابوردوو بەڕێز د . حسن فەهمی جمعـــە وەزیری کشتوکاڵو چاکردنـــەوەی کشتوکال ئەدوەی ڕاهێنانی ئیقلیمی تایبـــەتی بە بڕۆکـــراسی پێکەیاندنی ئافرەتی لادێی کردەوەو لەم ئەدوەیەدا کەوا بانزە بڕۆژ ئەخایێنێ نو دەولەت بەشـــداری کردووەو لەلایـــەن وەزارەتی کشتوکالەوەو بەهاوکاری کردنی ڕێکخـــراوی جۆراجۆ کشتوکالی ناو دەولەتان هاتۆتە ڕێکخستن .

لەهەمان کاتداو لەچـــەند بارێز تایەکی وڵات بزوتنەوەیەکی فراوان دەستی پێکردوە بۆ ڕێکخستنی دەرەوەو ئەدوەی تایبـــەتی بۆ ڕاهێنانو پێ گـــەیاندنی ئافرەتە لادێیەکان لە مەیدانی بەرەپێدان بە بزوتنەوەی ڕزگارکردنیان لەتەوقو کۆتی دیلێتیو دواکەوتیو بـــۆ ئەوەی زیاترو سەرکەوتوتر بەشداری بکەن لە کارکوزاری بەرهەم هێناندا .

بێ گومان ئەم چالاکیانە بەشێکن لەو هـــەوڵو تەقەللایەی کە لە بیناو ڕزگرکردنی ئیچکارەکی ئافرەتدا ئەدرێت ، بەتایبەتی ئافرەتی لادێ کە زوربەی – زۆری ئافرەتانی وڵاتن و هیچ گومان لەوەدا نی یە کەوا مەسەلەی کۆڕانی کۆمەلایەتیو ئەشەکردنی ئابوریو دامەزراندنی بنچینەکانی کۆمەلێکی بێشمکەوتوو بەندە بە ڕزگاربوونی مرۆڤی ئەو وڵاتەوە لەبەر ئەوەی ئافرەت نیوەی کۆمەڵە . هەرگیز ئەمانەی سەرەوە نایەنەدی ئەگەر ئەم نیـــوەی کۆمەڵە ڕزگارکراو نەبێو ئامادە نەبێ بۆ هەڵگرتنی باری سەرشانی خۆی .

ڕاهێنانو پێگەیاندنی ئافرەتـــانی لادێکانو قەلاچۆکردنی نەخوێندەواریو ئامادەکردنی پێداویستە بنەڕەتیەکانی ژیانو کارکردن ، ئەك هەر دەورێکی گرنگ ئەبینن لـــە کۆڕانی کۆمەڵو پێشخستنی ، بەڵکـــو بەشداریەکی ڕاستەوخۆو کاریگەر ئەگەن لە نەهێشتنی جیاوازییەکانی نێوان لادێو شارەکانداو ڕاگرتنی ئـــەو کۆچە بەردەوامەی کە لەلادێوە بەرەو شارەکان هەیـــە کەوا کەرتی کشتوکاڵ ژیانێکی کەورەی لێ ئەکـــرێ لە ئەنجامی کەم بوونەوەی هێزی کارکەر لە جوتیـــارو سەپانو کارکەرانی لادێ ... هتد .

کەچی ئەگەرهاتوو سنورێك بۆ ئەو کۆچ کردنـــە بەردەوامە دابنرێتو دەرفەتی کار کردنو قازانجو سوود وەرگرتن لەلادێ وەکو ئەوەی ئێ کە لەشاردا هەیـــە بێ گومان هێزی کارکەر ڕوو ئەکـــە لادێو ئـــەو شوێنانەی کە لە سەرەتاو لێی هاتـــووەو ئەوساکـــە بەرهەمی کەرتی کشتوکاڵ ئەتوانێ دەورێکی سەرەکی ببینێ لە پاراستنی سەربەخۆیی ئابوریو بەهێزکردنی .

بێ گومان ئەم ئەدوەیەی کەوا هێشتا بەردەوامـــە ئەتوانێ چارەسەری زۆر گیرکرنت دەستنیشان بکات ، ڕێکخراوە دیمەکراتیەکانو وەزارەتی کشتوکاڵ لەسەریانە کورجو کوڵانە ئەو بریارو چارەسەرکـــردنانە جێبەجێ بکەن .

لە کاتی چاوپێکەوتنی سەرکردەوی پولیسی سۆماڵدا ...

وەزیری ناوخۆ ئەهمیەتی پەرەپێدانی هـــاوکـــاری نێوان هـــەردو وڵات ئەسەلمێنێ

رۆژی یەك شەممەی رابوردو بـــەرێز عیزەت ابراهیم ئەندامی ئەنجومـــەنی ســـەرکردایەتی شۆڕشی وەزیری ناوخۆ چاوی بە عبدالله محمود سەرکردەی گشتی پولیســـی کۆمـــاری دیموکراتی سۆماڵو وەفـــدە یاوەرەکەی کەوتوە .

لـــە سەرەوە

وەزیری بەرێز بە خۆرهاتنی وەفدەکـــەی کردو هەســـتی دۆستایەتی گەلی عیراق بۆ گەلی وڵاتی سومالی برادەربری .

وە وتی : ئێمە رێز لـــە تێکوشانی گەلی ســـومال ئەنێن بە سەرکردایەتی حکـــومەتە بەناگاکەیو رێزی کـــەورەی ئەهمیەتی پەرەپێدانی هاوکاری نێوان هەردوو وڵاتمان ئەگرین .

بەرێز ابراهیـــم ئامادەیی وەزارەتەکـــەی پیشانداو بۆ یارمەتی دانی دەزگاکانی پولیسی سۆماڵو بەرەپێدانیان لە رووی تەکنیکیو کاروباریانەوە .

سەرۆکی وەفدەکە وتەیەکی سوپاسی ئاراســـتەی وەزیری بەرێز کرد بەرامبـــەر بـــەو رێزلێنانەو مدحی پەرەپێدانو پێشکەوتنی دەزگاکانی پولیسی عیراقی کردو وتی : ئـــەم سەردانە بەشـــداری فراوان کردنی توانا و لێهاتوی پولیسی سۆماڵی ئەکا .

بەرێز ئەندامی ئەنجومـــەنی سەرکردایەتی شۆڕش لـــە چاوپێکەوتنەکەدا ، ئاماژەیـــەکی بەرێز ســـامح محمد غالب وەزیری ناوخۆی کۆمـــاری سۆماڵی دیموکراتی وەرگرت .

ئێمە دواکـــەوتوئین بەڵام ؟؟

ـ باوکی بەختیار ـ

رۆژێکی ئیچکار خوش بووهەر لەبەر ئەوەیشە هەرگیزاو هەرگیز لە یادم ناچێ .

هەبەست لە تەهست کردن لە وڵاتانی دەرەوە تەنها ئەوەنی یە کە بەو مانایەی ئێمـــەتی ئەیشموین رابوترین . !! بەڵێ رابوترین فێـــربین رابیین ئەمانە هەموو ئاواتی هەموو ئەو کەسانەیە کە دەچنـــە دەرەوە . من دەڵێم هەمـــوو چوونە دەرەوەیـــەك مـــروڤ شارەزایی یەکی نوێی لێـــوە وەدەست دەهێنێ ببـــورن لـــەم باسەمدا دەتەرامەوە بۆ هـــۆی ئەوەی کە ئێمـــە بی دەنێین رابواردن .! ئایا رابـــواردن چی یە ؟!

لای من بەراوورد لەگـــەڵ زیانی ئێمەو زیانی وڵاتانـــی پیش کەوتو ئێمە دواکەوتوئین! بەڵام ئەلای جیهانی پێش کەوتو لە ئێمە پێش کە وتوترن .

رێکەوت جومە یەکێك لـــەهاوینە هەوارەکانی شـــاری (فیینا) کـــە بی یان دەووت (گرین زل) ئەم دێیە وا لـــە قەد چیایەکی خواروی رۆژهەڵاتی شاری (فیینا) بە شەرابێکی سوری تری و مریشکی برژاو ئاوبانگی دەرکردوە .

(گرین زل) دێیەکی جوانەشەقامەکانی لـــە بـــەردی وەك خشت پێك هـــاتوە چونکـــەزستانان رێگا سەختە بەهـــۆی بەفرەوە ئەوکەسانەی هاتوچوی (گرین زل) دەکەن تەنها لـــە هاویندا ناچنە ئەوێ بەڵـــکوزستانانیش دەچن بو نـــەوەی وەرزەشی زستانی دەکەن وەکو خلیسکانن لەسەر بەفر .

وەرزەهاوین بو کە تەیشتمە ئەوێ رواینم هەمو شـــتێك بریقـــەی سەوزی بەهـــری ئێوەدیت کولاڵە سورەو کـــولی کێوی تر بەقەد چیا سەوزەکەوەبو .. دارو درەختی هەمـــە جۆرە . ئەشو سەوزبو .

خوورەوشـــت بەرزی نیشانەی دانیشتوانی (دێی گرین زل بو) بزەی پێکەنین لەسەر لێوی هەمو کـــەسێکەوە بوو پیرو جوان مـــەدالوکیژولەکانیش . تریقـــەی پی کەنینیان لە ناو چیاکـــەدادەکی دەدایەوە .

من شتێك فێربوم ئەویش ئەوەی (ئێمە پی ی دەلێـــن عەیبە) لە فەرهەنگی ئەوانـــداناوی نی یە . ئەزانی چـــی عەیبە ؟ (دەغەلی ، مالی خەلق زەوت کـــردن ، دزی ، درۆ ، ئازاری مروڤدان . مـــۆنی ، بی کاری) لەبەر ئەوە سەرکەوتنە یەکیك لە گازینۆکان کە رواینم هەر منم ئەلهام هەموو کەسێك لە ئەل هاوری یەکیدا دانیشتوەدیسانەوە ززرم لە خوم کرد کە (ووشەی شەرم کردن) لـــەیادی خزم فری بدەم . با بێین بە واتەی خومانە بی شـــەرمانەروم کردە مێزێك دانیشـــتم یەکێکی لەسەر م دانیشـــتبوو ززنامـــەی دەخوێندەوە (وونم پیتە) بەمانا بەپارەمەتی خـــزت کورسیەکەم راکیشاو دانیشتم هەرکوێشی ئەدامی بەلێن داوای سازدیو خواردم کرد تا توانیم خواردم . لەپڕ کچێـــکی ئیسکسوك هاتە پێشـــەوە زوری نکادەکەم بچمە زورەوەیان چەتری سەر مێزەکەتـــان هەڵبدەن تا تەڕ نەبن چونکەئیستا باران دەباری نـــازە چون عەدەستمەو باران بباری چەتری سەر [illegible] م کردەوە تـــا پشتی پشی ئەداپۆشیم بەڵن لێزەمەی باران وەك لێزمەکانی بەهار هاتە خوارەوە بۆ ماوەی چارەکی باشان رۆژ هـــەر هاتەوەو هەور رەویەوەو هەموو دانیشتوانی گازینۆکە ســـەر لەنوێ چەترەکانیان داخستەو هەر دەتووت نە با بوەو نـــە باران . لێرەدا ئەمەوە ســـەرنەو بەراوورەدی کە بەشـــین بکرێت ؟ ئایا ئێمە دواکەوتوین لە کاروانی ئەوان ؟ بەرای من نەء بەڵام کەلانی تر هەنـــگاوی کەورەیان ناوەر پیش کەوتوترن لەم چەرخەی ئێمەدا .

ئەوەش بزانە خوێندەوارانی خۆشەویست کە یەکـــکی ووەتی ئەمە دەچینە دەرەوە . ئەوەیکی دەرەوشاوەیە کە دیارە لە هەموو شوێنێکدا زیر ئامادەی فرۆبرنە کاری ناشـــیرینو لێوە دەوشێتەوە . هەمـــوخوورەوشتیکی جوانی خـــۆی دەردەدات دەبت ســـا هەمـــوی ساڵە لەم کۆپەدا دەبی ئەنهـــا هەزەی بە پرکی ئەوبن ئەیبـــەش بە دەست خوی [illegible] ونك ئەو شوێنەی تی ی چـــوەدەی اوی فراوا ی بریوە کـــە هێشتا بو ئەم کا ونکـــە . ووڵاتان بایەخ دەدەن بە دیمەنی هەموو شتێك هەمو شـــتێك رێکو پاکە . دانیشـــتوان فزری ئەوەنین کـــ [illegible] اوی جەدەرەو دەنکە شخـــارەکە پی بدەنە سەر زەوی . هەموکەســـتك ش [illegible] شـــوێنە تایبەبەتیەکانیش بە ماڤی خـــ [illegible] دادەنین . لەبەر ئەوە کـــس ودرس نی یە بە دەســـت بۆخلی یەوە .

لەمانگی ئایندەدا تەلفزیۆنی ڕەنگاو ڕەنگی دەستکردی فەرەنسی دەکرێتە بازاڕەوە

چاککردنی بەرهەمو دروســـت کردنی جۆری نوێ، تەلەفزیونی ڕەنگاوڕەنگو رادیۆ تەسجیل وشریتی کاســـێت چالاکی یەکی زیر ئەنوێن .

رۆژی یەك شـــەممەی رابوردوو بەرێز یاریدەدەری بەریوەبەری (مفوضی) کاروباری بەرهەم وتی :

لە مانگی ئایندەدا کۆمپانیاکە دوو هەزار تەلەفزیونی ڕەنگاو ڕەنگ بۆ بازار ئەنێرێ . ووزەی بەرهەم هێنانی ســـالانەی کۆمپانیاکەش ١٥ هـــەزار تەلەفزیونی ڕەنگاو ڕەنگـــە هەروەها یاریدەدەری بەرێوەبەر وتی لە کۆتایی ئەم مانگـــەدا بۆ یەکەم جار رادیۆ تەسجیل ئەنێرین بۆ بازاڕو بەرهـــەمی سالانەمان لەم کەرەسەیە (١٥) هەزار دانە ئەبێت . هەروەهـــا بۆ یەکەم جار لە کۆتـــایی ئەم مانگەدا بەرهەمی شـــریتی کاسێتی کۆمپانیاکە دەرئەچێتو سالانەیەك ملیون شـــریتی کاسێتو (٥٠) هەزار ئامرازی تەلەفۆن دروست ئەکەین .

وە رایگەیاند کە کۆمپانیاکە بایەختێکی زۆر بە بێگەیاندنی کادیر ئەداتو چەنـــد فەرمانبەرێـــکی بۆ دەرەوەی عیراق ناردوە بۆ بەشـــدار بوونیان لە دەورەی مەشق کردن

سـکرتێری یـەکێتی ئافرەتانی دیموکراتی جیهـــان زیـــارەتی هـــەولێر دەکـــات

رۆژی یـــەك شـــەممەی رابوردوو ، بەرێز (فانی نادلن) سکرتیری یەکیتی ئافـــرەتانی دیموکراتی جهان گەیشـــتە هەولێر بە مەبەســـتی چاوپێکەوتنی پێشکەوتنی بزوتنەوەی ئافرەتانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی .

بـــەرێز نادلن لەگـــەڵ کاربەدەستەکەورەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا گفتوگوی کـــردوەو باسی ئەودەستکـــەوتانە کراوە کە شۆڕش لە هەموو رویەکی ژیاندا بەدی هێناون لەیشمیا ئەوە یاسای ئۆتۆنۆمی .

لە ئەنجـــامدا بەرێز نادلن وتویە : بەدی هێنانی ئۆتۆنۆمی نیشـــانەیەکی ســـەلمێنراوی رەســـەنی بیروباوەری حزبی یەعنی سۆشیالـــیستی عەرەبەو رێزگرتنی بەرامبەر مەسەلەی نەتەوەکانو مافەکانیانو دەستی بۆ ئەوبایەخدانە کێشاوە کـــە سەرکردایەتی حیزبو شورش بە ئافرەتانی ئەداو وتی : هەر گۆرانیك هەر شورشی لە دنیادا دەستی بۆ بەری ، ئەبێ ئافرەت دەورێکی دیاری تیـــا ببینێو ئەمەش باوەری حزبی بەعـــی سۆشیالـــستی عەرەبە .

میوانی ناوبراو ، سەری لە چەند دامەزراوێکی پیشەسازی داوە بۆ سەرنجدانی واقعی ئەو پێشکەوتنە بیشەسازیەی هەیەو دیســـان سەری لـــە چـــەند رتکخراوێکی ئافرەتانی ناوچەکانی پارێزگاکە داوە .

وەفدێکی قوتابخانەی پێگەیاندنی کـــادیری حیزبی لە یۆگۆسلافیا گەڕایەوە بـــۆ وڵات

ئێوارەی رۆژی یەکشەممەی رابوردو وەفدی قوتابخـــانەی پێگەیاندنی کادیری حیزبی بـــەسەرۆکایەتی هاوڕێ وەلید صالح محمد دوای سەردانە هەشـــت رۆژی یـــەکەی یۆگۆســـلافیا گەڕایەوە بۆ وڵات .

هاوڕێ صالح وتی : وەفدەکە لە سەردانەکەیدا چاوی بـــە ئاقی کردنەوەی ڕایـــەراندنی خۆیی (التسییر الذاتی) و چێ یەچێ کردنـــەکانی کـــەوتوە ســـەرەڕای چاوپێکـــەوتنی ئاقی کردنەوەی پێ ســـەیاندنو ڕوشنبیر کردنی کادیران لـــە قوتابخانەی حیزبی یۆگۆسلافیا .

وە لەلای خۆیەوە وەفدەکـــە باسی ئاقی کردنەوەی حیـــزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبو ئەودەسکەوتانەی کردوە کـــە دوای شۆڕشی حەفدەی تەموز بەدی هاتوون .

هەروەها باسی ئەو نەخشـــە پیلان گێڕی یەی کـــردوە کـــە ڕێژیمی ئۆمرای سوریا بـــە پشتگیری ئیمپریالیزمی جیهان لە لوبنان جێ بە جێی ئەکات .

وەزیری پەروەردە ئەمەیە

ـ سەربەست ـ

هەفتەی ڕابوردوو بەڕێز د . حسن فەهمی جمعـــە وەزیری کشتوکاڵو چاکردنـــەوەی کشتوکال ئەدوەی ڕاهێنانی ئیقلیمی تایبەتی بە بڕۆکـــراسی پێکەیاندنی ئافرەتی لادێی کردەوەو لەم ئەدوەیەدا کەوا بانزە بڕۆژ ئەخایێنێ نو دەولەت بەشـــداری کردووەو لەلایـــەن وەزارەتی کشتوکاڵەوەو بەهاوکاری کردنی ڕێکخـــراوی جۆراجۆ کشتوکالی ناو دەولەتان هاتۆتە ڕێکخستن .

لەهەمان کاتداو لەچـــەند بارێز تایەکی وڵات بزوتنەوەیەکی فراوان دەستی پێکردوە بۆ ڕێکخستنی دەرەوەو ئەدوەی تایبـــەتی بۆ ڕاهێنانو پێ گـــەیاندنی ئافرەتە لادێیەکان لە مەیدانی بەرەپێدان بە بزوتنەوەی ڕزگارکردنیان لەتەوقو کۆتی دیلێتیو دواکەوتیو بـــۆ ئەوەی زیاترو سەرکەوتوتر بەشداری بکەن لە کارکوزاری بەرهەم هێناندا .

بێ گومان ئەم چالاکیانە بەشێکن لەو هـــەوڵو تەقەللایەی کە لە بیناو ڕزگرکردنی ئیچکارەکی ئافرەتدا ئەدرێت ، بەتایبەتی ئافرەتی لادێ کە زوربەی – زۆری ئافرەتانی وڵاتن و هیچ گومان لەوەدا نی یە کەوا مەسەلەی کۆڕانی کۆمەلایەتیو ئەشەکردنی ئابوریو دامەزراندنی بنچینەکانی کۆمەلێکی بێشمکەوتوو بەندە بە ڕزگاربوونی مرۆڤی ئەو وڵاتەوە لەبەر ئەوەی ئافرەت نیوەی کۆمەڵە . هەرگیز ئەمانەی سەرەوە نایەنەدی ئەگەر ئەم نیـــوەی کۆمەڵە ڕزگارکراو نەبێو ئامادە نەبێ بۆ هەڵگرتنی باری سەرشانی خۆی .

ڕاهێنانو پێگەیاندنی ئافرەتـــانی لادێکانو قەلاچۆکردنی نەخوێندەواریو ئامادەکردنی پێـــداویستە بنەڕەتیەکانی ژیانو کارکردن ، ئەك هەر دەورێکی گرنگ ئەبینن لـــە کۆڕانی کۆمەڵو پێشخستنی ، بەڵکـــو بەشداریەکی ڕاستەوخۆو کاریگەر ئەگەن لە نەهێشتنی جیاوازییەکانی نێوان لادێو شارەکانداو ڕاگرتنی ئـــەو کۆچە بەردەوامەی کە لەلادێوە بەرەو شارەکان هەیـــە کەوا کەرتی کشتوکاڵ ژیانێکی کەورەی لێ ئەکـــرێ لە ئەنجامی کەم بوونەوەی هێزی کارکەر لە جوتیـــارو سەپانو کارکەرانی لادێ ... هتد .

کەچی ئەگەرهاتوو سنورێك بۆ ئەو کۆچ کردنـــە بەردەوامە دابنرێتو دەرفەتی کار کردنو قازانجو سوود وەرگرتن لەلادێ وەکو ئەوەی ئێ کە لەشاردا هەیـــە بێ گومان هێزی کارکەر ڕوو ئەکـــە لادێو ئـــەو شوێنانەی کە لە سەرەتاو لێی هاتـــووەو ئەوساکـــە بەرهەمی کەرتی کشتوکاڵ ئەتوانێ دەورێکی سەرەکی ببینێ لە پاراستنی سەربەخۆیی ئابوریو بەهێزکردنی .

بێ گومان ئەم ئەدوەیەی کەوا هێشتا بەردەوامـــە ئەتوانێ چارەسەری زۆر گیرکرنت دەستنیشان بکات ، ڕێکخراوە دیمەکراتیەکانو وەزارەتی کشتوکاڵ لەسەریانە کورجو کوڵانە ئەو بریارو چارەسەرکـــردنانە جێبەجێ بکەن .

Institut Kurde de Paris

هەوال و لێکۆڵینەوە

بەڕێوەبەرایەتی چالاکی وەرزشکاری لە بەڕێوەبەرایەتی بەروەردەی پارێزگای تامیم هەوارگەیەکی کەشافەی بۆ مامۆستایانی پەروەردەی وەرزشی پارێزگاکە پێک هێناوە ، بەشداریانی هەوارگەکە گەلێک چالاکی کەشافەو وەرزشیان ئواندوە ، لەگەل ئەوەدا گەلێک مجازەرەیان لەبارەی هۆشیار بوونەوەی نیشتمانیو ئەتەوەیی پەوە پشکەش کراوە .

سەرکردایەتی حیزب و شۆرش بایەخێکی تەواوی بە چالاکی دیدەوانی (کەشفی) مامۆستایانی ژن و پیاو داوە ، وە بەهۆیەکی سەرەکی دائەنێ لە پێکەیاندنی ئەوەیەکی هۆشمەندی وادا کە هەست بە ئەرکەکانی سەرشانی خۆی بکات ، لەبەر ئەوەیە کە چالاکی قوتابخانەی بە شێوەیەکی گشتی داوە بەسەر هەموو قوتابخانەکاندا .

مەبەست لە بنیاتنان و پێک هێنانی ئەم هەوارگە دیدەوانیانە بۆ مامۆستایانی پارێزگای تەئمیم و پارێزگاکانی تری وڵات ئەوەیە کە دەرس بە ئەزمەری و کردار لە مەسەلەی چالاکی کەشافەدا فێرین لەبەر ئەو دەورە گرنگەی لاوان لە بنیات نانی کۆمەڵدا ئەیبێنێت . کردنەوەی ئەم جۆرە هەوارگایانە لە وڵاتدا . گەلی سوودی هەیە ، لە لایەکەوە روی خۆشەویستی لە نێوان بەشدارانی ئەو هەوارگەیەدا نیشان ئەدات وە لە لایەکی ترەوە مانای پیاوەتی و ئازایەتی و کاملیان فێر ئەکات ، لە هەمان کاتدا فێری مانای تەندروستی و خۆشەویستی نیشتمانیان ئەکات ، ئەویش ئەگەرێتەوە بۆ ئەو دەرسە ئەزمەری و تەتبیقیانەی لەو جێگایانەدا پێشکەشیان ئەکرێت . بانیشتمانە کەمان بەختەوەرێت بەو لاوانەی کاتی خۆی بۆ خۆشەویستی نیشتمان و چاودێری شۆڕش تەرخان ئەکەن . سڵاو بۆ هەمو ئەو لاوانەی تۆوی خۆشەویستی و دڵسۆزی لە دەرونیاندا ئەچێنن ، تاکو ببنە یەك دەست یەك دل لە بارێزگاری کردنی خاکی ئەم نیشتمانە پیرۆزەدا .

عبدالوهاب عبدالباقی

بەڕێوەبەری چالاکی وەرزش و دیدەوانی لە پەروەردەی سلێمانی

بۆ هاوکاری ئەدوێ

● بەبۆنەی دەستپێکردنی ساڵی خوێندنی تازەوە لەگەل بەڕێز مامۆستا نەوزاد ئیسماعیل حەقی بەڕێوەبەری چالاکی وەرزش و دیدەوانی لە پەروەردەی سلێمانی ئەم ریپورتاجەمان ئامادەکرد .

● لە سەرەتاوە کاك نەوزاد دەربارەی چالاکی وەرزش لە شارەکەدا دوواو ووتی : قوتابیان و لاوانی شارەکەمان زۆر بەرۆشی وەرزشن و هەمیشە هەوڵی زیاد کردنی چالاکیە جۆراو جۆرەکانی وەرزشن وە بەتایبەتی هەموان تامەزروی بینینی یاریی وەرزشییەکانن و ئیمەیش هەمیشە هەول ئەدەین ئاوانو خواستەکانی جەماوەر بهێنینەدی ئەوەبو ساڵی رابوردوو بە هەوڵو ئیبوردنی هەموان توانیمان یاریەکانی دەورەی بیست و پێنج هەمی وەرزشی قوتابخانەی وڵاتمان بهێنینە سلێمانی و هەموو یاریەکانی کۆتایی سوزەکە لەسەر یاریکاکانی سلێمانی کران و زۆر بە سەرکەوتوانە ئەنجامەکانی هێنرانەدی . هەروەها وەڵامی پرسیارەکاندا ووتی :

● گیروگرفتەکانی وەرزش لە قوتابخانەکاندا چیە ؟

ـ هەندێ گیروگرفت هەیە لە ڕێگەماندا بۆ دروست کردنی چالاکیەکانی وەرزەش وەکو کەمی مامۆستای تایبەتی وەرزش و کەمی یاریکا لە قوتابخانەکانداو دەوام کردنی دووەمی قوتابخانەکان یان سن دەوامی کە ئەبێتە هۆی ئەمانی ماوەی قوتابیان بۆ خەرجکبوون بە وەرزشەوە . هەروەها ناسازی ئاووهەوا بەتایبەتی لە زستاندا و نەبوونی هۆلی وەرزشی سەرکیراو ئەبێتە هۆی دواکەوتنی بەشی زۆری یاریکانی قوتابخانەکان و چالاکیەکانی سست ئەکات و بەشێوەیەکی گشتی و لە لایەکی ترەوە کەلوپەلی وەرزش کەمە .

● لەسەرەتای خوێندنی ئەم ساڵدا چیتان ئامادەکردووە بۆ وەرزشی قوتابخانەکان ؟

ـ پێش دەستپێکردنی خوێندن لە قوتابخانەکاندا هیلاکی مامۆستایانی وەرزشمان ڕێکخست و بە کۆبونەوەی توانا مامۆستای تایبەتی وەرزەشمان دانا و بۆ هەموو قوتابخانەکانی ناوشارو بەشێکیش لە قوتابخانەکانی دەرەوە . دوو کۆبونەوەمان پێک هێنا بۆ مامۆستایانی وەرزش بەکتیکیان لە ٥-١٠-١٩٧٦دا بۆ مامۆستایانی ناوەندی و ئامادەیی و ئەوی تریشیان لە ٢٦-١٠-١٩٧٦دا بۆ مامۆستایانی سەرەتایی و باسی کیروگرفتەکانی وەرزشمان کردو لیژنەکانی وەرزشمان بۆ ڕێکخستن وە لێپرسراوی تیپە هەلبژاردەکانی بەروەردەمان دەست نیشان کردن بۆ هەموو یاریەکان و لیستەی یاریەکانی نێوان قوتابخانە نامادەیی و ناوەندیەکانمان داناو بە کۆبونەوەی توانا کەلوپەلی وەرزشمان بەسەر قوتابخانە کاندا دابەش کرد .

● چالاکی بەکانی وەرزش لە قوتابخانەکانی دەرەوەو ناوشار

ـ چالاکی وەرزش بەردەوامە لە قوتابخانەکانی شارو دەرەوەدا بەکۆبونەوەی توانای بەریوەبەریتیمان چالاکیمان ئامادەکردووە بۆ قوتابخانەکانی ناوشارو دەرەوەیش ، ئەوەبو ساڵی رابوردوو فیستیڤالی ساڵانەی وەرزشی قوتابخانەکانی قەزای هەلەبجەو دەربەندیخان و رانیەو پشدەرمان ئامادەکردو زۆر سەرکەوتو بوون . ئەم ساڵیش نیازمان وایە بۆیان ئامادە بکەین و باش ماوەیەکی کەمیش یاریەکانی بەرانبەرکێی نێوان قوتابخانەکانی ناوشارو دەرەوە دەستپێکات و ئەوەی شایانی باسە لەم ماوەیەدا بارەی چالاکی وەرزشی قوتابخانەکانمان دایەش کرد .

هەروەها کاتی یاریەکای قوتابخانە ئامادەیی و ناوەندی و سەرەتاییەکانمان دیاری کردووە لە ١٠/٢٥وە هەتا سەرەتای مانگی داهاتو ئەکرێن .

● دەوری بیست و پێنج هەمی وەرزشی قوتابخانەکانی وڵات کە ساڵی ڕابو لە سلێمانی کرا چە کارێکی کردە سەر وەرزش و جەماوەری قوتابیان لە شارەکەدا ؟.

ـ بەڕاستی زۆر کاریگەری

کشت جەماوەری شارەکە بەشێوەیەکی گشتی و قوتابیان بەتایبەتی . چونکە زۆر یاری و چالاکی جۆراوجۆری بەهێزو خورەوشتی پاك و خاوێنی یاریکەرانیان بینی لەکاتی یاریەکاندا . هەروەها بەشداری تیپەکانی کچان بەفراوانی لە بەربەرەکانێکاندا زۆر لە بیرو هەستی باوکان و کەسوکاری قوتابیانی کچانی گۆڕی ، لە ڕووی بەشداریان لە چالاکیەکان و قوتابیانی هەنداو بۆهەوڵدان بۆ بەشداری کردنی هەموسەرەتانی وەرزش قوتابخانەکانی وولات و فیستیڤالەکانی ناوشاری سلیمانی .

● ئامۆژگاریتان بۆ مامۆستایانی وەرزش و قوتابیا وەرزشەوانەکان چیە ؟

ـ هەر چەند من بە خۆمدا ڕاتابەرموم ئامۆژگاری کەس بکەم بەڵام هیوا دارم کە هەموویان نمونەی خورەوشتی چاك بن بۆ قوتابیان و ڕێنیشان دەریان بن و چالاکی خۆیان دەربخەن لە ئیشوکارەکانی ڕۆژانەیاندا و هەمیشە هەوڵبدەن ئێی دوانەکەون و ئاماداری کۆرانی تازە بن لە وەرزشداو ڕێك و پێك بن لە ئەل دامودەستگای قوتابخانەکەیاندا هیوا داریشم کە ڕۆلە قوتابیەکانیشمان نمونەی خورەوشتی جوان بن لە قوتابخانەو دەرەوە یاریکاکانداو لەگەل ئارەزوە وەرزشیەکانیاندا خەریکی دەورو دەرسەکانیان بن وهەوڵبدەن برایەتی و خۆشەویستی بچێنن لەگەل هەموو هاوەڵەکانیاندا پەیرەوی هەموو یاساکانی وەرزی و یاریەکان بکەن و کۆی ڕایەڵی ئامۆژگاری مامۆستاکانیان بن و بڕیاری سەرەك تیپەکانیان بەزووی جێبەجێ بکەن . لە یاریەکاندا تەنها مەبەستیان برایەتی و پتەو کردنی پەیوەندی نێوان تیپەکان بێت نەك تەنها بردنەوەو پاداشت بەدەست هێنان بێت .

● لە کۆتاییدا کاك نەوزاد وەڵامی ڕۆژنامەی هاوکاری کرد بۆ پێك هێنانی ئەم ریپورتاجە .

چی دەربارەی وەرزشی پایسکیل ئەزانی ؟

دۆزینەوەی (پایسکیل) ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆزینەوە سەر سوڕهێنەرانەی کە لە سەدەی تازەدا دروست بوون . ئەمەش لەبەر ئاسازیەکەی و پێویستیەکی کەم لە ووزەکە تەنها پێویستی بە ووزەی مرۆڤ خۆیەتی .. (پایسکیل) کارێکی گرنگ دەگێڕێت بە تایبەتی لە کاتی ئیستاماندا ..

کاتێك لە کۆتایی سەدەی (نۆزدەهەمدا ((پایسکیل) دۆزرایەوە کارێکی گەورەی کردە سەر مرۆڤ و توانی باوەڕی بکاتە سەر بەوەی یارمەتی دەدات لە زیاد کردنی خێرایی کەکە .. بە (١٠) جار ئەوەندەی خێرایی مرۆڤەکە بێ ئەوەی پشت بە هیچ ووزەیەکی دەرەوە ببەستێت .

لەگەل ئەمانەشدا (پایسکیل) بەکارهێنانی بۆ ماوەیەك پشت گوێخرا ئەویش بە هۆی باوەڕ نەبوون پێی لە لایەن زۆر کەسەوە . وە هەروەها بەربەرەکانی کردنی بە هۆی (کالیسکە) دەست گیرەکان . پاش ئەوەی (پایسکیل) جووە جیهانی وەرزشەوە حەلکی ئرنگی یەکی گەورەیان پێداو پێشبڕکەی تایبەتیان بۆ ساز دەکرد ..

وە یەکەمین پێش بڕکە کە گێڕا بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی (١٨٦١)دا لە (پاریس) پایتەختی فەرەنسا بو ماوەی (١٢٠٠) کیلۆمەتر وە (شارل بترون) بە یەکەمینی پێش بڕکەکە دەرچوو بەم جۆرە پێش بڕکەی (پایسکیل) تا ئەهات بەرەو زۆری دەچوو بە جۆرێکی وا کە ئێستا لە ئەوروپادا زۆربەی کاتیان لەگەل تیمەڕبوونی ساڵدا بۆ ئەم مەبەستە دیاریی کردوە .. وە لەو وڵاتانی فەرەنسا و ئیتالیو ئسپانیا ئرنگیەکی زۆر دەدەن بەم وەرزشە بە جۆرێکی وا کە لە ڕێزی یاریی ئۆلمپی (بێ)دا دائەنرێ وە لە وڵاتی خۆشماندا بەوو راستی یەکی تازە دەچێت . پاش ئەوەی یاساکانی فراوان کراو زۆر کەس شەیدای بوون تایبەتی (پایسکیلی) عێراق دامەزراو بەشداری زۆربەی ئەو یالەوانیەتانەی کرد کە لە دەرەوەی عێراق ئەگێڕرا ئەم یاریەش چووە دەورەی (ئۆلمپیەوە)و لەسەر ڕێسای تایبەتی خۆی دەبرێ بەڕێوە ..

ـ شەهال عەلی قادر ـ

زایونیزمەکانو ڕژێمبیری ئەوروپا باشماوە

داهێنەرانی (شانۆی تەجریبی) لەگەل ئەوەدا کە دەرهێنەرێکی سینەمایە نووسەرێکی بەناوبانگی شانۆکەریە ، وە ئەم شانۆگەریە تازەیەی کە بەسمان کرد یەکێکە لەو شانۆگەریە چاکانەی هەندێ مەسەلە ئەخاتەرو بۆ لێ کۆڵینەوە لە لایەن هەموکەسێکی ئەلەمانیەوە دور لە دارامای ئالوزی سەختو نارەحەت بۆ ئەیشتن .

ئامادە کردنی
کامل العامری

هەواڵەکانی یەکێتی

● لیژنەی روشنبیریو ڕاگەیاندنی لقی سلێمانی کۆبونەوەیەکی لە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٥-١٠-١٩٧٦دا ئەنجام لەم کۆبونەوەیدا بەڕێز ئی پرسراوی لیژنەی روشنبیریو ڕاگەیاندنی لق ، ئەو خالانەی بۆ قوتابیان ڕون کردەوە کە

لیژنەی ناوەندی (المرکزی) لە بڕغدا بڕیاری لەسەر دابوو ، لەڕوی جێبەجێکردنو ڕاگەیاندنی کاروباری روشنبیری قوتابیانەوە .

هەروەها لیژنەی روشنبیری و ڕاگەیاندنی ناوچەی دوکان کۆبونەوەی دەوری خوێی ئەنجامداوە لە کۆبونەوەکەدا بڕیار درا کە لیژنەی ڕاگەیاندن چۆن بەیاننامە دابەش بکەن .

● بەشی زانکۆ کۆبونەوەیەکی بۆ ئەنداماتی لیژنە لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٠/٢٣ بە ئامادەبونی بەڕێز کاك (عەدنان) سەرۆکی لقی یەکێتیو ئی پرسراوی کەرت ئەنجام کۆبونەوەیەدا ، هەروەها لەم کۆبونەوەیەدا ، بەڕێز کاك (نبیل خضر شوکت) جێگری سەرۆکی لقی یەکێتیو بەڕێز ئی پرسراوی روشنبیریو ڕاگەیاندنی لقی یەکێتی (صباح میرزا) ئامادە بوون . کۆبونەوەکە مناقەشەی ٥ر٢ سەعاتی خایاند وەباسی ئەوەکرا کە قوتابیانی تازە دەستیان کرد بە خوێندن بەخێرهاتنێکی گەرم ئەکرێن لەلایەن لیژنەی بەخێرهاتنەوە لە هەمو کولیژو مەعهەدەکانی زانکۆو هەمو کاروبارنکیان بۆ ئاسان دەکرێت لەلایەن ئەو لیژنانەوە .

● لیژنەی یەکێتی لە قەزای (چەمچەماڵ) بە بۆنەی ساڵی تازەی خوێندنەوە ئاهەنگیکی گێڕا بۆ قوتابیان ، هەروەها لەلایەن بەڕێز (احمد فاتح)وە وتاری یەکێتی خوێندرایەوە .

● لیژنەی روشنبیریو ڕاگەیاندنی ئامەدیی پیشەسازی سلیمانی یەکەم بەخشان نامەی لە ژێر ناونیشانی (خەباتی قوتابیان)دا دەرکرد .

● بە بۆنەی ساڵی تازەی خوێندنەوە چەند سیمینارێك گێڕا ئەم قوتابخانانەی خوارەوە لە سلیمانی : تانویە صلاح الدین ئانویە روشنبیر ـ ئامادەیی سلیمانی کوڕان ئامادەیی پیشەسازی و بەڕێز ئی پرسراوی روشنبیریو ڕاگەیاندنی لق ئامادەبوو .

هەواڵی دەرەوە

● لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی ٥ی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ئەلمانیا ڕاگەیاندراوە ، ئەوەی شایەنی باسە مامۆستایانو قوتابیان کاتێکی خۆشیان لەئەل ئەو ئاهەنگەدا بردەسەر .

● ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٠/٢٢ دەمەئەنجامی فراوان بۆ ئەندامانی لیژنەکانی بەشی ئامادەییەکانی کوڕان و کچان سازکرا لەلایەن لقی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە لە سلیمانی . ئەم دەمەئەنجامە نزیکەی ٤ سەعاتی خایاند ، کە لە هۆڵی فارابی زانکۆی سلیمانی ڕیکخرا . بەڕێزان مامۆستا (محمد) ئی پرسراوی حزب و مامۆستا (عاشور) ئی پرسراوی مەکتەبی قوتابیانی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب لە سلیمانی بەشداریان تیادا کرد .

لەلایەن بەڕێز (غاندی محمد حسن) ئی پرسراوی لقی یەکێتی بەخێرهاتنی گەرمی لیژنەکان کرا ، ئەوەی شایەنی باسە ئەندامانی لقی یەکێتی لەم دەمەئەنجامەدا ئامادە بوون ..

باسی ڕەبازی کارکردن کرا بۆ قوتابیان بەتایبەتی ئەمسالی خوێندنو چونیتی پەیوەندی کاروباری قوتابیانو مامۆستایان و لیژنەکان .

● کۆلیژی کشتوکال لە زانکۆی سلیمانی کەشتێکی پێك هێنا بۆ قوتابیان بۆ ناوچەی « ئەحمەد ئاوا » . هەروەها کولیژی زانیاری کشتێکی لە هەمان شێوە بۆ قوتابیانی بۆل دوو چوار پێك هێنا بۆ هەمان شوێن .

● بەشی کچان لە دوکان کۆبونەوەیەکی کرد لە ژێر سەراوی بەشەکە ئامادە بو وەلە ئاشاریك کەوت لەگەل بەڕێز قائمقامی ناوچەکە بۆ وەرزشی هەویە بۆ قوتابیانی هەژار بۆ ئەوەی کرێی پاصیان لێوەرنەگیرێ لە کونەکانیانەوە بۆ قوتابخانە کە لە ئاو دوکاندایە ... وە هەروەها لیژنەی روشنبیری وڕاگەیاندنی ناوچەی دوکان کوبونەوەی دەوری خوێی ئەنجامداوە لە کۆبونەوەکەدا بڕیار درا کە لیژنەی ڕاگەیاندن چۆن بەیاننامە دابەش بکەن .

● بەشی زانکۆ کوبونەوەیەکی بۆ ئەندامانی لیژنە لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٠/٢٣ بە ئامادەبونی بەڕێز کاك (عەدنان) سەرۆکی لقی یەکێتیو ئی پرسراوی کەرت ئەنجام وە هەروەها لەم کۆبونەوەیەدا ، بەڕێز کاك (نبیل خضر شوکت) جێگری سەرۆکی لقی یەکێتیو بەڕێز ئی پرسراوی روشنبیریو ڕاگەیاندنی لقی یەکێتی (صباح میرزا) ئامادە بوون . کوبونەوەکە مناقەشەی ٥ر٢ سەعاتی خایاند وەباسی ئەوەکرا کە قوتابیانی تازە دەستیان کرد بە خوێندن بەخێرهاتنێکی گەرم ئەکرێن لەلایەن لیژنەی بەخێرهاتنەوە لە هەمو کولیژو مەعهەدەکانی زانکۆو هەمو کاروبارنکیان بۆ ئاسان دەکرێت لەلایەن ئەو لیژنانەوە .

● لیژنەی یەکێتی لە قەزای (چەمچەماڵ) بە بۆنەی ساڵی تازەی خوێندنەوە ئاهەنگیکی گێڕا بۆ قوتابیان ، هەروەها لەلایەن بەڕێز (احمد فاتح)وە وتاری یەکێتی خوێندرایەوە .

● لیژنەی روشنبیریو ڕاگەیاندنی ئامەدیی پیشەسازی سلیمانی یەکەم بەخشان نامەی لە ژێر ناونیشانی (خەباتی قوتابیان)دا دەرکرد .

● بە بۆنەی ساڵی تازەی خوێندنەوە چەند سیمینارێك گێڕا ئەم قوتابخانانەی خوارەوە لە سلیمانی : تانویە صلاح الدین ئانویە روشنبیر ـ ئامادەیی سلیمانی کوڕان ئامادەیی پیشەسازی و بەڕێز ئی پرسراوی روشنبیریو ڕاگەیاندنی لق ئامادەبوو .

باشماوەی دەنگی

کامۆیانە نوسراوەتەوە .. ئەلێکترا لەلای (سارتەرو بۆژین بۆنیلەوە) کراوە بە بەرهەمێکی تازەبەخش .. ئەمەیدیا لە لایەن (بۆژین بۆنسکۆ)ی لامەعقوڵەوە بوە بە شاکارێکی تر .. (أصحاب الکهف) بە خامەی تەوفیق الحکیم ڕەنگێکی تری داوەتەوە .. (فەلای دەدم) لەلای (عەرەبی شامیاوۆف) بوە بە ڕۆمانێکی بەتام .. (ئەنتیگۆلا) لەلای (ژان کۆکتۆو ژانئەنۆی)یەوە ، ڕەنگێکی تری بەستوە ...

● خۆ کە زانستگایەکی وەکو (ئۆکسفۆرد) بە درێژایی ئەمەنی بڕ لە شانازی خۆی ، خەریکی سەرباکی سامانی ئیسلامەتی کۆکردنە .. زانستگایەکی کەی وەکو (لینینگراد) ماوەی سەدەو نوێکە خەریکی کۆکردنەوەی کەلەپوری ڕۆژەلاتە .. هەزارانیش ـ لەبەر هەر مەبەستێ بووبێ ـ تەقەلای کۆکردنەوەی کەلەپوری ڕۆژەلات و کوردیان داوە .. زۆر باش زانیویانە چ خزمەتێکی بەنرخ ئەبەخشنە تێکرای کەلەپوری مرۆڤایەتی و شارستانیەتی هەلچووی مرۆڤ ...

● بۆیە ، دەبارە ئەیلێمەوە : (هەلە) شتێکەو (ئەخشەی زانستانە) شتێ .. (شمولیەت) شتێکەو (کروشکەبەستن) شتێکی تر ... دەکەواتە : بابەرەو کەلەپورێکی بێشکەو توخوازو مرۆڤانە ، ڕێنە بگرینەبەر ، ئەی ڕۆشنبیرو خامە بەدەستانی کورد ... !

دەربارەی دیاردەی فلیمی مۆسیقایی باشماوە

سەرکەوتوی لە دوای شەڕی بەرهەم هێنا لەمانە « لیلی کچی هەزاران » و « عنبر » و « دلداری کچان » و انور وجدی خۆی نوسەرو دەرهێنەرو بەرهەم هێنەرو ئەکتەربوو .

دوای شۆڕشی تەموزی ١٩٥٢ فلیمی گۆرانی ئەماو لە جیاتی فلیمی واقعیو ئیستماتی بەیدابوو ، وە فلیمی گۆرانی دیاردەیەکی دیارنەبوو ، هەرچەند لە هەندێ فلیمدا خۆی ئەنواند ، لەمانە فلیمەکانی حلمی حلیم کە عبدالحلیم حافظ دەوری تیا ئەگێڕان وەك « ڕۆژانی خۆشیمان ١٩٥٥ » و (جیروکی خۆشەویستی ١٩٥٨) .

گومانیشی تیا نیە دەرچونی فلیمی (ابی فوق الشجره) لە دەرهێنانی حسین کمال دوای نوسینی حوزەیرانو دوای وونبوونێکی دورو درێژی فلیمی گۆرانی دەورێکی باڵای لە سەرکەوتنی ئەو فلیمەداگێڕا ، ئەو سەرکەوتنەی کە فلیمەکانی لەوەبێش بەدەستیان ئەهێنا ئەگەرێتەوە بۆ لوسلوبی دەولەمەندو داهێنەرانەی نازەکە لە فلیمەکانی تری میسردا نەبوو لەڕووی دەرهێنانەوەو گۆرانی سینەمایی کە محمد کریم ئەخشەی بۆکێشابوو وە دەرهێنەرەکانی تری میسر دوای ئەو لەسەری ئەڕۆیشتن .

پوپەکی تری شەڕ باشماوە

ئێکۆشانی لە خاکی زەوتکراو بەڵام بەرانبەر بەمە زایونیزمەکان چی دەکەن ؟ شتێکی ئەرەو خۆ بەدەستەوە دەرەکان کاریان پێی نیە ، هێزەکانی بێتە سنوور ، بکرێت لێی بدات ، بڕووخێنێت ، ئوردوکا لە سەرەو و خوارووی ئەو زەویە دروست بکات کە بێوسته بەشێك بێت لە « تەسویە ی جۆك دادان ، ئەمانە هەمووی ، کە چی لە ڕێ لادەرەکن لە خۆ بە زل زانینو ئومرابوون و درۆزنیو سەر لێشیواوی خۆیان ناکەون .

لە لوبنانیشدا ، دەستەلاتی شۆڕش ناقی دەکرێتەوە ، کە تاقی کردنەوەی بەرەی بەرەنگار بوونە دژی پرۆژەی خۆ بەدەستەوە دەرانەی مل کەچەکان ، ئەوانەی هەولی سەباندنی دەستەلات و ئەخشە کانیان بە سەر واقیعی شۆڕشگیرانەدا دەدەن ، ئەوانەی هەوای بنشەوایی سەرکردایەتی هانیان دەدات بۆ کوشتن و بڕین .

بەڵام خۆ بەدەستەوە دەرەکان ، لە لووتی خۆیان دوور تر نابینن ، هەرەشەکردن بە هێز بەس نیە بۆ دوور خستنەوەی شۆڕشکێڕ لە چەکەکەی و تەقرەو فریوی داگیرکەری زایۆنیزم ناتوانێت مێشکی خەلکی لە خشتە بەرێت شۆڕش و جەماوەرەکەی قۆناغی سل کردنەوەی ، لەو ڕۆژەوە بریوە کە ڕوو بە ڕوو وەستانی هەلبژاردو ئیتر دەنگی ئۆبی دوور ڕەو نایترسێنێت ، یان سل لە سووڕانەوەی فرۆکە لە هەر بەرزی یەکدا بێت ناکاتەوە ، بەڵکوو هەر جیش کۆنە پەرستان و لەڕێ لادەران دەیکەن لای شاراوە نی یەو دەزانێت ئەوە بۆ دابۆشینی ئەو خرابی و بێ هێزی یەیە کە تووشیان هاتووە ، دیسان شەڕی داهاتوو جەند تۆندو بەقەوارە بێت نایترسێنێت ، چونکە ئەوانەی شەڕی میللی دەکەن لەم شتانە نایرسنەوە ، نیتر هیچ کەسێك ناتوانێت جەماوەر بەرەو نوشستی تر بەرێت دوای ئەو هەموو شانۆ تەریانەی کە بانگەواز دەرانی ڕزگاری باڵەوانانی خەیاڵ باڵو نواندیان ئەو نەخشانە باوەڕی شۆڕش لە نیشتمانی عەرەبی تێکڕا تێك دەدەنو ئەوەی ئێستا لە لوبناندا ڕوو دەدات بریتی یە لە بەشی بەکەمی یاری کوریس کێشەکێ کە پرشنگێکی نوێ نەبێت هیچ شتێکی تر ناتوانێت سەرەتاو کۆتایی یاری یەکە لە یەکتری جیا بکاتەوە .

باشماوەی : دوادێر

ناکۆتایەکان لەئەل کەمو کۆتری واقیعەکانو باشماوە باسکەوتووەکانیدا نیە .. ئەمانە وشە ئەکەن بە پەناکەیەك بۆ شاردنەوەی نەزانینو خۆبەرستیی خۆیان .. هەر لەو پەناکەشەوە جاروبار دەهۆڵی دوورەو بەڕێز وەستان لێ ئەدەنو .. خۆیان لەبەنای داریکی کلۆردا حەشار ئەدەن .. کینەی قەرەبڕوتانەیان مۆ لە کروشکە بەستنو لاتەریکیان ـ لە ڕۆی خێروخۆشی یا ـ ئەداو .. گۆڕەبانی قۆڵ لێ هەلمالین . و کارکردنی کارامانە باوەشی بۆ خاوەن قەلەمە ڕۆشنکەرەکان کردوویەتی هەرچەند قیرەقیری مریشکی هێلکەنەکەر بەرزبێتەوە .

Institut Kurde de Paris

پەروەردە

زاڵ بوون

بەسەرشەڕوشۆڕی منـــاڵـــدا

باش قوتابخانە ، منـــاڵومەرزم بەرەڵادەبێو دوور لـــە جـــاوی مامۆستاو شـــورەی قوتابخانەو ماڵەوە ، دەست بە یاری کردن دەکەن ، زۆر جـــار بەبۆنەی یاریەوە ، بە مست و دارلاســـتیک و داروبـــەرد ، بەرئەبنە سەرویۆتەلاکی یەکتری هەندێ جار زرمە لە شوێنێکی ناسك وەك جاو یان تەوێل یان سنگی یەکێکیان هەڵئەبێت و شوێنەوارێك بۆ ئەو منـــاڵە بەجێ دەهێنێت .

گۆڤارێك کـــە سەرژمێرێکی ئەم رووداوانەی کردوە رووبەڕوەی دەکاتەوە کە ژمارەی نـــەو منـــاڵانەی مردون ١٥٠٠٠ دانەیە بەڵام ٧٣١٥ دانەیان لە ئەنجامی یاری کـــردنی ئێوان خـــۆیان بوە ٠٠٠ !

سەبارەت بـــە خۆباراستنی منـــاڵ چیمان ئامادەکردوە ٠٠؟

دایکێك لـــەم بارەیـــەوە ووتویە : دەترسم منـــاڵەکـــەم شتومەکی شەڕکردن بەکـــار بهێنێ ٠٠ وەك پروات دەمانجەیـــەك یان تفەنگێك بکرێت ئەوەکو نە پاشەڕۆژا کـــاری تێبکاو لەرێ لایبدات ٠٠٠

ئەوەی بێویـــستە دووباتی بکەینەوە ئەوەیە کە هەق نییە دایکو باوك لـــە پاشەڕۆژی منـــاڵەکەیان گـــومان بکـــەنو بترسن ، منـــاڵ کە کەورە دەبێت وردەوردە خۆی لـــە خـــۆیدا ئارەزوی خـــۆ کرتنی تیـــا بەیدادەبێت بەڵام دەبێت دایکو باوك یارمەتی بدەنو لـــەژێر چاودێری خۆیانا بێت .

منـــاڵێکی یەکەدوو ســـاڵان کاتێك لـــە هاوڕێکەی تورە ئەبێت ، بێ یەکەودوو لەوانەیە کاتێك لـــە باڵی بکرێت ٠٠ بەڵام لە تەمەنی سێو چـــوار ساڵیا ئەوئـــەکا شەڕکردن پیشەیەکی بەســـەند نییە ٠٠٠ بەڵام زۆربار خۆی وا پیشان ئەدات کـــە ئەقـــڵ لە دوژمن ئەکات بەڵام بە شێوەیەکی زێك و بێك و تیبی تایبەتی بـــۆ دروستدەکەن ، لەم تەمەنـــەدا هەستی منـــاڵ بەهێز نـــەبێو ئارەزوات تەقە لە دایکو باوکی بکات ، ئەگەرچی بۆ پێکەنینیش بێت ، چونکە وەك ووتمان لەم تەمەنەدا زیاتر چاوی دەکاتەوە٠

ئەم یاری شەرکردنە کـــە منـــاڵ ـ کوڕ بێ یان کچ ـ کـــە لەگەڵ یەکتریا دەیکەن ، لـــە هەمانکاتدا هەنگاوێکـــە بـــۆ زاڵبون بەسەر گیانی شـــەڕو شۆڕدا ، بەڵام لێرەدا نـــەبێ گرنگی ئەو بەرنامـــانە رووبکەینەوە کە منـــاڵ لەســـەر شاشـــەی تەلەفزیون دەیان بینێت :

لەم بارەیەوە مامۆستایـــەکی شارەزای باخچـــەی ساوایان وتویە : لـــەم دوایەدا لـــە قوتابخانەکەیدا لەسەر هیـــچ شەڕوشـــۆڕ بـــەرەو زۆربون ئەڕوات٠٠ کاتێك سەرزەنشتی قوتابییەکانی کردوە پێان ووتوە کـــە ئەمەیان لـــە تەلەفزیونا بینیوە ٠٠ !!

ناشکرایە ئـــەم بەرنامانە دەبێتـــە هۆی نزمبونـــەوەی خوورەوشتی منـــاڵ ٠

پسپۆرەکـــانی دەروون سەلماندویانە کە ئەم چەشـــنە بەرنامانە زیاتر باڵ بە منـــاڵەوە ئـــەنێت کـــە سەربەگۆبەند دەرچێت . بۆیە لەسەر دایکو باوك پێویستە کە زۆر بـــە هۆشیاریەوە زاڵبین بەسەر شـــەڕوشۆڕی منـــاڵەکانیـــاناو ئەیەڵن توخنی ئەو یاریانـــە بکەون کـــە ئەنجامێکی ناقۆڵای ئەبێو دەبێتە هۆی قین بونەوەی منـــاڵ ٠ لێرەدا ئەرکی مامۆستا لە رووی بەرەوردەو پێکەیاندنی نـــەوەی داهاتودا لـــە ئەرکی دایکو بـــاوك گـــرنگترە ئـــەوەیش بـــە فێرکـــردنی خوورەوشتو کرداری باشـــەیە لێرەدا ئەگـــەر مامۆستا توانی نـــاوەوەی قوتابییـــەکانی بخوێنێتەوەو چەند تێبینییەك دەربارەی ژیـــانو تـــەنگو چەلەمەیان تۆماربکـــاتو یاری هەڵسوکەوتیان لـــە بۆڵو لـــە کـــاتی بشوداندا هەڵسەنگێنێت ئەمانە هەمووی لـــە ئەمڕۆی شۆڕشدا ئەوەیەکی شۆڕشگێر وەدەست ئەهێنێت ٠

• یاری کردن بەشت وەکی شەڕ ئایا دیاردەیەکی ئاساییە لە منـــاڵ ؟

• دەوری مامۆستا لە شوێنی ئەمڕۆدا چاندن بیشەی چاك و خوێندنەوەی ناوەوەی ناوەوە و تەنگ و چەڵەمەی قوتابیانە

• چۆن بەرنامەی خراپی کار لەمنـــاڵ ئەکات ؟

وێنە

ـ ناتەواوی خۆراك ـ

● چاری چاپلن لە بیـــرەوەریەکانیا ، باسی دایـــکی کردوە ، کە چۆن توشی فـــرلیهاتـــن بـــوەو براوە بـــۆ نەخۆشخانەی عقلی ، ئەنجامی نەخۆشیەکەش ناتـــەواوی خۆراکی ساڵانی هەژاریو دایمەسەرخۆشی مێردەکەی بـــوە ، باسی ئەوە ئەکا چۆن هەر چی هەبوە لەپێناوی چاکردنـــەوەی دایکیا خەرجی کـــردوەوهێناویەتیەوە بۆ ماڵـــەوەو سیستەری تایبەتی بۆ خزمەتکردنی هێناوە تا چاك بۆتەوە٠

● شاپلن ـ ســـەرەرای ئەوەی کەیشتە ئەو رادەیـــەی هەمور خواردنێکی بەئاســـانی دەست نەکەوت ، دوای ساڵانی برسیەتیو دەربـــەدەری ، وەسەرەرای ئەوەی بو بەخاوەنـــی ملیونەها دۆلارو بەرادەیـــەك قوبچەی کراسەکەی لە زێـــر دروست کراوە ، بەڵام رۆژانی رەشی هەر لەیادە ٠

● ناتەواوی خۆراك ، ئـــەمووشەیە ، هۆی بەدبەختـــی هەزاران کەسەو بەتکـــوچەندان گەلانی دنیـــا بوە ، « ژمارەی ئەوانەی بەم هۆیەوەلەیەك مانگا ئەمرن ئەگاتـــە دەهەزار هـــەر ئەم کارەساتەیە» برناردشو « لە نوکتەیەکـــدا لەئەڵ چرچل باسی ئەکات :

ـ هەر کەس ئەم زەعیفیەی تۆ ببینێ وا ئەزانێ بەریتانیـــا توشی برسیەتی بوە !

برناردشوی فەیلەسوفیـــش وەڵامی دایەوە :

ـ هەر چیش ئەم فەیلەوریەی تۆ ببینێ ، وا ئەزانی هـــۆی ئەم برسیەتیە تۆی ٠٠!

(● لە هیندســـتان سەرەرای لافاو گـــەرداو کە هەمور ساڵی ژمارە یەکـــی زۆری خەڵك لەناو ئەبات ، بەڵام زیادبونی ژمـــارەی دانیشتوانیش بەشێوەیەکـــی سەیر بەردەوامە ، لەم وڵاتەداخەڵکی « مانگا » ئەیـــەرستنو خواردنی خۆیانی ئەدەنـــیوخویان لەسەر زەوزە گیـــا ئەژینو گۆشت ناخـــۆن ٠٠ « ناتەواوی خۆراك » خۆیـــان دروستیان کردوە ، کەچی لەمڵاشەوە ، لە رۆژهـــەڵاتی ناوەراستدا هەن ، هەمـــووساڵی لەبەر زۆر خۆری و هیلاك بونی جەرگو ریخولەیـــان بەهۆی چەوریەوە ئەمرن !)

● برسیەتیو نەهامەتـــی دەمێکە باسو خواســـتی شارەزاکانی خواردەمەنیە و تائیستاش ٠٠ هـــەر وەك « برناردشو » وتی :ـ

ـ دنیـــا وەك ســـەرویشی منە ٠٠ بەرهەمی زیادە ، بەڵام خراپ دابەش ئەکرێ !

ـ بدریە ٠٠٠ ـ

فـــوتابخانە لای ســـۆمـــەریـــیەکـــان

سۆمەریەکان دروست کـــەری کـــۆنترین شارستانیـــەتی مرۆڤایەتی پێکەیشتون لـــە مێژوودا ، ئەمـــەش سەرچاوە هەمەچەشنەکـــانی مێـــژوو ساغیان کردۆتەوە ، هەر ئەوان بوون کـــەورەترین وەسیلەی کەیاندنی فکریان لە ناوەی ئاخی مرۆڤەوە گـــەیاندە نووسینەوەو ئزماری مـــاددی ، لێـــرەدا نامانەوێ باســـی نووسینیو قۆناغـــەکانیو خاسیەتـــەکانی بکەین ، بەڵکو ئەمانەوێ باسی [illegible] شەڕیەی بکـــەین دوێنی عیراقیـــەکان تیـــایدا نـــەژیان ، چ دامـــەزراوێکی رۆشنبیریان هەبوو ، تا لـــە وتارێکی تردا بکەرێنەوە ســـەر نووسینو داهێنانی ٠ ئـــەوەی ئاشـــکرایە ، ســـەتەمی نووسین لای عیراقیە کۆنەکـــان لەلایەن دەستەیەك رۆشنبیرەوە بەرەی سەند کـــە لەســـەر دامەزراوەکانی پەرســـتگاکان نـــەژیان ، لـــە چوارچێوەی فێرکردنی قوتابخانەدا کـــە لە ژێر چـــاودێری پەرستگاکاندا بوون ، وە ئامانجیـــان بلاوکردنـــەوەو دامـــەزراندنی قوتابخانە دروستکردنی چینی نووسەران بوو کـــە لـــەو سەردەمـــەدا بەڵاترین چینی رۆشنبیری ناو کۆمەڵ بوو ٠

ئەوەی جێگای سەرنجە شارە کۆنەکانی عیراق لـــە کۆمەڵی کـــۆندا شوێنێکی باڵایـــان هەبووە ، ئەویش بەهۆی بوونی قوتابخانەوە کە دەورێکی گرنگی لە رۆشنبیریدا لە شـــارە کۆنەکانی عیراقدا گێراوە وەك شـــاری (نفر)و (سەپار)و (نور)و (بابل)و (ئاشور)و (ئەینەوا)و ٠٠٠ تادوایی ٠

بـــەڵام ئـــەوەی لەڕێی هەڵکەنراوەکانی فـــەرەنسیەیە کانەوە پێمان کەیشتوە لـــە جێگایەکی کۆندا کـــە بەشاری « ماری » ناسراوەو ئەمڕۆ بە (تل الحریری) ناونەبرێ لـــە سوریاو لـــە سنوری نێـــوان عیراقو سوریا چاکترین نمونەی دروستبوونی قوتابخـــانەی کۆنە ، لـــە سەردەمی بابلی کۆندا ، واتـــە لـــە سەدەی هەژدەهەمی پێش زایندا ، ئەو تابلۆو ڕووتوسانەی لە کاتی گەڕان بـــە شارە کۆنەکانی عیراقدا دەست کەوتوون ئەوە ساغ ئەکەنەوە کە لـــە کۆندا قوتابخانە هەبووە ، جا بـــە گەڕانەوە بۆ سەیرکردنی ئـــەو تابلۆیانە ڕاستی قسەکـــەمان ســـاغ ئەبێتەوە ، کە لـــە ماوەیانەوە ئوسولی قوتابخانەی کۆنـــان بۆ ڕون ئەبێتەوە ، سومەریەکان بە (نادا) یـــان (دوبا) ناویان هێناوە واتـــە (باوکـــی قوتابخـــانە) یان (بەڕێوەبەری قوتابخانـــە) ٠

بەڵام ئەو مامۆستایانەی یارمەتی بەڕێوەبەریان داوە بە (ئومیا) یان (پرۆفسور) یان (مامۆستا) ناوبراون ، کە پسپۆری هەمەجۆریان هەبووە ، وەك سەرپەرشتی ماتماتیك و زمـــانی سۆمەری ، سەرپەرشتی زمانی ئەکەدی ، بەڵام لـــە زمـــانی سۆمەریدا قوتابی بە (دومو) یان (دوبا) ناوبراوە کـــە ماناکەی (کوڕی قوتابخانە)یە کە ئەم مانایە نیشانەی جوانی مرۆڤایەتی پێویـــە ـ وە ناوی (داردەست) لـــە یاداشتی قوتابییەکی ئیقەوماودا هـــاتووە کە وا دیارە بەو مامۆستایـــە وتراوە لێبرســـراوی نیزامی گشتیو سزادانی خرابەکـــانی بوە لەو قوتابیانەی خوێندویانە٠ بەڵام ژیانی قوتابخانە ئاســـان ئەبوە ، لەسەر قوتابی ئەبوایە هەمور ڕۆژێ لە بەیانیەوە تـــا ئێوارە لە قوتابخانەبێ ٠

لەگـــەڵ ئەوەشا پشـــوی دیاری کراوی هەبووە کە ماوەکەی ئەزانراوە ، ئەوەی شایانی باســـە قوتابی لـــە منالیەوە ئەچـــووە قوتابخانەو تا باڵق بوون لەبەر خوێندن ئەمایەوە ٠

ئەمەش لـــە زۆر ڕووەوە لـــە قوتابی ئەم سەردەمە دەچێ لە پاش ئەوە کە لە قوتابخـــانە دەرئەچوو بەسەرکەوتوی ئیشی ئەدۆزیەوە ، یان ئەچوە خزمەتی کۆشکی گەورەیان یەرستگا یان ئەبوو بە نووسەری ئیداری یان ژمارەیار لە شارێکی گەورەدا کە لەو سەردەمەدا لە وڵاتی ئێوان ئەهرەدو ڕووباردا هەبوون ٠

سۆمەریەکان زۆر زیر بوون ، چەند جۆرە زانستیان ئەزانی ، وەك موعـــادەلاتی (جبر)و (ماتماتـــیك) وە (ئەزەریەی اقلیدس) کـــە لە زەمانی ئەفریقەکانەوە ئاسراوە نمونەیەکـــە لـــە پاسماوەی ســـامانی بابلیەکانو ئـــەم ڕاستیەش لـــە پشکنینەکانی (تل حرمل)دا دەرکەوتوە ، دیسان ئەوە ساغ بۆتەوە کـــە عیراقیە کۆنەکان لـــە ڕووی ئاکادیمیەوە دەستیان باڵا بووە٠

سەرەڕای ئەو پاشماوانە لـــە فەرهـــەنگی زمانو لیســـتەی جۆگرافیو ئاوەدانیو ئازەلەوە ماوەتـــەوە هەتا ئەلەکی ئاینیو ئەدەبی ، کە زۆری لە پاشماوەی (تل حرمل)ەوە کـــە شوێنی (بغداد الجدیدە)ی ئێستایەو مێژووی ئـــەم ناوچەیە بـــۆ سەدەی هەژدەهەمی بەر لە زایین ئەگەڕێتەوە ٠ ئەوەی کە زۆر جێگای شانازی قوتابخانـــەی سۆمەریەکـــانە هونـــەری نووسینە کە لە بەندەکانیانا وا باس کراوە (هونەری نووسینی باوکی وتـــار خوێنو دایکـــی مامۆستاکان)ە ٠

ئامادەکردنی : ك٠ ع

چـــەپـــکە گـــوڵ

ـ عبدالستار ـ

ـ ٢ ـ

دیسان درێژە بە باسەکەمانئەدەین ، کە وەها ئامادەبوونی سایکۆلۆژی لـــە خزمەتی بەرزکردنـــەوەی بەرهەمداری دایە ، ئەم ئامادەبوونە لەسەربنکەی ڕێزگـــرتنی کاتو چێبەجێ کـــردنی ئەرکیسەرشان بەبێ سوکیو کـــەم تەرخەمیدا .

لەوانەیە پرسیارێ خـــۆی ڕەپێش کا بەسەرمانا ، ئایا ئەم ئامادەبوونە ماوەو دەسمایەیەکی زۆری نایەوێ ؟ ئێمەش لـــە وەڵامـــدا ئـــەڵێین بەڵێ ، بەڵام هەرنەبێ ئێمە خاوەن تەجرەبە نەبین . با سەیری بڕیـــاری میلی کردنی ئەوت کەین ، ئـــەم دەسکەوتە شۆڕشگێڕە ســـەرکەوت بەسەر هەموو کۆسپو تەنگو چەلەمەیەك ، جـــگەلەوەی تێکڕای بەرهەم لـــە لەزەونی سەرکەوتنی میللـــی کردندا ڕادەیەکی زۆر بـــەرزی نواند .

گەلی عیراقمان هەزارەهـــارۆڵەی بەشەرەفـــی وەکـــو قوربانی پێشکەشی ڕێـــگای ڕزگاربوونی لـــە ئیمپریالستو بەدی هێنانی مافی ڕەوای خۆیلە سامانی خاکی نیشتمانیدا . واتە ئامادەبوون بۆ سەرکەوتنیئەم دەسکەوتە لە هەســـتی گەلدا هەبوو وە ئەرمانـــدەیرامیاری چونکە لە هەســـتی ئەم گەلەدا هەڵقوڵاوە بـــەدڵنیاییو بێباکی لەهەر تەنگو چەلەمەیەك ، بڕیاری خـــۆیدەرهێناو گەلی عیراقمان لـــە کلێنەی چاوی خۆی پاراستی.

بۆ ئەوەی بتوانین سایکۆ-لۆژێتی مرۆڤی بەرهەمهێنەر بزانین ، پێویستە لێکۆڵینـــەوەیەکی فراوان لـــە هەستی بکرێ ئەمجا لـــە ڕەفتاری ،چونکە ڕەفتار ئەو هەمـــوو هەڵس و کەوتەیە کـــە مرۆڤدەینوێنێ .

● پێویستە سەیری مرۆڤبکرێ بە پێوانەی ئەو ئەرکەی وا لەسەر شانیو ئەنجـــامیجۆنیەتی جێبەجێکـــردنی . گومان لەوەدا نییە شۆڕشمـــۆگەری باری تەندروستیو ڕۆشنبیری و ئابوری بۆ گەلکردووە ، لـــە هەمانکاتدا پێویستە ئاگاداری لـــەمدەستکەوتانە بین ، سەرەڕای ئەوەش بین بە هاندەر بـــۆبەرزکردنەوەی بەرهەم .

● قسەی زانستی بەجێئەوەیە ، کە وەها ئێمـــە پاش شۆڕشی ١٧ تەمموزی ١٩٦٨دا٠٠ کۆڕبێتکی گەورەمـــان بەرچاو کەوت ، ئەم کۆڕبێنـــەهەموو لایەکی ژیانی گرتەوە وە بەتایبەتی لایەنی پیشەسازی . لەبەر ئەوە ئێمـــە خاوەن ئابوریـــەکی رابوردوی دواکەوتوینو هاوتەریـــبی سایکۆلۆژیەکی لکاو بـــەمدواکەوتووەیە ، بۆیە پێویستە بەلە لە سەرئەنجام نەکـــەین ،وەئەبێ دەستەپاچە راوەستین. بەڵکو دەست بکرێ بە ئامادەکردنی مرۆڤی بەرهەمهێنەر ، بە شێوەیەك بگونجێ لەگـــەڵ ڕێزەوەی ئەم قۆناغەمان .

واتـــە شیکاری کاریگەرئەوەیە توانای هێزە بەرهـــەم هێنەرەکان بگـــۆڕێ بەرەوسووبەخشی کۆمەڵو بنیـــاتـــانی سۆشیالست لـــە عیراقیخۆشەویستمانا .

لـــەگـــەڵ هەواڵەکاندا

● بەرێوەبەرێتی پەروەردەی پارێزگای هەولێر بریاری داوە بە کردنەوەی پێنج قوتابخانە لە ئوندەکانی ((دەربەندرایات))و « کەورەبەن » و « سی‌تەکان »و« خەلیفان » و « شورش » و کردنەوەی شەش قوتابخانە لە پارێزگای دهوك دا .

● ئەوەی ئاشـــکرایە ،راپورتی سیاسی هەشـــتەم کونگـــرەی حزبی بەعســـی سوشیالستی عەرەب بریاری گەیاندنی خزمـــەت گرراوی خوێندنو فیرکردنی بەهـــەموو ڕۆلەکانی گەل داوە ، لەم بڕچونەوەو بەپێی ئامانجـــەکانی شۆڕشی حەفدەی تەموز لایەنەلێبرسراوەکان لە هەموولا ، وڵاتدا خەریکی بڵاوکردنـــەوەی ڕۆشنبیریو فێرکـــردن و ڕۆلەکانی کەلەکەماندا :

لـــەوەبەر بەریوەبـــەرێتی پەروەردەی پارێزگای هەولێر زۆر قوتابخانەی سەرەتایی نوێ لە پێنج ناحیەدا کردەوە تـــا ژمارەی قوتابخانە سەرەتاییـــەکانی پارێزگاکە گەیشتە (٦١٤) قوتابخانەی سەرەتایی کە ٤١٢ یان کۆڕانـــەو (١٦٠) یا قوتابخانەی کچانەو (١٢)یان تێکەڵو (٢٥) یان بۆ ساوایان ، وە حکومەتی شۆڕش کە ئـــەم قوتابخانانە ئەکاتەوە ـ ئـــەوە ئەسەلمێنێ کە سورە لەســـەر بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری لەناو ڕۆلەکانی گەلداو بەردەوام لـــەپێناوی خولقاندنی نـــەوەیەکی وریادا کارئەکات کە هەست بەلێبرسینەوەی خۆی لـــەبەردەم مێژوودابکا . شـــۆڕشی تەموزلە پێناوی مەحرکردنـــەوەی نەزانیونەخوێندەواریدا بەربابو،دیسان لەپێناوی ڕامالکـــردنی باشماوەکانی ســـەردەمـــە کۆنەکراوەکـــاندا ، وە باوەری تەواوی بە هێزی ئەم گەلەیە لەخۆراکرتنداو بەدی هێنـــانی ئامانجەکانی کە گەلی ئێکوشەرـمان لە یەکیتیو سەربەســـتیو سوشیالـــستیدا باوەڕی پێهێناوە .

ع٠و٠ع

Institut Kurde de Paris

دەزگای بەندەرەکانی عیراق

دەزگایەکی ئیشکەرە لەبواری گواستنەوەو خزمەتگوزاری کەرتەکشتیەکاندا

لەکەل بەرز بونەوەی ئەخشەکانی کەشە کردن لە ولاتە کەمان وە کەوەرە بونی قەوارەی شت هێنان زیتر لە کەرتی پیشە سازی بۆ یەکان کشتوکال ، یان کەرتی بازرگانی ، دەزگای شان بەشانی ئەمانە پێشکەوتوە بۆ ئەوەی ببێتە هۆیەکی بەندەرەکانی عیراقیش شان بەشانی ئەمانە پێشکەوتوە، پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بۆ یان ناردن .. وە بەپێی بە بەلەدا بۆ کەرتەکانی تر ، زیتر ئەوە بە نیسبەت هێنانەوەسروشت ، کۆرانی بەندەرەکانو زۆر بونی توانای دەورێکی کەورە ئەلوێتن لە پەنە کردنی کاروباری بارکردنو گواستنەوەی کە لوبەلو جێبەجێکردنی پێداویستیەکان .. لەبەر ئەمە ئیمە لیرەدا ڕوناکی ئەخەینە سەر لەو پێشکەوتنەی رویداوەو رونەدا لەم مەیدانە زیندوەدا .

● پرۆژەکانی دەزگاکە

١ـ کارکەی دروست کردنو چاك کردنەوەی پاپۆرەکان :

٢ ـ کارکەی لولەی پۆلایی.

٣ ـ کارکەی بەرهەم هێنانی خشت .

ملکداریتی ئەودوو کارکەی لە پێشەوە ئویان هاتوە دراوە بە وەزارەتی پیشە سازی بەپێی بڕیاری وەزارەتی ئەخشە کێشان .. بەلام کارکەی بەرهەم هێنانی خشت، وەزارەتی مواصلات ڕێکەوتوە لە سەری بفرۆشرێ بە پارزگای میسان ، وە دەزگای بەندەرەکانی عیراق ئەم کارگانەی دامەزراندوە وەك بەشداری کردنێك لەپێشکەوتنی پیشە سازی ولاتدا .

● لیژنەکانی لیکۆلینەوەی جۆرێتی گواستنەوە

بەرز بەرتوەبەری گشتی دەزگای بەندەرەکانی عیراق ئەوەی سەلماندوە ، کە چەند لیژنەیەك هەیە تەرخان کراون بۆ لیکۆلینەوەی جۆرێتی گواستنەوەو ئەو پالە پەستۆیەی جاوەڕوان ئەکرێ لە دوا ڕۆژدا ئەکەوێتە سەر بەندەرەکان ، ئەم لیژنانە گەیشتونەتە چارە سەری زیادەی ئەو قەوارەیە کەوتۆتە سەر بەرنامەی شت هێنان

وئەو زیادانەی کە ڕەنگ بێ بکەوێتە سەر ژمارەی پاپۆرەکانو کۆمەلەشتومەکەکان کە دێن بۆ ولات لە ڕێگای بەندەرەکانەوە ... وە لە دواییدا قەوارەی ئەو کەلوبەلە وەرگیراوانەی لە سەر شوسەکان دانراون حسابی دەزگاو دامەزراوەکانی کەرتە کشتیەکان هێنراون .

● پرۆژە تازەکان

وە لە بارەی پرۆژە تازەکانەوە ، دەزگای بەندەرە عیراقیەکان ، چەند پرۆژەیەکی گرنگی هەیە وەکو :

١ ـ دروست کردنی شۆستەکان ١٠ ١٠ م ، ١٠ ب ١١ وە سەکۆی ئەم لاو ئەو لاکان لە « المعقل » وەپرۆژەکە لە تەواو بوندایە .

٢ ـ دروست کردنی شۆستەی ژمارە ٤ لە « ام قصر » ئەمە شۆستەیەکی تایبەتیە کە چەن لایەنێکی هەیە .

٣ ـ فراوان کردنی شۆستەکانی نیستا لە ڕێگای گرینی ئامێری بەهێز کردنی شۆستە تەختەکانی نیستاوە کە (١٥٥٥٠) هەزار دیناری تێ ئەچێ .

٤ ـ دروست کردنی دو شۆستەی ژمارە (٥و٦) لە بەندەری « ام قصر » بۆ بارکردنی گۆ کرد .

٥ ـ دروست کردنی شۆستەی ژمارە(٧)لە «ام قصر» وە دروست کردنی شۆستەیەکی تر دیسانەوە لە بەندەری « ام قصر » بۆ بار کردنی چیمەنتۆی عیراقی .

٦ ـ فراوان کردنی شۆستەکان بۆ وەستاندنی پاپۆرەکانی دەزگاکە لە بەندەری فاو .

٧ ـ گرینی تەختەی گرین هارتو مەگینەو چەرخەکان وەزۆر کردنی توانای خۆڕاگری شۆستەکان لە « المعقل » .

٨ ـ گرینی گل هەلکەندنی پاپۆری دەریایی بە (٢٥) ملیۆن دینار .

٩ ـ گرینی دو گل هەلکەن کە هەمارەکانیان ٣٥٠٠ م٣ ئەبێ وەگرینی دو گل هەلکەنی تر کە هەریەکەیان هەمارەکەی ٣٠٠٠ م٣ ئەکرێ .

١٠ ـ گرینی گل هەلکەنی بەرز کەرەوە کە چوار چنگا لی هەیەو هەمارەکەی ١٠٠٠ م٣ ئەکرێ وەگرینی پاپۆرێك بۆ ڕوبێو کردنی دەریا .

١١ـ گرینی چەند بەلەمێك و پاپۆری تازەی دەریایی ، لەکەل دو بار هەلگری بۆ ئاوو بەنزینو دو چنگا لی سەر ئاوی .

١٢ ـ هەلکەندنی ڕوباری بەندەری « ام قصر »و دانانی نیشانکەی مەلەوانەکان .

١٣ ـ فراوان کردنی خزمەتگوزاری هاتو چۆ ئاو لە بەندەرەکان .

١٤ ـ فراوان کردنی ڕایەلکەی بێنەل بۆ پاپۆرەکانو دایەرەکانی دەزگاکە لە « ام قصر » .

١٥ ـ زۆر کردنی وزەی ئاو بۆ بەندەری « ام قصر » .

● بەشداری کردنەکانی بەندەرەکان .

بەندەرەکانی عیراق بەشداری دانانی ئەخشەی چالاکی ئابوری و خزمەتگوزاری ئەکات لە ماوەی ساڵانی داهاتودا کە ئەمەش بەشێکە لە ئەخشەی گەشەکردنی ولات ، وە ئەم ئەخشەیە چالاکیە جۆر بە جۆرەکان ئەگرێتەوە ، وە ئامادەیە بۆ کۆڕانکاریەکی کەورەی دەست نیشان کراو لە هەمو کەرتەکاندا ، ئەمە جگە لەو پرۆژانەی لە سەرەوە باسمان کردن کە لە ئاو بەرنامەی بەرهەم هێناندایەو لە تەواو بوندایە .

● هێنانە دی ئامانجەکان

وە لە پێناوی بەدی هێنانی ئامانجەکانی بەرنامەی بەرهەم هێنان و ئەخشەکانی دەزگای بەندەرەکانی عیراق پێویستە دەزگای ئاو پراو ئەمانەی بکردبا .

١ ـ بە کار خستنی هەمو هێزە ئیشکەرەکان کە ئەو پەڕی توانایان بخەنە کار بۆ بەدی هێنانی پێویستیەکانی قۆناغی ئیستاو داهاتو ، وە بایەخدان بە مەشق کردنو ئامادە بون بەشێوەی گشتی بۆ ئیشکەرە جۆر بە جۆرەکان .

٢ ـ بەکار هێنانی هۆزو شێوازە تازەکان لە ڕێگای بە کار هێنانی ئیشکەوتوتنەوە بۆ ئیشو کاری داکرتنو بار کردنو بایەخدان بە پێشکەوتنی ئەو کارگانەی کە بۆ چاککردنەوەی باش دانراونو سود وەرگرتنی تەواو لە وانەی کە ئیستا هەن .

٣ ـ ئامادە کردنی شۆستەی تەواو بۆ بار کردنو داکرتنو هەمار کردن وە زۆر کردنی توانای شۆستەکان لە بەندەرەکانی « ام قصر »و « المعقل » .

٤ ـ ئامادە کردنی جۆتەکانی مەلەوانی بۆ ئەو ئیشو کارانەی داخوازی کراون لەبەر ڕۆشنایی پێشکەوتنی پرۆژە جۆر بە جۆرەکانی ولاتدا وە قەوارەی ئەو پاپۆرانەی کە ئەیانەوێ بچنە ناو بەندەرەکانی عیراقەوە وە ئەمەش لە ڕێگای زیادکردنی توانای هەلکەندنەوە .

٥ ـ ئامادە کردنی پاپۆرو بەلەمو شتی تری هەمە جۆرە بۆ خزمەتگوزاری پال نانی پاپۆرە کەورەکانو ئەوت کۆئزەرەوەکان ، ئەمەش لە ڕێگای زۆر کردنی بار هەلگری دەریاییەوە ، وە ئەو بەلەمانەی خزمەتگوزاری نیشانەکانی مەلەوانی ئەکەنو ئەو ئامێرانەی تر کە لەم ڕوەوە کار ئەکەن .

٦ ـ ئامادە کردنی ئامێرو کەرەسەی پێویستی قۆناغی دووەم بۆ ناردنی گۆ کرد لە بەندەری « ام قصر » .

٧ ـ دابین کردنی پێویستی پێشکەوتنو چاك کردنی کارگەکانو رایەلکەی ئاوو کارەباو پەیوەندی تەلو شتی تر لەو پرۆژانەی تەواو بون .

٨ ـ دابین کردنی پێویستی خزمەتگوزاریو لایەنە کۆمەلایەتیەکانی تر .

ئەمە جگە لەو کۆمەلە ڕاوێژانەی کە یارمەتی بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانی دەزگای بەندەرەکانی عیراق ئەکەن بەشێوەیەکی باش .. وە ئەم کارانە بێ گومان هەمو چالاکیەکانو کردارە پێشکەوتوەکانی دەزگاکە دەر ئەخات ، وە ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوە کە پێویستیو داخوازیەکانی ولات بێنێتە دی .

— باوکی ئەفین —

پاشماوەی : لە جیاتی سەرۆك بەگر ...

کانی پڕ لە سەلیباتی ڕەنەزا- یەتی نیە ، وە ئەوەندە مەترسی ناریکەرانەی بۆ سەر چارەنوسی عەرەب نیە ، وە زیاتر لە هەموشتێك هەڕەشە لە ئاشتی جیهانو بەهای شارستانیتی- یەنەی ئەکات .

هەر وەها سەرۆك لە وتارد. کەیا ئەلێ : مێژوی عەرەب پڕ لە تاقیکردنەوەو عیبرەت وەرگرتن ، ئیشتمانی عەرەب چەندان شەپۆلی داگیرکارانەی بەسەراهاتوە کە هەمویان لە سەر ڕەگەزایەتی ئایینی- یان نەتەوایەتی بون ئەمانە سەرد- ڕای شەپۆلی ئیستیعماری کۆن ، بەلام هەمویان هەر لە ناوچون ئەویش لەبەر یەك شت ئەوەیە کەئەتەوەی عەرەب هەستی ئەکردو بە بەربرسیا- رتکی مێژویی و مرۆڤایەتیەوە لە دژی ئەو داگیرکارانە تێئەکۆشا کە ئەمەش بەشێکە لە بەیامە شارستانیتی یەکەی .

روداوی سیمیناره فیکریەکە لە بارەی زایۆنیزمەوە

دوای ئەوە هاوڕێ دکتور زید حیدر سەرۆکی لیژنەی ئامادەکردنی کونگرەکە وتارتکی خوێندەوە ستایشی ئەو بەیەك کەیشتنەی خاوەن بیرانی جیهانی کرد کە لەو کونگرەیەدا کۆبونەتەوە وتی ئەمە کردارتکی خاوەن بیرانەی بیرۆزە لەنێوان خاوەن بیرو لیکزالەرەوەو راکەیەنەرە عەلبزیردراوەکانا کە لە دژی ئەو ڕەگەزایەتیە خەبات ئەکەن کە زایونیزم یەکێکە لەروکارەکانی .

ئەمەش دەقی وتارەکەی هاوڕێ دکتور حیدەرە :

بەرێز نوێنەری سەرۆکزمار خەباتکێر احمد حسن البکری بەرێز .. مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی

شورش .. میوانە بەرێزەکان .. خوشك و برایانم .

لیژنەی ئامادەکردنی کونگرەی فیکری لەبارەی زایونیزمەوە بێ ئەوەی لە جوانترین بەخێرهاتنتان بکات لەم شارە پڕ لە میواندارتی- یەدا ، وە داوای سەرکەوتنی کونگرەکەتان ئەکات .

ئەموتان ئەزانن بڕیارە تایبەتیەکەی ئەتەوەیە ئەکرتوە- کان کەزایونیزم بەجولانەوە- یەکی ڕەگەزایەتی دانەنێ- وماملەکردنی لەسەر ئەم بنافەیە سەرەتایەکی مەعنەویا- نەی کرتك پێك دێنێ بو راستکردنەوەی دوا ڕۆژی . ئەو دواڕۆژەی کە بەستراوە بە خەباتی گەلانی جیهانەوە لەدژی ئیمپریالیزمو ڕەگەزایەتیو جەوساندنەوە .

بێگومان هەر وەکو ئێوە هەستتان کردوە ئێمەش هەستمان کردوە کە ئەم سەرکەوتنە دیلوماسیە سیاسیە مەعنەوی داریە لە مەسەلەی عەرەبو خەباتی مرۆڤانەدا لەدژی ڕەگەزایەتی ئاستی لێبرسینەوە لەسەر ئەو خاوەن بیرو لیژنە دەرەوە ئازادیخوازانەی جیهان زیاتر ئەکات کە بەشداری دروستکردنی ئەو بڕیارەیان کردوە لەکاتی نوسین و بەشداری کردن لەگەل شورشگیرانی کەلەکەمانو هاندانی خەباتی سەختی درێژ خایەنیان .. زۆربونی ئەم ئەرکی لێبرسینەوەیەو ئەو ڕو بەڕو بونە لیجابیانە داهێنەرا- نەی کە کرتکی قولی بناغەی زانستیانەو فیکرکردنەوە لەم بڕیارە مێژوییەداو بلاوبونەوەی بێ قایلبونی بەشێوەیەکی فراوان لەجیهانا فەرزی ئەکات ئەمانە بیرکردنەوە لەم کونگرە- یانەو بەشداری کردنی ئیوەیان دامەزراند وە بانگکردنتان بۆ بەشداربونی کردارتکی ڕێز لێنانەیە لەلایەن بەشدار بوانی لیژنەی ئامادەیی یەوە ، کە بەشداری سەرکەوتنی مەسەلەی مافی کەلی عەرەب ئەکەن لەئەلەستینەوە ئاوەڕۆکی ڕەکەزایەتی زایونیزم ئەخەنە ڕوو . وە لە مەودواش زۆرتر بەشداری ئەکەنو قوربانی ئەدەن لەم ڕێگایەدا .

داوای سەرکەوتنی ئەم بەکرکتە فیکریە بیرۆزە ئەکەین لەنێوان ئەو خاوەن بیرو لیکزالەرەوەو ڕاکەیەنەرە ئیشکەرو دیاری کراوە هەلبژیردراوانەدا کە ئەم مەسەلەیە بە مەسەلەی شوەی دومی سەدەی بیستەم دانانین ، وە لە دوا ڕۆزدا لەبارەی کۆڕینی ئەم ڕووسە فیکریەوە یارمەتیتان ئەدەین کە خزمەتی مەسەلەی مافو دادپەروەری بکاتو مەسەلەی دادپەروەرانەی هەمو گەلانی جیهان سەر بخات .

زایونیزم بەر بەچدانەوەیەکی ئیستعماریانەو ئارەزوی ڕەگەزپەرستانە دروست ئەکات کەمەترسی بۆ هەمو کۆمەلگای ئادەمیزاد هەیە چونکە مەسەلەی ئازادی لەچیهاندا یەك مەسەلەیە وە ڕەگەزایەتی زایونیزم بەیوەندی ناوخۆی کۆمەلگاکان ژاراوی ئەکات کە بەشێك لە هاوولاتیان ئاینی جولەکەیان هەیە ، هەر وەکو ئالۆزی ئەخاتەناو پەیوەندیی نێوو دەولەتیەکانەوەو هەڕەشە لە ئاسایشی دەولەتان ئەکات ، جگە لە چەندان ئەنجامی سامناك کە بە کەلی عەرەبی فەلەستینو ئەتەوەی عەرەبی ئەکەیەنێ .

کەلەکەمان کە چەندان قوربانی داوەو بەشداری ئازادیخوازانەی مرۆڤانەی کردوە زۆر بەگرنگی سەیری کونگرەکەو تێکۆشانەکەتان ئەکات وە لە دوا ڕۆژدا ئەم هەلوێستە لیجابیانەتان فەرامۆش ناکات .

لە کۆتایی ئەم وتەیەدا بەباشی ئەزانین ئەوە بێنینەوە یاد کەلیژنەی ئامادەکردنی ئەم کونگرەیە لە نوێنەرانی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبو زانکۆی بەغداو مەلبەندی لیکۆلینەوەی فەلەستینو دەزگای لیکۆلینەوە فەلەستینیەکانو ئەنجومەنی ئەخشەکێشانی فەلەستینو بەرەی عەرەبی هاوبەشی بۆ شورشی فەلەستینو جامیعەی عەرەب پێکهاتوە وەزیاتر لە سەدو هەشتا کەسی ئاوداری ٤٦ ولات کەبریتین لە لیکۆلەرەوان و ڕەخنەگرانو پیاوی ڕاگەیاندن میوان بەشداری ئەم کونگرەیە بون .

ئەنجا لەم ڕووەوە بە کەلکی ئەزانین سوپاسی هەمو ئەوانە بکەین کە هەولی سەرکەوتنی کونگرەکەیان داوە وە زۆر ڕنژی کۆمەلی سکرتارتی کونگرەکە ئەکەین کە زۆر هەولیداوە کە بە شێوەیەکی شیاو ئەم کونگرەیە ڕێك بخات هیوادارین کە تا ئەمرۆکە بتوانین وئینە بوین بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکە کە گرنگترین و بایەخدارترین مەسەلەی ئەم چەرخەیە .

دیسانەوە سلاوتان لێ بێ .. دوای ئەوە دکتور طه ابراهیم عبدالله سەرۆکی زانکۆی بەغدا بەو شێوەیە کە لایەنێکی داواکارە بۆ بەستنی کونگرەکە وتی : ئەو تەفەللادانە فیکریو بیروڕای زانستیانەیەکە کونگرەکە نواندی ڕتبازتکی مێژویی گرنگی ئەبێ بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەسەلانەی کە دەولەتان بایەخی بێ ئەدەن وە لایەنە سیاسیو کۆمەلایەتیو ئابوریەکانی جولانەوەی زایونیزمی ڕەگەزپەرست دەستنیشان ئەکات .

هەروەها وتی ئەم کۆبونەوەیە هەستی زاناو خاوەن بیرەکان دەرئەبڕێ کە پێشوازی بانگەوازی زانستیانەو هەست بە ئەرکی مرۆڤایەتی کردنی ئەکاتو خزمەتی ڕاستیو مێژو ئەکات لە بواری لیکۆلینەوەی ئەم دیاردە فیکریەدا کە زایونیزم داوای ئەکات .

وە لە زانراوە ئەو گونگرەیە کە تاکو دوازدەی ئەم مانگە، ئەخایەنێو ٣٠٠ کەسی زاناو خاوەن بیرو ڕۆژنامەنوس کە نوێنەری ٤٦ دەولەتی عەرەبو بێگانەن لەسەر ٣٨ باس ئەکۆنەوە تیایا کە پەیوەندیان بە ناخی تاوانباریو کرداری زایونیزمی ڕەگەزپەرستەوە هەیە لە فەلەستینی داگیر- کراوا .

کۆبونەوەی ئیوارانی سیمیناره کە ...

بێری ئیوارە لە هۆلی ئەل- یەکەم کۆبونەوەی کارکردنی کونگرەی فیکری لیژنەی زایونیزمەوە دەستی پێکرد کە بێری پەیانی کرایەوە .

هاوڕێ دکتور زید حیدر ئەندامی سەرکردایەتی ئەتەوا- یەتی حزبی بەعسی سۆشیا- لیستی عەرەبو لیژنەی ئامادەکردن سەرپەرشتی کوبونەوەکەی کرد .

بەشدارانی کونگرەکە لە ماوەی کۆبونەوەکەیانا کۆی یان لە جوار باس گرت کە لە لایەن مامۆستایان ـ ئەلسن تایلر ـ مامۆستای پەیوەندی دەولەتان لە زانکۆی ئەمەریکا لەواشنتون وە مامۆستا سید یاسین بەرتوەبەری مەلبەندی لیکۆلینەوەی سیاسیو ئیستراتیجی لە دەزگای ئەهرامی قاهرەیو پروفیسورەی سوفیتی میلینا مورد جینسکایاو ماموستا خالد القشطینی لە عیراق بیشکەش کرا .

ماموستا تایلر لە باسەکەیا کە بە ناونیشانی « زایونیزم لە نێوان نەزەریو جێ بەجێ کردندا » پێشکەشی کرد باسی مێژوی سەرهەلدانی فیکرەی زایونیزمی کرد هەر لە « هرتزل »ەوە تاکو ئەمرۆ ، وە وتی لەواقیعدا زایۆنیزم ئەو « ئیسرائیل »ی دروست- کردو سەرپەرشتی ئیشو کارەکانی ئەکات .

بەلام پروفیسورەی سوفیتی مورد جینسکایا باسیکی بە ناونیشانی « ڕەخنەی ئایدیۆلۆجیەتی ڕەگەزایەتیو زایۆنیزم » پێشکەش کرد ، وەوتی : ڕەگەزایەتی ئایدولۆ- جیەتێکی ڕەگەزپەرستی کوترانەی جینە کۆنەپەرستە- کانە کەپشت بە ئەسطورەی دز بەزانست ئەبەستێ لە بارەی « سەرکەوتن » یان « کەمکردن »ەوە یان هەولدان بۆ چەسپاندنی سیاسەتی ڕقو دوژمنکارانە لە دژی کۆمەلگای ئادەمیزادو بۆ یەکتر داگیرکردن .

دوا باسی ئەم کۆبونەوەیە مامۆستا خالد القشطینی عیراقی پێشکەشی کرد ، وە لە بارەی ڕیشەی ئایدیۆلۆجیتی ڕەگەزایەتی زایونیزمەوەدوا ، وە باسی مێژوی سەرهەلدانی ڕەگەزایەتی زایونیزمی کرد ، وە لەدوای تەواوبونی باسەکانی ئەم چوار لیکۆلەرەوەیە لە لایەن چەند لیکۆلەرەوەیەکەوە لە سەری دوان .. لە کۆبونەوەی سەر لە ڕۆژەی ئیوارەی بێری مامۆستایان نعیم حداد وەزیری لاوانو چەند لێبرسراوو میوانێکی کونگرەکە بەشدار بون .

وە دوایی بەیانیش کونگرەی فیکری دەربارەی زایونیزم لە هولی گەل لە بەغدا ، ڕێکی کاروباری بوەو چەند لیبوانیەوەیەك دەربارەی سروشتی فیکری ڕەگەز- پەرستانەی زایونیزم پێشکەش کرا .

باسو لیکولینەوەکان لایەن مامۆستایان « غسان العطیه »و « عابدین جبار »و « نیستیفان کورانوف »و « ئەلیزابت مانیو »و « عبدالوهاب المسیری »و « عدنان کامل »ەوە پێشکەش کراون .

ئا.د.ع

Institut Kurde de Paris

دایکی ئازیز.. منالەکەت بپارێزە ! منال ،

ئامادە کردنی
فوزیە فرەج جعفر

لەسێ مانگی یەکەمدا

لەم قوناغەدا (جەنین) کۆربەلە بە شێوەیەکی خێرا ئەورە ئەبێت ، و ئەبێتە مەخلوقێکی وا ئەتوانین بلین مرۆڤێکی بچکۆلەیە ، دڵی لێ ئەداو ئەندامەکانی هێشکو هەرس دروست ئەبن ، ئەندامی زاوزێ دیار ئەبێ و روی دیار ئەبێ (لە دووچاولوت و دەمو هەردوو گوێچکەو ، ئینسقانەکانی دروست ئەکاو کەشا ئەکەن)

ئافرەت لە مانگی خۆی گرنگی بدا بە خواردەمەنیەکانی ئەوەستێ لە سەرەتای سەلەم ماوەیەدا . هەروەها پرپوتەوە ، کە هەندێ دایک پێویستە خۆی بپارێزی لە هەست بە بورانەوەو سەرهەموو جۆرە شتێکی ژەهراوی و نێشان ئەکەن و گێژ ئەخۆن ، بەکار هێنانی و خواردنەوەی ئەگەر دایک لەم ماوەیەدا حەزی مەشروبات و جگەرەکێشان و ئەو لە جۆری خواردن کردونەی ئەخۆشیانەی ، کە توشی خوارد لامان وایە کە شێوەی (کۆربەلە) ئەبن ئەبێتە ئەو خواردنە لەسەر پێستی هۆی لەبارچونی ئەو منالە . منالەکە دەرئەکەوێت ، ئەمەش یاخود ئەو منالە توشی گێرو برواپەکی کۆئەو دورە لە تێکچوونی ئەبێت .

راستی .. بەلام ئەتوانین بلێین دایک بە تایبەتی ئافرەتی سک پر پێویستی بەخواردەمەنی هەیە ، لەبەر ئەوە پێویستە (کۆربەلە) کەورە ئەبێت و زیاد

لە مانگی چوارو شەشەمیدا

لەم ماوەیەدا قەوارەی ئەکاو منال لەم کاتەدا دیاری ئەدا بەتایبەتی لە مانگی پێنجەمیدا دەست ئەکا بەجولان و جولانەوەی زیاد ئەبێت کە دایک هەستی پێ ئەکات و کێشی لەم ماوەیەدا بەرزئەبێتەوە نزیکەی نیو کیلو ئەکێشێ . لەم قۆناغەدا نیشانەکانی سک پربون بە ئاشکرایی دەرئەکەوێ ، نێتر دایک توشی بورانەوەو گێژبون نابێ . لێرەوە خواردەمەنی باش پێویستە . بەو مەرجەی دایک ئاگاداری ژەمی ئەو خواردەمەنیانە بکاوە پێویستە زیاتر زیادە خۆری ئەکا ، چونکە کێشی زۆرئەبێت و ئەوەش ئەبێتە هۆی ئەوەی توشی هەندێ تەنگەژەو چەلەمە بێت لە کاتی منال بوونا .

لە مانگی حەوتەمەوە تاوەکو رۆژی منال بوون :

بە شێوەیەکی زۆر خێرا کۆربەلە کێشی زۆر ئەبێت و لەم ماوەیەدا قژی سەری دەردێ و برۆکانی و نینۆکەکانی دیاری ئەداو لە نێوان مانگی نوهەمیدا کێشی ئەگاتە دوو کیلۆگرامو یان سێ کیلۆگرام .. درێژی لە نیوان ٤٥ و ٥٠ سانتی مەتردا ئەبێت ، کە ئامادەی رۆژی چاوەلێنانی و هاتنە دنیاوە .

پێویستی سەرشانی دایک لەم قوناغەدا ئاگاداربونی ژەمی خواردەمەنیە کانێتی پێویستە ئەشەویات و خۆی زۆر تیانەبێ ، وە هەوڵبدا کێشی لەوە زیاتر بەرزنەبێتەوە کە تیایدایە . هەروەها پێویستە

بڕوات ، چونکە رویشتن لەم ماوەیدا باشە ، هەروەها دورکەوتەوە لە هەلگرتنی شتومەکی قورس و پێویستیشی بە پشودان هەیە .

چەند ئامۆژگارییەک بۆ نافرەتی سک پر :

١ ـ پێویستەو باش ئەوەی دڵنیا ئەبێت لەوەی سکی پرە ، سەربدا لە پزیشک یان مامانێکی رێگایێدراو ، بۆ ئەوەی زیاتر ئەو دایکە دڵنیا بکا لە سک پربونی .

ب ـ پێویستە ژنی سک پر :

ـ فەحصی خوێنی بکا .
ـ جاودێری کێشی بکا لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر .
ـ فەحصی میز ، بەتایبەتی لە قوناغی کۆتایدا ، بۆ ئەوەی چارەسەری بکرێت لە مەترسی کردنی : زلال و شەکرەو ئاوسانی بۆری میزکردن .

ـ فەحصی منالەکە لە ناو منالدانا ، بۆ ئەوەی چارەسەر بدۆزرێتەوە بۆ هێنانە دەرەوەی لە کاتی بوونیا بە شێوەیەکی ناسروشتی .

ـ پێوانی بارستای خوین پەیتا پەیتا ، بۆ ئەوەی لە ئاوسان و هەوکردن دورکەوێتەوە هەروەها نەخۆشی گورچیلە .

٢ ـ خواردەمەنی و جۆرەکانی

أ ـ هەروەکو لە پێشەوە باسمان کرد پێویستە ئافرەتی سک پر بایەخبدا بە خواردەمەنیەکان خواردەمەنی باشیش مەبەست لە زۆری خواردن نیە ، بەلکو بەپێ توانا و گرنگی دانە بە جۆرەکەی بەتایبەتی ئەو جۆرەی پروتینات و فیتامینانی زۆریان تیدایە .

ب ـ خواردەمەنی پێویست و بە کەلک :

ـ شیرو پەروبومەکانی ماست و پەنیرو ماستاو .
ـ گوشت و میلکەو ماسی و جگەری حەیوان و باقلەو نۆکو نیسک .
ـ سەوزەی کازە یان کولاو بەمەرجێ زۆر نەکولێنرێت . بۆ ئەوەی فیتامینەکەی ون نەکا .
ـ میوە ، بە تایبەتی ترشی وەك پرتەقال و نارنجی کەورەو سیۆ .
ج ـ پێویستە ئافرەتی سک پر بەپێی توانا ئەم جۆرە خواردنانە کەم بکاتەوە :
ـ ئەشەویات کە لە نان و برنج و مەعکەرونیاو تیشی هەویرو شیرینی بەهەموو جۆرەکانیەوە .
ـ رۆنو کەرە .
ـ خوێ .
ـ بەهاراتی تیژ .

٣ ـ پشودان :

پێویستە ئافرەتی سک پر پشوی تەواو بدات ، بە تایبەتی دوای نانی نیوەڕۆ رابکشێ یان کات ژمێری پنوێ ، و شەو زو بچێتە ناو جێگا ، هەروەها پێویستە چ لە روی لەش و بیرو سۆزەوە خۆی هیلاك نەکا بە درێژایی سک پربونی .

٤ ـ کارکردن :

ئەبێ زۆر بڕوات ، باشترین وەرزشە بۆی ، بە تایبەتی لە هەوای پاکژداو دەرەوەی شار .

ئافرەتی سک پر پێویستە ئەمانەی خوارەوە دورکەوێتەوە :

١ ـ دەرمان :

نابێ هیچ جۆرە دەرمانێ بخوات ، هەتاوەکو پزیشك یان مامانی رێگایێدراو پێی نەڵێ ، چونکە لەوانەیە ، هەندێ دەرمان کەوسەی ، زەرەمەندی تیابێت و ئەبێتە هۆی لەبارچونی منال یان توشی نەخۆشی نەکا .

٢ ـ وێنەگرتن بەهۆی تیشکەوە (الاشعة)

لە کاتیکا سک پر نەخۆش ئەکەوێت لەوانەیە پزیشك ئەشعەی بۆ بنوسێ لەبەر ئەوە پێویستە پزیشك ئاگادارکا کە سکی هەیە ، چونکە پزیشك ئەزانێ کە (ئەشعەی ئیکس) زیان ئەدا بە (کۆربەلە) ئەبێتە هۆی تێکدانی گیانی .

٣ ـ بەکارنەهێنان و نەخواردنەوەی مخدەرات و مەشروبات .

٤ ـ نەخۆشی :

پێویستە خۆی دورخاتەوە لە نەخۆش و نەچێتە سەردانی نەخۆش و ئەو مالانەی نەخۆشی تافرەتی سک پر نەتوانێ لەسەر کارەکانی رۆژانەی خۆی بروات ، کە پێش سک پربونی پێی هەلدەسا ، لەگەڵ ئەوەشدا تیایە ، هەروەها ئاگاداری خۆی بکاوە نەخۆشیانەی زوو ڕاو ئەبنەوە ..

بە تایبەتی لە مانگی یەکەمی سک هەلگرتنیا کە ئەبێتە هۆی تێکچونی منال یان لەبارچونی .. گرنگترین ئەم نەخۆشیانەش سوریژەی ئەلمانیە ، کە لێوەی توش ئەبێت و لەوانەیە ئەو منالە بە کوێری ببێت یان تێك چوبێت .

٥ ـ جگەرەکێشان

بەهەچ جۆرێ بێت هەوڵ بدات خۆی لە جگەرەکێشان دوربخاتەوە ، چونکە باسی زانیاری ئەوە ئەگەیەنن ، کەوا ژنە سک پرە جگەرەخۆرەکان ، منالی بچوکیان ئەبێت .

٦ ـ قۆندەرەی پاژنە بەرزو جل و بەرگی تەسك .

پێویستە قۆندەرەی پاژنە بەرز لەبێ نەکا ، کە ئەبێتە هۆی هیلاکی و ماندوبونی لەکاتی رۆیشتنا ، توشی نازارو ناخۆشی ئەکا ، هەروەها دورکەوێتەوە لە لەبەرکردنی جل و بەرگی تەسك . چونکە رێگای سوزانەوەی خوێن ئەگرێ بە شێوەیەکی رێك و پێك و تەندروستیانە ناسوڕێتەوە ، هەروەها کارئەکاتە سەر جەنین (کۆربەلە) .

٧ ـ توڕەبون :

پێویستە لە هەموو شەڕو پێکداچونێ توڕەبونی دورکەوێتەوە . ئەمانە هەمووی کارئەکاتە سەر مێشك و لە ناکامدا مێشکی ئەو (کۆربەلەیەش) توشی نازاردێت .

٨ ـ بەرزکردنەوەی شتی قورس :

هەروەکو ئەوەی ئەو ئەیکا ، ئەبێتە هۆی هیلاکی و ماندوبونی لەکاتی رۆیشتنا ، توشی نازارو ناخۆشی ئەکا ، هەروەها دورکەوێتەوە لە لەبەرکردنی جل و بەرگی تەسك . چونکە رێگای سوزانەوەی خوێن ئەگرێ بە شێوەیەکی رێك و پێك و تەندروستیانە ناسوڕێتەوە ، هەروەها کارئەکاتە سەر جەنین (کۆربەلە) .

٧ ـ توڕەبون :

پێویستە لە هەموو شەڕو پێکداچونێ توڕەبونی دورکەوێتەوە ،

بەیارمەتی ئێوە

پێویستە توانای هەر یەکێك لەئێمە وبۆبنیادنانی عیراقێکی پێشکەوتو بخرێتەکارو هەرهەوڵایەك ئارەقی ڕەش و شینی بو بڕژێ ..

عیراقی ئێمە ، پێویستیەکی ژۆری بە بازوی بەهێزی ڕۆڵەکانیتی . بۆ ڕامالینی باشکەوتن و نەخوێندەواری و باشەڕۆکەکانی هەژاری و لە پێناوی ژیانێکی پێشکەوتوی ئاسودەدا .

ئەمە ئەلێم و چاوم لەوکەسە ، سەر لێشێواوو پەراگەندەو بێکەڵکانەیە ـ هەرچەن ژۆریشن ـ ژۆربەی کاتی دوای نیوەڕۆیان بەیاری (تاولی) و (دزمینە) و شتی وا نەکوژن ..

هەروەها لە مەیدانی ئەخشەکێشانی کشتوکالی‌یەوەو دانانی ئەخشەی کشتوکالی سالانـــەی‌کشتی ، دەزگا کشتوکالیـــە بەرزەکـــان شـــێوازێکی‌دیموکراتیانەی زانستیانـــەیان دامەزراندوە کە بەپێتە بنکـــەی‌سەرکەوتنی کونگرەی کشتی کشتوکالی سالانە •

لـــە ماوەی ســـالی پاروئەمـــالدا بە شێوەیـــەکی دیموکراتیانە لە بارەی دانانی‌ئەخشـــەی کشـــتوکالیەوە کۆڕاواەتەوە ، وە بۆ یەکەمین‌جار لە سالی ڕابوردوا بڕیار درا کە کونگرەی کشتوکالی لـــەهەموو پارێزگاکاندا بکێرێ بـــۆ ئـــەوەی ئەخشـــەی کشتوکالی‌ئامادە بکەن‌و پێشکەش بـــە پینجەمین کونگرەی کشتوکالی‌سالانە بکرێ •• ئـــەم ســـال کەلێك کونگرەی کشتوکالی لەقەزاکاندا بەسترا بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر پێشنیارەکانی دەزگـــاکشـــتوکالی‌و ڕێکخـــراوە فەلاحیەکـــان‌و ئەنجامەکانیان‌بدرێ بە کونگرەی پارێزگاکان‌و ئەویش بە نۆبەی خری ئەخشە کشتوکالیەکان‌و ئامۆژگاریەکان پێشکەش بـــە شـــەمین‌کونگرەی سالانەی بکات کـــە بڕیاروایە لە سەرەتای مانگـــی کـــانونی یەکـــەمی داهاتودا ببەسترێ •

بە جێ‌کەیاندنی ئەم شێوازەدیموکراتیە لـــە بارەی دانانی ئەخشەی کشتوکالەوە ڕەوتێکی‌تازەیە لـــە ڕێ‌ڕەوی کـــەرتی کشتوکالدا کە پێویستە هەموجۆرە زانیاریەکی لەبـــارەی واقیعی ناوچە کشتوکالیەکانەوەتیـــا بدرێ‌ی وە پێویســـتی‌و داخوازیەکانیان بخرێتە نـــاو ئەخشەکەوە • جێ‌ئە لەوەی کـــە بـــە شێوەیـــەکی مەرکـــەزی ئەخشەکـــان دابنرێ‌و بـــەبێ مەرکەزی جێ‌بەجێ بکـــرێ ••وە کردنـــەوەی دەزگاکـــانی سەرەکایەتی ناوچەکشتوکالیەکان لـــە پارێزگاکاندا نازادی جولانەوەی ئـــەم دەزگایانەوباشترین شێوازی ئیش‌کردن بەدی‌دێنێ لـــە پێنـــاوی سەرکـــەوتنی بەدی‌هێنـــانی ئەخشە کشتوکالیەکان •

کانی بەستنی ئەو کونگرەکشتوکالیانە لە پارێزگاکانـــدا کە لـــە ڕوزی ٢٠ی مانگـــی‌ڕابوردوەوە دەستی‌پێ‌کـــردوە شەن بەشانی ئـــەو کوبونەوەوسیمینارانەی کە لـــە بارەی زۆرکردنی بەرهەمەوە بەستران‌ئەڕوات ، وە زۆرکردنی بەرهەم ئەبێتە پالپشتی چالاکی کەرتـــەکشـــتوکالیەکان‌و دیـــاردە سەلبیەکـــان‌و هۆیەکـــانی کەمبونەوەی بەرهەم لەنـــاو ئەبات بـــە پێ‌ی ئامۆژگاری‌ودروشمەکانی ئەم قۆناغە ••

ڕاپورتی سیاسی هەشتەمین‌کونگرەی قوتری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب لە بارەی فـــراوان‌بونی کەرتەکـــانی سوشیالیستی‌یەوە لەکشتوکالدا‌وانە کێڵگەکانی‌دەو ئەت‌وکێڵگە هەرەوەزیەکان ، هـــەرەوەزکاریەکان ـ پێشکەوتنی بـــەو شێوازەی کە کەرتەکان تیایاسەرکەوتو ئەبن دەستنیشان کردوە •

بایەخی کونگرەی شەشەمی‌کشتوکالی ســـالانە ئەوەیـــە کەرتی کشتوکالی پێش‌ئەخات‌وروپێویتکی زۆر لە ڕێگای کەرتە کشتی‌یەکان‌و کۆمەلیەکانەوەبەجێ ئەهێنێ ، وە شـــێوازی زانستیانەو تەکنولوجیاو بەینی‌کیمیـــاوی‌و پشـــکەوتنی بەروبومی ئارەل بەکار دێنی کەلەگەل ئامانجـــی ڕاپورتی سیاسی‌دا لەم ڕووەو بەونجێ‌کە ئامانجی ڕزگردنی بەرهەم هێنـــان‌و پێگەهێنـــانی بەختەوەری‌یە بۆ فەلاحەکـــان‌و دەستاوبردکردن لە کۆڕانـــەسوشیالیستی‌یەکانی لادێ‌ا •

شۆڕشگێڕانەی میژوویـــی‌دا کە شێوازیکی جۆرەکـــی دیاری هەیە ، بنکەی حزب‌و کادیرەکانی‌و دەزگاکانی دەولـــەت ، مەسئولیەتی ڕاستەو خۆیان لە سەرە لە ڕابەڕاندنی بەرنامەی شۆڕشدا کە سەرکردایەتی ، بە ئاشکرا دیاری کردوەو مەولیکی بێ شوماری چـــڕی لە ڕووی بیروباوەڕو کردەوەوە ، داوە بۆ دانانی ئەخشەی مەرکـــەزی‌و دیاری کردنی ڕێ‌ی ڕابەڕاندنی بەرادەیەك هەتا چونە نـــاو شتەبچوکەکانیشەوە بـــا مەبەستی چاکردن‌و بـــاش کردنیان ، لەبـــەر ئـــەوەی ئەرکەکانی تێکوشـــانی نیجابی قۆناغی داهاتو لە دوو لایـــەنی سەرەکی‌دا دیاری ئەکرێن :

یەکەم : بوونی لایەنی کاری بەردەوام‌و داهێنەر ، بـــەردەوام زیدکردنی بەرهـــــەم‌و پەرەپێدانی‌و هەموو پێویستیەکـــانی بەهارهێنانی ژیرانەی ڕۆژ ٠٠ ودانانی ئەخشەی فراوان کە ئەرووی ڕاهێنـــانی کەرتی‌و مەیدانیدا بۆچـــونی ئشتی سەرکردایەتی حیـــزب بنوێنن • لێرەوە پێویســـتی سەرلەنوێ خوێندنـــەوەی ڕاپورتی سیـــاسی بەشێوەی بەرفراوان‌و لیبرسینەوە ، لەگەڵ زخشەی تێکرایی بو هەمـــوو کەرەتەکان لەبەر ڕووناکـــی مەرقەما لە کاروبـــاری شۆڕشگێـــڕانەداو لـــە دورکەوتنەوە بەپێ‌ی توانـــا لەوتنەوەی وەك « توتی » کـــە لە ڕاپورتی سیاسی‌دا هاتوە • بەتەکیەوە بە نیـــازی بروپاکەندەو خۆدەرخستنی • چونکە ڕاپورتی سیاسی ، نیشانەی ئەساسی‌و هێڵـــی فراوانی کاروانی گـــورانی شۆڕشگێڕانـــەی نە دامو دەزگاکانی دەولەت‌و کۆمەڵـــدا دیاری کردوەو ئەهێنێتـــەوە ، مەسئولیەتی بنکەی حـــزب‌و دەزگاکانی دەولەت‌و ڕێکخراوە ئەلی‌و پیشەیی‌یەکان بۆ دانانی ئەخشـــەی تێکرایی‌و بـــە سەرکردنەوەی جێ‌بەجێ‌کردنی ئەو مەبەستی کۆڕینی بەرنامەی ڕاپورتی سیاسی بەکـــاری بەکردارو لەبەرچاو •

دووەم : لایەنی تێکۆشـــانی فیکری بەردەوام بۆ چەسپاندنی بایەخی خووی شۆڕشگێڕانـــەو ڕۆشـــنبیری سۆشیالستی‌و بلاوکردنەوەی شێوازی ساوکی نوێ‌ی وا کە لەئەنجـــامدا ئامانجی دروست‌کـــردنی ئینسانی سۆشیالیزم خوازی بەتوانا بێ لەپاراستنی کۆمەڵی نوێ‌و بتوانـــی بـــەڕووی خووڕەوشتی دواکەوتـــووو سلوکی نومڕاو پوچـــەڵی واشدا بوەستێ کە لەئـــەنجامداو هاتنەکایەی شۆڕشگێڕانەماندا‌و لە بنیاتنان‌و پێشـــکەوتندا ئاگۆنجێن •

– هـ ••• و ••• –

لە ئاسۆی ئەدەبدا

رەش‌وسپی ● صلاح احمد ●

● کۆمەڵێش وەکو هەموو شتەکانی تری ئەم ئەردوونە .. رەشی هەیە و ، سپیی هەیە ..

● جۆرێك لەم رەش‌وسپیانەش ! ڕێبازی بەڕاڕانج مەبەست گەیشتنەدا دەرئەکەوێت .. خەڵکی وا هەیە هەر کە سەیرێکی دەورووپشتی خۆی کردو ، بینی کەسانی و هەیە لەلایەکەوە ـ بان چەندلایەنێکەوە ـ لەبێش ئەوەوەن .. ئیتر ئەمۆزوبیللا ، یەکودووی لێناکات و ، بەبێ ئەوەی بزانێت ئەوان بەچ جۆرێك بەوبلەیە کەیشتوون .. کام ڕێگە ئاسان‌و لەبارو حازر بەدەستیانەیت ، بۆ پێکەیشتنی زووبەزووبی ، لەیکرێتە بەرو ملی بێوە ئەنێت .

● رەنگە جاری وا هەبێت‌ڕێگا ئاسان‌و حازر بەدەستانەی ڕێگایەکی رەواو چاکیش بن ، بەڵام لەزوربەی‌زۆری جاریکا دا بەڕێبەوانەوە ، لەسەر حیسابی« پاکی »و بەختەوەریی ئەوانی تر ئەبێت‌و وێڕدان ئەبێتە« ماوە » یەکی بێ‌کەڵك‌و لە ڕاجخانەی چاو چنۆکیداهەوەل مەزاد ئەکرێت .

● ئەم کارەساتە نامرۆڤایەتییانە لەناو ئەدیبانیشدا ـ وەکو بەشێکی کزمەڵ ـ هەیەو ، بەردەوام لەزیادبوندا زۆرئی ئەبینو ، لەگەڵ هەموو« رەش » ـەکانی تردا جیاوازی ئەکەیشەوەو .. ئەبانناسین .

● بۆ نموونە : ئەدیبێك ساڵەهای ساڵ هەوڵ و کۆششی شەرەفمەندانەو دلسۆزانەبەئەو پەڕی پاکی‌و لە خۆبوردنەوە ئەدات‌و ، هەموو جۆرەسوودێکی تایبەتیی‌خۆی ئەخاتە لاوەو .. هەر چی ئازارو غەم‌وناخۆشیی ژیان هەیە ، بە ئەو پەڕی لەسەر خۆیی‌و ـ دلفراوانییەوە ئەیگرێتە کۆیەوەو .. هەزار قسەو قسەڵۆك بشتگوێ ئەخات ، تا وەکو ئەوەی باوەڕی بیەتی بەڕاستگۆیی‌و شۆڕشگێڕییەوە پێشکەشی مرۆڤایەتیی بکات‌و ، ئەرکی مرۆڤایەتییانەی خۆی لەم ماوەکورت‌و کەم فرسەتەی‌ژیاندا پێشکەش بکات‌و ، بەدڵێکی رەزامەندو وێژدانێکی ئازادەوە سەربنێتەوە ... ئەك بۆ ئەوەی لەناو گرەی هەیت‌وهووتی چەندلەرزان‌و ئاڤەرینی بێ‌وێژداناندا بژێت ..

● کەچی سووکو ئاسان چەند کەسێکی « رەشن »ی حازر خۆری‌بەر سێبەر لەئەشکەوتێکی« رەش » ـەوە لێی ڕائەبەرن‌و بەیتا بەیتا خۆیانی لێ‌ئەسوون‌بۆ ئەوەی بەرەنگەکەی خۆیان بیلەوتێنن‌و ناجاری بکەن سەربۆ « کلیشە » حازر بەدەستەکانیان شۆڕبکات‌و ، لەرووی مەقەستەکانیاندا وەکو شۆڕەیی بۆ بەرچ کردن‌و هەڵیساچین سەرشۆڕ بێت‌و .. عیسایەکی کەبێت بۆ لە چوارمێخەدانی هەلاج کۆژەکان .

● بەڵام هەیهات !.. ئەدیبی راستەقینە هەمیشە ئەو کەسە بووە کەملی بۆ هیچ جۆکەمێکی هەرەمەکیی باو شۆڕ نەکردووەو .. تەواو دڵنیابووە کە ئەگەر لەناویشی بەرن « هێشتا زەوی هەر بەدەورەی‌خۆردا ئەخولێتەوە » .. چونکە ئەدیبی پاك بەئاسانی ئەتوانێت حەقیقەتی ناوەوەی خۆی بیشان بدات‌و ، دەنگی زوڵاڵی‌خۆی بەسەر دەنگی دەهۆڵە بۆشەکاندا زاڵ بکات‌و بیگەیەنێتە گوێی هەموو شەبدا یەکی ئەم گەردوونە ..

● گومانیشمی‌تیا نییەمرۆف‌ئەگەر بیەوێت دەست بۆ خێربەرێت ، ئەبێ لە هەمووشتێکی بەنجەکانی نەترسێت‌و ، لەرووی تەپ‌و دووکەڵی ناساو لەنێز بەدەستەکانی شەودا چاو نەبرووکێنێت ، چونکە رازی‌کردنی وێژدان ئەوەندەش کارێکی ئاسان نییەو بەپرچانتایەکی رەش لەخۆ هەڵکێشان بەدی نایەتە‌و ... غەمی‌ئەوبێت‌و دەردی سەرێ .

جانازانم تۆ چی ئەڵێیت ؟!

لیهاتووی چیرۆکنووس

بەبەندە بەجۆری داهێنانەوە

فۆکنەر

شتاینبیك



هەمەنگوای

ئەوەی کە چیرۆك نووسی نوێ بایەخی پێ‌ئەدا ، دیاری کردنی شوێن‌و جێگای دیاری هەمیشەیی خۆیەتی لەبزوێنەوەی ئەدەبیاو ئەشیەوەی بونی ئەو شوێن‌و جێگەدیارەی بەبوونەنی نوندوتۆڵی بەو بەرهەمە بەرگەوەوەبێ پێشکەشی ئەکا ، کە توانای ئەوەی ئەبێ قەوارەیدا هێنانی بیارزی‌و لەئەڵ ئەو بارەدا بەوبچێ کە چۆن بەقوێ جوڵانی ڕاقیع‌و بەردەوامیەوە ، ڕو ڕەنگ دەڕۆیێ‌و ، ئەو بەرهەمش توانای کارتێکردن‌و ڕەنگ کردن‌و وەلامدانەوەی هۆیەکانی داهێنان‌و نوێ کردنەوەی لە هونەردا هەبێ ، کەواتە ، دیاری شوێن‌و جێگای چیرۆك نووس ، ئەگەر بەرهەمی دیاری لەئەڵ ئەبێ بێ‌مانایە ، ئەو ئەبوو ، مانای ئەوەیە ، بەرهەمی جوانی وا نابێ کە لە توانایا بێت کاربکاتە سەر وێژدانی‌و ئامای خوێنەرو ئەو سودەی پێ‌بکەیەنێ کە بیگەیەنێتە « حقیقەت »یان ڕو ئەوسەتە مرۆڤایەتیەی بیرۆك نووس هەوڵی هێنان‌و ڕون‌کردنەوەی ئەدەکەی ئەدا ، وابەبێ ، دیاری شوێن‌و جێگا .. وەك دیارنە بوون‌و هەر نەبوون وابەبێ .

ئەمڕۆ ، بەرهەمی ئەدەبی وا بڵاوئەبێتەوە کەکایە کورتە چیرۆکی‌و زۆر شوێنیان لە زوریەی ڕۆژنامەو گۆڤارە ئەدەبیەکاندا بڵاوکردۆتەوە ، ناوبەناویش کۆمەڵە چیرۆکی چیرۆك نووسەکان دەرئەچن ، ئەوە دەرئەبڕن کە زۆر لە نووسەرەکانی عەولی ئەوەیانە خۆیان وەك نووسەر بێنە بێشەوەو هەڵ لەفراوانی ماوەی بڵاوکردنەوەو « بارە » وەرئەگرن وەك ڕێگایەك بۆ مارەسەی نووسین‌و بڵاوکردنەوەی‌بەناوی « داهێنانەوە » بەسەرخەڵکا ، ئەمانە هەمووی مەعقوڵو زەوان‌و گرنکیشن ، گرنگیە کەشی لەوەدایە ، باوەڕمان بێ‌سنوور بە باشەڕۆژە ، باوەڕیشمان بە وەرزی دەم‌کردنەوەی (گوڵەکان)ە . بەڵام لەمانە هەموو گرنگتر ئەوەیە ، پێویستە ، زۆر وریابین‌و چاوەڕان‌لەو بنەرەتەبێ کە متمانەی پێ‌ئەکرێ‌و چاوەڕان لەو ڕوناك بیریەبێ کە لە گەشتی فیکریماندا پشتی پێ‌ئەبەستین .

ئەوەی بە چاپکراوی لەسەر « کاغەز » ئەبینین‌و کە پێویستە « کورتە چیرۆك » بێ‌پێویستە « هونەری تیایێ بۆ ئەوەی وابێ ، پێویستە مەرجەکانی « ڕەسەنی » تیا تەواوبێ ، کەئەمەش وا ویست ئەکا بەرهەمی ئەدەبی ئەو « ئاقی کردنەوەیەی » وەسەری بیابێ کە خوێنەر بەسەر شێوەیەك بێ ئەیهێنێتە بەرچاوی خۆی‌و بایەخی پێ‌ئەداو سەرنجی فراوانی ئەداو بەدوای سەرچاوەکەیدا ئەگەڕێ ، کە بەمە ، ئەیەوێ « چیرۆك » بخوێنێتەوە ، بەڵام لە دێرەکانیاو لە دیمەنەکانیا ناتوانی تۆزی لەخۆی ، یان تاقی‌کردنەوەی ژیانی تیا ببینێ ، کە ئەمەیان ، باوەری بە نووسەرەکەی زیاد ئەکا ، بەوناوەی ئارەزوی زانینی چەند ئەهێنێکی جوڵانەوە ، کە ئەو ئەبێنەزانی .

لەوانەیە ، بوتری ، ئەمێنی سەرکەوتنی چیرۆکێك ، « تەکنیکەکەیە » ئەوەی « ناوەرۆك »ی ئەمەراستە ، چونکە نووسەری بەهرەمەند هەیە باسێکی زۆر ئاسانی لە چیرۆکەکەی دەرئەبڕی ، بەڵام بەهرەی چیرۆك نووسانەی‌و بەکار هێنانی هونەرەکەی وا ئەکەن ئەمونەیەکی‌سەرنج ڕاکیشەری‌وا بێشکەش بکات کە دوای چەند ساڵێکی کۆڕانی شێوەو ناوەرۆکیش چیرۆك هەر کارتی کردن‌و بایەخی تایبەتی خۆی بمێنێ .

ئەمە ئەتوانرێ ، بەڵام بۆ نووسەرانی دیاری‌کراوی‌وا کە زیرەکن ، بیرێکی ڕووناکیان هەیە ، توانای ئەوەیان هەیە سوود لەتوانای ڕەخشان نووسینیان وەرگرن سەرەڕای شارەزاییی‌و ژیریان لەرووی هونەری چیرۆك نووسینەوە ، لەم بارەیەوە ، ئەتونجی « ئەرنست عمنگوای » ، لە پێشەوەی نووسەرەکان دەست نیشان بکرێ ، خوێندنەوەی چیرۆکی وەك (گردێکی وەك فیلی سپی)یان (بالندەی کەناری) توانای لێهاتوانەی لە ڕووی بە کارهێنانی تەکنیکەوە دەرئەخات کە زۆر جار بەسەر لایەنی (ناوەرۆك)دا زاڵ ئەبێ ، ئەم شێوەیە ، هەست‌کردن بەخۆشی‌یەك پەیدا ئەکات ، کە لەسەر هەست‌کردن بەموعاناتی (بالەوان)دا ڕون‌ئەبێتەوە و هەستی ڕەسەنی مرۆڤایەتی ئەبجوڵێنی ، ئەمەش بەزانینی بنەڕەتی کیشەکەیی‌و کەیشتن بەناخی هەستی بالەوانەکەو لایەنەکانی زۆران بازی‌یەکەی لەژیانیا زیاتر دەرئەکەوێ .

سەرکەوتنی چیرۆك لە سنووری هەست‌کردن بە لایەنە مرۆڤایەتیەکەیەوە بۆ هەست‌کردن بە ناخی موعاناتی مرۆڤی نوێ ناوەستێ ، جا لێرەدا ، پێ لەشێوی تاقی‌کردنەوەی قوولی نووسەر زامنی لەوەیە چیرۆك بگەیەنێتە رادەی کار تێ‌کردن ، ئەو تاقی‌کردنەوەیەش ئەگەر تانو پۆیەکی وەك یەك ئەوەی سنووری واقعدا کە تیا ئەژی‌و بە هەستی ڕەخنە گریەتی چاوی تێ ئەبڕێ ، چونکە ڕەفزی ئەوە ئەکات تەنیا (گێڕەوەی) ڕاگوزاربێ ، ئەوەببینێ توانای بینینی هەیە لە ڕەوالەتی دەرەوەی دنیا و (شاهید)ی چەرخەکەی بێ بەبێ ئەوەی چەکی ناراستەی فیکری بەدەستەوە بێ ، بەڵام ، ئەو نووسەوە ، کەمن بەوەشدا بچەند توانای هەستیاری هەبێ بەرامبەر زمان‌و جەڵك‌و شتەکان‌و مێژوو جیهان ، لەوانەیە بەوانی « چیرۆك » بەمانا قەڵیدیەکەی پێشکەش بکا ، چونکە ئەبەوێ لە تەسلسلی زەمەنی‌و بینای ئاسایی‌و چنینی ئاسراو دەرچی‌و ئەرکی دروست کردنی (چیرۆکی ـ شیعر)ی بکرێتە ئەستۆ کە دروست کردنێکی تایبەتیی‌و ناوەرۆکێکی چڕی کیرانەری بینین‌و هەستی ناوەرەیە ـ ڕێگای سود وەرگرتنەوە لە کولەکەکانی سینەمای نوێ‌و دەسکەوتەکانی هونەری تەشکیلی ، بەکورتی ، ئەیەوێ بوونی دیارو ئاشکرای خۆی وەك نووسەرو هونەرمەند لە ماوەی چیرۆکی نوێی‌و وە بسەلمێنێ کە تەم بۆ ئێکی وای هەبێ بتوانی دیاردەکانی ئاخمان ڕوونك بکاتەوەو هەستمان بجوڵێنی‌و بەرامبەر ژیان ئەو هەستە قوڵتر بکاتەوە ، چیرۆکی بەم جۆرە ، کاری تێ‌کردنی بۆ سەرخۆیەتی ئەواو ئابێ ، بەڵکو هەمیشە لەلای نوێ ئەبێ‌و لە بیری ناچێتەوەو ناوەرۆك‌و جۆلانەوەی شەخسیەتەکانی هەمیشە لە بیریا ئەبێ‌و لێوەی نزیك ئەبێ چیرۆکی‌وا ، بەیمانێکی دۆستایەتی بیرۆز ئەبێ لە نێوان چیرۆك نووس‌و خوێنەری دۆستیاو لە برسیاری‌و بەیوەندیەك زیاتر ئەخاتە بەردەم خوێندنەوەی .

کورنە چیرۆکی بەناوبانگ « بەداخەوە » لای ئێمە کەمە ، کە خوێندەوانتەوەو لامان باش بوو و وایان لێ‌کردوین لە بیرمان بێ‌و هەرکە وێستمان باسی چیرۆك بکەینەوە ، بەنەوەیادمان‌و نەگەر لە نووسراوی ڕەخنەدا بگەڕێینەوە سەریان ، هەڵیزاردەن ، ئەئەر بەدوایانا بگەڕێین ، زۆر هیلاك نابین ، چونکە بەبێوانەی ئەو هەموو چیرۆکانەی نووسراون کە من ، لە بەر ئەوە ، کۆکردنەوەیان بۆ ئێکۆڵەرە وەکوران ئابێ ، ئەو چیرۆکانەش بەرهەمی چەند نووسەرێکی وان کە بەبەرهەمەندو ڕەسەن ناسراون .

کێ ئەتوانێ چیرۆکی (شوێنێکی خاوێنی چاك ڕوناك کراوەی)ی هەمنگوای لەبیر ئەچێ ، یان « ڕاگردو »ی جون شتاینبیك‌و ، ڕوخ »ی ئالان ڕوب‌گرییە کە بزواندنی شتە دیارەکان لە کەوندا ئەنوێنێ؟!

- عدنان زامناك
- ئاوات عبدالرزاق جبار
- نجاة حميد
- بەرزان فرج عبدالله
- جبار حاجی کریم‌خان
- عمر مردان عیدان
- جلیل محمد.
- ئامانج احمد معروف
- کمال صابر عزیز
- سیروان عبدالله محمد
- هاوڕێ‌ناوێك (ناوی‌خۆی بێ‌نەگەیشتووەو لاوازن ، ئەمانتوانی بڵاویان‌بکەینەوە ، لەبیرکردوە) .

ئەم برایانە هەریەکە پارچە شیعرێکی بۆ ناردووین ، بەڵام بیستراوە ، هەروەها وتارێکی‌تری بەناوی (فەلسەفە چۆن پەیدابوە ؟) بۆ ناردووین ، لەراستیدا ئەمە پاسێکە کە چەندەها کێشەی کەورەی‌ئەوەی لەسەرنووسراوە ، ئەك بە وتارێکی دوو لاپەڕەیی خەتشاش بیرنڕێتەوە .

بەناونیشانی (نازانم بگریم یا پێبکەنم) چیرۆکێك بنووسین ، هێشتا بەلای ئێمەوە ماویەتی سەرکەوتنی بژدەخوازین .

ورشەیەکی ڕەخنەی ئەدەبی لەنێوانی « ڕۆشنبیری »یەوە

حسین عارف

لە زمارەی پێشوودا وتم : هیچ بەرهەمێکی زادەی بیرو هۆشی مرۆڤی هونەرمەندو ئەدیب سەر بە هەر ڕێبازێکی شێوەی دەربڕین بێ ، ناشێ (مطلق) ناواقیعی بێ ، لەبەر ئەوەی کە مومکین‌نی‌یە خولقێنەرەکەی بتوانێ بیرای بیر بەیوەندی لەئەڵ واقیعدابڕێ ، جا وا لێرەدا ئەقەلا دەدەم کەمن زیاتر باسەکە ڕوون‌بکەمەوە .

دەپرسم : دەبێ ئەمینی لەوەداچی بێ کە دوای چوار ـ پێنج هەزار ساڵ ، مرۆڤی ئەمەسەردەمە وەك شاکارێکی ئەدەبی مەلحەمەی (گلگامش) ـ کە بەحساب فری بەسەر واقیعەوە نی‌یە ـ دەخوێنێتەوەو کاری‌تێدەکاو دەیهەژێنێ ؟! .. هەروەها ئەفسانەکانی ئریك .. یا کلیلەودمنە .. یاهەزارو یەك شەوەکەی شەهرەزاد .. یاحیکایەتە فۆلکلۆری‌یەکانی خۆمان کە ئەئەر حسابی‌واقیعیان بۆ بکەین ، بەو مەفهووەی دەربارەی واقیعو‌واقیعیەت باوە ، دەبێ بڵاو بێنکەنینی بێت‌و مەسەلەکەی‌لابێتە ئالتە جاری . کەچی هەمووان لە واقیعی حاڵدا لەئاستیاندا دەهەژێین .. ئەك هەر لەمئالیدا ، بەڵکوو بە ئەوەی‌یەو بە کاملیش کە دەیانخوێنینەوە یا کە دەیانبینین ، هەست دەکەین پەنجەیەکی تەلیسماوی وەك لەقوولایی ئەژووەوە دێ ، بێ دێت تا خۆی دەگەیەنێتە ئەلەکانی هەست‌و ئەستۆ سۆزمان‌و بەهێزواشی‌دەیانلەرێنێتەوەو نووزەی ناوازێکی فریشتەیی ناسکیان‌لێدەبزوێنی کە بە توونێلێکی تەنکەبەردا دەڕێتە بیروهۆشمانەوە بە شێوەیەکی ئەفسانەیی وەها تیا دەنگ‌دەداتەوە کە لەوە دەچێ بیەوێ بمانخاتە بەر ئەرکی شکاندنی تەلیسمێك ... تەلیسمێکی هێچگار کۆنی لە شکاندن‌نەهاتوو ! .

دێتەوە یادم تەمەنم حەوت ـ هەشت ساڵان بوو . دراوسێ‌یەکمان هەبوو بینەچی‌بوو . شەوان یا ئێمە دەچووین بە میوانی ئەوان ، یا ئەوان‌دەهاتن .

دێتەوە یادم حیکایەتێکی بۆدەکردین بە ناوی (گای‌زەرد)ەوە . حیکایەتەکەشەوەهای دەخایاند و لەوە دەچوو کۆتایی بۆ نەبێ . ئەنهاهێندەیم لە یاد ماوە کە زەلامێك‌و گایەکی زەردی لێ‌پەیدا دەبوو . شۆڤێکی لێدەداو شارو وڵاتەوە دەیهاویشت‌بۆ ئەو شارو وڵات . ئەوجا لەو شارو وڵاتەدا ئەوەی بەسەری‌دەهات دەبوە باسی حیکایەتی ئەو شەوە . شەوی دوایی‌ترشۆڤێکی‌ترو شارو وڵاتێکی ترو بەسەرهاتێکی تر . نیستا وا(٣٢ ـ ٣٣) ساڵ تێپەڕیوەو من ئەومم هەر لە یادە .. گایەك‌وشۆڤێك بدا لە زەلامێك‌و ئەم شارەو ئەو وڵات تووڕی هەڵدا ، ئەمە لەگەڵ واقیعدا چەندی بەچەند ؟! . سەیر ئەوەیە بەمعروف بەرزنجی چیروکێکی هەیە بە ناوی (گای پیرۆز)ەوە . جا لەو لێکۆڵینەوەیەمدا کە دەربارەی چیرۆکی کوردی‌نووسیومە لە دوانووسینەوەیدا پێم زانی کە هەرچەند ناوی‌چیرۆکەکەیم بردبێ نووسیومە (گای زەرد) لە باتی (گای‌پیرۆز) و ئەوسا راستم کردەوە ! .

بەڵی .. داخۆ نهێنی لەمەداچی بێ ؟! . تۆ بڵێی لەوەدا بێ کە بڵێین : ئادەمیزاد لە بنەڕەتەوە چەندە واقیعی‌یە هێندەش ناواقیعی‌یەو ئەمەی‌لێ بوەتە حوکمێکی ئەزەلی ؟! . یا تۆبڵێی ئەو ناواقیعیەتەی کەهێشتا ئاوەها کاردەکاتە واقیعیەتی مرۆڤی ئەم سەردەمەئەنجامی ئەوەبێ کە فیکری میتافیزیقی بەدرێژایی هەزارەهاساڵ بەسەربدا ژاڵو سەروەر بووەو هێشتا بەندی ناواقیعیەتی ئەفسانەیی دەکا هەرگیز نەمەرۆڤایەتی لەبەرهەم هێنانەداقەت ناواقیعی نەبوە . بەڵکو ئەنهاشێوەی بەرهەم هێنانەکەی‌جۆزو جۆر بووەو تا ئێستاش هەر وەهایە من وا تێدەگەم کەم کە ناواقیعیەتی سوریالی‌یەکان .. یا دادایی‌یەکان یارۆمانیسمەکان ... هتد ، هیچی زیاتر نی‌یە لە ناواقیعیەتی مەلحەمەکەی گلگامش‌و ئەفسانەکانی ئریك‌و کلیلەودمنەو هەزارو یەك شەوەکەی شەهرەزادو گازەردەکەی پێنەچی‌یە دراسێکەمان .

کە وابێ ئەگەر بڵێین ئێستامرۆڤایەتی ڕوو لەوە دەکا لە ڕژێمی چینایەتی‌و یاسای‌چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە ڕزگاری بێ‌وکۆمەڵگایەکی جیهانی‌ی دوور لە شەڕو شۆڕو مەینەتی‌و نازاردایێت‌و یەکسانی‌و برایەتی‌و خۆشەویستی تیا باو بێ‌وخەڵکی بەخۆشی‌و شادی ژیان بەسەربەرن ، دەبێ لە کۆڕی‌ئەدەب‌و هونەردا چاوەڕوانی چی بکەین ؟! . ئاخۆ یەکێ لەوریازە جۆر بەجۆرانەی واقیعیەت کە دەشێ لە ئێستادایەکێکیان لەوانی‌تر کارامەترو عادیلانەتر مامەلە لەگەڵ واقیعدابکا ، زاڵ دەبێ‌و ئەوانی‌تر لە کاربکەوون‌و بپووکێنەوە ؟! . ئەگەر ... بەڵام لەم حاڵەتەدا بە (منطق) وەهایە کە بڵێین ئەوساش کەنێ ڕێبازی جۆراوجۆری شێوەی دەربڕین‌لەو واقیعیەتە سەرەکی‌یە زاڵ بوە دەبێتەوە کە دەشێ ئەوزۆرانبازی‌و بە یەکادانەی ئێستا هەیە ، ئەوسا لە نێوانیاندانەبێ .

پۆستەی ڕۆشنبیری

لەبەرئەوەی لەرووی‌شیعری‌یەوە

ـ کاك احمد حمیدی ئەمەن پانزەساڵ ئەقەلای‌داوە

ـ کاك هیوا عمر احمد وتارێکی بەناوی (ئالی چۆن ناسراوە ؟) بۆناردین . بەڵام شتێکی زیادەی تێدانی‌یە لەوەی دەربارەی ئالی نووسراوەو لەبەرئەوەی سەرکەوتنی بژدەخوازین .

بینەمای سیاسی .. چیە؟

جین خۆندا

● یەك : وانیە سینەما ، هەر تەنیا ئەو شکڵە هونەری‌یە ئونجاوە بێت کە لە مرۆڤی دواچارەی سەدەی بیستەم بدوێت ـ مەسەلە و دەوروپشت و واقیع‌و ئەڵهاو فیکرو ڕۆشنبیری‌و هەست ومل ملانێکانی ـ تا بەئکو ئەو ڕوخسارە هونەریەی ئامەرۆڤە ئەمەش لەکاتێکا نووسین لە بەرچاوی گەلێ‌کەسا لێل‌بوەو دارێتنی ئەدەبیش زۆر فورس .

★ دوو : سیاسەت ، تەنیا هەر لە دوارۆژو رابردوی مرۆڤ نەخزاوەوبەس .. بەئکو جوەتە ئەو وردترین شتی ژیانی ڕۆژانەی .. بەم‌پێیە سینەماش ـ وەکو هونەرێکی مرۆڤ ـ بەرای ببرای لە سیاسەت دانەبڕاوە ، بەئکو بەقەد ئەخزانەکەی لەژیانی مرۆڤ ، ئەئو سینەماش خزاوە .

کەواتە : سینەمای سیاسی ـ بەم واتایە ـ بریتی‌یە لە سینەمای شۆرش‌و سینەمای بەهادارزاوەکان .. ئەو سینەمایەی کە لە جیاتی ئەو (شۆرش) بەربانەکات‌و لە باشا بۆ خەونێکی خۆش جێت ئەهێڵی .. ئەو سینەمایەی بێداویستیە باوڵوژیەکانت ، لە بیناوی بەندکردنت ، ئەخاتەکار سەرنایای سینەمای سیاسین . جیاوازیش لە ئەتوانیانا ، بەندە بە جیاوازی ئەوان ئەو فیکرە سیاسیەی کە لە باگراوندی کاری‌سینەمایەوە هەڵئەقوڵێت .. بەڵام زاراوی (سینەمای سیاسی) گەلێ‌جار ، بەو سینەمایەئەبڕێ‌کەهەڵوێستێکی کەمەلایەنی‌و سیاسی شۆرشگێرانە ئەگرێت‌و لەروی باشکەوتن‌و چەوساندنەوەی دەسەڵاتدار هەڵئەشاخێت‌و هەرەنگاری ئەوشتانە ئەبێت کە تشەلی ئازادی‌و هەست‌و کارامەتی مرۆڤ ئەکات .. بەواتایەکی‌تر ، ئەو سینەمایەیە کە ووشەی (نا) وەلامی باشەڕۆکی کۆنەچاخەکان‌و سیاسەتی ئیمبریالیزم‌و فیکری زاڕێنیزم ئەداتەوە .. ئەمەیان ـ بەم‌پێیەی بەنجەنمام‌کرد ـ تاقە بەشێکە لە بیلی سینەمای سیاسی‌و بەس .. ئەمیش : کە (سینەمای شۆرشگێر) ئەگرێتەوە .. ئەو سینەمایەی کە ئەمانەوێ لەوڵاتەکەمان‌دا سەر هەڵبدات : سینەمای شۆرشگێرو هونەری شۆرشگێر ...

Institut kurde de Paris

ئەمەی کە قوربان .. بەگم

عەزیز نەسین

حوسێن بەگی بەڕێوەبەری بەشی ئیداری کومپانیاکـــە ، لەسەر مێزەکەی خەریـــکی ئامادەکردنی کۆمەڵە دۆسیەو نووسراوێك بوو ، لەبەرخۆیەوەدەی‌گوت :ـ

هەی لەو ناپیاوە خۆی لـەبازاڕی ڕەشا یاری دەکـات ، کەچی دەرسی بیـــاوەتی‌وشەرەف بە خەڵکی تر دەڵێتەوە سەرەڕای ئەمەش نیازی وایـەبمکات بە داردەستی خۆی بـۆ بەجێ هێنـانی مەبەســـتە گڵاوەکانی ٠٠!!

نەء ! ئەمە هەرگیز ناپێت :

ئیتر بەسیەتی لەم جەرخەدا هەموو کەسێك چاوی کردۆتەوە

ئەم بە تەنها تەلەفۆنێك بـۆ ئەنقەرە هەزاران دیناری چنگ دەکەوێت ، ئەمە لەپێنـــاوی چی‌دا ٠٠؟! کوایە ئاکـــاداری فێڵ‌و پیلانەکانی ئین ٠٠! یان باش ئەوەی فێری دانیشـــتنی ئیژارانی یانەو قومارکـــردن‌و خواردنەوە بووە ، خـــۆی لەخەڵکی بەزیاتر دەزانێت ٠٠ ئەرێ کێ بێت لەم ووڵاتەدا بە ئاگری ئەم ئەسووتابێت ٠٠؟! هەتا کاربەدەستان‌و دەزگاکانی میریش بەدەستیەوە داماون !

هەموو بابەتێکی قاچـــاخ‌و گومرك ئەکراو بە ئرخێـــکی هەرزان دەهێنێتە ووڵاتـــەوەو لە بازاڕی ڕەشا بە دەقـــات دەی‌فرۆشێتەوە ٠٠ بەڵـــێ ئاگەمان لە هەمو شتێك هەیەو کوێرنین ٠٠ بەیمان بێت ئەمانە لەژێر دانی دەربێنم‌و هەمـــو ئەهێنەکانی ئاشکرا کەم ٠٠٠ تا ویژدانم بەحەســـتەوە ٠٠ ئاخر بۆ پیاوێکـــی وەك مـــن ئـــەو جلیسە چاو چۆکە بترسێت؟! ئەگەر بیاوە دەم‌بکاتـــەوە ، بزانێت چۆن لابـــەڕە ڕەشی‌و گڵاوەکانی پیشانی ئەمو ئـــەو ئەدەم و دزی‌یەکانی ئاشـــکرا دەکەم ٠٠ دەبێ بقیـــژێنـــم بەسەریاو بێی بڵێم ئاگـــام لەفێڵ‌و ساختەکانت هـــەیە ، سەری کرێکەی لـە دەســـتی مندایە هەموو بەلکەو نیشانە یەکم بەدەستەوەیە ٠٠!!

« دۆسیەکە دەکێشـــێت بەمێزەکەداو نوکی قەڵەمـــە ڕەشەکەی دەشکێت ٠٠ » دەبێ بێی بڵێم ناپیاوێکی وەك تـــۆ نیتر لەدایك نابێت ئـــەم کردارانە بکات ٠٠ هەی تـــف لە چارەت ٠٠

لەو دیو دیوارە شۆشەکەوە کە ژوورەکە دەکات بـــەدوو بەشەوە سەرۆکی کومپانیاکـــە بانگی‌کرد :ـ

ـ حوسێن بێگ ٠٠٠

حوسێن بەگ وەك تیـــر لەشوێنەکـــەی دەرپـــەڕی‌و قوڕچەی چاکەتەکەی داخست‌و دەستێکی هێنا بەیەخەیـــاو بەهێواشی چووە ژوورەکـــەی ئەودیو ٠٠:ـ

ـ ئەمرکە ٠٠ قوربـــان بەگم ٠٠

ـ ئەرێ ئامنەکـــەتان لـە دائیرەی گومرك وەرگرتووە یان نەء ٠٠ ؟

ـ قوربان ٠٠!!

ـ قوربان قوربـــانم ناوێت وەرتان گرتووە یان نەء ٠٠!!

ـ قوربان ٠٠ ئەگەر ئـــیزن دەفەرمون ٠٠ ئێ ٠٠ ئێ ٠٠!!

ـ من پێت دەڵێم ئـــەرێ شت‌وەمەکەکان‌تان دا بە « مسیو یاسیف » یان نەء ٠٠ خۆزگـــەم نیت ٠٠ ئێوە شەقم‌بردە ٠٠٠

ـ قوربان ٠٠ زویر مەبە ٠٠ خەڤەت مەخۆ ٠٠ فەرموتـــان شت‌و مەکەکان بدەین بـــە « مسیو یاسیف » ٠٠ بەڵام ٠

ـ بەڵام بـــەڵامم ناوێت ٠٠ ئەوەی گوتم دەبێت ببێت ٠٠

ـ بەسەرچاو قوربـــان ٠٠ بەڵام « مســـیو یاسیف » لـــە سەدا سی‌مان دەداتـــێ ٠٠ خزمەت کاری خۆتان گریاڕێکی تری دوزیوەتەوە لە ســـەدا چل‌و پێنج قازانجمان دەداتێ ٠

دەوا بڵێ ٠٠ هەی شـــەکر لەدەمت بباری ٠٠ ئەی بۆ لـە پێشا قسەت نەکرد ٠٠

ـ قوربان منیش خەریك بوم پێتان بڵیم ٠٠!!

ـ دەکەوا پێت دان بەخۆتـــا بگرە ، بەلکو کریاریکی‌تر لـە سەدا چل‌و پێنج زیاترمـــان بداتێ ٠٠

ـ بەڵێ قوربان منیش هەر ئەو نیازەم هەبوو ٠٠

کاتێ کە حوسێن بـــەگ خەریکی بیاچونەوەی چەنـــد لیستەو نووسراوێـــك بوو ، دووبارە کەوتەوە دەربـــای بیرکردنەوەو لێکدانەوە :

ـ وای نیازە تاوانەکانی بـۆ بشمارمەوەو دەست نەنێم بـــە ڕوویەوەو هەتا سەر چاوڕشی ٠ ئەی‌بکەم ٠٠ خۆ ووڵاخ نـــین بەخۆڕایی‌و بەبێ دەنگ بـــاری بۆ بکێشین ٠٠ هەتا ووڵاخیش بەبێ ئالیك‌و خزمەت‌کردن هەتا هەتا بەگـــە ناکرێت ٠٠!! کوایە هەتا کەی ٠٠؟! ئەمـــە پتر لە بیست ساڵە دان بـــە خۆمانا دەگرین‌و چاوڕشی لـە تاوانەکانی دەکەم ، گوتم بەلکو خۆی تێبگات‌و پەشیمـــان بێتەوە ، هەست بە هەڵـــەو چەوتی‌یەکانی بکات ٠٠ بـــەڵام بێ‌ئەنجام دەڕچوو ، ئـــەم کابرایە دوورە لە هەمـــوو ڕەوشتێکی مرۆڤانەوە ، هەست بەوە ناکات ئێمە گیان‌مـــان دەڕچووو ئەو دەیخوات ٠٠٠! ئێدی بەسە ٠٠ ئێستا دەچمە ژوورەوەو بە بێ ترس پـــێی دەڵێم خۆ نامخوات ٠٠ بیـــاو ئەبم ئەکەر ئێستا نەچم‌و پێی نەڵێم ٠٠ :ـ

هەی ناپیاو شەرم بکـــە ، ئەوە بە کوێـــرمان دەزانێت ، بەســـە ئیتر ناهێڵم مافمـــان بێ‌شێل بکەیت‌و خوێنمـــان بمژیت ٠ تا ئێستا لە پیاوەتی خۆمـــان دەنگ‌مان نەکـــرد ، کوتمان بەلکـــو خزمت فێری ڕەوشتی پیاوانە ببیت‌و چاوت بکرێتـــەوە ٠٠٠ تو جیـــت نادزێکی وەك ئۆمافمان بخوات ، خوێنی گیان‌مان بمژێت ٠٠ بۆچی وا دەزانێت لێت دەترسین ٠٠؟! نەء ٠٠ نەء لە پیاوەتی خزمانە ، نامانەوێت دەنگ‌مان بێت‌و ئەو باسمان بکـــەن ٠٠٠ بێش چـــەند ڕۆژێك بـــەلوتێکی بەرزەوە دەی‌گوت :ـ مەسرەفم لە کوڕەکەم کردووەو ناردومـــە بۆ ئەمریکا ، تا بڕوا نامـــەی دکتۆرا وەرگرێت ٠٠٠ ئینجا نـــەمە چی‌یە ٠٠؟! بەئارەقی ناوچاوانی ئێمە کوڕەکەت چوو بۆ خوێندن ٠٠ منالی ئێمـــەش کوێرو ئەخوێندەوارمانەوە ٠٠٠ ئەگەر زەنجی شانی ئێمـــە نـــەدزیت‌و ئەی‌کـــەی بـــە قورگیا ٠٠!! چۆن کەمزەیـــەکی وەك ئـــەو ، بەچی دەچێ بـــۆ خوێندن لە وولاتان ٠٠؟! هەی ناپیاو ٠٠٠!! بەبەتوندی دەست دەکێشێت بەمێزەکەدا ٠ » هـــا هـــەر ئێستا دەچمە ژوورەوەو دەست دەکەم بە چاویا بـــەبێ شەرم پێ‌دەڵێم ٠٠ :ـ

هەی دزی ناپاك ٠٠٠ !! ٠

●

لەو دیو دیوارە شۆشەکەوە ، دووبارە سەرۆکی کومپانیاکـــە هاواری‌کرد ٠٠ :ـ

ـ هوسێن بەگ ٠٠

بەگورجی لە سەر کورسی‌یەکەی هەســـتاو قوڕچەکانی داخست‌و دەستێکی هێنـــا بەیەخەیا ٠٠٠ بەهێواشی لـە دەرگای‌داو بە ئەسبایی چـــووە ژوورەوەو بە ترس‌و لەرزەوە لە بەردەم سەرۆکی کومپانیاکـــە ڕاوەستا :ـ

بڕوانە ل : ١١

تەنهاوشەیەکی ساکار

ـ محمد البدری ـ

● **ئـــەو خوێنەرەی ڕۆمانی‌دەعەجانی (المسخ) کافکـــای خوێندبێتـــەوە دبـــی بـــۆ تەنگوچەڵەمەو سەرگـــەردانی (تریگوریی) پاڵەوانی ئـــەو‌ـچیرۆکە ژان‌ئەکا کـــە کـــاتێ لەبەیانیدا لەخـــەو هەڵ‌ئەسێت‌ئەبینێ بەبێ‌ئەوەی لە هەست‌و هۆشی مرۆڤی کەوتبێت بوە بەمەئەزێکی ترسناك‌و ســـەیر ٠ بەوجۆرە لەناو ئێژاوێکی پڕش‌و بڵاویدا ئەژی کە شایانی ئەوەیە دڵی بێ‌بسوتێ‌و جێگای بەزەیی‌پیاهاتنەوەیە ٠**

● گریگـــۆری باڵـــەوانی‌ڕۆمانەکەی کافکـــا کەسێکـــە دریایی‌و سەلیقەی نووسەرەکەدروستی‌کردوەو ئـــاوا بەشێوەیەکی عاجیـــانی نیشـــانی‌داوەناوەکو لەو ڕێگایەوە ڕەخنە لە کۆمـــەڵ‌و شارستانێتی‌و تاڵی‌وچەوســـانەوەو هەڵسەنگاندنی نامەوزوعی‌و هەڵەی نوارینـــەراستی بگرێت ٠

● **هەروەك عاجباتێکـــەی‌کافـــا خۆی‌ئەنوێنێت لـــە ڕۆمانـــەکەی دیســـتۆفسکیدا (مرۆڤکـــی ڕێزەمیـــن) ئالوێچەکەی بەبڕێن ، ئـــویش نمونـــەی هاڕاوی مرۆڤایەتی ئەنوێنێ‌و بەتەی ئەو هەرەس‌ـهێنانەیە کە نووسەر بـــەزەر‌ـشیوە بەهۆی کســـانی ئـــاوزوربـــەی ڕۆمانـــەکانی وەك « کـــەوچـــەکە »و (برایا ی کارامازۆف)و (تاوان‌و سزا) ئەدری‌بڕیوە ٠**

● لەکـــەل ئـــەم نمـــونەخەیالیانەدا ، لەناو ئەم‌دنیایەی ئێمـــەدا بەعـــۆی پشکنینی‌زانستی‌یەوە زۆر حـــالاتی‌تری تێکدان‌و شیزاندنی مرۆڤایـــەتی‌واقیعی دۆزراونەتەوە کە هەموی مرۆڤ‌و تواناو وزەو مشـــکی بەتوانایەتی ٠٠ (کەمالا) ئـــەو کچۆڵەیەی بە ڕووت‌و قوونی لەدارستانێکا دۆزیانەوە لـــەناو ئەلەتوزینکا ئەژیا ئەی‌بەتوانی‌قسەبکات ئەشی‌ئەتوانی ئـــەو شتانە لێکدانەوە کـــە لـــەدەوروبشـــی ڕویان‌تـــەدا ، لەوەبەولاوە کە لاسایی ئوزەی‌کورگی ئەکـــردەوەو بـــە توندوتیژی‌و خیرایی ڕای‌ئەکردتوانای ئەبو کـــە قسەی زۆر ساکاریش بڵێتەوە٠٠ وەزعیەتی‌دروهەم ئەو میرە ئەلەمانی‌یەبو کە ڕۆژکارو دۆخی سیاســـی‌ئەوەی لەچارە نوسیبو کە بـــە شیرەخۆزەیی فریدرێتە تـــاوئەشکەوتێکی تاریك‌و نوتەکەوە بەوجۆرە تاماوەی (١٨) ســـاڵچاوی بەڕوناکی نەکەوێت دوای ئـــەو ماوەیە کـــە دۆزیانەوەدەرکەوت کە سەبارەت مرۆڤ‌و شارستانێتی‌و دەســـتکەوتەکەورەکانی زانستی هیچ نازانێ چونکە دەموچاوی ئەوکەسەشی‌نەبینیبو کە خواردنی ئەدایە ، لەو ژیانە تاریکەیدا چـــاوی‌بەکەسێك نەکەوتبو تا قـــەی لەگەڵدا بکات بۆیـــە ئەئەیزانی‌لەگـــەڵ خەڵکیدا بدوێت وە ئەمـــانای جڵ‌وبـــەرگ‌لەبەرکردنیشمی ئەزانی‌و کـــاتێ خەڵکی ئـــەبینی ترس‌و لەرزێکی زۆری لێ‌ئەنیشت ٠

● **ئەم نمونانە ٠٠ یاخـــودخەیاڵ‌و بیری‌تیژو سەلیقەی ئەو کەژە نوسەرانە دروستی‌کردون،یا بـــەهوی زروفێکی شـــازو ناخۆشـــەوە هاتونەتەکایەوەوەسەلەیەکە عـــەقڵ ئەی‌بڕێت‌و هەرچۆنی‌بێت شتێکی ئاساییەو لەوانەیە بەهـــۆی پشکنینی زانستیانەوە زۆری‌لەوجـــۆرەبدۆزرێتەوە کە زروفی ناسازو ئاڵەبار دروستی‌کردون ٠٠ بەڵام‌ئەمەر لە سنوری بڕکردنەوەو خەیانی نوســـەرو ئەدیبەکۆزوزروفی شازو ئاڵەبەر بەدەرچین ٠٠ ئێمە هەر لـــە دەوروبەری‌خۆمانداو لـــەناو دەســـتەی ڕۆشنبیراندا مرۆڤی وا سەیروشاز بەدی ئەکەین کە وەك مەتەزێکی سەیر هەر لەخۆیەوەحـــەز بە ئازاردانی خەڵکی ئەکـــات ٠٠ زۆر دەعـــەجانی ترسناك هەیە کە زۆر لـــە عجباتێکی کافکا و قاڵوچەکەی‌دیستۆفسکی ترسێنەرترەو هیچ شتێکی بەقەدەر ئەوە مەبەستی‌یە کـــە پەت بازی‌و ریاکاری بۆ هەندێ کەس بکات ٠**

● **ئەم عاجباتی‌و قاڵونچانەی‌لە ناو بیسایی خۆیەرســـتی خۆیاندا ئەژین‌و ئەوە جـــاك‌ئەزانن کـــە سۆزی جەماوەر بەژێنن‌و هەر بـــە دوای گیرفان‌پڕکردن‌و مانـــەوەی خۆیاندا ڕانەکەن ٠٠ ئەم عاجباتیانـــەلای هـــەمو کەسێك ئاشکران‌و دەستەکانیان لە ڕووەو بەتایبەتی‌کەلەکەمان چاك ئەیان ناسی ٠٠ ئەم عاجباتیانە لەگەڵ هەموهەڵ‌بەرستی‌و شارەزاییان لـــە هوئەری گیرفان پڕکردنا لـــەئەنجـــامدا توڕ ئەدرێتـــە سەرەتۆڵکی میزوەوە ٠**

● **ئەو مرۆڤە عجباتیانـــە ئەوەیان لەیاد کردوە کە ئەدەبی ڕاستەقینە بەڕێکی پێ‌ئەیشتووجوان دلفرێنی بلیمەتی ئـــەو ئەدیبە ڕاســـت گویاندیە کەبەڕێبازی جەماوەرو خواستەکانیدا ئەڕۆن ٠ ئەو ئەدیبـــەی‌لە ژیانیدا هەڵویستێکی‌ئەگۆڕاو ئەگـــڕێت ٠٠ ئەوەك ئـــەوئەدیبـــەی دوای ناوبـــانگ‌و دەسنگ‌وتی تایبەتی خـــۆی ئەکەوێت کە ئەویش هـــەرکاتی ڕوبەڕوی ئەو ڕۆژە ڕشنگدارانە بووەوە کـــە بـــۆ دەست‌کورت‌و ڕەنج‌دەروچەوساوە ڕاستەقینەکان هـــەڵدێن ٠٠ ئەوانـــەی سەرفرازی‌و مێزوو ئیشك وتنی‌گـــەڵ‌و نیشتمانیەکانیان دروستئەکەن.ئەوەئەوسا هەموەدەسمت کەوتەکانیان ئەبێتـــە هەڵم‌و لەچاو بزر ئەبێت ٠**

ئەمەی کە قوربان .. بەگم

عەزیز نەسین

لەسەرەرگی‌ئەی لەدایك بوونێکی‌تردا

حیدر عبدالرحمن

نیاز لەکۆرانی ـ ئەو هونەرە ڕەنگینەیە کە لە کاتێك هەستت و نەســـتێکی ڕاستەقینەی‌ئەتەوایەتی‌دا هەڵدەقوڵێ‌و لـــە بۆتەی نـــەو فانیە ڕەسەدا تەشەنە دەکات کە لـــە ز وق‌و چێژێکی میللی‌یەوە بە دەرنی‌یەو ڕەنگدانەوەی نـــەو سەردەم‌و واقیعەیە کە کۆمەڵی پیادا تێ دەپەڕێت ٠٠

کۆرانیش وەکو فەلسەفـــە یەکی کۆمەڵ، بەندە بە هەنداو ڕادەی پشکنەوتنی شارستانیەت و بارو زروفی تایبەتیـــەوە ٠٠ هەرکات کۆرانی کەمو زۆرێـــك وەکو پێداویستیەکی مرۆڤایەتی دەورو ئەرکی خۆی لـە نیشان دانی واقیعدا بینیوەو بزانـــە ســـەرینی ئارام‌و دڵدانەوەو ئەزرو نیازو دان بە خۆدا ئرتن ٠٠ یاوەکـــو هـــوروزمێکی سروشتی ویژدان‌و ئەفسیەتی جەڵکی بەوە هەسان داوە کە لە ناخ کارەساتەکانا ـ پەند لـــە چـــەند تاقی کردنەوەیـــەکی مەوزوعی‌و مێژوویی وەربگرن‌و لە هەورازێکی بلندەوە بڕوانتە ڕابوردوی خۆیان‌و بە جۆرێکـــی ئەوتۆ مـــەمکی تاڵی‌و شیرینی ئەو ڕابوردوە هەڵمژن کە وەکو سەنگی مەچەك‌و ئەقشی یادگار لە سەر سینەی مێژوو ئزمـــار بکرێت‌و هەردەم تاسەو نیازی خەڵکی کەزی خۆزگـــەکانی بێ بەژێتەوە ٠٠ سەردەمی دروستی کۆرانی لە درونەکاری‌دا ووزە بوو دەکرایـــە بەرئیـــانی جولانەوەی کشت کـــارەکان ، هۆزەو قەتاری کاروانی ڕێگـــاو بەرکی زستانەی گوێ ئاکردان‌و بەزمی هەڵبەڕکێ‌و ئوقلانـــەی شەوبوو ٠٠ ئـــەمڕۆش کۆرانی تانك‌و فڕۆکەی (تیۆدۆراکس)و دەنگی ئەفریقیاو چەکی شۆڕشە کۆرانی ئەمڕۆ ئامێزلۆریەتێکی ئینسانی هەیەو لە ئەك هـــەر جولانەوەیەکی پێشکەوتنخوازانە و ڕزگاریخـــوازانە تـــەورو ڕەسەنایەتیەکی سەربەخـــۆو جێ‌گیری خۆی هەیەو لە بواری بەربەرەکانیەتێکی کاریگـــەردا بوونی خۆی دەسەلمێنێ ٠

کۆرانی کوردیش ئەگەر هەتا ئێستاش بە دووای دۆزینەوەی خۆی‌دا گەڕابێت با ئەمڕۆ زیاتر لە پێویست بە خۆی‌دا بچێتەوەو تۆزێك جلەو بۆ ئـــەم تاف‌و سەردەمە شل بکـــات‌و لـــە مەفهـــووەی ئـــەو ئـــەرك‌و پێداویستیانە حالی بێت کـــە وەکو پێویستیەکی حەتمـــی کۆرانی ڕەســـەن‌و پشکەوتنخوازانە دەڕشکێنن‌و کۆرانیك بە سەر ئەو واقیعە شلەڕاوەی (کۆرانی)دا دەهێنن ، با ئیتر ـکۆرانی‌ـ خواستەو مەرامێکی ئایبەتی خۆی هەبێت‌و ببێت بە وەسیلەیـــەکی بەهادار بـــۆ خزمەتی مرۆڤ‌و ئامانجەکانی٠٠ نیـــاز ئەنیـــا ئارەزوویەکی کەســـایەتی ـ شخصی ـ و بیروڕایەکی تەسك‌و تریســـکی نامەوزوعی‌و ڕووت نەبێت ، با ئەوانەش کە لە ڕوانگەیـــەکی ترەوە چاو لـــە ئەرك‌و پەیامی خۆیان‌و هونەرەکەیان دەبۆشن ، یا دەیانەوێ خۆیان بە هونەرەوە هەڵواسن‌و ئەوەندەشیان لـــە یاردانی‌یە ، ئەگـــەر نیازیان خزمەتە با قودسیەتی هونـــەر بەرێزن و هانی ئەوانـــە بدەن کە توانای خۆڕاگرتن‌و بەردەوام بونیان هەیەو خاوەنی بەهرەی تایبەتی خۆیانن ، تا ئەوانیش بە ئاگری ئەوانەوە نەسوتێن ٠

دەق ـ ی کۆرانی :

(بابـــەت) بنچینەیـــەکە جەوهەری کۆرانی لە ســـەر دارێژراوە ، یا وەکو زنجیرەیەك ئامانجی کۆرانیەکە بـــە تێ گەیشـــتنی کوێکـــرەوە دەبەستێتەوە، بابەتی کۆرانیش بـــە زۆری یا لـــە وەســـفی ڕووداوێکی جوان یا ڕواڵەتێکی سەرنج ڕاکێشەر یا خـــود کێشانەوەی ڕووداوێکەوە دروست دەبێت بە جۆرێکی ئەو تۆ کـــە ســـەوەتا ئەنجامێکی دیاری کراوی هەبێت ٠

کۆرانی‌یە قۆناغێکی تـــا ڕادەیەك لە بابەتەوە دوورە ، بە چەند دێڕێکی‌تێك هەڵکێشراو جیاجیا دەقێکیان پێك‌هێناوە کە لـە هەندێ کاتا دزایەتی‌و دوو ڕوویی دێرێك لـــە کـــەڵ دێرێکی تریانا بە زەقی دیارە ، کـــەمی یا نەبوونی (دەق)ی کۆرانی هۆیەکی بنەڕەتی ئەم شکستەیە ، بـــە دە هەتیش نەبێت شـــاعیرێکی کـــۆرانی هەڵ‌ئەکەوتووە بێجگـــە لـــە (کۆران)ی نـــەمر نەبێت ، ئەوەش کە هەبووە بـــە ناچاری دروست بوونە یاوەخود کرچ‌و کاڵەو مەرجی دروستی شیعری کۆرانی تیا نی‌یە ، ئەمە بـــە شێوەیەکی گشتی ، بەڵام لـــەم دواییەنەدا وا دیارە بە ئەواوەتی هەست بەم کەمو کوڕیە کراوەو هەوڵێ بن بڕ کردنی دەدرێت لە لایەن هەندێ لە تیبە کوردیەکانا بەر لـــە هەموشیانەوە (تیبی مۆسیقای سولێمانی)و (تیبی کۆمەڵێ هونەرو وێژەی کوردی) ٠

مۆسیقاو ئاواز :

شتێك کـــە بـــە ناوی (داهێنان)و (نوێ بوونەوە) لە مۆسیقای کـــوردی‌دا نازی هەڵبگیرێت ئەو چەند بەرهەمە هەڵبژاردەیەی ـ تیبی مۆسیقای

بڕوانە ل : ١١

دەنـــگێ

سۆفیزم و .. ئەدەبیات کوردی

محمود زامدار

● **لەفقەفی زریـــزەدرەوشاوەکانی ئەدەبیـــاتی کوردیمان ، تا ڕۆژ دێ‌و شـــەوبەڕوا ، دەها پتر زاخدارتـــرو سرکتر ئەبێت ٠٠ ئەدیبـــەتامەزرۆکانیش ، هەریەکە لـە دەرفەت‌و سوچ‌و باری سەرنجی‌خۆیەوە ، بە ئەنهاوە، کونجێکی تاریکی ووشە ئاوارەکـــان‌سەراوەئەو ڕۆشن ئەکەنەوە٠٠ یەکێ لە (ڕۆمانتیزم) ، یەکێ‌لە (کلاسیزم‌و نیوکلاسیزم)و یەکێ لە (ریالیزم‌و ریالیـــزمی‌ڕەخنەیی)و یەکـــێ لـــە (ریالیزمی سۆشیالیستی)بەوەئەدوێ ٠٠ مەردێ لە هونـــەرو بەهرەی (ئالی)و یەکـــێ لـــە(ئەفـــین)ی لای (جزیـــری) ٠٠ بەڵام ئەوەی هەر بە جارێ‌هەڵبواردراوەو بە چەشـــتێکی کوشندە فەرامۆش‌و پشت‌ئوێ‌خراوە ، لایەنێکی گرانبەهـــاو هەرەگرینگی ئەدەبیاتە کەمانە، ئەویش کە (سـۆفیزم)ە ٠٠ ئائێم مەگەر هەندێ وتـــاری‌داپلۆساوی ئارەو ئەوێ ئەبێ، کە لە بارەی هەندێ شاعیری هەر بە ناو (ســـۆفی) نووسراوەتەوەبە جۆرێکیش‌کەتەنیا ئلماندنی چەند قسەیەکی ڕووت بڕو چش ٠٠!**

● ئەگەر (سۆفیزم)وەکوجولانەوەیەکی قوولی فیـــکرو زانە هەوکردوەکان‌و خۆنمـــایی‌خودی مرۆڤی دلسوتاو بدەینە دەم قەلەم‌ـئەك وەکو (شعوزە)وبەڕەدستی‌و لەخشـــتەبردن ـ جولانەوەیێ دەرك بـــەخوێنـــی ترکاری ژیان بکا لـــە ئیڤ وردترین وردەی ئەتۆما٠٠ئەگەر (سۆفیزم) خـــۆز ڕابسکاندن‌بێ لەدڵاو دل بوون‌ودردۆنگی‌و سامۆنگەکان دەئەوا زۆر بە شێتەیی ئەســـتێرەسەوزەکان‌دا ئەڕژێنە سەرشانی بادەمیزادی سۆفیـــگەر ٠٠زەریاو شەبەنگە بە ڕۆژەکـــان قوولەبێ ڕانەموسن ـ شاخ‌وزورگ‌و ئەواڵەکان کرنۆشـــی بۆ ئەبەن ، بەڕەنگەکان بـــەفرمێسکەبزە لەبەر چـــاویا دانەکشێنەوە ٠٠ بەڕۆنگەکان‌دانەمرکێن‌و چەمەنزارەکـــان کولبارانی ئەکەن ٠٠ !! چونکەسۆفیزم ـ بەتایبەتی سۆفیزمی عاوچاخ ـ مەزنترین یاســـای‌زیندەوەرەکانی ئەم کەردونە ، یاسای‌عاو ئاوازی‌و هاوسەنگی‌وعاوژیانی لە یەك دەشەمزێنێ‌و سەر لە نازە ئەیخانەوە کەڕ ٠٠ئا ٠٠! چونکە ـلەسۆفیزمدا ـ ناخی مرۆڤ ئاوێنەیەکـــی‌بالانماو تـــەخت‌و لووس‌و بریقەدارئیە ـ تـــا تەنیـــا(ئەردون)ی تێـــدا ڕەنـــگ بەبەستێ‌و بەس ٠٠ تا بەڵـــگوناخێکەو بۆی لواوەو ئەلوێ ،لە ڕێچکۆلەی دورەندیشەو خەیاڵ‌هەتەر بووەوە ، سەر لە نـــوێ دایڕێژێ‌و بنیادی بکاتـــەوە ٠٠هەر بۆیەشەـلە لای سۆفیئەری سەرڕاستاـ سەرانسەری بیروفەلسەفە زیندوەکـــانی مرۆڤایەتی ، لە ڕێژگەیەکا ،یەك‌ئەگرنەوەو دانەبڕێنە نێـــو زەریای خەمە بێ پایانەکـــانی‌مەرگ‌و مەردم ٠٠! چونکیـــم مەرگ لە لای ئەم مەردمـــەدا ،جەواشەبوون‌و خوســـانەوەو خێوانەوەی نێو دنیـــای‌تاریکستانی (نەبوون) نیە٠٠ نابەڵـــکو بـــەردەوام‌بوونی(بوون)ە ٠٠! بەڵام دور لـــە ڕێبازی (تناسخ)ەوە ٠٠!!چونکە گەر سۆفیزم خۆی لـە خۆی‌دا گەڕان بێ بـــە دوای‌خۆدۆزینەوەو مەرگ ، ئـــەوا هەر خۆیشی لە خـــۆی‌دا ،هەڵشاخانە لە ڕووی مەرگ‌و سەرسباردنە بە ژیـــان‌وخۆشەویستی ٠٠ورووبەڕوبونی گیانی لۆژیکانەی وشـــکەڵ‌وچەپەنداز ٠٠! هەر بۆیەشـــە نویشکی تاقیمانەکانی ئـــەم‌چەشنە ئادەمیزادە ، بەنـــدە بە عەقڵ‌و دڵ‌و لەش‌ی بیانەوە٠٠ بەندە بە ئەفســـانەو سەرگوزشتە شیرینەکـــانی‌مرۆڤە سەراسیمەکـــانی مێژووی درێژخایەنی ژان ٠٠!

● **جا لەبەردەم ڕژانایی‌ئەم تەعریفە خێرایـــەی ـ زۆر خێرا ـ سۆفیزم‌دا ٠٠ نازانـــم‌بۆمان هەیە بڵێین : ئایا هیچ، دەتێ ، شو ئەواری ، هیمایی‌پاشەڕۆکێ ، قسەوباسێ ـ لەم بارەیەوە ـ لەئێـــو وڵاتـــەبەنگینەکەی ئێمەدا هەبێ ٠٠!؟ بەگوەمان ئەلێ‌ئەڵێ‌و ڕابـــازوەمەزەب‌و تەریقەتی بـــە زات‌و چەشناوچەشن ئەم هەڵبەندەی‌ئێمەدا سەری هەنداوەو دەوری گێراوە ٠٠ بێگومان ، دەیان دە(سۆفی)ی ڕاســـتەقانی‌و دڵازادو بە شەو سۆو دنیادیدەوڵێهاتوو ـ ئەك دەروێشـــی دڵ‌مردوو دێوانەی بێـــوارو شێخی ئردەنشین ـ لە ئێـــو دڵ‌و دالانی ئـــەم وڵاتەومیللەتەدا کەوتونەتە دلەکێ‌و دارەدارەو ئێو دۆزەخـــی ژان‌وهـــەژانەوە ، بەڵام بـــێ سەمەروشوێن‌و بێ‌جێ پەنجە ٠٠جا چ لە نووسینی فەلسەفەیی‌و چ لە بەرهەمی ئەدەبی‌دا بێت٠٠ هەر بۆیەشە ، گەر بـــە زیرەکی‌و لە کۆشە نیگایەکی‌گوشادەوە تەماشای ئـــەم دیاردەیە بکەیت ، ئەوا ئەتەریە ئەنجامێ کە تەنیا هەنـــدێ نیشانەتی (سۆفیزمانە)ی ئروقەسیدەی ئەم شاعیرو ئـــەو شاعیرەت بەرچنگ ئەکـــەوێ‌وبەس ٠٠ دەنا گەر بـــە دوای کەلەسۆفی وەکو جلال الدینی‌ڕۆمی‌و شێخ محی‌الدینـــی عەرەبی‌و مەنسوری حـــەللاجدابگەڕێیت ، ئەوا بە هەناســـە ســـاردی‌و بەلـــۆژەئۆژەئەڕێتەوە ٠٠ !**

● بەڕای خۆم ـبەوریایی‌ـئەیڵێم : ئەگەرێ لـە ئێـــو چوارینەکانی (عوریان)و یەکدوو شیعری (جزیری)و چوار پێنج قەسیدەی (مەحوی)دا ،ڕەگ‌و ماکی ئەم دیـــاردە فیـــکری‌و شـــارستانی‌یەبدۆزێتەوە ٠٠ دەنا سەر تـــا پەپای ئەدەبیاتی کلاسیمان ،مێژوبڕستی ئەوەی نیە تا تیایا هاش‌و هوشی سۆفیزمانـــەسازدەی ٠٠ زۆر سانایە ئـــەو مەلا باشەی کە تێکستی ئاین‌وسەرنجە میتافیزیکیەکانی لەیەك گیرو ئاوێزان کـــردبێ ،بەنجەنمای بکەی ٠٠ شێخێکی قەلەئەندەرو دەروێشـــێکی‌خوانـــاس‌و دتوانەیەکـــی بەڕاگەئەندەو شاعیرێکی نیمچـــەڕۆمانتیك‌و عاشقێکی دڵئـــەرم بەدی بکەیت ٠٠ بەڵام گـــەربە دوای سۆفیـــکی ڕاســـتەو ڕاس‌و دلاوەرو سوتاوا وتێل‌بیت

بڕوانە ل : ١١

Institut Kurde de Paris

عـــزة مصـــطفی سه‌رۆکایـــه‌تی کـــۆبـــونه‌وه‌یـــه‌کـــی ئـــه‌نـجـومـــه‌نی بـــاڵای لـــه‌ناوبردنی نه‌خوێنه‌واری کـردوه

پێری به‌یانی ئه‌نجـــومه‌نی باڵای له‌ناوبردنی نه‌خوێنـــه‌واری‌و فێرکردنی گۆره‌کان ، به‌سه‌رۆکایه‌تی دوکتور عـــزة مصطفی ئه‌ندامی ئه‌نجـــومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شـــۆڕش‌و ســـه‌رۆکی ئه‌نجومه‌نه‌که کۆبۆته‌وه .

له‌م کۆبونه‌وه‌یه‌دا ، که لـه‌دیوانی وه‌زاره‌تی نه‌خشـــه‌یه‌سترا هاوڕێیان : غانم عبد الجلیل‌و عدنان حسین‌و عـــبدالفتاح یاسین‌و حسن علـــی ئه‌ندامانی سه‌رکردایه‌تی قطری حزبی به‌عسی سۆشیالســـتی عه‌ره‌ب ئامادەبوون .

له کۆبونه‌وه‌که‌دا ، باســـی بودجه‌ی ســـالی ١٩٧٧ی ئه‌نجومه‌نه‌که کرا له کـــه‌ل زروفی کارکردن بۆ له ناوبردنی نه‌خوێنه‌واری له‌ناو کرێکاره‌کانداو ســـه‌رژماردەیه‌کی تێکرایی به مه‌به‌ستی له‌ناوبردنی نه‌خوێنه‌واری .

دیـــان به‌ره‌یدانی کاروباری ئه‌نجـــومه‌نی باڵای له‌ناوبردنی نه‌خوێنـــه‌واری باس کرا ، له پال نه‌خشه‌ی ئه‌و چالاکی‌یه نیشتمانی تێکرایه‌ی حزبی به‌عسی سوشیالیســـتی عه‌ره‌ب سه‌رکرده‌یی ئه‌کات .

ئه‌وه‌ی شایانی باســـه ، ئیستا لـه هه‌موو پارێزگاکانی وڵاتدا جموجوڵو چالاکیـــه‌کی فراوان له‌رووی لـــه ناوبردنی نه‌خوێنه‌واریه‌وه هه‌یه که لـــه چوار چیوه‌ی خۆ ئامادەکردندایه بۆ کاری نیشـــتمانی تیکرایی فه‌لاجوکردنی نه‌خوێنه‌واری یه ڕێی بۆ چونیکی سترانیجی‌و به‌مه‌به‌ستی ره‌خساندنی زروفی مه‌وزوعی بـــلاو کردنه‌وه‌ی ڕۆشـــنبیری نه‌ته‌وه‌یی‌و سۆشیالیستی .

هه‌روه‌ها دوکتـــور نزار عبداللطیف سکرتێری گشتی ئه‌نجـــومه‌نی باڵای له‌ناوبردنی نه‌خوێنه‌واری فیرکـــردنی گۆره‌کان‌و نوێـــه‌رانی ڕێکخراوه پیشه‌یی‌و میلله‌یه‌کان ئامادەبوون .

خـوێنه‌ری به‌ڕێز..

باوکی شیرین

● تا ئێستاکه‌ش له وڵاتـدا به‌رده‌وام‌و به‌شێوه‌یه‌کی فراوان بۆ لیکۆڵینه‌وه‌ی باری به‌رهـه‌م هێنان‌و زیادکـــردنی‌و خۆش‌کردنی ڕێگای به‌رهـــــه‌م‌و نه‌هێشتنی ئه‌و کۆســـپ‌و ته‌گه‌رانه‌ی دێنه سه‌ر ڕێگای به‌رهه‌م هێنان له ده‌زگا به‌رهه‌م هێنه‌ره‌کاندا گـــه‌لێ نه‌ده‌وه کۆبونه‌وه‌ی فراوان ئه‌کرێت .. ئه‌و کۆبونه‌وانه ڕۆڵێکی گرنگیان هـــه‌یه‌و له‌وه‌دا وه‌ک روداوی چاودێری میللەت ئاراسته‌ی که‌رته به‌رهه‌م‌هێنه‌رو خزمـه‌ت گوزارنکان ئه‌کرێت . ئـــه‌م کۆبونه‌وه‌و زه‌دوانه بایه‌خێکـــی گه‌وره‌و زیاتر ئه‌دات بـــه به‌شداربونی جه‌ماوه‌ر تێیاندا .

● ئه‌وه‌نده‌ی ئه‌م کۆبونه‌وانه وێنـــه‌ی چاودێری کردنێکی میللی جه‌ماوه‌ری مومارەســـه‌یه‌کی دیموکراتی نیشان ئه‌دات .. له‌لایه‌کی تره‌وه بیروباوه‌ڕه‌کانی جـــــزبی به‌عسی سۆشیالیستی عه‌ره‌ب نیشان ئه‌دات لـــه مه‌یدانی به‌یوه‌ندی کردنی له‌گـــه‌ڵ جه‌ماوه‌ردا ، له‌گه‌ڵ ئه‌و هه‌سته خولقێنـــه‌رانه‌ی به به‌ڕیوه‌بردنی ڕیبازی ئالوگـــــۆڕی شۆڕشگێرانه ئه‌یکات .

ئه‌و ماوه کەمه‌ی به‌سه‌ر ئه‌م کۆبونه‌وانه‌دا تێپـــه‌ڕبوه گه‌لێک ده‌ســـت کـــه‌وتی ئیجـــابی‌و به‌خشنده‌یه‌کی ڕ به‌ری تیـــا وه‌دی هاتوه که ئه‌وه‌ش ئه‌بێته هۆی پته‌وکردن‌و قول بونه‌وه‌ی ئـــه‌و ڕێبازه شۆڕشگێری‌یه‌ی وڵاته تێکۆشه‌ره‌که‌مانی ڕێـــادا تێیه‌ڕئه‌بێت .

● خوێنـــه‌ری به‌ڕێز .. وڵاته‌که‌مان ڕۆژبه‌ڕۆژ جێگای له بزوتنه‌وه‌ی شۆڕشـــگێریی دنیادا پته‌وتر ئه‌بێت .. ئـــه‌و تاقی کردنـــــه‌وه‌یه‌ی له‌ژێر سایه‌ی حـــــزبی به‌عسی سۆشیالیستی عه‌ره‌ب لـــه‌م نیشتمانه‌دا لـه ئارادایه به‌کێکه له تاقی‌کردنه‌وه دیارو بایه‌داره‌کانی دنیـــاو تاقی کردنه‌وه‌یه‌کی به‌پیت‌و به‌خشنده‌یه . زۆر لـه بیاوه ناسراوه‌کانی دنیـــا دڵخوشی خۆیان به‌رامبـــــه‌ر ئاسۆی ئـــه‌و تاقی‌کردنه‌وه‌یه دەربڕیوه که لـه ژێر سایه‌ی شۆڕشدا عیراق بیایدا تێپـه‌ڕ ئه‌بێت .. له‌و باره‌یه‌وه سه‌رۆک وه‌زیرانی ڕۆمانیا لـــه کاتی سه‌ردانه‌که‌ی عیراقیدا وتی .. « ئێمه بـه ئه‌وبه‌ری دڵخوشی‌و شانازیه‌وه ئاماداریمان لـــه‌و ده‌ست‌که‌وت‌و پێشکه‌وتنانه هه‌یه که گه‌لی عیراقی دۆستمان به سه‌رکردایه‌تی حیزبی به‌عسی سۆشیالیستی عه‌ره‌ب لـــه پێناوی پێشـــکه‌وتنی ئابوری‌و کۆمه‌ڵایه‌تی وڵات‌و له‌پێنـــاوی خـــۆش گوزه‌رانی‌و گه‌شـــه‌کردندا وه‌دی هێناوه » .

● له‌لایه‌کی تره‌وه سکرتێری به‌گشتی ئافره‌تانی دیموکـــراتی جیهانی له‌گاتی سه‌ردانه‌کـــه‌ی عیراقیدا راستی ئه‌و ده‌ســـت‌که‌وته گه‌وره‌ی وتوه که وڵات به‌خـــۆیه‌وه دیوه . وه ئه‌وه‌ی دووباته کردنه‌وه کـــــه سه‌ردانه‌که‌ی عیراقی ســـود‌به‌خش‌و ئیجابی بوه که ئه‌ویش مایه‌ی پته‌وکـــردنی به‌یوه‌ندی دوقولی‌ی نیـــــوان به‌گشتی‌ی ئافره‌تانی جیهانی‌و به‌گشتـــی‌ی گشتی‌ی ئافره‌تانی عیراقه .

● له لایه‌کی تره‌وه هه‌فته‌ی رابوردو به‌غدای شۆڕش له خۆ پیشاندانێکی دژ به زایونیـــزم‌و ره‌گه‌ز به‌رستیدا بیاوه خاوه‌ن بیـــره پێشکه‌وتنخوازه‌کانی دنیای گـــــرته باوه‌ش .. بێگومان ئه‌و کردارووتارانه‌ی که بایه‌خیان به دەوری عیراق داوه لـــه‌و تاقی‌کردنه‌وه‌یه‌ی له‌ژێر سایه‌ی حیزب‌دا تێیادا ڕووی داوه ، به‌جاکی دەوری عیراق دەرئه‌خات له بزوتنه‌وه‌ی ڕزگاریی خوازی دنیـــادا .. هه‌روه‌ها ئه‌م دیده‌نی‌و چاوبێکه‌وتن‌و سه‌رلێدانانه هه‌ڵێکـــی جاکه بۆ ئه‌وه‌ی لـــه ئزیکه‌وه ئاسۆکانی ئـــه‌و تاقی‌کردنه‌وه‌یه به‌دی بکرێت که وڵاتی بیـــادا تیپه‌ڕئه‌بێت ، وه به تایبه‌تی ئه‌و ده‌ستکه‌وتانه‌ی بۆ سه‌رجـــه‌می گه‌لی عیراق‌و به‌تایبه‌تی بۆ گه‌لی کورد وه‌دی هێنـــــراون . جه‌ماوه‌ری که‌له‌کـــــه‌مان ئه‌وه‌نده‌ی پێشوازی گـــه‌رم‌و گوری ئـــه‌و میوانه به‌ڕێزانه ئه‌کات ، ئه‌وه‌نده‌ش ئه‌وه به‌هه‌ل ئه‌زانی که ئه‌وان به‌چاوی خۆیان ئه‌و ده‌ستکه‌وته گه‌ورانـــه‌ی جه‌ماوه‌ری کوردمان به‌دی‌ئه‌کن که له جوارچێوه‌ی به‌گێتـــی‌ی پێشتمانیدا دستیان که‌وتوه .

کردنـــه‌وه‌ی وه‌رزی ڕۆشنبیری له زانکۆی سلیمانی

ناوچـــــه‌ی ڕۆشنبیری‌و کۆمه‌ڵایه‌تی زانکوی سلیمانی ، وه‌رزی ڕۆشنبیرانه‌ی خـــۆی به باسی دوکتۆر « ســـــــید باسین »ی مامۆستای کۆلێجی ڕاگه‌یاندنی زانستگای قاهیره‌، له‌ژێر ناونیشانی « زایۆنیـــزم ئابدیۆلۆژیایه‌کی ره‌گـــــه‌ز‌به‌رستی »یه ، کرده‌وه .

دوکتۆر یاسین ، لـــــه وتاره‌که‌ی‌دا ، ئیشاره‌تی بـــۆ بڕیاری نه‌ته‌وه به‌گگرتوه‌کان‌کرد .. که زایۆنیزم شێوه به‌که له شێوه‌کانی ره‌گه‌زبه‌رســـتی وه ده‌ڕگ‌دانه‌وه‌ی ئه‌و بریـــــاره گـــــرنگه له‌ئێو عه‌ره‌ب‌و ده‌وله‌تان‌دا .

ئینجا لـــه باره‌ی به‌یابونی بیری زایۆنیـــــزم‌و مه‌ودای به‌یوه‌ندیشی به نیمپریالیـــزمی جیهانی‌یه‌وه ، دوا .. له پاشا هه‌ندێ بڕگه‌ی لـــــه دوا به‌یاننامه‌ی کۆنگره‌ی فیکری له باره‌ی زایۆنیزم خوێنده‌وه ..

تاقی کردنه‌وه‌ی نیوه‌ی ساڵی قوتابخانه پیشه‌ییه‌کان

دەزگای فێرکردنی پیشه‌یی دوانزه‌ی مانگی کانونی دوهه‌می داهـــاتوی بۆ کاتی دەسته‌پێـــکردنی تاقی‌کردنه‌وه‌ی نیـــوه‌ی ساڵی قوتابخـــانه پیشه‌ییه‌کان دیاری کردوه .. وه دوڕۆژی ١٤ی مانگـــی ئایاری داهاتوی بـــۆ تاقی‌کردنه‌وه‌ی سه‌ری ســـاڵی پۆله ناکۆتایه‌کانی قوتابخانـــه پیشه‌سازیکان‌و کشتوکالیه‌کان دیاری کردوه ، وه دووهه‌فته‌ی‌داناوه بۆهه‌ردوو تاقی‌کردنه‌وه‌ی (تیوری‌و کارگوزاری) .

وه ڕۆژی ١٥ی مانگی‌کانونی دووهه‌می داهـــاتوی بۆ تاقی‌کردنه‌وه‌ی نیـــوه‌ی ســـاڵی قوتابخانه‌کانی بازرگانی دیاری‌کردوه وه ١٦ی مانگی ئایاری داهـــاتوی بۆ تاقی‌کردنه‌وه‌ی سه‌ری ساڵی ناکۆتایه‌کانی ئه‌و قوتابخانانه دیاری کردوه ، وه ته‌نیـــا ١٠ ڕۆژی داناوه بـــۆ ئه‌وه‌ی تاقی‌کردنه‌وه‌کانی تیـــا دابه‌ڕێت .

وه واش بڕیار دراوه کـــه بشوی نیوه‌ی‌ساڵی سه‌رجـــه‌می قوتابخانه پیشه‌ییه‌کان له ڕۆژی ٢٦ مانگی کانونی دوهـــه‌می داهاتوه دەست پێبکـــات‌و ماوه‌ی ئه‌و بشودانه دووهه‌فته ئه‌خایه‌نێت بـــه مه‌رجێک له ڕۆژی ٩ی مانگی شـــوباتی‌دا هاتودا دەست بـــه خوێندن بکرێته‌وه هه‌روه‌ها ئه‌و دەزگایه ڕۆژی ١٠ی مانگـــی ئه‌یلولی داهـــاتوی بۆ دەوری‌دووهه‌می تاقی‌کردنه‌وه‌ی بۆله ناکۆتایه‌کانی ســـه‌رجه‌می قوتابخانه پیشه‌ییه‌کان دیاری‌کردوه ، وه ته‌نیـــا ١٠ ڕۆژی بۆ ئـــه‌و تاقی‌کردنه‌وه‌یه ته‌رخان‌کردوه .

هه‌روه‌ها ئه‌وه‌ی ڕاگه‌یه‌نرا

دامه‌زراوه‌ی گشـــتی‌ی به‌خشی به‌رهه‌می نه‌وت‌و گازی ناوچه‌ی ژورو لقی تامیـــم‌ئیستاکه له‌ناو جه‌رگه‌ی پارێزگای هه‌ولیـــرو سلیمانیدا خـــه‌ریکی جێبه‌جێ‌کردنی چـــــه‌ند پرۆژه‌یه‌کی نوێیه .

سه‌رچاوه‌یه‌کی ئاگادار لـــه‌و دامه‌زراوه‌دا ئه‌م هه‌والـــــه‌ی ڕاگه‌یاندوه‌و وتوبه‌تی : ئـــه‌م پرۆژانه پرێتین له دامه‌زراندنی کارگـــــه‌یه‌ک بۆ پرکردنه‌وه‌ی دەی گـــازی شـــل ، ئـــه‌م پرۆژه‌یه ٥٠٠ هه‌زار دینـــاری ئێنه‌چێت .. هه‌روه‌ها وتوبه‌تی به‌شێکی‌تری ئـــه‌م پرۆژانه پرێتی‌یه لـــه دروست‌کردنی ٣ به‌نزین‌خانه‌ی ده‌به‌ی گازی شل ، ئـــه‌م ئۆتۆماتیکیه له پارێزگای تامیم‌و سلیمانی‌و هه‌ولیردا ، له‌گه‌ڵ دروست‌کردنی به‌نزین‌خـــانه‌یه‌ک لـــــه هاوبه‌نه‌هه‌واری سه‌لاحه‌دین‌دا ، وه ســـیانی‌تریش له قه‌زای ڕانیـــــه‌و هه‌له‌بجه‌و ناحیه‌ی هه‌ریردا .

هه‌ر له‌م‌بواره‌دا دامه‌زراوه‌که بڕیاری‌داوه که لـــه پارێزگای تامیم‌دا ٥٠ خانوبـــــه‌ره بۆ فه‌رمانبه‌ران‌و ٥٠ خانوبه‌ره بۆ کرێکاران دروست‌بکات ، ئـــه‌و خانوبه‌رانه ٤٣٣ هه‌زار دیناریان ئێنه‌چێـــت ، وه وا چاوه‌ڕوان ئه‌کرێت که لـــه شه‌ش مانگی داهاتودا ته‌واوبکرێن .

کردنه‌وه‌ی پێشانگای وێنه کردن له سلێمانی

ڕۆژی یه‌ک شه‌ممه‌ی‌رابوردوو کاک محمد امین‌محمد بارێزگاری سلیمانی پێشانگایه‌کی وینه‌کانی کـــردوه کـــه به‌ڕیوه‌به‌رایه‌تی دەزگای ڕوشنبیری جه‌ماوه‌ریی هه‌ولێر ڕێکی‌خستبو .

له پێشانگاکه‌دا (٥٨) تابلـۆ نیشـــاندراوه‌و ژماره‌یـــه‌کی هونه‌رمه‌ندانی پارێزگای‌نوجه‌ی ئۆتۆنۆمی به‌شداریان تیـــادا کـــردوه‌و تابلۆکـــان ڕه‌وتی شۆڕشی هه‌فده‌ی ته‌موزو ئه‌و ده‌سکه‌وتانه دەرئه‌بڕن کـــه به‌سه‌رکردایه‌تی حزبی به‌عسی سوشیالیستی‌عه‌ره‌ب وه‌ده‌ســـت‌هاتون سه‌ره‌ڕای تابلوی‌تر که لایه‌نه‌کانی ژیانی کۆمه‌ڵایه‌تی ئه‌نوێنن .

ئاوده‌ع

به‌رزکردنه‌وه‌ی نرخی نه‌وت

ابو ظبی ـ ٨ ـ ڕۆژنامه‌ی ـ الوحده ـ ی ابو ظبی داوای به‌رزکردنه‌وه‌ی نرخی نـــه‌وتی کردوه . له ئه‌نجامی سووربونی ئـــه‌و دەوله‌ته پێشه‌سازیانه له‌سه‌ر به‌رزکردنـــه‌وه‌ی نرخی شتومه‌که‌کانیان که بۆ دەوله‌ته‌کانی جیهانی سێیه‌می ئه‌نیرێت .. ڕۆژنامه‌که وتویه‌تی :

نرخی ئه‌و شتومه‌کانه زیادکـــراوه ، کـــه‌یشتۆته ڕاده‌ی ٣٠٠٪ ، که‌چی نرخی هه‌روه‌کو خۆی ماوه‌ته‌وه ..

هـــه‌روا وتویـــه‌تی : کاری پێشه‌سازی‌کردنی نه‌وت بوه به ئه‌رکێکی نیشتمانی‌و خـــۆی سه‌پاندۆته سه‌ر هه‌مو دەزگای ئه‌خشه ئابوری‌و سیاسیه‌کان .

زانیاری دەربارەی ئه‌ڤل‌کردنی قـــوتابی قوتابخانه پیشه‌ییه‌کان

دامـــه‌زراوی فێرکـــردنی پیشه‌یی مه‌رجه‌کانی وه‌رگرتن‌و ته‌سجیل‌کردن‌و ئاگاداربـــــه‌وه‌ی قوتابیـــه‌کانی قوتابخـــانه پیشه‌ییه‌کانی دەرکرد له‌ســـاڵی خوێندنی ٧٦ ـ ٧٧ ٠٠٠ ئـــه‌و مه‌رجو زانیارییانه که بۆ گشت به‌رێوه‌بـــه‌رایه‌تی قوتابخـــانه پیشه‌ییه‌کان نێردرا داوای‌کرد که لیژنه‌یه‌ک له‌هه‌ر جێگایه‌کی پیشه‌ییدا دروست‌بکرێت بـــۆ وه‌رگرتنی قوتابی .

هاوولاتی‌یه‌کانمان لـه نه‌دوه‌کاندا :

پێویستی‌ی ئه‌وپه‌ڕی کۆشش بۆهێنانه‌دی به‌رزترین ڕاده‌ی به‌رهه‌م هێنان له ده‌خه‌نه‌روو

پیری ، چـــه‌ند زنجیره‌یێ کۆرو کۆبونه‌وه‌ی جیاجیـــای به‌گێتی‌و ڕێکخراوه پیشـــه‌یی‌و جه‌ماهیریه‌کان له شاره‌کان‌دا له پێناوی باسکردنی واقیعـــی کاری نێو دەزگا خزمه‌تگوزاری‌و به‌رهه‌مده‌ره‌کان سازدراوه .

هه‌ره‌وه‌ز له هه‌ولێر

ڕۆژی یـــه‌ک شه‌ممـــــه‌ی ڕابوردوو پتر له هه‌زارو ٥٠٠ جوتیاری پارێزگه‌ی هه‌ولێر له چالاکی‌یه‌کی کاری هه‌ره‌وه‌زیی‌دا به‌شداربوون کـــه یـــه‌گێتی ناوخۆی کۆمه‌له‌کانی جوتیـــاران ڕێکی خستبوو بۆ ئامادەکردنی (١٠) هه‌زار دۆنم زه‌وی لـــه ده‌شتی هـــه‌ریر بۆ گشتوکالی دیمه‌کاری ڕابه‌ریی .

وه لـــه‌م چالاکی‌یه‌دا کـــه نزیکه‌ی بیست ڕۆژ ئه‌خایه‌نی هاوڕێ لێ‌پرسراوی مه‌کتـــه‌بی جوتیاران له ناحیه‌ی هـــه‌ریرو لێ‌پرسراوه به‌ڕیوه‌به‌ری‌یـــه‌کان به‌شداربوون .

ئه‌و کۆڕانه‌ی که له « مثنی‌و انبارو قادســـــیه‌و بابل »دا ئیـــــراوه ، داوای ئه‌وبه‌ری کوشمشی کردوه ، بۆ به‌جـــێ‌هێنـــانی به‌رزترین ڕاده‌ی به‌رهه‌م‌و دورستکردنی ئـــه‌و به‌یوه‌ندی‌یه دیموکراتیانه‌ی که نێوان کاره‌کانی به‌رهه‌مدا ، هه‌یه ..

● له (به‌سرا) به‌ڕێـــز عبدالستار طاهـــر شریف ، وه‌زیری کواستنه‌وه به‌شداری له‌دەمه‌ته‌قی‌کانی کۆڕوکارنامه‌ی تایبه‌تی ســـه‌ر به دەزگای گشتی‌ی کواستنه‌وه ئاوبه‌کانی عیراق کردوه .. کارنامه کـــه بڕیتی‌بوو ، لـــه ئه‌خشه‌ی دەزگاکه ، بۆ به‌ره‌یێـــدانی کادیره پســـپۆڕو ئیداریه‌کانی خـــۆی و سه‌رواز‌کردنی نوسینگه‌کانی ڕێکخســـتنی هه‌ندی له به‌نده‌ره‌کانی ئه‌ورو‌با .. ســـه‌رباری باسکردنی بۆدجه‌ی ســـاڵی ١٩٧٧ .. له‌باشا مناقشه‌ی کارنامه‌که‌و ئه‌و ڕیبازانه‌ی ئه‌بنه مایـــه‌ی ته‌ختکردنی کۆسپ‌و ته‌گه‌ره‌کانی کراوه ، له پێناوی زیاده‌کردن‌و به‌ره‌یێدانی به‌رهه‌مدا .

● له شاری (سلیمانی) شدا ، ســـه‌رۆکو ئه‌ندامانی نوسینگه‌ی ڕابه‌ڕاندنی به‌گێتی ناوچه‌یی ئه‌قابه‌ی کرێکاران ، بێریکه ، باسی ئه‌خشـــه‌کانی کاری له‌مه‌ودوای به‌گێتـــی وده‌وری چینی کارگه‌ران کردوه .. لـــه پێناوی ڕابه‌ڕاندنی به‌رنامه‌کانی کاری به‌گێتی لـــه دەزگاکانی به‌رهه‌مدا .

دەســـت‌پێ‌کـــردنی کۆبونـــه‌وه‌کـــانی ئۆپیـــک‌و ته‌قـــه‌للای ئه‌مه‌ریکا بۆ دەسکاری لیژنـــه‌ی ئابـــوری نه‌کردنی نرخی نه‌وت

کۆبونه‌وه‌ی لیژنه‌ی ئـــابوری وڵاتانی خاوه‌ن‌نه‌وت (ئۆپیک) له شاری ڤیه‌ننا دەســـتی پێ‌کرد بۆ گه‌ڵاڵـــــه کردنی بارنامه‌ی ته‌کنیکی کۆنگـــره‌ی‌وه‌زاریی ئاینـده‌ی ڕێکخراوه‌که کـــه بڕیاروایه له ١٥ی مانگی ئاینده‌دا له شاری « الدوحه » بگیرێ .

له‌و کۆبونه‌وانه‌دا که نزیکه‌ی ده ڕۆژ ئه‌خایه‌نن وا چاوه‌ڕوان ئه‌کرێ باسی مه‌سه‌له‌ی زیـــاد‌کردنی نرخی پترول بکرێت .

چه‌ند سه‌رچاوه‌یه‌کی ئاگادار له ڤیه‌ننا بڵاویانکرده‌وه کـــه بسپوڕی ئابوری‌و ته‌کنیکی له‌م لیژنه‌یه‌دا هه‌یه‌و دوور نیه کـــه لیژنه‌که ئامۆژگاری کۆنگـــره بکات که له ژێر ڕۆشنایی ئـــه‌و ئاوسانی باره‌یه‌ی تووشی وڵاته پیشه‌سازی‌یه‌کان بووه‌و له‌گه‌ڵ گـــران بوونی شتومه‌کی دروست‌کراو که ئه‌و دەرئه‌نجامانه بۆ وڵاتانی تازه پێ‌گه‌یشـــتوی ئه‌نێرن ، پترولیش گـــران بکه‌نه‌وه .

لیژنه‌ی ئابوری ڕێکخـــراوی ئۆپیک به دەزگایه‌کی هه‌میشه‌یی بسپوڕ دائه‌نرێ کـــه هه‌وڵی جێگیرکردن‌و نه‌کـــــۆڕانی نرخی‌نه‌وتی دەوله‌تان ئه‌دات له ئاستی باش‌دا .

له لایه‌کی تره‌وه شیخ جابر الاحمد جێگری میری کوێت‌و جێنشینی ، له کوێت له ئه‌ل (مایستروني فرانك) بالیوزی ئه‌مه‌ریکا له کوێت کۆبۆته‌وه .

سه‌رچاوه‌یه‌کی کوێتی‌وتی : بالیوزی ئه‌مـــه‌ریکا باری سه‌رنجی ئه‌مه‌ریکای سه‌بارەت به به‌رهه‌ندنه‌کانی ئینـــتای نرخی نه‌وت بۆ جێگری میری کوێت باس‌کردوه .

وه‌ک زانراوه ئه‌مه‌ریـــــکا ئه‌و لایه‌کی زۆر ئه‌دات بـــۆ ئه‌وه‌ی ئه‌یه‌ڵێ وڵاتـــانی ڕێکخراوی « ئۆپیک » لـــه کۆبونه‌وه‌ی ڕۆژی ١٥ی مانگی ئاینده‌دا له « الدوحه » بڕیاری گرانکردنی نه‌وت بدەن .

زیادکـــردنی زه‌وی‌و زاری نۆی له سه‌روی وڵات بۆ توتن کـــردن

بڕیارێکی زیاد کردنی زه‌وی‌و زارێکی فراوان لـــه ناوچـــه‌ی ژوروی وڵاتدا بۆ کشـــتوکالی توتنی ساڵی ١٩٧٦ .

ئه‌و زه‌ویانه‌ی ئه‌که‌وته قه‌زای کویسنجه‌ق‌و تـــه‌ق تـــه‌ق‌و حه‌سارو دێکانۆ کانی کوردەو قازیکان‌وشیوشان سه‌د دۆنمیان لێ زیادکرا .

له قه‌زای سنجارو ناحیـــه‌ی شمال‌و حه‌سار لـــه دێکـــانی گۆسی‌و مـــه‌له‌کو سمی هیترو که‌لکان‌و شامیکاو نزیکه‌ی سه‌د دۆنمێك زیاد کراوه .

بڕیاریش وایه کـــه اجازات له‌قه‌زای کویسنجه‌ق‌دا هـــه‌ر له‌لایه‌ن لیژنه‌ی پێشره‌وه بدرێ .

به‌ڵام به‌گوێره‌ی قـــه‌زای سنجار اجازه‌کان لـــه لایـــه‌ن مه‌رکه‌زی ئه‌یحـــاسی توتنی دهۆکه‌وه به یارمه‌تی کاربـــه‌دەستانی پارێزگای ئه‌ینـــه‌واوه دا په‌ش‌کرا .

نه‌دوه‌ی گه‌شه‌پێدانی پیشـــه‌ســـازی به‌رده‌وامه‌و دەربارەی گه‌لێ باس ئه‌کۆڵێته‌وه

دوێنی له به‌شی گشـــتی وه‌زاره‌تی پیشه‌سازی‌و مه‌عادن له‌پیشانگای به‌غـــدادی دەوڵ‌له‌ژێر دروشمی (با پیشه سازی کردنی نوێ مه‌رجی چاکتر بـــۆمرۆڤ په‌یدا کات) .

له به‌ستنی ســـه‌ر له‌به‌یانی ئه‌دوه‌کـــــه‌دا چـــوار باس دەربارەی ئه‌وه‌بو چۆن جیـــو خوێندراوه‌ته‌وه که یه‌که‌م دوه‌م دوکتور محمود عمری عبدالله له له بارەی باسه‌کانی جێبه‌جێ‌کـــردنی پیشه‌سازی لـــه دانیشگای به‌غداداو دوه‌م به ناونیشـــانی پاك‌بونـــه‌وه‌ی کـــه‌ژنکی پیشه‌سازی کـــه سه‌ره‌سه‌ی سه‌ره‌تایی به‌کار‌هێنراو له کارگه‌ی کشتی پاتری وشك‌و دەسه‌لات گرتن به‌سه‌ر هه‌وا بیس‌بون‌و پاراستنی که‌ژی کارگه خوێنده‌وه .. بۆ ئه‌وه‌ی کرێکاران توشی زیان نه‌بن .

باسی سێیه‌م که دوکتـــور سعدون خلیفه به‌ڕێوه بـــه‌ری کشتی وقایه صحی خوێنده‌وه ناونیشانه‌که‌ی ئه‌مـــه بو .. جۆری (جیوه‌و توشی نه‌خۆشی چون و چینه ڕه‌نجکێشه‌کان ئه‌م زیاده‌یه نایانگرێته‌وه .

به‌مه‌ش وا دەرئه‌که‌وێت که به‌شی‌زۆری سوتێنه‌رانی کاره‌با به‌شێکی کـــه‌می کـــاره‌بایان به‌رئه‌که‌وێت .

زیـــادکـــردنی نرخـــــی کاره‌بـــا ته‌نیـــا مـــه‌رکـــه‌زی پاریزگـــاکـــان ئـــه‌گـــرێتـــه‌وه

لێ‌پرسراوه شاره‌زاکان لـــه دایه‌ره‌ی حاسبه‌ی ئه‌له‌کترونی دوێنی له‌به‌غـــدا له‌کۆڕێکـــی ڕۆژنامه‌چێتیا وتویانـــه زیاد‌کردنی کاره‌با ته‌نیا بۆفه‌رمانی ناومالۆ که ئه‌مه‌ش ئه‌بێته هۆی دانانی سنورێك بۆ کاره‌با به‌فیـــڕۆ به‌ڕێز به‌ڕێوه‌به‌ری دایه‌ره‌ی حاسبه‌ی ئه‌له‌کترونی عبدالاله محمـــد عثمان وتی نرخ‌دانانی کاره‌با ته‌نیا بۆفه‌رمانی ناومالۆ که ئه‌مه‌ش ئه‌بێته هۆی دانانی سنورێك بۆ کاره‌با به‌فیـــڕۆ نایه‌ته‌وه .

Institut Kurde de Paris

خـــەڵات کـــردنی کرێکارانی داهێنەر

بەڵگەی بەشداری کردنیان لەزیادکردنی بەرهەم و پێشخستنی دا

هەندێ لە نیقابەکانی وڵات لەم دوای یەدا دیاری و خەلاتیان داهێنەرانە کردوە کە هاوبەشی زیادکردنی لە سەر مەبدەئی هانـــدان و خەلات کردنی ئەو جۆرە کەسە بەرهەم هێنەرانە ٠٠

بەو بۆنەیەوە مەکتـــەبی نیقابەی ئشتی کرێکارانی میکانیک خەلات و دیاریـــی پێشکەشی ٦٩ کرێکار کـــردوە لـــە وانەی لەکارو ئیشـــی بیشەسازیدا شتیان داهێناوەو (اختراعی) تازەیان کردوە ٠٠ هەروەها مەکتەبی نیقابـــەی گشتی کرێکارانی کشتوکال بەناوی مەکتەبەکەوە پیرۆزبایی لە هەوڵ و تەقەلاو کۆششی ١٧ کرێکاری کشتوکال کردوە لـــە بەشەکەشی ئەو کرێـــکارە بەرهـــــەم و پێشخستنیان کردوە٠٠ ئەویش ئیشە میکانیکیکاندا لە بـــەر چالاکی و داهێنانیان لە مەیـــانی پیشەکانی خۆیاندا٠٠ هەروەها نیقابەی ئشتی کرێکارانی خزمەت ئوزاری گشـــتی و کۆمەلایەتی بەناوی مەکتـــەبی نیقابـــەی ئشتی یـــەوە سوپاسنامەی پێشکەشی ٨٢ کرێکاری داهێنەر کـــردوە ، خەلاتیشی بە ١٠ کرێکار دناوە کە لەوانە سیانیان نافرەتـــن و دیاریشی داوە بە ١٥ کرێکاری تر بەهۆی ئـــەو هـــەوڵو تەقەلایەوە کە بۆ زیادکـــردنی بەرهەم و پێشخستنی داویانە ٠

هەروەها مەکتەبی نیقابەی کشـــتی کرێکارنی جگەرەو پیشەسازیی خواردەمەنی لقـــی سلیمانی ، سوپاسی ئـــەو هەوڵو تەقەلایەی کردوە کـــە تاقیمێک لە کرێکارانی کارگەی شەکری سلیمانی داویانەبەوەی بەبێ بارە لە سەرو ئیشەکەی خۆیانەوە بۆزیادکردنی بەرهەم جاك کردنی جۆری بەرهەمەکەیان چەند سەعاتێکی زیادە ئیشیان کردوە ٠٠

زۆر بەڵگە هەیە ئەوە ساغ ئەکاتەوە کە لە زۆر دەزگـــا پیشەسازیکاندا دوای ئەدوەکانی هۆی کەمی بەرهەمو هەردوو بەیاننامەکەی ئەنجومـــەنی سەرکردایەتی شـــۆرش و سەرکردایەتی قوتریی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب و ئاەۆژگارنکانی بەرتز صـــدام حسین بۆزیاد کردنی بەرهەمو بەرهەم هێنان بـــۆ پشتگیریی کردنی ئابوری نیشتمانیمان ، بەرهەمیان لە چـــاو جاراندا زیادی کردوە ٠

کـــۆبـــونـــەوەی ئـــەنجـــومـــەنی یاسادانانی ناوچـــەی ئۆتۆنۆمی

یەك شەممـــەی رابوردوو ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کۆبونەوەیەکی بـــو بەردەوامی لینکولینـــەوەی بەرنامەی کاری بەستوە ٠

ئەنجومەن لەکۆبونـــەوەی ئێوارەیدا کـــوێی لە روون کردنەوەکانی ئەمانەتی کشتی کاروباری نیشتەجێ کـــردن و بەروەردەو خوێندنی بالا کـــرت سەبارەت بەو پرسیارانـــەی لێژنەکانی ئەنجومـــەنی یاسادانان ئاراستەی کردبوون٠

روون کردنەوەکان بریتی بون لە پیشاندانی سـەرژماردەی پەرەپێدانی کاروباری پەروەردە لە ناوچەکەدا کـــە زیاتر لـــە (٢٠٠) قوتابخانەی هەمـــوو قۆناغەکانی خوێندنی ئەمسالی گرتۆتەوە لەگەل دروست کردنی (٤٨) قوتابخانەی سـەرەتایی بەکاری هەرەوەزی و دەســـت پێشکەریی سەرکردایەتی لقی زوورووی حزبی بەعســـی سۆشیالستی عەرەب ، پێچگـــەلە زیادبوونی ژمـــارەی وەرگیراوەکانی لەهەمـــووقوتانجانەکاندا بە تایبـــەتی خوێندنکاکانـــی مامۆستایانی کوڕان و کچان و (٢٩) هەزارو « ٥٨٨ » قوتابی دابەش کردنی خواردەمەنی تیایانـــدا گرتونیەتیەوە و هەزارو (٥٣١) قوتابی کورو کچیش لە بەشـــە ناوخوییەکاندا وەرگیـــراون و هەزارو (٩٢٧) قوتابی کورو کچ یارمەتی دارییان لە جیـــاتی خواردن و نیشتەجێ وەرگرتوە٠

وە ئەنجومەنی کۆمـــەڵی داواکاری و پیشنیازی سەبارەت پەرەپێدانی ناوچەکە بریاریشی دا ئەمانەتی کشتی رۆشنبیری دلاران راسپێری بە بەســـتی چەند کۆرێکی جەماوەری بـــۆ رون کردنەوەی لایـــەن و ناوەروکـــی یاســـای ئۆتۆنۆمی ٠

ئەدیبەکانی وڵات ئارەزایی بەرامبەر کاروباری ئارەوا کە دژی رێکخراوە میللیەکانی کوێت کراوە دەربڕن

بەکێتی ئەدیبانی عیراق لـــەبروسکەیەکدا کە ئاراســـتەی حکومەتی کوێتی کـــردوە ، ئارەزایی بەرامبەر ئەو کاروبارە ئارەوایانە دەربڕی وە کە دژی رێکخراوە میللیەکانی کـــوێت کراون و دژی داخستنی یەکێتی ئەدیبانی کوێت ٠

بروسکەکە ئەڵێ : ئـــەوکـــاروبارانەی دژ بەسەربەستی ئەکرێن تەنیا زیانی گـــەورەبە سودی ئەڵی کوێتی بـــراو بزوتنەوەی رزگاری و نیشتمانی و ئەتەوەی ئەگەیەنێ و خزمـــەتی دوژمنەکانی ئەتەوەکەمـــان ئەکاوەکو ئیمپریالییەکـــان و کوئەپەرست و زایونیزم ٠

ئەدیبەکـــانی وڵات داوای هەلوەشاندنەوەی بریـــارە نادیموکراتیەکانی کـــردوەو داواین کردوە کە سەربەستی ئەدیب و هونەرمەندو خـــاوەن فیکرە ئازادیخوازەکان لـــە کوێت زامن بکرێ ٠

بەبۆنـــەی جـــەژنی خـــۆی ئـــەدرێت قـــوربانی پیروزەومعـــاش پێش کـــاتی

وەزارەتی دارایی بریـــاری داوە کە بە بۆنەی جـــەژنی قوربانی پیرۆزەوە معاشـــی فەرمانبەرو کرێکاران پێش کاتی خۆی بدرێت ٠

وەزارەتی ناوبـــراو لـــە بەیاننامەیەکدا کە رۆژی یـــەک شەممەی رابوردودا بـــلاوی کردۆتەوە رۆژی سێشەممـــەی رێکەوتی ٢٣ی ئەم مانگـــەی دیاری کردوە کە معاشـــی فەرمانبـــەرو موستەخدەمـــە عەسکەرەکانی تیادا بدرێت ٠

وە رۆژی چوارشـــەممەی رێکەوتی ٢٤ی ئەم مانگـــەی دیاری کردوە کە معاشـــی فەرمانبەرو موستەخدەمـــە مەدەنیکانی تیا بدرێت ، لـــەو دایەرانەدا کە پەیوەندیـــان بەخەزینەی مەرکەزیەوە هەیـــە لە گەل معاشی عەسکەرـــیکانی پارێزگـــان ٠

وە رۆژی پێنج شـــەممـــەی رێکەوتی ٢٥ی ئەم مانگە بـــۆ معاشی ئەو فەرمانبـــەرو موستەخدەمانە دیاری کراوە کە لەو دایەرانەدان پەیوەندیـــان بە خەزینەی بەغداو خەزینـــەی پارێزگاکانی ترەوە هەیە ٠

سەبارەت بە مانگانـــەی کرێکارە هەمیشەیەکان لـــەو کاتانەدا مانگانەیان ئەدرێتی کە لەم بەیاننامەیەدا دیاری کراوە٠ بەلام کرێکارە وەختیکان لـــە کاتی دیاری کراوی خۆیـــدا بارەیان ئەدرێتێ ٠

دوانێك لـــەگەڵ بەڕێوەبـــەری شـــارەوانی سـید صـادق

لەداو یی کەوتنیکدا لەئەنجامی بەرتز کاك سرتیپ محمد امین بەرتوەبەری شارەوانی سـەید صادق ئەم ئفتوئویەمان کردووچەند پرسیارئکمان ئاراستەکرددەربارەی ئیشوکاری شارەوانیە کەیان و چۆنیەتی خزمـــەت ئوزاریان بۆ هاوڵاتیـــانی شارەکە ٠

● لە سەرەتادا ووتی دوای سەرەکی ناوشار ٠

کەرانەوەی باری ئاسایی بـــۆ ناوچەکەمان بەهەمـــــوو توانایەکمانەوە هەوڵمـــان داوە بۆ چێبەجێ کردنی خواستو داوای هاوڵاتیان و هەرچـــی کیروکرفتیکیان هـــەبوو بێت بەشوێنی تایبەتی خۆیمـــان کەیاندوە لەم دواییـــــەدا لێژنەیەیەکی باڵا لەئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی سەرزیان لەشارەکەمـــــاندا بۆزانینی کیروکرفتەکانمـــان ئیمەیش یەدەوری خزمـــــان لەگەل ئەنجومەنی شارەوانیـــدا داواو خواستو پێویستیەکانی هەموو هاوڵانیانمان بەشێوەی نوسراوێك پێرایانەیاندن و ٠ وە تا ئێستا چەند جارێك چاومان کەوتووە بەلێبرسراوان لـــە پارێزگاو شارەوانیەکـــانی پارێزگاری سلیمانیدا بـــۆ هەوڵدان [illegible] پێویستیەکانمان ٠

● ئەوبرۆژەو پێویستیانەی چی یەچن کراون کامانەن ؟

× ئـــەو پـــرۆژەو پێویستیانەی هەتا ئێســـتا بەتوێژەی دارای شارەوانیـــە کەمان چی بەچێمان کـــردوون بریتین لە :ـ

١ـ قیرتاوکردنی دووشەقامی بەم زوانە دەست پە چی بەچی کردنی ئەکەین ٠

٢ ـ دروستکردنی شـــانی ناوچەکەمان بەهەمـــــوو دوکان کە بوەتە هـــــۆی رازاندنەوەی شێوەی ناوبازاری بۆ چی بەچی کردنی خواستو شارەکە ٠

٣ ـ دروستکردنی هەندێ زانرابی تایبـــەتی بـــۆ دورخستنەوەی ئاوی پیـــس و یاراناوی سەر شەقامەکان ٠

٤ ـ توانیمان کارەبای بەرز لەشاری هەلەبجەوە راپکێشین بۆ شارەکەمان و ئێســـتا بەهەمیشەیی شـــەوو رۆژ کارەبامان هەیە ٠

٥ ـ ئەواوکردنی بینـــای قەسابخانەیەکی تازە کـــە نزیکەی ٥٢٠٠ هەزار دیناری تی چوە ٠

٦ ـ پرۆژەی ئاوی سـید صادقمان تەواو کردووە کـــە نزیکەی ٢٤٠٠٠ هەزار دیناری تی چوەو ئەماراوئکی کەورەی بۆ دانراوە لەسەر شاخی پشت شارەکە کە بەشی هەمـــوو شارتەکات ٠

٧ ـ هـــەروەها ١٦٠ر١٦ هەزار دینارمان تەرخـــان کردووە بۆ فراوان کـــردنی پرۆژەی دابەش کردنی ئـــاوی ناوشار ئەمیش بەبۆنەی تەواو بوونی پرۆژەی ئاوەکـــەوەیەو بەم زوانە دەست پە چی بەچی کردنی ئەکەین ٠

٨ ـ هەلسایین بەدیـــاری کردنی سنوری شـــارەوانی لەسەر ئەرزەویانەی کە ئەکەونە سنورمانەوەو بەم شێوەیـــە لەهەر چوارلاوە ســـنوری شارەوانیە کەمان فراوان بوو٠

٩ ـ هەلسایین بەپێوانی ئەو زەریانەی کە هاوڵاتیان خانویان لەسەر کردبوو بە بێ تایبـــو دوای ئەوە نرخی فروشتمان دووروو نزیکی لەناو شارەوە مەتری لە ٥٠ فلسەوە هەتا ٢٠٠ فلس بەم جۆرە بۆیە کەمجار لەشارە کەماندا هاوڵاتیان ئەبنە خاوەنی زەوی خۆیان ٠

● لەپلانی پێنج ســـالەی داهاتودا نیازی چیتان هەیە لە خزمەت ئوزاریتانا ؟

× ئێمە بەکوتەوی دارایی شارەوانیمان نیازمان وایە ئەم شتانەی خوارەوە چی بەچـــی بکەین ٠

١ ـ دروستکردنی هەندی زانرابی تر بۆ ناوشارەکە ٠

٢ ـ هەموو گلوبی ناوشارو بەگلوبی نیون بۆ زیادکـــردنی ڕووناك کردنەوەی شەقامەکانو ئاو کۆلانەکانو چەنـــد دووروو نزیکی لەناو شارەوە دوکانیکی تر لە ســـەرشێوەی تازە دروست ئەکەین ٠

وەروونی کردەوە کە لـــەم دوایەدا ئەنجومەنی شارەوانی بریاری دانانی نرخی هەنـــدێ شتومەکی کانی ناوبازاریداو بریاری داوە کە سەربێچـــی کەریان سزابدرێت ٠

● دەربارەی قیرتاونەکردنی هەندێ شەقامی ناوشـــارو کەورە کردنی پردەکەی نـــاو سیدصادق کاك ســـەرتیپ ووتی ٠

× هەتا ئێستا ئێمە دەست بەستراوین لە قیرتاو کـــردنی چەند شەقامێکی ســـەرەکی ناوشارو کەورەکردنی پردەکەی ناوشار ٠

● دەربارەی قیرتاونەکردنی هەندێ شەقامی ناوشـــارو کەورە کردنی پردەکەی نـــاو سیدصادق کاك ســـەرتیپ ئەم ئفتوئویە ٠

● لە کۆتاییدا کـــاك سەرتیپ سوپاسی رۆژنامەی هاوکاری کرد بۆ پێك هێنـــای ئەم ئفتوئویە ٠

لـــە سـەرێ

منو خورجەکەی باجی مەنیـــج

باجی مەنیـــج زنێکی تێکسەراوی ســـەروکەلە زل عەبایەکی رەشی سێچـــوار گیرفانی بەسەرەوەیە نـــاوی هەمو فروشیارەکـــانی (اورزدی باك) دەزانن لـــە سەعات حەوتی بەیانی یەوە تـــاسەعات (١)ی نیوەرۆ وا لەبەر (اورزدی باك)دا تـــا بلێیت زیرەکو بلیمەتـــە ٠ چیت بوێت بوت وەدەست دەهێنێ ٠

کێ دەتوانی خوی بدات لەوشـــوینەی باجی مەنیجی لێ وەستاوە باجی مەنیج سێ کەسی راگرتوە هەریەکە وانە قـــاتی خوی لەبەر قەلەوی والە قـــاتی خوارەوە خورجەکـــەی والـــە دەرەوە (١٩) گەز خامە سێ لادرویەتی پینەی کردوە خوشکە زاکەی بەدیارەوە داناوە چـــەقوورەتە یەکیك بی پلـــێ ئەوەبۆ رێگات گرتوە ئەوەی بی دەلی ناپلێتەوە لەبەرئەوە کەس وانای ئەوەی نی یە بـــە خوشکەزاکەی باجی مەنیج بلی بەری چاوت کلی پێوەیـــــەپینەوەسەر باجی مەنیـــج لەبەردەم فروشیارەکـــەدادەوەستێ دەلی زەش مالە هـــەل دراوە دەنکیشی زۆر قەبەیـــەلوتیکی ئیجکار کەورەی بیوەیە لچولیوی خالاوی مەچـــەکت ئەستور بی بی پەتی بیلاو نی یە بەرکەی بگریت نرکەی دێت ٠ چی دەوێت بە شێنەیی وەری دەگرێت ٠ تەماشایش دەکـــاتچی لە برەودایە خوی ناونوس دەکات بو کرینی هەزار بـــەقوربان بە فلسی زمانی ئـــەلی کەلەی شەکرە ٠ چ تورەتـــەفروشیارێك بە مەیلی ئـــەو نەجولێتەوە لەگەل نرکەی کردونەعرەتەی داو خوی خســـتە قولبی گریان ئیتر نیـــرم دەری خوی بگریت چی دەویت بـــوی ئامادە ئەکرێت ٠

باجی مەنیج لـــــە قاتی خوارەوە کیشە دەکات بـــۆ خورجەکە تا (اورزدی) کواول دەرگای دادەخرێت جابینـــەوە سەر دوانەکەی تر کە بەکـــرێ گیراوی باجی مەنیجن ٠

لێ برسراوی قاتـــی دووەم باجی رابعەیە لێ برســـراوی قاتی سێیەم باجی حنیفە ئـــەمدوانەش بە هێزو بلیمەتن لـــە وەستایان دەچن ئەوانیـــــشر مەرکیشەیانە دێنو دەچن دەلی جولان ٠ هەمو پلەکـــانی بی بلکانەکان و وچانی لەسەر دەگرن ٠ بەم جـــــۆزەخورجەکەی باجی مەنیـــج پر دەکرێت لەهەمە جەشـــــتەپی ویستەیەك ٠ بەلی باجـــی مەنیج شەریکە بەشە ٠

عازەبانەیەك ئەسبیەکەیش لەو بەرە بەســـــتراوەتەوە چاوەنوارە خورجەکە بکات تـــابیکەیەنیتە جی ی خوی ٠

باجی مەنیج باجی رابعـــــەباجی حەنیف دەکـــــەونە ری قافلەیەك خەلقیش بەدوایانەوەدەرۆن دەست دەکرێت بـــــە سەواکردن فەرش بە (قسط) دەفرۆشێ زۆری ناخاتەســـەر تەنها (٢٠) دیناری خویـــــری ئەبێ ٠

باجی مەنیـــج جنگـــەی (نوفیکی) گرتونـــــەوە خواردنەوەش دەفرۆشێ هەر قابی (یۆسکی) دوو دیناری دەخاتەسەر ٠ بازارێکی جوری چاکی هەیە باجی مەنیج کاسب کاسب ٠ بریاری داوە سەرێکی لندەنیش بدات وای بیســـتوە لـــەوی ئەم شتانە هەرزانـــەچی بکات لەویش بۆ ئالوشەکەی ژێر مەمکی خوی بیشـــانی دکتور دەدات ٠ بەلام ئەکـــەر یەکیك ئەکات بە وەکیـــلی گشتی خوی ناچیتە لەنـــدەن ٠ سەرێکی حجاز دەدات لەویش خوا بوی بکات حەجیکی باکـــو ئەمیز دەکات شـــــتی وورده والایش دێنێتەوە لەئەل خوی هیچ ئەبێ (سێ چوار تاچیـــن بەمانا تسجیل ٠ لەگەل خـــوی دەهێنیتەوە هەم زیارەت هـــەم تجارەت ٠ جا خوا لەش ساغ کات ئەم بلیمەتە ئەمە بیشەی خۆی و دەستەو دایرەکـــەیو خورجەکەیەتی ٠ ئەنهـــــا پرسیارێکم هەیە ٠ ئەرێ باجی مەنیجو هاورێکانی چـــــونچونی ئەم هەمو پێویستیەیان دەست ئەکەوێ ؟؟

باوکی بختیار

کـــۆبـــونـــەوەی ئەنجومەنی راپەراندن

ئەنجومەنی راپەراندن لـــەژنجیرەی ئەو کۆبوونـــــەوە فراوانانەی بۆ لێ کۆلینەوەی کاروبارەکانی ناوچـــــەی ئۆتۆنۆمی رنکی ئەخات ، لـــەرۆژی ١٠ـ١١ دا کۆبوونەوەیەکی تایبەتی پێك هێنا بـــــۆ ئەندامانی ئەنجومـــــەنی راپەراندن و ئەو لێژنەیەی لـــەوەزارەتی دارایی یـــــــەوە سەری دایە ئەنجومەنەکە بـــۆ ئاماربوون و چاوپاخشـــانی کاروبارەکانی دارایی ناوچەکە٠ لە وکۆبوونەوەدا کە جنگـــری سەرۆکی ئەنجومەن مامۆستا سعاد ادیب » سەرۆکایەتـــی کرد بریاری ئەوە دووبـــات کرایەوە کە پێویستە لێژنەکـــە بە زووترین کات دەستی بـــە لێ کۆلینەوەی هەموو بەشەکانی ئەنجومەنەکـــە بکات لەرووی سەرایـــای کارەکانیەوە بۆ ئەوەی راپۆرتی تایبەتی پێش کەش بە وەزارەتی دارایی بکرێ و پێویستی بەنوێ کانی ســـالی نوێ بخرێتە رو ٠

ئەدیبەکانی وڵات ئارەزایی بەرامبەر کاروباری ئارەوا کە دژی رێکخراوە میللیەکانی کوێت کراوە دەربڕن

پاشماوەی سەروتار

ئەم ووشە بەنرخانە پێوەندی راســـتو دروستی نێوان شۆرش و جەماوەر دیاری دەکەن و ئەو ئەرکە کاریگەر ستراتیجیانە دەست نیشان دەکەن کە جەماوەری ئێمە بە سەرکردایەتی حیزبی سەرکـــردە ٠ حیزبی بەعســـی سوشیالیستی عەرەب ، خەباتی خۆیان بۆ وەدی هێنانیان تاوەدەدەن ٠٠

شورشی ئەتەوایەتی و سوشیالیستی ١٧ی تـــەموز بە ڕەسەنی شورشگیری و رێبازی پێشکەوتوانەی خـــزی توانیویـــەتی بناغـــەی ئایدیۆلۆجـــی کۆنەپـــەرستی و ئیمپریالیستی لە رژێمو رێبازو پێوەندی یە جۆربەجۆرەکانـــدا بروخێنێ و روشنبیری ئەلی و دیموکراتی بـــەناو جەماوەردا بلاوبکاتەوەو پێوەندی یەکی شۆرشگیرانە لەناو کۆمەڵی دابمەزرێنێ ٠ بـــەو کـــارە پێداویستیەکانی شورشگیری دابین کردوەو رێ و شوێنێکی نـــەمری لـــە کەلەپۆری شارستانیەتی ئێمە وەرگرتوە ٠

بەگوێرەی سروشتی تایبەتی شورشی ١٧ ـ ٣٠ی تـــەموز وەك شورشێکی نەتەوایـــەتی و رزگاریخوازی و سوشیالیستی چەند ئەرکێکی دولایەنی گرتۆتە ئەستۆ ٠ بەشێك لـــەو ئەرکانە پێوەندی بـــە بەرەزوبونەوەی باشکەوتویی هەیە لە مەیدانی ئابوری و کومەڵایەتی دا کە دەبێ ئەخشەو بەرنامـــەی پێویست بۆ روخاندنی باری دواکـــەوتویی دابمەزرێنێ و بەردەوام لەســـەر رێگای پێشکەوتن هەنگاو باوێژێ ٠٠ بەشێکی تری ئەو ئەرکانە پێوەندی بـــە خـــەباتی نەتەوایەتیەوە هـــەیە بـــۆ بەرەنگاربونەوەی دەستدرێژی ئیمپـــریالیزم و زایۆنیزم بۆسەر نیشتمانی عەرەب و بۆ خەبات لە پێناوی رزگارـــ کردنی فەلەستین دا .

ئەم سروشتـــە هـــەروەك ناوەرۆکی راستەقینەی شۆرش و قوڵی ستراتیجی و مەبدەئی شۆرش دەردەخا ، پێویستی بە عونسورێکی خەباتگێر هەیە کە هوشیاری و بەرپرسیاری خـــۆی تا رادەی پێداویستیەکانی نـــەو سروشتە شورشگێریە بەرزبکاتەوە .

بۆیە ئەرکی رو شبیری و هۆشـــیار کردنەوەی کۆمەڵانی بە بیروباوەڕی ئەتەوایـــەتی و سوشیالیستی کەوتوە کە سەر رێکاو مەلبەندو شـــەقامەکانی دەوروبـــەرو ناوەوەی پایتەختیان گرتووە ٠

وە بزوتنـــەوەی نیشتمانی لوبنان بـــە توندی تا ادارە کردوە کە ئەو هێزانەی رژیمی سوریا لە ژێر پەردەی هـــزی ناوبژی کەری عەرەبدا چونەتـــە ناو بیروتو چەند ناوچەیەکی ترەوە وەك لەشکری سوریا لـــە گەل خەلکی دارەفتار ئەکـــەن ئەك وەك هێزی عەرەبی ٠

وە لە یادداشتێکدا کـــە بزوتنەوەی نیشتمانی رۆژی یەك شەممەی رابوردوو داوەتی بە سەرکردایـــەتی هێزەکـــانی ناوبژی کەری عـــەرەب داوای کردوە کـــە پێویستە پەرەوی یەکسانی بکرێت نـــە رەفتـــار کردندا ل[illegible] لایـــەنەکـــانی شەپەکەو چونە ژو ناوچـــەکانەوە ٠

یاداشتەکە ئامکرای [illegible] کەهزی ـ تریشفە ـ [illegible] ساعەتەی سوریا کـــە بە بی هـــیچ رێککەوتنێك هاتۆتەوە دەستی کردوە بە دابەش کردنی [illegible] تفاقی شەپ بە سەر [illegible] داو سەنگەری لە چەند شوێنێك داناوە ٠

ئەنیـــا بـــۆ هەلکیشانی رۆشـــنبیری کۆنەپەرستی و ئیمپریالیستی دژ بە ڕەسەنی و کەلەپوری ئەتەوەکـــەمان نیە بەلکـــو لەکـــەل ئەرکە شورشگێریە مەزنەکانیش رێك دەکەوێ بۆ لەناوبردنی دواکەوتویی وە بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتی رزگاریخوازی دژی ئیمپریالیزم و هەروەها بۆ بەربەرەکانی یەکی شارستانیەتی سەخت هەروەك لـــە نامەی سەرۆکی فەرماندەدا هاتوە ٠

پەرەسەندنی هێرشی روشنبیری بەرنـــامە بـــۆ دانراوو نەخشە بۆ کێشراوە لەلایەن دەزگا رۆشنبیری و راگەیاندەکانی شۆڕشەوە لەناو رێزی جەماوەرو لـــە دورترین نوختەی خـــاکی نیشتمانیدا جی ی شۆرش بەهێزدەکاو کارێکی لەبار دەکاتە ســـەر بەرزکردنەوەی بلەی بەرهەمهێنانی نیشتمانی بەجەشنێك کـــە [illegible] ئامانجـــەکانی پەرەســـەندنی ئابوری و کۆمەلایـــەتی رێك بکەوێ ٠ ئەمەش مەسەلەیەکە کـــە نامەی سەرۆك سەلماندویەتی و ئەرکەکانی بەلـــەکردن لـــە بەرچەپاندنی کومەڵو بەرهـــەلستی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمیش بـــە پێویستی دادەنێن ٠

پاشماوەی هێزە گوشەگیرەکان

کەوتوە کە سەر رێکاو مەلبەندو شـــەقامەکانی دەوروبـــەرو ناوەوەی پایتەختیان گرتووە ٠

وە بزوتنـــەوەی نیشتمانی لوبنان بـــە توندی تا ادارە کردوە کە ئەو هێزانەی رژیمی سوریا لە ژێر پەردەی هـــزی ناوبژی کەری عەرەبدا چونەتـــە ناو بیروتو چەند ناوچەیەکی ترەوە وەك لەشکری سوریا لـــە گەل خەلکی دارەفتار ئەکـــەن ئەك وەك هێزی عەرەبی ٠

وە لە یادداشتێکدا کـــە بزوتنەوەی نیشتمانی رۆژی یەك شەممەی رابوردوو داوەتی بە سەرکردایـــەتی هێزەکـــانی ناوبژی کەری عـــەرەب داوای کردوە کـــە پێویستە پەرەوی یەکسانی بکرێت نـــە رەفتـــار کردندا ل[illegible] لایـــەنەکـــانی شەپەکەو چونە ژو ناوچـــەکانەوە ٠

یاداشتەکە ئامکرای [illegible] کەهزی ـ تریشفە ـ [illegible] ساعەتەی سوریا کـــە بە بی هـــیچ رێککەوتنێك هاتۆتەوە دەستی کردوە بە دابەش کردنی [illegible] تفاقی شەپ بە سەر [illegible] داو سەنگەری لە چەند شوێنێك داناوە ٠

Institut kurde de Paris

لاوان و وەرزش

نادیا کۆماشی

عبدالقادر خلیل

ئەمئاوە هەموو جیهان تاچەند ساڵێکی تریش هەر باسی دەکات • ئەم ئاوە ئاوی کێژێکی ڕۆمانیە کە هەموو جیهانی وەرزش سەری سوڕماوە لەوسەرکەوتنەی کە لە تەمووزی ڕابوردوودا وەدەستی هێنا لەدورەی مۆنتریال ساڵی ١٩٧٦ ئەو پلەیەی کە ئەو بڕی (١٠ لە ١٠) بوو وە ئەم پلەیەیەش نە کەس توانوویەتی بیهێنێ وە نەکەسیش لە ئایندەدا وەدەستی نەهێنێ •

نادیا کۆمانشی کێژێکی (١٤) چواردە ساڵانەیە خاوەنی وەدەست هێنانی (٥) مەدالیای ئالتونی‌یە لە ئۆلۆمپیاتی مۆنتریال • ئەو پالەوانەیە کەهەموو ئاژانسی وەرزشیەکانی جیهان بێیان ووت گرنگترین‌ڕوودراوی خولی مۆنتریالە چی دەربارەی نادیا نووسراوە •

● تەمەنی ١٤ ساڵانە‌ڕۆژی لە‌دایکبوونی ٢٢ تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦١لە کەپەکێکی شاری بخاریست لە ڕۆمانیا هاتۆتە دنیاوە •

● درێژی مەترێک‌و ٥٣سانتی‌مەترە قورسایی (٣٩) کیلۆ کرامە مەشقی کردوە لەسەر جمناستیك لە تەمەنی (٨) ساڵاندا وە بووە بە پالەوانی‌جمباز لە (١٠) ساڵیدا

● لە ساڵی ١٩٧١داناوبانگی جیهانی دەرچوو کە لەو کاتەدا تەمەنی (١٠) ساڵانەبوو لە بلغاریا کە بە یەکەمی عەڵ کەوتووەکانی ئەو مەرجەدەرچوو •

● لە ساڵی ١٩٧٣دا لەشاری بخاریست کە خولێکی جیهانی کیرا بە یەکەمی هەموو‌پالەوانانی خولەکە دەرچوو چ لە کوڕاندا چ لە کچاندا • لەوکاتەدا تەمەنی ١٢ ساڵان بوو •

● کە تەمەنی کەیشتە (١٤)ساڵان بچووکترین پالەوانی ئەوروپا بوو لە مێژووی‌جمبازدا •

● هەموو جهازە ئلکترۆنیەکانی مۆنتریال سەریان لێ شیوا تەنانەت (ئەقلە ئلکترۆنیەکان‌کە دانرابوون بۆ دانانی پلەی سەرکەوتن) ئەوانیش‌دیسان سەریان لێشیوا بوو ئەو ژمارەیەی کە بەپێی‌بریاری زاناکانی عەقلی ئەلکترۆنی دانرابوو بۆ وەدەستهێنانی پلەی سەرکەوتن • (٩٫٥) بوو لە ٩٫٥ کەچی ئەوژمارەیەی کە نووسرا لە سەر (سکوربوردەکە) بە مانا لەسەر تەختەی ژمارەکان ١٠ لە ١٠ بوو • هەموو زاناکان‌سەریان سوڕما کاتێ تەماشای (عقلە ئلکترونیەکەیان) کردتۆ بڵێی ڕاست بێ کە چی پۆژی دووەم‌و سێیەمیش کەیاری دەکرد (١٠ لە ١٠) وەردەکرت • بەم جۆرە ئەم‌کیژە بچکۆلە جوانەی بخاریست ناوی چووە لایەڕەی مێژووەوە

● **خۆراکی نادیا تەنهامیوەو گۆشتی کولاوە • شەو زوو دەنوێت • خواردنەوە(ئەلکول) ناخواتەوە •**

● **ڕۆژی چوار سەعات‌مەشق دەکات کاتێ مەشق دەکات دەڵێی ناو دەخواتەوەهێندە مەشق کردنی پێ سووکە •**

● دەڵێت من زۆر خۆشحالم‌توانیومە (٥) مەدالیای ئالتونی وەدەست بێنم بۆ ڕۆمانیا • کەسم هێندی وولاتەکەم خوش‌ناوێ •

دوانێك لەگەڵ وەرزشەوانێکی کوێندا

بۆهان‌دانی لاوان‌و ئاگادار‌کردنەوەیان لەسەر زیاتر هەوڵ دانیان بۆ دروست‌کردنی گیانی‌وەرزش چاومان‌کەوت بە یەکێك لەوەرزشەوانە کۆنەکانی شاری‌سلیمانی • بەرێز کاك نوری بدوی ملاحظی ئوراقە‌بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلیمانی‌و ئەم چەند پرسیارو وەڵامەمان لە گەڵدا پێکهێنا •

● **کاك نوری دەربارەی‌سەرەتای ژیانی‌و وەرزش ووتی :**

✪ ناوم نوری بدویە لەساڵی ١٩٣٠ز لەشاری سلیمانی هاتومەتە دنیاوە لەساڵی ٩٣٨ خوێندنی سەرەتاییم دەستپێ‌کردووەو دوای‌دەرچونم لەقوتابخانەی سەرەتایی لەبەر ڕۆزی تەمەنم چومە ئامادەیی سەوی سلیمانی‌و هەتا پۆلی سێهەمی لەوێ‌م خوێندووە دوای ئەوەو وەوانەکرام بۆ سەربازی •

هەر لەسەرەتای قوناغی سەرەتاییمەوە زۆرم حەز لەیاری‌کردن ئەکردو هەمیشە لەگەڵ منالانی گەرەکدا بەتۆپی بەڕۆو یاریمان ئەکرد ، هەتا ڕامانهات توانیم تیپێك پێك بهێنم بەناوی تیپی (ئەزمر) وە چەند یاریەکمان‌کرد لەگەڵ تیپەکانی ناوشارو هەولیرو کرکوکداو ئەنجامەمان زۆر جار سەرکوتو بو •

دوای ئەوە ووتی لەسەربازیشدا هاوبەشی تیپەکانی سوپام کردووەو ەزۆریاری سوپادا هاوبەشیم‌کردووە • لەتیپی (ئەزمردا) خۆم سەربەڕشتیارو مەشق دادەری تیپبووم • لەیانەی وەرزشی سلیمانی یاریم‌کردووە کاتی خۆی لەدەستەی بەڕیوەبەرانی‌یانەی ناوبراوبووم •

● **هاوەڵەکانت ئەناسیتەوە لەیانەی‌وەرزشی سلیمانی ؟**

✪ بەڵێ زۆریان ئەناسمەوە، هەندێکیان هەتا ئێستاش بەردەوامن لەیاری‌کردن• لەوانە فائق طاهر‌و رزاق طاهر‌و معتصم فتحی‌و کمال رشید محمد امین‌و چەند یاری کەرێکی‌تر •

● **دەربارەی تیپەکای ئەو سەردەمە : ووتی :-**

✪ لەزۆر تیپی ناوشاردا یاریم‌کردوەو هەمیشە لە عەوڵی دانانی تیپدابووم‌و لەوانەیش وەکو تیپی‌سانەوی شەوی سلیمانی‌و تیپی ئەزمرو تیپی‌جامعەی سلیمانی‌و تیپی ئەعلی‌و تیپی یانەی وەرزشی سلیمانی‌و چەند تیپێکی بچوکی‌ترو هەمیشە لەساحەکاندا مەشقمان ئەکردو شەوپشمان ئەدایە دەمی ڕۆژ لەسەر شەقامەکان‌و ئۆتۆمبیلەکانما یاریمان ئەکرد • هەموو یاریەکانمان ئەکرد بەڵام یاری تۆپی‌مان زیاتر خۆش ئەویست •

● **پرسیارێکی پێ‌برین‌و ووتی •**

✪ خەڵاتی زۆرم وەرگرتوە لەیاریەکانمدا بەهەموو جۆرەکانیەوە لەوانە ١٥ مەدالیاو ١٣ کاس‌و هەندێ دیاری وەرزشیانەی‌تر •

● **دەربارەی ئەڤەبی (بدوی)**

ووتی :

✪ لەساڵی ٩٣٨ لە قوتابخانەی سەرەتایی کە یاری شەقمان ئەکرد قاچم ئەوەندە بچوك بوو هیچ پێڵاوێکی یاریم بۆنە ئەبوو ئیتر ناچار ئەبووم بە پێخاوسی یاریم ئەکردو کەهەموو پێویستیەکی وەرزشیان هەیەو لەهیچیان‌کەم نیە وەکو منالێو کەنجیەتی نیمە بەتۆپی پەرۆ یاریمان ئەکرد •

هەروەها زۆر سوپاسی ڕۆژنامەی هاوکاری خۆشەویست ئەکەم وابەتەنگ وەرزش‌و وەرزشەوانەکانەوەیە •

حمە سعید حمە کریم فرج
پ• هاوکاری لەسلیمانی

لەساحەکانی سلیمانی‌و یارمەتیەکی زۆری بەریوە بەرێتی چالاکی وەرزشی‌و دیدەوانی بەروەردە ئەدەم‌و لەهەموو کاتدا بەتەنگ بینینی هەموو یاریەکانەوەم • وە ئێستاش تیپێکمان هەیە بەناوی تیپی متقاعدین‌و لەوێ بەردەوام یاری ئەکەم • متقاعدین مەبەست لەیاری‌کەرە کۆنەکانن لەم تیپەدا کۆبونەتەوە •

● **لە کۆتاییدا ووتی •**

✪ ئاواتە خوازم وەرزش لەشارەکەماندا سەرکەوێت‌و پەرەبسەنێ‌و تیپەکانمان بتوانن هاوبەشی هەموو یاریەکانی وولات بکەن‌و کەنجەکانمان گیانی وەرزشیان زۆربێ‌و بەتەنگ لایەنەکەیەوەبن • وئەم کاتە لە بارە بەفێرو نەدەن کەهەموو پێویستیەکی وەرزشیان هەیەو لەهیچیان‌کەم نیە وەکو منالێو کەنجیەتی نیمە بەتۆپی پەرۆ یاریمان ئەکرد •

هەروەها زۆر سوپاسی ڕۆژنامەی هاوکاری خۆشەویست ئەکەم وابەتەنگ وەرزش‌و وەرزشەوانەکانەوەیە •

حمە سعید حمە کریم فرج
پ• هاوکاری لەسلیمانی

راستیەك لەژیانماندا

ژن‌و میردایەتی وەکسەرکەوتن وایە مرۆڤ‌ئەتوانێت بەئاسانی وەدەستی بهێنێ ، بەڵام بەردەوامی‌و پارێزکاری‌کردنی کرانەو هەروا شتێکی‌ئاسان نی‌یە •• ئەوە ژۆر شتێکی ئاشکرایە کە کەسانێکی‌زۆر بەنانەبەنە بەر تەلاقدان‌و ئاخۆشیش لەنیوان ژن‌و میردازۆر ڕوونەدات • زۆر لانەی وا تێك‌ئەچێت کە لەسەر بناغەی‌خەو بینین‌و فرەی بالی کچ‌و کوڕ پێك‌هاتوە کە هەتا هەتایەلە باوەشی بەختیاریدا ڕێگای ژیان پێکەو ببڕن •• کەچی کەماوەیەك لەژێر سایەی مالێکداو لە خانوچکەیەدا پێکەوە ژیان‌ئەبینین خەوبینین زور جیاوازە لەڕاستی‌یەوە ئەو هیلانەی‌خەیالەش دانەنەبێت‌و بەرکە ئەکرێت •• بێ‌گومان کەمی‌و نانەواوی لە شێوەی ژن‌هێنان‌و شوکردنەکەدا نی‌یە وەك‌شێوەی بەیەك‌کەیشتنی ژن‌و پیاو هێنانەدی سیستەمێکی کۆمەلایەتی‌بەتاو وتنەی‌خێزان‌دا بەلەشمان بۆ ئەوە ئەوەیە کەسەدان ساڵە ئەم شێوەیە پەردەوامەو خەلکی لەسەری ئەڕۆن‌و پەیڕەویی‌ئەکەن •• وە لە زوربەی زۆری‌ولاتانی ئەم دنیایەدا پەیڕەو ئەکرێت وە تەنیا پێشکەوتن‌ودواکەوتنی کۆمەلگاکان کەمێك لە شێوەکەی ئەتوانرێت عەروەهامەسئەلەی بیروباوەڕو ئاین •• لە ڕاستیدا ئەمە ئەوەئەکەیەنێت کە کەمی‌و نانەواوی لە ئێمەدایە وەك ژن‌و میردنەك لە مەسەلەی پێك هێنانی خێزاندا وەك ئەرێنێك ••

لەبەر ئەوە ئەگەر ئێمەویستمان ژیانی ژن‌و میردایەتی لە ڕێگای سەرکەوتنا بەردەوام‌بێت •• هەر ئەوە بەس‌نی‌یە کە بەیوەندیکە پێك‌بهێنین •• بەڵکو ئەبێ ئەپێناوی بەردەوامی ئەو پەیوەندیەدا هەوڵ‌و کۆششێکی زۆر بدەین •• وە ئەبێ بەقۆلی لەوە بگەین کەژیانی ژن‌و میردایەتی هەوڵ‌و قوربانی‌دانێکی زۆری ئەوێت بۆئەوەی ئامانجی ئارام‌و دڵنیایی‌و بەختیاری تێدادا بێتەدی •• ئەویش بە هاوکاری‌کردنێکی ئەواو لە نیوان ژن‌و مێردا••وەئەبێ ژن‌و مێرد بەم شێوەیە بیربکەنەوە وە بۆ هێنانەدی ئەوەمەبەستە هەوڵ‌و ئەقەلا بدەن •• وە یەکەم هەنگاوی چارەسەرکردن ئەوەیە کە کەموکورتی‌و گیروگرفتەکان دەستنیشانەبکەین‌و ئەوبەری هەوڵ‌و ئەقەلامان بۆ چارەسەرکردنیان‌بەختکەین لەم قوناخی هاوبەش‌کردنەدا •• چونکە‌ئەگەر لە ژیانی ژن‌و میردایەتیماندا سەرنەکەوتین ئەو کاتەناتوانین بەئەواوی لە ژیانماندا بەختیار بین •• چونکە‌بەختیاری لەناو خێزاندا دروست ئەبێت‌و لەناو خێزاندائەژی ئەمەش بنکەیەکە بە نیسبەت ژن‌و پیاوەوە وەك‌یەکە ••

بەختیاری لەناو مالداوسەرکەوتن لە دڵنیایی‌و هیوا بە هاوبەشیەکی وریاو زرنگانە و بەردەوام لەپێناوی بەختیاری‌و خۆشگوزەرانیدا بنیاتنان‌وهەوڵدان •

ـ وەسیلە ـ

پاشماوەی ئافرەت‌و شۆڕشی

ئافرەتێکی‌ئەخوێندەوار لەوڵاتدا ئەمێنێت •

وە لەبڕگەی شەش‌هەمینی ڕاپۆرتی کۆنگرەی ئافرەتە ئیشکەرەکانی وڵاتانی عەرەبدا •• کە دەست نیشانمان‌کرد ، بەلگەیەکی قوڵ‌و فراوانی قەکانی شۆڕش‌و سەرکردایەتی سیاسی لە عیراقدا دەرئەخات • هەنگاونان بەناو ئامانجەکانی پەرەپیدانێکی فراوانی گەورە پێویستی بەوەیە کە پەرەپیدانێکی فراوانی شان بەشان لەمەیدانی روشنبیریی‌و پەروەردەو فێرکردندا بەرپا بکرێت، کەئەمەش بەبێ دوودڵی ئەمانبات بەرەو فێرکردنی ئافرەتان ، هەمو ئافرەتان بە بێ‌جیاوازی وریاکردنەوەی ئافرەتان لە هەمو بەشێك لە بەشەکانی‌و نیشتمانداو ئەم بڕگەیە ئەڵێیت : « تەخت‌کردنی کۆسپەکان پێویستی بەوەیە کە لەناو ئافرەتاندا نەخوێندەواری قەلاچۆکرێت ، وە لە هەمو قۆناغەکاندا ڕێگای خوێندن بۆ کچ‌و کوڕ خۆشکرێت وە لە کارکوزاریدا وەك یەك ماوەی فیربون‌و شارەزابونیان‌بدرێتێ‌و بخرێنەکار» . بەڵی تەخت‌کردنی کۆسپ لەڕێگای پەرەپیدانداو بەجۆرێکی زانستی‌و بەگوێرەی تیوریەکی زانستیانەی واقیعی‌و لەبۆ چونێکی زانستی مادیدەوە بێ‌ویستی بەریشەکەن کردنی نەخوێندەواریەلەناو ئافرەتانداو مەرجە کە دەرگای خوێندن‌و ڕۆشنبیریان بۆ بخرێتە سەرگازی بشت ، چونکە ئافرەت هاوبەشێکی سەرەکی‌یە لە بنیاتنانی سۆشیالیستی‌دا . گومان لەوە ناکرێت کە بەرهەمی ئافرەتێکی نەخوێندەواری بەش خوراو کە لەگەڵ بیاودا بەیەك چاو چون یەك تەماشا نەکرێن بەرهەمێکی لاوازو بێ‌کەلك‌و هیچ‌و پوچ ئەبێت وە هەرگیز لەگەڵ ئەو بەرەپیدانە فراوانەدا ناگونجێت کە ئەمانەوێت لە نیشتمانی عەرەبدا وەدی بهێنین •

ئالێرەوە •• ئەك لەبەر چەند هۆیەکی مرۆڤایەتی‌و بۆ ڕوکەشێکی ڕوت ، یالیبریالیانە (یاوەك هەندێك کەس ئەڵێن ئافرەت گوناحە) یا بۆ ئەوەی لەڕوکەشی شارستانیدا بەهاوچەرخمان بزانن •• ئەك لەبەر ئەم جۆرە شتانە بەلکو بۆ چاکەی شۆڕش‌و چاکەی پەرەپیدان‌و بنیات نانی سۆشیالیستی لەوڵاتەکەماندا ، هەنگاوبەرەو ڕزگاری ڕوشنبیری ئافرەتانا لەوڵات دانرا بەشدارکردنی لەهەمو مەیانێکی پەرەپیداندا وەبە تایبەتی لەپەرەپیدانی ڕۆشنبیریدا کەبە شێوەیەکی عوزوی‌و وەزیفی بە پەرەپیدانە کۆمەلایەتی‌و ئابوری‌یە کەورەکەی وڵاتەوە ئەڵێن •

لەڕاستیداو لەمەیانی ئەتبیق کردنا ئەبینین کە ئافرەتان لە مەیدانەکانی کارکردنا جێگای شیاوی خۆیان گرتوە)و یاخەریکە ئەیگرێت وەك هەمو هاونیشتمانیەك جۆن لەبلانی پینج ساڵەی داهاتومانداو ئەخشەی کێشراوە ••لەعیراقی ئەمڕۆماندا ئافرەت پەریوەبەرە، بەپەرشتی‌کەری کۆمەلایەتی‌یە سەرکردەی پەروەردەکردنە ، بزیشکە ، برین پێچە ، خانەخوێیە ، ڕێکانمایە فەرمانبەرە ، زانایە ، مامۆستای زانکۆکانە ، ئەدیبە ڕۆژنامەنوسە کرێکارە ، جوتیارە •• شۆڕش دەرکای زانکۆکانی بۆ ئافرەتان خستۆتە سەرکازی بشت (وەئەبێ معەدەل بو بێت بەکۆسپێك لەڕێگای ئەوەدا کە ئەیەوێت لە چ کۆلیجێك بخوێنێت •• ئافرەتی عیراق شتی‌وای لێ ئەوەشێتەوە لە پلەی ئەوەدایە کە لە کولیجی سەربازی وەرگیرێت ، ئەویش وەك بەشداری کردنی لەسویای‌میللی‌دا بەشدار‌بونیکی تەواو لەهەمومەشق‌کردنیکی ئاو سوپایەدا هەتا مەشق‌کردن لەچەترەوانیدا ••) ئافرەتە عیراقی‌یە هۆشمەندەکان ئەوانەی لەیەکێتی‌ی ئافرەتانی عیراقدا ڕێکخراون ، لەهۆشمەندی‌و وریاییەکی تەواوەوە بەشداریی بنیاتنانی کۆمەلایەتی‌و بنیاتنانی ڕۆشنبیری ئەکەن لەدایەنئاکانە وە تاکو زانکۆکان‌و زانستگای لێکۆلینەوە زانیاری لە هەمو ڕویەکی چالاکی کۆمەلایەتیدا ، وە لەڕێگای ئەوە دایە بەشداری مەیدانەکانی تریش بکات •• ئافرەتان سەرمایەیەکی کەورەی بەشەریی پەرەپیدانن ، وە بەنایبەتی خوێندەوارو ڕوشنبیر ، سەرمایەیەکی چاکن لە پەرەپیدانی ڕۆشنبیری‌و هەمەوورووەکانی تری پەرەپیدانی وڵاتەکەمان‌و نیشتمانی عەرەبدا •

پاشماوەی گۆرانی کوردی

سولێمانی)و (کۆمەڵە)یە ، ئەو چەند بەرهەمە قشتیلەیە نمونەیەك لە توانای لە بارو بەهرەی هونەرمەندی کوردی تیادا دەردەکەوێ‌و پەردە لە ڕووی کەنجینەی کەلێکی دەوڵەمەند لە هونەرو سامانی فۆلکلوری‌دا لا دەبات ، هونەر لە زیندوو کردنەوەی سامانی فۆلکلۆری تەنیا ئەوەندە نی‌یە کە بەرهەمێکی فۆلکلۆری پێش‌کەش دەکرێت‌و لە ئاوچوون دەپارێزرێت ، بەر لەوەش پوختەو یەکلا کردنەوەو پالاوتنی ئەو بەرهەمانەو خستنە ناو چوارچێوەیەکی هونەری‌و خولقاندنەوە ـ لە نرخی هونەردا زیاد دەکات‌و دەستێکی هونەرمەندانەی لێ‌ڕەنك دەداتەوە کە خرابێتە بال شێوازێکی هاوچەرخانەوە • هونەرمەندی کورد هەتا ئێستا بێجگە لەوەی کە مۆسیقا ژەنێکی کارامەیە ، پسپۆڕایەتی خۆی لە گەڵ خولقاندنی ئاوازی کوردی دا کەم ڕاهێناوە • بۆیە ئۆرانی بێژ لە زۆر کاتا ناچاری ئەوە دەبێ خۆی شیعرو ئاواز دابنێ‌و خۆشی بیلێ ، یا ئەگەر ئاواز ـ دانەرێك ئاوازێك دابنێ ، بەر لەوەی بیر لەو هونەرمەندە بکاتەوە کە دەنگی دەگەڵ ئاوازەکە دەوەشێتەوە ، خۆی پێش‌کەشی دەکاو دەنگەکە نرخ‌و بەهای ئاوازەکە دەخەتکێنێ ، ئاوازەکانی هونەرمەند (کەریم کابان) لەوپەڕی تیرو تەسەلی‌و ڕەسەنیەتی‌و قوڵی‌دان ، بەڵام لەوانەیە ئەکەر بۆ دەنگێکی وەکو دەنگی (قادر کابان) نەبێت ئەو تامو چێژە بە جەرکە نەبەخشێ ئەگەر بۆ یەکێکی وەکو خۆی مانان بێت ، بۆیە (دەنگ)و (ئاواز) وەکو تای تەرازوو وانە لە پێکهێنانی گۆرانی‌داو هەر یەکێکیان تەواوکەری ئەوی تریانن •

گۆرانی بێژ :

گۆرانی بێژ کیانو پەیامێکی تایبەتی خۆی هەیە لە گۆرانی‌دا، بەر لەوەش کە حیساب بۆ شیعرو ئاواز بکرێت ، گۆرانی بێژ بەرپرسیاری بەرهەمەکەی خۆیەتی ، دەبێت گۆرانی ئاوێنەی ئەو واقیعە بێت کە هونەرمەندەکەی تیادا دەژیت ئەگەر لە خەلفیەتێکی هونەریەوە بروانینە گۆرانی ، شیاو نی‌یە منالێکی وەکو (خسرو توفیق) لەو تەمەنەوە گۆرانی بۆ ـ دلداری ـ بڵێ •

گۆرانی ئەگەر چیرۆکی پەسەرهاتێکی گۆرانی بێژەکە بێت ، هێزی دەربڕین‌و بڕی عاتیفەو سۆزی زێدەتر دەکات لەوەندەی کە لە خەیالدا بزێت ، بۆیە زۆر جاران هونەرمەندێکی وەکو (ابراهیم محمد) گۆرانیەکانی تابعێکی ڕەش بینانەی هەیە ، لەوانەیە ئەو تابعە ـ ڕابوردو‌یەکی ڕەش بینانەی هەبێت کە بۆی بەجێ ماوە ، ئەگەر ئەو ڕەش بینیەتە گریمان ڕاستیش ئەبێت لە گۆرانی‌دا بەلام چونکە لە ناخێکی ڕاستەقینەو سۆزو خرۆشێکی بە جەرگانە هەلدەقوڵێ ، سەرکەوتنێکی تەواو بەدەست دێنێ •

گۆرانی بێژ ـ وەکو هونەرمەندێك لە دڵی خەڵکی‌دا دەژیت‌و ڕێزو خۆشەویستی تایبەتی‌و دیاری کراوی خۆی هەیە لە کۆمەڵدا ، پێویستە قودسیەتی ئەو خۆشەویستیە بپارێزێ بۆ بشگیری کردن‌و هاندانی لە لایەك ، لە لایەکی ترەوە ڕێزی هونەرو ڕێزی خۆی بگرێ ، (هونەرمەند) گۆرینەو بێژو چاوەش نی‌یە لە هەموو ڕێزێك‌دا سەرچۆبی بگرێ ، لە هەر موناسەبەتێکی (شخصی) سەر پشك بێت چونکە هونەرمەند دەبێت هەستیارو ووردبین بێت لە پارێزگاری کردنی ڕێزی‌و کەسایەتی خۆی‌و لە هەلسەنگاندنی ڕادەی بەرەو پێشەوە چوون‌و هەنگاونانی •

پاشماوەی پەرەسەندنی

ڕادەی ١٠٪ ڕاکەیاندن •

دەستکورتی

جار لە باش شەڕی دووەمی جیهانەوە شکاندنی دۆلاری بە کەم کردنەوەی نرخی دۆلار نەبووە هۆی بەهێز بوونی یاخود چاك بوونی دۆخەکە هەروەها زیادە شلەژاوی لە بازارەکانی دارایی‌دا بنەبڕ نەکرد ••• تەنانەت لە یەکەم ڕۆژی مانگی ئاداری ئەو ساڵە ٤٠٠٠ مەیلۆن دۆلار هەلڕژێنرایە بازاڕەوەو بە هەرزانی فرۆشرا ••• بازاڕەکانی ئۆڕپەیشەوەی ڕۆژئاواو ژاپۆن نەیانتوانی خۆیان لە بەردەم ئەم گەردەلونە سەختەی دۆلاردا بگرن لە بەر ئەوە بۆ ڕۆژی دوایی دەرگاکانیان داخست • پێویستە پەیوەندی بڕینی عەرەب لە گەڵ کۆمپانیاکانی ئەمەریکاو ئەوانەی سەوا لە گەڵ حکومەتی دوژمندا ئەکەن بە شێوەیەکی کاریگەرتر دەوری خۆی بگێڕێ •• ئەمەش لە لایەن حکومەتی حەقدەی تەمووزی بیرۆزەوە • لە کۆنگرەی ئەم دوایەی سەرپەرشتی کارانی هەکتەبی پەیوەندی بڕین‌دا داوا کراوە •

هاوکاری
ئەدەرگای ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندنی کوردی
دەردەچێ
بەغداد - خانەی خەلاف
ص• ب ٧٤٣٦
تەلەفون ٥/٦٨٣١١ خات
ژمارەی سپاردنی بەکتێبخانەی نیشتمانی ١٥٦
بڵاوکردنەوەی ئەم بڵاوکراوەیە بەبێ ڕازیبونی سەرنووسەر قەدەغەیە و بڵاوکراوەکە کوردی‌یە

Institut kurde de Paris

چەند پاپۆرێکی گەورەی عیراق بۆ گوێزانەوەی بەرووبوومەکانی نەوت

هەمو ساڵێك بە هەزاران بارۆڕی گەورەی بارهەڵگر ئەگەرنە بەندەرەکانی عیراق ، بەڵام هەمویان لە عیراقدا سوتەمەنیان نادرێتی لەبەر ئەوەی بە دەستەوە نیە ، ئینجا لە بەندەرەکانی تر سوتەمەنی وەرناگرن ، ئەوەی کە گیروگرفت بێ ئەوەیە عیراق خۆی لە دەستکەوتێکی دارایی گەورە بێبەش ئەکات .

حکومەتی شۆڕشی ١٧ی تەموزی ١٩٦٨ی- نەتەوایەتی و پێشکەوتنخواز گەلێك بەرەخی بەم مەسەلەیە داوە ، ئەخشەی دامەزراندنی ستولیکی تایبەتی داناوە بۆ گواستنەوەی بەروبومە نەوتیەکان و پێدانی سوتەمەنی عیراقی بە پاپۆڕە گەورە بارهەڵگرەکان . وە بە پێی ریکەوتننامەیەك نەگەل ژاپۆندا جوار باپۆڕی گەورەی بارهەڵگری نەوتی گریوە کە تەسلیمی عیراق کراون :

١ ـ تەئمیم کە توانای هەڵگرتنی ١٢٫١٥٠ تەنە

٢ ـ الخالده کە توانای هەڵگرتنی ٧٠٠٠ تەنە

٣ ـ الرساله کە توانای هەڵگرتنی ٥١٥٠ تەنە

٤ ـ البعث کە توانای هەڵگرتنی ٩٧٧١ تەنە

هەروەها لەسەر ئەوە ریکەوتوە کە جوار پاپۆری بارهەڵگری بچوك بۆ کەنارەکان بکرێ کە هەریەکەیان ١٥٠٠ تەن بار هەڵئەگرن وەکو :

النصر ، ١ی حوزیران ، ١ی ئازار . ٧ی نیسان .. وە لە لایەن دەزگای گشتیی یەوە وەرگیراون ، بۆ ئەوەی بەروبومە نەوتیەکان و گاز دابەش بکەن و هەمو جۆرە سوتەمەنیەك بکەیەنتە ئەو پاپۆڕو بارهەڵگرانەی ئەگەنە عیراق بێگانەبن یان هی خۆمان لە بەندەری (البکر) یان (خورالعمیة) وەیان (أم قصر) وەیان خود لە بەندەری (فاو) .. ئەم پاپۆڕە بچوکە کەنار گەڕانەجگە لەوەی کەسوتەمەنی ئەبەن بۆ ئەنزیخانەی سەرئاوی زویارەکە سوتەمەنی بەو بەلەمو پاپۆڕە بچکۆلانانەش ئەدەن کەوان لە ناو ئاوی شط العرب دا .

ئەم جوار پاپۆڕەی لە پێشا باسمان کرد جگە لە خزمەتکردنی ئەو پاپۆڕو بار هەڵگرانەی ئەنەنە بەندەرەکانی عیراق ، سوتەمەنی بە گەلێك لە پاپۆڕو بارهەڵگرەکانی روکاری دەرەوەی دەریاکە ئەدەن کە کەوتونەتە روی دەرەوەی ئاوی ناوچە عیراقیەکان ئەگەر دوریش بن چونکە ئەوە بۆ کواستنەوەی بەروبومی نەوت دروست کراون بۆ ناوچە دورەکان وە بۆ مەبەستی گوێزانەوەی بەروبومی نەوت بەکار ئەهێنرێن .

فرۆشتن و قازانجی ئەم ستولەی کە شۆڕش دایمەزراندوە ، فرۆشیاری لە ساڵی ١٩٧٥دا بەنیسبەتی ١٢٣٪ بەرامبەر بە ساڵی ١٩٧٤ وە بە نیسبەتی ٩٦٩٪ بەرامبەر بە فرۆشیاری ساڵی ١٩٦٩ زیادی کردوە . بە جۆرێك خزمەتگوزاریەکانیان بەرێوە ئەبەن کە بونەتە جێگای باوەڕ پێکردن و ریزترنی پاپۆڕەوانەکان کە بەتایبەتی لانەدەنە بەندەرەکانی عیراق بۆ وەرگرتنی سوتەمەنی عیراقی ، هەروەکو هەندێکیان هەمیشە ئیش بۆ ئەم ستولە ئەکات لە ناوچەکەدا .

ستولی عیراقی بۆ بەروبومە نەوتیەکان ئیستا نە بلاوتگەی بەسرا کە ساڵی ٥٫٣ ملیۆن تەن وزەیەتی و ساڵی ١٩٧٤ دامەزراوە بارنەکات ، کە ئەمە سەرچاوەیەکی گرنگی ناردنە بازاڕی بەروبومە نەوتیەکانمانە حکومەتی شۆڕش بڕیاری دا کە رادەی دەرهێنانی نەوتی خاو کەم نەکرێتەوە ، وە بالاوتگە نەوتیەکان فراوان بکرێن بۆ ئەوەی ئابوری نیشتمانیمان بێشتر بکەوێ و ئەوەندەی قازانج دێتە دەست لەم سامانە لە پێناوی گەشە کردندا بەکار بهێنرێ . وە ئەخشەکانی حکومەت ئیستا لە بارەی فراوان کردنی ئەم ستولەوە لە پێناوی زۆرتر ناردنە دەرەوەی بەرهەمە نەوتیەکانا لەسەر روناکی گۆڕانکاریەکانی داهاتو لە بواری پیشەسازی بالاوتن دا ، دەزگای بالاوتنی نەوت دەستی کرد بە جێبەجێ کردنی بڕۆژەی بەهێز کردنی وزەی بالاوتگەی بەسرا بۆ ئەوەی بگاتە ٧ ملیۆن تەن ، وە هەمو لێکۆڵینەوەیەك لە بارەی دامەزراندنی بالاوتگەیەکی گەورەوە لە حواروی عیراقدا بە تایبەتی بۆ ناردنە دەرەوە کۆتایی هاتوە .

بەم جۆرە دەرئەکەوێ کە دامەزراندنی ستولی بەروبومە نەوتیەکان بەشداری دروست بونی پیشەسازی نەوت وخستنە کاری دەستی کرێکارە عیراقیەکان ئەکات و کادیری تەکنیکی لەم بوارەدا پێ ئەگەیەنێ ، ئەو قازانجو دەرامەتمانە بێ ئەگەیەنێ کە پاپۆڕو بارهەڵگرەکانمان ئەیاندا بە سوتەمەنی لە بەندەرەکانی بێگانە .

ج . ت

وێنە

خورما ئەو کانزیە نە لەبن ایە بۆ خۆراکی سەرەکی بیابان نشینەکانە ، خۆراکی حەزرەتی کریم بو لە رۆژانی سەختیا ژراکی جەنگاوەرانی رۆژانی سەرو سەرکەوتنەکنی ئیسلام بوو ..

هۆی گەشەکردنی منالە لاوازەکان و بەهێزبونی دەمارە ئانی بیستن و بینینە دری عانە خوارەوەی لیکی ئالوی (دەرفی)یە ، دری شەوکوزیریە چارەسەریکی خواوەندیانەیە بۆ عینین کردنەوەی دەماز ئری و هەلچوون .. لابەری پرویبانوی منالی تورەیە ، دری هەڵزلەیین و ئالۆش و زۆز حۆزیە ، پرە لە فوسفور (کە مادەیەکی ئاسامیە بۆبنیادنانی شانە سەرەکیەکانی لەش) وەکو شانەکانی مێشك و دەزگاکانی منالبون (التناسل) دری هەمو جۆرەکانی شیرینەنجەیە .. لەبەر ئەوەی ئە مادەی (مەغنیزیومی) تیایە هۆی رەوان کردنی ئەوانەیە کە بوش گرفتبون ، ئاسانترین و باشترین خۆراکی ئەورەترین لەشە چونکە بە ئورجی دەوری کاریگەری خۆی ئە خویندا ئەنوێنێ وە بەئاسانی ئەمژرێ .

ئەم کانی خواردەمەنی و داوو دەرمانە لە عیراقدا ، بۆچی دەزگای میوەو سەوزەوات ناردنە بازاڕ نرخی بۆ دانانێ؟؟ چونکە ئەمە جگە لەوەی باسمان کرد ، (میوە)یە .. سەمەنە ئەم میوە بەنرخە هەروا بدرێتە دەست فرۆشیارەکان ، وە پێویستە دەزگا رەسمیەکان لەم رووەوە چارەسەری بکەن .

— بەدرێژە —

لە شارەکانی ژوورووی ولات

سلێمانی

بوکی رازاوەی ژوورووی ولاتە

سلیمانی ئەوشارە جوانە زوخۆشە بۆ لە دەشتو دۆلە سەوزو رەنگاورەنگە دلفرینە .. شارێکی بر لە جمەوجۆڵی بازرگانی کە لە هەمو شارەکانی ناوچەی لۆژۆنۆمیدا بێ وێنەیە لە گرنگی جێگاو زۆری بازرگانی و دلفرێنی جێگاکەیدا سەرەڕای ئەوانەش قەلایەکی سەختی عیراقەو یەکێکە لە شارە هەرە بایەخدارەکانی ناوچە شاخاوێکان .

ئەو شارە لە لایەن پاشای کەورە والی بەغداوە ساڵی ١١٩٧ کۆچی ١٧٨٢ی زایین فەرمانی دروست کردنی دراوەو کردویەتی بە ناوچەرکەی میرنشینەکەی . شارەکە ئەکەوێتە ناو بازنە ناوچەیەکی شاخاویەوەو لە هەر چوار لایەوە چیای بەرزو سەرکەش دەورەی داوە . لە بەهاردا کە ئەماشای ئەکەی ئەبینی بەرەئێکی سەوز خۆی رازاندوتەوەو لە زستاندا بەرگێکی سپی بێ گەرد ئەپۆشی و ئاو هەوایەکی خۆشی هەیەو کانیاوێکی زۆرو سازگار لە شاخەکانەوە بەرەو دەشت و دۆلەکان بە خوڕ دەکشێن ئەم ئاوو هەوا خۆشە وای لەو شارە کردوە کە باخ و دارستانێکی زۆری تیادا بێتەبەر .. ئەم شارە میرووییەکی کۆنی هەیەو بریتی لە شوێنەوارە کۆنەکانی لە چیاکانیدا کە لیستێك بەشکەوتی کەورە ئەورە هەیە کە پێش ٢٠ هەزار ساڵی لەمەوبەر خەلکی زیانیان تیادا بەسەر بردوە . وە هەروەها هەندێ شوێنەواری وای تیا بەرچاو ئەکەوێت کە ئەگەرێتەوە بۆ سەردەمی ساسانیکان و ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کە مرۆڤ لەو سەردەمانەدا لەم ناوچەیەدا ژیاون ..

ئەو کشتوکاڵەی لەم ناوچەیەدا زۆرن وەك توتن و کۆنزو رەزو .. و .. هتد . بەناوبانگ ترین خواردەمەنی لە سلیمانیدا کەباب و کەزۆیە ، شاری سلیمانی لە لایەن سەرکردایەتی سیاسی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبو شۆڕشەوە بایەخێکی زۆری پێدراوە بۆ ئەوەی لەو بارە دواکەوتویەیەوە کە لە هەندی زرووفدا دووچاری هاتبو بگەیەنرێتە ریزەی شارێکی پێشکەوتو ، لەبەر ئەوە کەلێك پرۆژەی هەمە جۆری تیادا کراوەتەوە وە تاوەکو ئیستە لە هەمو بارەیەکەوە بۆرابەرین و پێشکەوتنی ئەو شارە هەوڵو کۆششی لەگەڵدا ئەدرێت . لە بەردەمی شارە کەداو لەو جێگایەوە کە ئەچێتە ناو شارەکەوە ئوتێلی دەزگای گەشتوگوزاری و هاوینە هەوارە کانت توش ئەبێت ، شۆڕش لە شارەکەدا زانکوی سلیمانی کردۆتەوە ، کە بەیەکێ لە زانکۆ کەورەکانی ولات ئەژمێردرێ و سێ کۆلیجی تیادایە کە بریتین لە کۆلیجی زانیاری و ئەندازیاری و کشتوکاڵ و ٤٠ بەشی ئەوخۆیی قوتابیانی تیادایە بۆ ئەوەی قوتابیانی دەرەوەی شارەکەی تیادا بحەوێنەوە ، قوتابیانی دەرەوەی شارەکەو ئەوانەی لەوزانکۆیەدا ئەخوێنن لە ١٠٠٪ یان لە بەشی ئەوخۆی ئەو زانکویەدا وەر نە گیرێن ، زانکۆکە کەلێك تاقیگەی زانستی تیادایەو هەمو ئالات و جیهازێکی پێویستیان بۆ ئامادەکراوە زمارەی ئەو تاقیگایانە خۆی ئەدات لە ٤٠ تاقیگا .. هەمو کۆلیجەکان بە هاوبەشی کەلك لەو تاقیگایانە وەرئەگرن .. هەروەها لە شارەکەدا چەند کارگەیەك هەیە وەك کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار کە ئەکەوێتە سەیرانگای سەرچناری جوان و رازاوەوە . هەروەها کارگەی جنۆەی سلیمانی .. وە ئەبێ سروشتی جوانی و رازاوەیی ئەو شارە دلنیا بەخش بێ و دلنیایی بدات بە مرۆڤ بەلکو هەمو شتێ لەژێر سایەی شۆڕش و میللی کردنی نەوتو بەرەی نیشتمانیدا خۆشی و دلنیایی ئەبەخشن و جێگای سەرنجو بایەخ پێدانە هەروەها لە شارەکەدا دەورەی رۆشنبیری بۆ ژن و پیاوە جوتیارەکان کراوەتەوە ، هەروەها وەزارەتی کشتوکاڵ و چاک کردنی کشتوکاڵ خەریکی تاقی کردنەوەی چاندنی توتنی نەفرەنجیە لەو ناوچەیەداو ٢٥ دونم زەوی کراوە بە توتنی نەفرەنجی لە ئەنجامدا تاقی کردنەوەکە سەری گرتوە ، دوای ئەوەی پۆژە کشتوکاڵیکان ئەو توتنانەیان بەراورد کردوە . جۆرەکەی زۆر نزیك بوە لەو توتنانەی کە لە دەرەوە بەرهەم ئەهێنرێت وە هەروەها نمونەی ئەم توتنانەیان ناردوە بۆ تاقیگای کۆمبانیای کشتی جگەرە لەو توتنە ئەفرەنجیە دروستکات کە لە کێڵگەکانی تاقی کردنەوەدا بەرهەم هێنراوە .

هەروەها بەریوەبەرایەتی بەروەردەی سلیمانی بڕیاری داوە کە ١١٨ قوتابخانەی باخچەی منداڵان لە قوتابخانەدا خواردەمەنیان بدرێتێ ، زمارەی قوتابیانی ئەو قوتابخانانە خۆی ئەدات لە ١٤هەزار قوتابی کڕو کچ لە خوێندنی ساڵی پاردا ، لەگەڵ ئەوانەدا ٨٥ قوتابخانەی تر ئەمساڵ خۆیاردەمەنیان ئەدرێتێ .

هەروەها قوتابخانەی ئامادەیی پیشەسازی بڕیاری داوە کە ئەمساڵ ٧٠٠ قوتابی وەرگرێت وانە ٥٠٠ قوتابی لە ساڵی پار زیاتر ، ئەو قوتابیانە لە بەشەکانی کارەباو مەعادنو سەیارات و میکانیکو دارتاشی و ئەلەکترۆندا ئەخوێنن هەروەها چەند بەشێکی تریشی بۆ زیاد کراوە وەك بەشی پارێزگاری ئۆتومبیل و دارشتن و کارەبا وە هەمو کەلوپەلێکی پێویست بۆ ئەم بەشانە ئامادە کراوە ئەویش بۆ پەرەپیدانی خوێندن لەو قوتابخانەیەدا .. هەروەها لەو شارەدا ئەدوەی فراوان لە لایەن کرێکارانەوە ئەکرێت کە یەکێتی ی ناوخۆی نیفەبەی کرێکاران پێیان رێك ئەخات بو رون کردنەوەی دەوری چینی کرێکار لە پێشخستنی کاری بەرهەم هێناندا و هەنداونان بە کیانێکی شۆڕشگیرانەوە بەسەر هەمو کوسپو ئەگەرەیەکدا ، لەگەڵ بایەخدان بە دیموکراتیەتی کارکردن لە کاری بەرهەم هێنان و زیاد کردنیدا ، هەروەها لەم ئەدوانەدا ئامۆژگاریکانی بەریز مامۆستا صدام حسین رون کراوەتەوە سەبارەت بەو هۆزانەی کە لەدرعەمیان بێ کەم ئەبێ لەگەڵ پێویستی بایەخ دان بە هەردوو بەرنامەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرکردایەتی قوتری حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب وەك رابەرێك بۆ شێوەی کارکردنی لەمەو دوامان .

وەبە هۆی پشت گیری سەرکردایەتی حیزب و شۆڕشەوە لەو شارەدا گەرەکی الیکر ئاواکراوەتەوە ، ئەم گەرەکە شێوەی خانۆکانی هەمو لەیەکتر ئەچن و زمارە یەکی زۆر لە خەلکی تیایدا ئەژین .. لە ناوەڕاستی ئەم گەرەکدا باخچەیەکی فراوان دروست کراوە لەگەڵ زۆر قوتابخانەی سەرەتایی و ئامادەیی و ئامادەیی لە قەزاو ناحیەکانیدا کراوەتەوە هەروەها دەست کراوە بە بنیات نانی بڕۆژەی پەلەوەر لە ئەڵ زۆر دەستکەوتی تردا .

عبدالوهاب عبدالباقی



بەرێوەبردن و نەخشەدانان بۆ هێزە ئیشکەرەکان

مرۆڤ خۆی لە خۆیدا بەحوکمی سروشت کۆمەڵایەتی خوازە ، ئەوەندەی لە ناولایەرەکانی کتیب و باس و لێکۆڵینەوەکانا بۆمان دەرکەوتوە بلەی گەرماو چۆری خۆراك و ئیان ودرو رووەك تەنانەت رەنگەکانیش کار ئەکەنە سەر دەرونی مرۆڤ .. کە وابوینویستە لە سەری لەگەل ئەو بارو دۆخو زەمینەیەدا بگونجێ کە کاری تیئەکەنو کاریان تێ ئەکات .. رێکخراوەبەرێوە بەریەکانیش ئەوانەیان بەرهەم هێنەرانیان خزمەتی وزاری پێشکەش ئەکەن لەگەل مرۆڤدا جیاوازی نیە ئەنیا لەروی رەگەزەوە ئەبێ .

بەرێوە بردن ..

لەو کۆمەلە کرداره پێکهاتوە کە بە پێی سیاسەتی گشتی ئەروات یان رێکخستنی چالاکی مرۆڤ کە یەك مەبەستیان هەبێ ، وە بەرێوەبردن بە مانا بەرێوە بردنی هێزەکانی مرۆڤایەتی و دارایی و کەرەسەو ئامێرە کە لە پێناوی ئامانجی گشتیدا بەکار بهێنرێن ..

پەیوەندی نێوان بەرێوە بردن و نەخشە دانان :

زۆر کەس لە وانەی لەکاروباری بەرێوە بردن ئەکۆڵنەوە لەوەدا یەك ئەگرنەوە کە نەخشە کێشان گرنگترین هۆی کاریگەری بەرێوە بردنەو پەیوەندیەکی ریشەدار لە نێوان بەرێوەبردن و نەخشە کێشاندا هەیە ، چونکە بەرێوە بردنی رێکوپێك بەبێ بەرنامەیەکی نەخشە کێشراو لە بواری دارایی و مرۆڤایەتی و لایەنەکانی تردا .. ناگونجێ .

کە وابو لێرەدا رویەروی گەلێك شتی ئەنتیکەو رێبازی نەکۆڕاو نەبینەوە کە کام رێکخراوی بەرێوە بردن لایەنی ناتەواوی نیە .. دارایی و مرۆڤ دو هۆی کاریگەری زیانی رێکخراوو دەزگا بەرێوەبەریەکانن ، وە لێرەوە پەیوەندی یەکی گیانی بەگیانی لە نێوان هەردو لایەنەکاو دەزگاو دامەزراوەکانا دێتە دی .

بە کورتی بۆ نمونە دەرزی یەك هەر چەند قەوارەی بچوك بێ بە سەدان دەست لە گەلیاماندو بوە ، وەرەنگ بێ دەیان رێکخراو لە گەلیاخەریك بوبن ، وە چۆن بە کاری بەرهەم هێنەرانەو ئامادە کردنی مرۆڤی خاوەن توانا و لێ هاتو نە کاروباریانەرکەکان سەقامگیر ئەبن .

لێرەدا رنبازێکی تر هەیەکە بەپێی شێوازی زانستیانەو بەرنامەدار کە ئەویش دیاردەی نەخشە کێشانە کرداری بەرهەم هێنەرانە یەك بخەین . کەوابو نەخشە کێشان بە هەمو جۆرو شێوەو لقەکانیەوە پێویستە .

ئەگەر رێکخراوە کانمان ئەمرۆ کە بە هەمو توانایانەوە هەولی ئەوەیان بدایا یەکەم نەخشەی بەرهەم هێنان و ناردنە دەرەوەو بەکار هێنان دابین بکەن ، ئەبێ بەر لە هەمو شتێك نەخشەی یەکگرتنی هێزە کارگەرەکان و وزەی مرۆڤایەتی بکێشن بۆ ئەوەی لە سەر ئەو نەخشەو زەمینەی راستی نەخشە کێشانەکە بتوانن بەرو بومی زۆرتر بەرهەم بێنن کە ئەمەش گرنگترین مەسەلەی نیستایە کە لێ پرسراوان و ئیشکەرەکانی ولات لێی ئەکۆڵنەوە ، چونکە گیروگرفتی کەمبونەوەی بەرهەم هێنان لەم کاتەدا بە تایبەتی گرنگترین گیروگرفتیکە کە دەسەلاتی ئیشتمانی ئەیەوێ چارەسەری بکات .. وە لە بەر ئەوە بەرامبەر کار کردنی لە بەردەم هەمو لایەنە لێ پرسراوو دیاریکراوە کانی وەزارەت و دەزگاو دامەزراوە جۆر بە جۆرەکانا والا کردۆتەوە بۆ ئەوەی لەسەری بکۆڵنەوە بۆ ئەوەی هۆیە بنەڕەتیەکانی ئەم کەمبونەوەی بەرهەم هێنانە لە ولاتدا بدۆزنەوەو چارە سەر بکرێ .

دیسانەوە گەلێك هۆ هەیەکە راستەو خۆ کار ئەکەنە سەر کەمبونەوەی رادەی بەرهەم هێنان لە هەمویان گرنگتر خرابی نەخشەکێشان و جۆری دابەشکردنی هێزە ئیشکەرەکانە لە ولاتدا لەناوکەرتە جۆر بە جۆرەکانا تە بەسەر کەرتە کەم بەرهەمەکانادابەش ئەکرێن یان لەو شوێنانەی کە پێویستیان پێی تیە ، ئەمە ئەبێتە هۆی گەمبونەوەی بەرهەم تایبەتی کارەکانە سەر ئابوری نیشتمانی . ئینجا لەبەر ئەمە پێویستە ئەم شتە کێشان سەر لە نوێ هێزی ئیشکەر دابەش بکاتەوە لە نێوان کەرتەکانا .. هەروەها ئابوری ولاتە تازە ئەشە کردوەکانیش بەبێ راگرتنی کێشی خۆی لە بواری بنیادنانی پیشەیی دالیشتوانادەرئەکەوێ .

ئەدەبی

Institut Kurde de Paris

بەغـــدا-بەسرەو.. بەپێچەوانـەوە

بـــۆریـــەك لـــەیـەك كـــاتـدا چـــوار جـــۆر بـــەرهـــەمی پێـدائـــەڕوات

ئەو بۆریە کۆرەیە کە لـەیەك کاتا لە یەك لولەوە چـوار جۆر بەرهەمی پیا بەڕوات لـەبەغداوە بۆ بەسرەو لەریشـەوە بە پێچەوانە ، خزمەتی نـەوناوچانە نەکات کە پیایان تـێ پەڕ ئەبێ .

وە ئەبێ سودی ئەم لولەیەئەنیا ئەوە بێ ، بەڵکو ئەرکـی کواستنەوەمان لە کۆل ئەخاتروەحتو کولفەتمان برکـــەم ئەکاتەوەو لە چەندان کارەساتی ریگاو بان ئەمان پارێزێ .

ئینجا با باسی ئەم دەسکەوتەبخوێنینەوە :

روی زەوی جمـــەی دێ ٠٠ جولانەوەی مرۆڤو ئامێرو ئەو چەرخانەی بە دەستی کرێکـارو تەکنیکیەکانمانەوە هـــەل ئەسوڕێن ٠٠

ئەندازیارو کرێکارەکان بە پوختی ئیش ئەکەن ، یەکێك بە پێوانەوە خەریکە ، ئـەوی تر لولەیەکی بە دەستـــەوەیە ، ئەوانەی تر دیوارەکان لەحیم ئەکەنو سەری حەوزەکـــان ئەگرن ٠٠ هەندێکی تر لولەکان دائەپۆشن ٠٠ ئوتوموبیـــلو ئامێرەکان بە پەلە ئیش ئەکەن، یەکێك گل بار ئەکاتو ئـەوی تر چەو دانەکا ، یەکێکی تـــر ئل هەل ئەکەنێ ، چوارەمین بەرگ ئەگرێتە لولەکان ، ئەمەروکاری کۆرەبانی ئیش کردنە لە (الدورە)ی بەغداو دیوانیەوناسریەو بەسرە ، بۆ نـــەوەی پرۆژەی لولەکانی کواستنەوەی بەرهەمە نەوتیەکان لە بەغداوە بۆ بەسرەو بە پێچەوانەشـەوەجێ بەجێ بکەن ٠

چۆنە ئەو پرۆژە کەورەیـــە بێستانە ، لە هەندێك جێگـادا کە لە ناوچەی عەرەبـــــدا روبارو زەلکاوە ، لە نێـــوان ئەمانەشدا چەند شەقامو رێگاو بـنو رێگی شەمەندەفەر هەیە کە لولەکان بە ناویانا تێپـەڕ بون ٠٠ درێژاییەکەی ٥٤٥کم ئەبێ ٠٠ هەروەها دوچـاری کەزمای هاوینو ســـەرمای زستان ئەبێ ٠٠ ئایا لـــەم گیروگرفتو ئارەحەتیانە چۆن تێپەڕ بوە ، بەرێز مەهدی کاظم لە وەڵامی ئـەمەدا وتی :

لە ناوچە زەلکاویەکانا بـە هۆی بەستی خۆلەوە ئاوەکەمان قەتیس کردو لە خەنەکەکانـدا دەرمان ئەهێنان ، لـــە دوای وشك بونەوە لولەکانمان تیـــا راتەکێشان ٠٠ وە لە ناوچـــە بەردەڵانیەکانا بەهۆی ئامێـری تەکنیکی کەورەوە بەردەکانمان ئەشکاند ، وە لە شوێنی رێگو بان و رێگای شەمەندەفـــەردا شوێنی لولەکانمان لە ژێریانەوە هەل ئەکەند بێ ئەوەی هیـــچ رێگایەکیان ببڕین .

● ئەی چۆن لە یەك لولەدا ٠٠٠ ؟

هیچ جێگای سەر سوڕمـان نیە ئەگەر بیستمان لولەیـــەك لەو پەڕی زوروەوە تـا ئـــەو پەڕی خواروو ئەوتی پیا ئەڕوات چونکە ئەمە شتێکی ئاسـایی یە ٠٠ بەڵام لە لوتەی نێـــوان بەغداو بەسرەدا لە یەك کاتا لە هەردو سەرەوە ئەوتو هەردو جۆرەکەی بەنزینو رۆنی کـاز بڕوات بێ ئەوەی تێکەل بـــە یەکتر ببن چۆن ئەبێ ٠٠ بێ گومان ئەمە جێگای ســـەر سوڕمانە .

بەرێز بەڕێوەبەری پرۆژەکە لەم بارەیەوە وتی : لەنـــاو لولەکانا تۆپی پلاستیکی هەیـــە کە پڕە لە شلەمەنی و قورسایی ئەکەوێتە سەر، ئەمانە بەردەیەك دروست ئەکەنو ئەبتـــــە دیوارێك لە نێوان بەرهەمەکانا کە بواری ئەوەنادەن تێکەل بە یەکتری ببن ٠٠ ئەگەر یەکێك لەم دەزگایانە ویستی یەکێـك لەم بەرهەمانە لەو لولەسەرەکیە وەربگرێ ئەوا لە بۆریەکـــی بچوکەوە ئەگرێتە ناو ئـــەو عەمار (مەخزەن)ەی بـــۆی ئامادە کراوە بە پێی پێویست ئەوەندەی کە بیانەوێ ٠٠ ئەم تۆپانە لە شوێنێکی تایبەتیـدا ئەمێننەوە دوایی ئەکەونـــەوە کارو پال نانەوە بە بەرهەمـــە کانەوە لەناو لولەکـانا ٠٠ وە زوری کونترول لە الدورە بـــە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکیانـــە سەربەرشتی ئەم کارە ئەکات٠ دیوانیەوە ٠

چی تیایە ؟ ٠٠

● دەزگای بەسرەو پالاوگەی بەسرە ٠٠

لە شوێنی ئیشەکـــەدا ، کرێکارو ئەندازیارەکان ئیـش ئەکەن ، هەندێك خەریـــکی دروست کردنی دیـــواری هەمارەکانو سەرگرتنیانن ، هەندێکی تریش لولەکـان لـە یەکتر ئەبەستنو مەکینـــەو ئامێرەکانیش کاری خۆیـــان ئەکـەن ٠

بەرێز مکرم جـــورج ئەندازیاری نیشتەنی لـە بارەی دەزگاکەوە وتی : ئەم دەزگایە دەزگایەکی سەرەکی یە ، لەبەر ئەوەی زوری کونترولی تیدایە ، ئەو بەرهەمانە ئەپێوێ کـــە لە ناوەوەو دەرەوەدا هەیـــە لـە نێوان بەغداو بەسرەو بـــــە پێچەوانەشەوە ،بە هۆی ئەمەوە ئاکاداری قـــــەوارەو وزەی رۆیشتنی بەرهەمە نەوتیەکـان ئەبین ، وە هەر کات هـــەر راوەستانێك لە کارەکـەدا رو بدات ئەم لێرەوە ئاکادارمـــان ئەکات ٠

بەڵام ئایا دو دەزگـــــا ناوەراستیەکان چی ئەکەن ؟

ئەم دو دەزگایە لە دیوانیەو ناصریەدان ، بەهۆی چەنـــد لولەیەکەوە جەمسەریان بـــە هێڵە سەرەکیەکەوەیە ، ئەمانە ئەختێك لە دەزگا سەرەکیەکان ئەچن لە روی جـــــوری دامەزراندنیانەوە ، ئەوە ئەبێ ئەمانە زوری کونترولیان نیە ، وە لە بارەی ئیشکردنیانـەوە ئەندازیاری لێ پرسراوی دەزگای ناصریە وتی : ئەمە بەروبومی ئەوت ئەدات بەو بەنزینخانانەی ناوچەکن کە لولەکەی پیا تـێ ئەبەڕێ ، وە باری گرانی لولە سەرەکیەکە کەمتر ئەکاتـــەوە بـۆ ئەوەی بتوانێ زیاتر بـال بنێ ٠٠ وە بە هـۆی لولـــەی ترەوە بەروبوم بەسەر نوختەکانی دەورو بەریانا دابـــەش ئەکەن هەروەکو چۆن کـــوت بەدەزگای ناصریەوە بەستراوەو ئەچەفو کوفەش بـــە دەزگـای سەر بە (٦) قەزایـــــە ٠٠ پالاوگەی بەسرەی تیا دامەزراوە ئەمڕۆکە بۆتە دەزگایەکـــی سەرەکی پرۆژەکە ، هەروەکو پالاوگەی (الدورە) لە بەغـدا ٠٠ ئەم دەزگایە بە بەشێکی ئەواوی پالاوتنە سەرەکیەکە دانەنرێ لەبەر ئەوەی لێـــوەی نزیکو بیشو کارەئانین نیك هەڵپێکراون ٠

بەرێز سمیر ســـــلمان ئەندازیاری نیشـــــتەنی بە دەزگاکەدا ئەوەی سەماند لـە کدیرە عیراقیەدن لـو ررە کەورە جۆرێ جۆرانەد، لە ژێر سیبەری ســـزرشی ١٧ی ئەموزدا دامەزراون توانـــای خۆیان لە بواری جێ بەجـــێ کردنی هەمو ئەو ئەرکانـــەدا ئیسبات کرد کە کەوتۆتـــە ئەستۆیان ٠

● زیاد لە سود وەرگرتن

بەرێز بەڕێوەبـــــەری پرۆژەکە وێنەیەکی بایەخـــی پرۆژەکەی خستە ڕو کـە بـە هاریکاری لەگەل پرا سوفیتیەکانو کادیرە تەکنیـــــکیە عیراقیەکاندا تەواو بوە وتی : پرۆژەکـــــــە عەنباری ئیستراتیجی بۆ بەرهەمـــــە نەوتیەکان ئەو ناوچانەدا کـــە پیایا تێ ئەپەڕێ لە بەغـــداوە تاکـو بەسرە هەیە ٠٠ وە بـــە تایبەتی لە ناوچەی فـــوراتی ناوەڕاست دا ٠٠ ئەم پرۆژەیە ئەرکی کواستنەوەمان لەســـەر کەم ئەکاتەوە لەگەل ئـــەوەدا کە بە بێ وەی بەروبومەکـــە ئەنێرێ ٠٠ ئەمە ئەرکـــــی بـــار کـــردنو کواستنەوەی لۆری و شەمەندەفەری لە کۆل خستوین هەروەکو ئەرکـــی رێگامان نابێ بە توشەوەو دور ئەبین لە ئاکر کەوتنـــــەوەو کارەساتی تری رێگاوبـان ٠٠ چکە لەوەی کە زوتر ئەگـــاتە بەرەوەو هەمو ئەو ناوچانـــەی لولەکە پیایاتا تێ ئەپەڕێ سودی لێ وەر ئەگرن ٠

ئەو دەستە خۆش بێ ئـــەم پرۆژانەی بنیاد ناوە ٠٠ لـــە ســـەردەمی شـــۆڕش دا ٠٠ سەردەمی کەشـــە کـــــردنو بنیاد نان ٠

هیلی ستراتیجی عەمبارکردنی ستراتیجی ناوچەی فوراتی ناوەڕاستە

ئافرەتو شۆڕشی ڕۆشنبیری

د. جلیل کمال الدین

عیراقی ئەمڕۆمان لەقۆناغێکی پەرەپیدانی فراواندا ئـەژی ، ئەویش بە مەبەستی بەرەوپێش بردنو گۆڕینی واقیعی کۆمەڵو هەنگاونانی بەرەو سۆشیالیستی یەکی راستەقینە .. مەسەلەی پەرەپیدان هەمو لاو ســـوچو پەنایەکی ژیانی کۆمەلی عیراقی گرتۆتەوە ..

حیزبی سەرۆك کـــە ئالای پەرەپیدانی فراوانی هەڵکردوە لەو پەرەپیدانەدا بایەخێـــکی گەورەی بەدەوری رۆشنبیریی داوە . ئەو بایەخ پێدانەش لەو شۆرشە رۆشنبیریەدا خۆی ئەنوێنی کە هەنگاوی بەســـەر چوار چێـــوە تەقلیدیکـــاندا هەڵهێناوە ، پشتی کـــردۆتە زۆر لە بابەتە کۆنەکان ، کـــە تائێستا هەنـــدێ وڵاتانی تازە گەشەکردو پەیرەوی ئەکەن ، ئەوانەی کە پەرەپیدانی قۆناغ ئەڵێین .. گومـــان لەوەدا نیـــیە کەپەروەردەی رۆشـــنبیری یابڵێین شـــۆرشی رۆشنبیریی (کـــە ئەوروی پەرەپیدانی رۆشنبیریی ئێستاو ئەخشەی پێنج ساڵەی لەمەو دوامانە) ، ئەوانەی کە پەرەپیدانی قۆناغ لەدوای قۆناغ رەچاو ئەکـەنو لەسەر شێوەی ئابوریـــەکی سەربەستی ئاناراســـتەکراو بەرتوە ئەچن .

شۆرشی رۆشنبیریی وڵاتەکەمان بەشێکە لەپەرەپیدانێکی فراوانو لێی جیا نابێتـــەوە ، ئالیرەوەیە کە ئەوبایەخـــە گەورەیـــە بەقەلاچۆکـــردنی ئەخوێندەواری دراوە قەلاچۆکردنێکی بنەڕو تەواو .. وە خوێنـــدن کراوە بـــەخزرای و هەموکەس ناچارکراوە کەبەزۆر منال کانیان بنێنەبەر خوێنـــدنو هەمو قوتابخانە ئەهلیکـــان حکومەت دەستی بەســـــەردا گرتوەو جیاوازی خوێنـــدنیو قوتابخانەکانی ئەهێشتوە .

گومـــان لـــەوەدا نیـــیە کەپەروەردەی رۆشـــنبیری رۆشنبیریی شـــۆرشی رۆشنبیریی (کـــە ئەوروی پەرەپیدانی رۆشنبیریی ئێستاو ئەخشەی پێنج ساڵەی لەمەو دوامانە) ، ئەوانەی کە پەرەپیدانی قۆناغ ئەڵێین .. گومـــان لەوەدانیە کـــە شۆرشـــێکی جەماوەریە ، شۆرشێکی گشـــتیو فراوانو بنە ڕەتیە بە هەمو مانایـــەك کە ئەم وشانە ئەیگرێتەوە . لیرەوە بۆیە پێویستە لەسەری کـــە جەماوەری ئافرەتانیش بگرێتەوەو بەشداری ئـــەم شۆرشە رۆشنبیریەی بکات (واتە ئەم پەرەپیدانە روشبیریە خێرایە ، کە بەشێکە لـــــە پەرەپیدانی کۆمەلایەتیو ئابوری وڵاتەکەمان جیاناکرێتەوە) .

شۆرشی رۆشنبیریی پـەلی بۆدیهاتەکانیش راکێشـــاوەو ئەخوێندەواری لەناو ژنو پیاودا قەلاچۆکردوە ، لەهەمان کاتدا پەلی بۆ کارگەو فابریقەو سەر ئیشەکانیتر هاویشتوە ، بەوە لێڵایی لەسەر چاوان هەڵگرتوەو ئەو تاریکـــایەی لەمێشـــکدا رەواندۆتەوە کە ئەخوێندەواری دای هێنـــــابو ، بـــەوە چرای زانیاریو زانستی لەناو کۆمەڵی ئافرەتانی چەوســـاوەدا هەڵکردووە .

لەوانەیە دەست نیشان کردنی بریارەکانی کۆنگـری ئافرەتانی کارگێری ئیشتمانی عەرەبی کە لـــە شاری بەغدا لەنیـوان ٩-١٤ی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٧٥دا گیرا ، ئەویش بەپێش دەستی کردنی یەکێتی نیقابەی کرێکارانی عـــەرەبو یەکێتی ی گشتی نیقابەی کرێکاران لـــە عیراقـــــدا ئەڵێین : لەوانەیە دەستنیشان کردنی هەندێك لەو بریارانەو هەندێك بڕگـەی راپۆرتی کۆنگرە گرنگەکـــــەی عەرەب زۆرشت رونئەکاتەوەو پێویست بەپاس کردن نامێنێت.

لە بیستەم ئامۆژگـــاریدا ئەڵێت ٠٠ پێویستە (هێـزی ئافرەتانی ئیشکەر لەئەخشەی پەرەپیدانی عەرەبیو دیهاتەکاندا بەهێزێکی سەرەکی دابنێین ، وە ماوەیەکی چالو عادیلانـــە بدرێت بەئافرەتان کەفێـــری ئیشو هونەرو تەکنەلوژیا بێنو بەشێوەیەکی گشتیی لەوڵاتانی عەرەبدا ئەخوێندەواری قەلاچۆ بکرێت ، وە بە تایبەتی لەدیهاتە عەرەبیکاندا ئەویش بەهـــۆی ئەخشەیەکی شۆرشـــگێریی زانستی جەماوەریەوە ، وە بەهۆی جێبەجێ کردنی مەبدەئی بەزۆر بێ خوێندنەوە) . وڵاتی ئێمە لەپێش هەمو لایەکی تردا ئەم ئامۆژگاریانـــەی جێبەجێ کردوە .. بـــە زۆرو خۆرایی خوێندن لەعیراقدا رەچـــاو ئەکرێت .. هەروەها کـــاری قەلاچۆکردنی ئەخوێنـــدەواری لەناو ئافرەتاندا بەردەوامـــە ، ئەو رۆژە بەدور مەزانە کـــە کە ئەبێ : کادیری پسپۆرو بە تواناو بەهرەمەند دەسبخرێ ، هەروا شوێنی پێویست بـــۆ بڵاوکردنـــەوەی رۆشنبیریی کشت سازی لە نێو جوتیاران و بترکردنی ئامـــرازی تـــازەی کشتوکاڵ بە شێوەیی کـــە لەگەل داخوازیەکانی کەرتـــی کشتوکـــــاڵا بگونجێت .. سەرباری ئەمانەیش : دەزگـا کە ، تەقەلانەدا ، چارەسەری کشت کۆستو کۆسپەکـانی کاروباری کۆمەلە هەرەوەزیـــە کانی کشتوکاڵ عـــەر لـــە ئاودێریەوە تا بازاڕەوانـــیو بوخت کردنو ســـــازدانی هەرەوەزی کشتوکاڵانـــە بەتایبەتی لەو شوێنانەی کـــە هێشتا لەم مەسەلەیە بەبەشە.

هـــەروا دەزگا کە (٧١) هەرەوەزی تازەو جۆراوجۆری کشتوکاڵی لە پلانەکەیا دەس نیشان کردوە .. ئەم پلانەش لە ئەنجامی کەلێ بنەماوهێـلی دیارەوە هەلقولاوە ، کـــە راستەوراست لەگـــــەل پێشنیازەکانی کۆنگـــــرەی هەشتەمی هەریمایەتی حزبـی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی - لەبارەی گەشەپێدانی دنیاتی عیراقو پەرەپێدانی رۆپێـوی کشتوکاڵدا - ئەسازێت .

★

دەزگـــای کشـــتوکـــاڵی ئەبوغـــریـــب مەزنـــترین پـــرۆژەی ئەشوێنما گەریی وڵاتـــە

لە رۆژی بەڕیابـــونی شـــۆرشی ١٧ ئەموزی ٩٦٨ ، ڕاپەڕینێکی بەرفراوان هەمـــو مەیدانو ئاستەکانی گرتۆتەوە لە عیراق ج لە دەرفـــەتی بیشەسازیو رۆشنبیریدا ، ج لە مەودای کۆمەلایەتیو کشت سازیدا ٠

لە مەیدانی کشت سازیدا ، دەوڵەت خەریکی دامەزرانـــدنی جۆرەها دەزگای کشتوکاڵە ، وەکو : کێڵگەی هاریکای کشتی کیلگەی دەوڵەت تاکو بینـــە بناغەی رۆیشتن بـــــەرەو شۆشیالیزم ، لەم وڵاتـــــەی ئێمەدا کە ئەمەش ئەبێتە هوی گۆڕینێکی بنـــــــەڕەتی لە پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکـــانی نێو دنیاتی عیراق ٠٠ لـــەم دەزگا گرینگانەشدا (دەزگای کشتوکاڵی ئەبوغریب)ە ٠ کە لە کانونی دوەمـــی ١٩٧٥دا دامەزراوەو کەوتۆتە شوێنێکی یەکجار بەبیتی نێوان هـــەردو شاری بەغداو ئەنبـــــارەوە زەویەکانی برێتـــــیە لەو ناوچەیەی کە کەوتۆتە نێـوان دجلەو فورات ٠ لە جۆرکەکانی ابو غریب ویوسفیە ولطیفیەو صقلاویەی سەر بەفوراتی سەر بەرەو ژورو خوار ، ئاو هەلدە دێرێ ٠٠ پـــرۆژەکە (١٠٧) پارچەی سەر بە (٩) ناحیـــەی سەر بە (٦) قەزایـــــە ٠٠ ڕوبێوەکەی ئـــەم (پرۆژە ئەشونما مەزنە) (١٢٨ر١٠٠ر١) دۆنمە بەســـــــەر پرۆژەی (صقلاویەو ابو غـــــریبو یوسفیەو رضوانیەو لطیفیە)دا دابەش کراوە ٠

دەزگای ئەبوغریب ،یەکێکە لەو پرۆژە گرینگانەی کـــــە شۆرش و سەرکردایەتی سیاسی بایەخێکی تەواویان پـــێداوەو بەپرۆژەیەکی بە خێروبێـــری ئەشونما کشتوکاڵیو ئابـوری ئەدەنە قەلەم ، یەکەم لەبـــەر شوێنە گرنگە کەیو دووهـــەم لەبەر ئەو خاکە بە پێتوبـەرە کەتەی کە لە ئەنجامی چاکردنو جوگابرین سازێنراوە سـیهەم زەویەکی فراوانی هەیـــە لە کەنار هەر دو روباری دجـلەو فورات ، چوارەم کەوتۆتـــە نزیك رێگای هاتوچوکـــردن ئەمەش لەگەل خاسیەتەکـانی تریدا ئەبێتە مایەی کـــەرم کردنی بازاری پەرویـــــزەمو داهاتی ئەم پرۆژەیە لـــە دوا رۆژدا ٠٠ هەر بۆیەو لەبـــەر گرنیگی ئەم پرۆژەیەو بـــەر فراوانی خاکەکەی ، وەزارەتی کشتوکـاڵو چاککـــــردنی کشتوکاڵ ، لەگەل راوێژکەرە کانی هۆلەندەیی دا بۆ ئـــەم مەبەستە رێکەوتوە،بۆ جێبەجێ کردنی ئەم رێککـــەوتنە لە ٣ ساڵانو سێ قۆناغدا ٠

١ - قۆناغی یەکەم : ئامادە کردنی زابۆرتێکی ئەخشەیی و برێتیە : لە قرساندنی هەمو ئەو خەرجو باجو لیکۆلینـــەوە ئابوریانەی کە لەســـــەر پرۆژەکەیە ٠

٢ - قۆناغی دووەم : بـــو مەسحو پشکنینو پێشکەش کردنی ئەندەری هەمـــوو پرۆژەکانە ٠

٣ - دواقۆناغی : برێتیە : لە سەربەرشتی کـــــردنی پسپۆرو راوێژکەران بـــــو دامەزراندنی پرۆژەکە بەپـــێ ئەو ئەخشانەی کە تەواوبوە٠٠

ئەم پرۆژەیە ، مەبەســـتی بڵاوکردنو پێش خســـتنی هەرەوەزیەکانی ئیـــــتایە ، سەرەڕای کرێ دانی گشـــت کەرتەکانی پرۆژەکـــــەو زەویوزاری ئەوقافو کـــەرتی تایبەتیە ، بە هەرەوەزیـــە کشت سازیەکانەوەو بە دەزگا کە لە پلانی پێنجینـــــەیدا بریاری داوە ئەبێ - بەلایـــەنی کەمەوە - لە ٥٠٪ کەرتـــی تایبەتی بکرێ بە کەرتـــی هەرەوەزی ٠٠ ئەم پرۆژەیەش (٧١) هەرەوەزی کشتسازیە ٠٠ لە پلانی پێنجینـــــەیی پرۆژەکە داهاتوە (٩٧٦ - ٩٨٠)

بروانە ل ٨

Institut Kurde de Paris

هەموو دنیا بیرەوەری سەد ساڵە کۆچی دوایی ئـــەو ژنـــە ئەکاتەوە کە ڕەفتاری پیاوانەی ڕەچاوکـرد

جـــــۆرج ســـــاند

ساڵی ئافرەتان کۆتایـــی هات ، ساڵی (جـورج ساند) دەستی پێکرد ، ئەو ژنـــە نووسەری فەرەنسا کـــە لـــە تەمەنی ٧٢ ساڵیدا چـــاوی لێکنا ، کـــە لـــەو ماوەیـــەدا هونەری کۆمەڵایەتی بـــو لـــە ژنێنی و دایکێتی و نەنکایەتیدا ، وە نمونەی ئەدیبێکی نوسەرو ژنی نیشاندەرو ژنی ناو ژنـــان بوە وە نمونەی ئافـــرەتی هاوچەرخ بوە لە بایەلوجیـــدا (جنس) وە لە سایکولوژیـــدا (دەروون) وە لە سۆسیالوژیدا (ڕەوشت) ، ئەو یەکـــەم ئافرەت بوە کە لە چەرخـــی نوێدا کردارەکانی پیـــاوی ڕەچاو کردوە ٠٠ لە داهێنـــانی قژی سەریدا ، لە ئارایشـــت نەکردندا ، لە چاکەتو پانتۆڵو قۆنەرەی پیاوان لەبێ کردندا ، هەتا وەکو لە شێوەی ڕویشتن و هەڵبزاردنی ناوی خۆیـــدا سەرەڕای بەستنی پەیوەندیەکی بەتین لە گەڵ نووســـەرو هونەرمەندەکانی ســـەردەمی خۆیداو پێشوازی کردنیان لـــە ماڵی خۆیداو هەروەها گەڕان و هاتوچۆو نامە گۆڕکـــی لـــە گەڵیاندا ٠٠

ژمارەی ئەو نامانە چەنـــد هەزارێک ئـــەبێتو لە ١١ بەرگدا کۆ کراونەتـــەوە ، ژۆرترینی ئەو نامە گۆڕکێیەی لە گەڵ (ئەلفریددی موسیەی) ئەدیبو (شۆپانی) موسیقا سازدا کردوە ٠٠

جۆرج ساند لە ڕەوشـــتو خودا ژۆر نمونە بـــوەو لـــە ئەدەبەکەیدا ڕیبازی ڕۆمانسی گرتبو ، ڕۆمانی (یەکەم ژن)ی نوسی وەک بەرگریەک لـــە سەربەستی ئافـــرەت ، هەروەها ڕۆمانی (ژن و پیاو)ی نوسیوە بۆ دەربڕینـــی پەیوەندی ژن و پیاو ، هەروەها چیرۆکی (قسەکانی دایبرم)ی نوسیوە بۆ ڕون کردنـــەوەی دەوری ئافرەت لە بنیات نـــان و بارێزگـــاری و بـــەردەوامی کۆمەڵدا ٠٠ دوای ئـــەوە (بەسەرهاتی ژیانم) ی نوسیوە بۆ ساغ کردنەوەی ئـــەو پەیوەندیەی کە پێویســـتە هەبێت لە نێوان بیـــروڕای مرۆڤ و کردارو ڕەوشـــتو خویدا ٠٠

بەم جۆرە (جورج ســـاند) هەرئەدەبێکی ژنانەی نەنوسیوە وە تەنیا بە بەرگری کردن لـــە ئافرەت ڕانەوستاوە ، چونکە ئەو لە بارەی (مـــرۆڤ)ەوە ئەی نوسی و لەسەر خورەوشتی مرۆڤانەش کرداری ئەکـــرد ، بۆیە مۆرکی ئەدەبی ئـــەو بە ئاشکراو ڕونی بە چەرخـــی خۆیەوەو ئەم چەرخـــەی ئێمەشەوە دیارە کە وا یـــادی بیرەوەری سەد ساڵەی کـــۆچ کردنی ئەکەینەوە ٠

ئەگەر منالـــەکەت لە سەرپشت خەوتبو شـــیری مـــەدەری

زۆر دایك ، وای بـــە باشی ئەزانی ، منالەکەی لەســـەر پشت ڕاکێشی و ئەوسا مـــەمکی بخاتە دەم ، بە تایبەتی ئـــەو منالانەی کە هیشتا شـــیرەخۆرەن بەلام ئەتوانن بەدەستەکانی خۆیان مەمکەلاستیکی شیرخواردن بکـــرن ، ئیتر دایك مەمکەکەی ئەخاتە دەمو لـــەناوچێکادا بەجێی ئەهێڵی و خـــۆی ئەچی بەلای ئیشوکاری نـــاوماڵەوە ، چونکـــە ئیشوکاروا ئەکات مانەوەی دایك بـــەلای منالەکەوە ، لە کاتی شـــیر خواردنا زەحمەت بێ ، لەبـــەرئەوە ، تۆزی سەری خـــوازـــ ئەکاتەوەو مەمکەی بەخـــانەدەم ٠

شارەزاکان لەدایکان ئەپرسن (ئەتوانن لەسەرپشت ڕاکشین و نان بخـــۆن ؟) بە وەســـان « نە » ٠

کەواتـــە ئـــەو شارەزایانە زەخنەیان هـــەیە بەرامبـــەر شیردان بە منال ، لەکاتیـــدا لەسەرپشـــت ڕاکشـــابێ ، هویەکەشی ئەوەیە :

یەکەم : کە منال بەتەنیـــا بەجێ هێڵرا شیر بخوات مانای ئەوەیە لە سۆزی دایکایـــەتی دورکەوتەوە ، ئەو سۆزەی کە لـــە باوەشی گەرمی دایکیـــا هەستی پێ ئەکا ، جامنـــالی نیـــیـــتا کیرەوەی ئـــەم بێ سۆزیەبوە ، ئەویش بەهـــوی خەریك بونی دایکەوە بەکـــرو باری ترەوە ، منال لە باوەشی گەرمی دایکی هەیەو ئەشـــیری مەمکی دایکی خۆی ، ئەمـــەش لەپاشە ڕۆژا کاریکی خـــراب ئەکاتە سەری ، ئەگەر دایـــك منالەکەی بخاتە باوشی و سەری بەرزیکاتەوەو بیخاتە ســـەر قولی خۆی بە ئاسانی تێـــر ئەخواو هەست بـــەو سۆزەش ئەکا ٠

دووەم : کـــە منال بـــە ڕاکشاوی شیر بخوات زەرەری هەیە بۆ قورگی و گوێچکەی ، لە کاتی مژینی مەمکەکەدا زۆر هەوای دەرەوە هەڵئەمژی کـــە ناتوانی بیداتەوە بە دەرەوە ، ئەمەش مانای ئـــەوەی میکروب ئەچێتـــە قورگی ، ئەمەرەای ئەوەی ترسی ئەوە هەیە شیر بچێتە بوری « ئەستاکیوس »ی گوێچکەکە بە قورگەوە نوساوەو لەبەر ئەوەی بەنیسبەت منالەوە ئەم بوریە کورتە کەشیرە کـــە چوە ئەوی ئەمێنێتەوەو بوکەن ئەکات و لەوانەیە ئەخۆشـــی خرابی لێ پـــەیدا بێو دوریش نیـــە لەدوایدا نەبێتە هـــوی کەڕبوونی !

لابـــردنـــی پـــەلـــە

کاتێ پەلەیەك بـــەر جلێکی پاك ئەکەوێ یان شوشەیـــەك ڕەنگ ئەڕژێتە سەر ژێرڕاخەرێ سەری دنیا لـــە کەیبانووی مال دێتەوەیەك و هەوڵی چارەسەرێك ئەدات کەواتە خوشـــکی ئازیزم بەڕەموورا بیکەوە ئەشتێك بکەین بە ناو پێکاکانی لابردنی پەلەی جیاواز و لـــە ســـەر قوماشی جیاجیا :ـ

١ ـ پەلەی دڵۆپی خوێن : گەر قوماشە پەلەلێ کەوتووەکە شیاوی شتن بێو ئەوا بیخەرە ، ناو تەشتێك ئـــاوی ســـاردو تۆزێ خوێی تێ کەڵ بکە ، بەم جۆرە پەلەکە لانەچێ ، وەگـــەر شتنی ئەلوا ئەوا ، باش ووشك بوونەوە بە فلچەیەك بیبروتنەو باشماوەکەی بە خـــوێی یاوبالوکەرەوە ٠

٢ ـ پەلەی بۆیەی لێو : بۆیەکە لە قوماشەکە ئەکرێتەوە بە کراننی بە دەمی چەقۆیەك ، وە بـــۆ لابردنی باشماوەکەی ، (فازلین = وەزەنین) یـــان ، گلیسرین) بەکاربێنە ٠

٣ ـ پەلەی = بنێشت = :بەرچە سەمولیك بخشێنە لـــە پەلە بنێشتەکە تا ووشك و ڕەق نەبێتەوە لـــە باشانا هـــەلی وەرینە بەدەست ٠

٤ ـ پەلەی ئاوگیمیوە = : پەلەکە بە ئاوی سارد بشۆ ، وە گـــەر پەلە هەرمایەوە ئـــەوا (گلیسرین) بەکاربێنە ، وە گەر پەلەکە لەســـەر ژێرڕاخەر بوو ئەوا با (گلیسرین)ە کە با ماوەی نیوکاژێ بمێنێتەوەو لە باشانا بە ئەسفەنجێکی تەڕکراو بـــە ئاوی گەرم بسڕە ٠

٥ ـ پەلەی = مەرەکەب = پەلەکە بە پەلە بە ئاوی ســـارد بشۆ ، وە لە کاتی شتنا هەڵی کلۆفـــە ، وە هەنگاوی دووەم قوماشـــە پەلاویـــەکە بـــە تۆزی شتن (تاید) بشۆ ، وە گەر پەلەکە بـــەر ژێرڕاخەرێ کەوت ، ئەوا بە تۆزی شتن یان شامپۆی ژێرڕاخەر شتن پەلەکە بشۆ بە بەکارهێنانی فلچەیەك و دووبات کردنەوەی کارەکە تـــا لاچوونی پەلەکە ٠

هەوڵدانێك بۆنە هێشتنی منداڵی

● شیرین عباس ●

خوشکی نازدارم

ئەو منداڵانەی لە وێنـــەی بچوکدا ئەژینو وێنەکانیـــان بەتەواوی لەژیانی ئەورە دەکاتەوانیش تووشی هەمـــان چەرەسەرەی و ناخۆشی دەبن کەوا دێتە ڕێی گەورە .. دامو دەزگا (راوێژ پێکـــەرەکان)ڕۆژ بە دوای ڕۆژ لـــە زیـــاد بوندایە ... ئەو نەخۆشیانەش کە بەهۆی ئەم ئۆقرە نەگرتنەوە تووشیان ئەبێت ئەویش هـــەرلە زیادبوندایە .

گەلێ جار زۆر لـــە منداڵەکانمان ئەکەین کـــە لەخۆیان (زیاترین) واتـــا (بـــە بێ هەناسەبڕکێی هەوڵدان ـ لـــە بڕێ بینە کوڕێ) و هەر لـــە خۆشیانەوە عاقڵو ژیرو بەناوـ بانگو کارامـــەو لێوەشاوەو بەفامبنو خەلکی بەنجـــەی خۆزگەیان بۆ دێژ بکات ... ئـــەم زۆرو (زۆر لێکردنە) بێ گومان ڕەنگیان بێ ئەبزڕکێنێو بەرەو زەلکاوی ناخۆشـــیان ئەبات و بە هەموو کلۆجێـــك ڕێگای سەربەستیان لێ ئەدەغە ئەکات ٠٠

هەروەها ئەبینین گـــەلێ لەو بەسەزمانانە (منداڵـــی ـ مام بیاو لە بەیانی بەوە هـــەتا ئێوارەهەر خەریکنو سەرقاڵیو وشیرزەیی یـــان لە خۆمـــان زیاترە .... بەکورتی ئەتوانین بڵێین ئەو منداڵانە (لەلایـــەن دایك و باوکیانەوە) زۆریان لێ ئەکرێ هەر بەو منداڵیتیەیەش لەژێر باری لێبڕســـراوێتیو چەرمەسەریو تەگەرەی ژیانی گەورەدا ئەنرکێنن .

منداڵ بێویستی بـــە یاری کردن هەیەو ئەبێ لـــە تەمەنی منداڵیتیدا لێبڕسراوی هیـــچ شتێك نەبێو هیچ کارێك نەکا لەگەڵ تواناو تەمەنی خۆیـــدا نەگـــونجێ .. بەڵام ئەبینین گەلێ لەمنداڵان خۆ ڕۆژبکاتەوە خەریکنو ... ئـــەم منداڵانە

گەرچی زۆرزان دەرئەچنو هەر بەکەیان ئەوەندەی گەورەیـــەك ئەزانن بەڵام (هەر دەتەیەکیان لەلانەبێتە سەعاتێکو ناچارئەبن وەکو گەورە ژیانی خۆیان ڕێك بخەن) ... ئیتر هەرواو چێژ لەمنداڵیتی خۆیشیان وەرناگرن ئەوەی ســـەیرین ئـــەم زۆر بێ شەرەی ، ئوایە دەتانەوێ بەم دەردە بمکوژن ...

ـ لەسەر خـــو قوربان ... پەست مەبن ، چی تان ئـــەوێ چارەسەری کـــەم ، ئەگـــەر ئەفەرمون قاپێك « کولونیا »تان بۆ بانگ بکەم ...

ـ ئەتانـــەوێ بـــەم دەردە بمکوژن .. لەبەر چاوم مەمێنە، چـــارەتم ناوێت ... چـــارێ بوەستە ، بزانە نوتومبیلەکەم لەوێیە ، کوا پالتووەکەم .. ؟ نادەی پالتووەکەم بو بگرە ، ئەم شتومەکانەشم بـــۆ بـــەرە چارەمان نیە ...

ـ قوربان خەفەت مەخۆن .. ئەگـــەر ئەفەرمون قاپێـــك « کۆلۆنیـــا »تان بـــۆ بانگ کەم ...

ـ نا ... قاوەیەکم بـــۆ بانگ بکە ...

ـ بەسەر چاو قوربان ...

ـ بەڵام پێش ئەوە تو ئوێ بگرە ، پێویستە دوو کـــار بەدەستی بەشـــی ژمێریاری « حسابات » کەم بکـــەینەوە و دەبێ تۆ شوێنیان بر بکەیتەوە ٠

ـ بەسەر چاو قوربان ...

ـ جگە لەمـــە « نەجمی »یش پیر بووەو پێویستە لا ببرێت..

ـ زۆر باشە قوربان خزمەتـــکاری خوتان جێگای ئـــەویش بر دەکاتەوە ...

ـ موچـــەکەشـــتان زور بەداخەوەو لەبەر ناچاری لـــە سەدا بیستی کەم دەکەینەوە ، دەبێ ئەمەش ژیرانە بە هاوڕێـــکانتی ڕابگەیەنی ...

ـ بە سەرچاو قوربان ...

پێیان ڕادەگەیێنم ، مەبەستی هـــەموو مـــان پێشـــکەوتنی کومپانیاکەیە ...

ـ سۆپاست دەکەم ...

ـ قوربان خـــوا دەســـت بەباڵتانەوە بگرێت ..

کاتێ کە حسێن بەگ لـــە زوورەکەیداخەریکی پیاچوونەوەی خشـــتەو نووسراوەکـــانی بەردەســـتی بوو ، هەســـتی پەماندو بونو پەرێشانی دەکرد، نیشانەی پەستیو بێزاری لەناو چاوانیا دیار بوو ... :ـ

« ـ ئەم ناپیاوە چلێســـە بەعیـــجمان نـــازانێت ... بەچاوێکی زۆر نزمەوە سەیرمان دەکات ... هـــەتا سەکیش پێویســـتی بـــە لاواندنـــەوە هەیە ...!! هەی ناپیاو کوایە بەخێری باوکت ئەم پارەیەمان دەدەیتێ ، تا ئەوەندە بەفیـــزو لوت بەرز بیت ... نـــەخێر نـــەمە ئارەقی نـــاو چاوانمانەو هیـــچ منـــەتی پێ ناوێت .. بەســـە ئێدی ئەم سەرشۆڕیەیە قبول ناکەم ، ئەم خزمەتو ڕەنج کێشانە بـــۆ هەر کەسێك بکـــەین بارووە نانێك مان دەداتێ پێی بژین .. دەمەوێ ســـەربەرز بژیم .. ناهێڵم بـــەم ئەرزە خوێنمـــان بمژێت و بێ بنێت بەکیان ماندا ... هەی خوێری جەقاوەسوو .. هـــەر ئێستا دەچمە ژوورەوەو بەنجە دەکەم بەچـــاویا ، دەبێ فێری ڕەوشتی پیاوانەی کەم ، هەتا لە دەرگاش نادەم ، گوایە ئەم خۆی بەچی دەزانێت ...!! « دەســـت دەکێشێت بـــە مێزەکەدا ٠ » هەی ئێســـك قورسی خوێری ، دەبێ لە سەر چی ئـــەم پـــەت بەتێنەمان بێ بکەیت ... !؟ بەم کـــردەوە ناڕە وایانـــە لـــە کـــەڵمان بچوێنێتەوە ... هەر ئێســـتا دەچمە ژوورەوەو یەخەی دەگرم ... کام قسە ناخوش بێت ، چی بێت بەدەمما بێی دەڵێم .. بەسیەتی ئەمە بیست ســـاڵە بەدەستیەوە دەناڵێنم ، تـــا ئێستا دەنگم نەکردووە ، لەبەر ئەوەی دوو ساڵ لەمن گەورەترە بـــەڵام ئـــەمە دەری ناهێنێ ، بەیمـــان بێت بقیژنم بـــە سەریا ... هەی ناپیاو ... هـــەی خوێری چلێس ... !! ئەگەر پیاوە دەم بگاتەوە بزانێ چۆن گەرچی کورسی هەیـــە دەیکێشم بە سەریا ... هـــەی ناپیاوی کوری ناپیاو ... تف لەچارەت ، دەمێ تف لە چارەی بکەمو ڕوزەشی بکەم ...

●

لـــە زوورەکەی ئەو دیوەوە دەنگ بەرز بووەوە ... :ـ

ـ ئەمە چیـــە ... هـــەی حەیوان ..

ـ ئەمەر کە قوربان بەگم ..

«بە نورجی خوی کۆکردەوەو دەستی هێنا بە یەخەیاو گەیشتە ژووری سەرۆکی کومپانیاکە ٠»

ـ ئەمەرکە قوربان ... چـــی ئەوماوە ...!!

ـ ئەڕێ ئەوە هێشك لەسەرتا نیە ... ؟؟

ـ قوربان گوایە هەڵەیـــەکم کردووە ...

ـ ئەڕێ دەتەوێت لەمە زیاتر چی بکەیت ... هەتا کـــەی وا بێهێشك دەبیت .. ؟!

ـ ڕاســـت دەفـــەرموێت قوربان ...

ـ بەســـە ئێدی ئەوەندە گەجەرو گوجەر مەبە ...

ـ قـــوربان داوای لێبوردن دەکەم ...

ـ ئەمە جاری چەندەمە ... ئەوە کومپانیاکەتان کردووە بە باخچـــەی ئیـــشداران ... بەسیەتی ئیتر ...

ـ ببورە قوربان ...

ـ بێدەنگ بە .. سەرەڕای ئەمـــەش دەم دەکەیتەوە ، بە تـــەواوی دەستتان داوەتـــە ماڵەوە ...

●

حوسێن بەگ لەگەڵ سەرۆکی کومپانیا هاتە دەرەوە ، دەرگای ئوتومبیلەکـــەی کـــردەوە ، بەدیاریەوە وەستا تا سەرۆك لەشوێنی خۆی دانیشت ...

ـ بەڕاستی زۆر پەستتان کردووم ... لـــە هـــەمووتان بێزارم ... ئیتر بەسیەتی ...!!

ـ خواتان لەگەڵ .. بەختـــر چـــن قـــوربان ... ســـەر چاوەکانم ... !

وەرگێڕانی : مصدق توفی

باشماوەی دەنگی

ئەوا ناگەیتە هیچ ئەنجامێکیوا بەغەیری چنگەکرێ کـــردنت ئەبێ ، لە ڕەوەزو یالەکانی ئەم شاخە بڕ لە هەلەموتەدا ٠٠!

● ... ئەلوێ (مەحوی) بەمر بکەین بە (تـــەوەرە ـ محور) ـــك و لـــە دەوری جراخەکەیدا ، بە عەشقێکی سۆفیانەوە خـــــون بخـــۆین و بەدەکـــانی زانی (بوونو نەبوون) هەڵدەیـــنو خەریکی دانانی خشتی بناغەی سۆفیزم بین ، لە ئەدەبـــە کەماندا ٠٠ چونکە ئەنیـــا (مەحوی) بترو بەر لـــە سەرباکی ئەوانەی تر ئـــەم دیاردەو مۆرکی پێوە دیارە ، چ وەتو (زمن) چ وەکـــو (ژان و داهێنان) ٠٠! بـــەڵام کە ئەمە سازنەدەی ، ئەبـــێ ئەوەش فەرامۆش نەکەیت کـــە (حەزرەتی مەحوی) پش لـــە ئەنجاما وەکو (شاگرد)ـــکی ڕوح سوتە ئەلە مەینەتخانەکەی (حەللاج)دا ـ بە بـــەراورد ـ بەکرۆڵەیی ئەکەوێتە لالانـــەوەو سوژدەبردن ٠٠ (قانـــونی تجنن)ی ئەم بەهیچ کلۆجێ ، تۆزی (جنون)ەکەی حەللاجی مەزنو شەیدا ، ناشکێنێ ٠٠!

● ئەگەر ... ئەی ئەدەبیاتی کلاسیمانداا ، ڕوبەڕوی ئـــەم هەناسەساردیەیە ئەبیمـــەوەو لەبەردەم ئەم یالە مەزنـــەی سۆفیزمدا ، دەسەوســـان ئەوەسمتین .. دەئەوا ئەتوانین نوقلانەو مزگێنی ئەوە بێنین و بە دڵخۆشی و سەرفرازیـــەوە بڵێین: ئەوە سەردەمی (ئەلفو بێ)ی سۆفیزمێکی هاوچـــەـ ڕخانەی دڵڕەنەر ، یەیتا یەیتا خەریکە لە شیعری (ئـــەی) گوردیدا ، شکۆفە ـــەـاو دەروازەی زامەکانی و زنـــەر ئەدێت ـ لەبەر ئەلێ هـــۆی شارستانی ـ کە ئەنجـــاما ئەبێتە ماڵەی دەتاتر زانـــی ئەو (مرۆڤ)و (زرســـە) مەلولو ڕنزەنو بڕ لە ژانانەی کە تا ڕۆژی ئەمڕۆ بە تەواوی دانەچنەکاونو لە هاڕنو ژارو ژەنی ئازارو خرســـەیمستین نەداوە ٠٠! چاوەنۆڕین ٠٠ !

ئاگاداریـــەك لـــەسەرۆکایەتی ناوچەی کشتسازیەوە

(٥٧٢) نایەی جۆرە قەوارەی بەکارهێنراو لەسەرۆکایـــەتی ناوچەی کشتسازی سـلیمانی بە مـــەزانی ئاشـــکراو بۆ فرۆشتن چنگ ئەکەوێ ٠٠

ئەوەی ئەیەوێ بیکڕێ ، بارووبکاتە (لیژنەی فرۆشتن)ی سەرۆکایەتی ناوبراو ، لەبێناوی دانی تەئمیناتی پێشەکی کـــە (٢٠) دیناره تا بتوانێ لـــەومەزاتەی کە لە بارەکای کۆگانی عیراقی نزیك کەراجی بەغدای سەر شەقامی سەیوان و لەرۆژی شـــەمەی ٢٠ـ١١ـ١٩٧٦ و لەسەعات دەی سەر لەبەیانـــی بەشـــداربێت « فرۆشـــتن بەیەکجارەکی و کاشە » ٠

سەرۆکی ناوچەی کشتسازی

بەیاننامـــەیێ بـــۆهاوولاتیانی بـــەرێز

هاوولاتیانی بەرێز ئاگـــادارئەکەینەوە کە : لـــەم مانگـــەوە بۆلی (٥٠) فلســـی و (½) دیناری خرایەکارو بەعیبارەتی (رسوم قضائیە) رازێنراوەتەوە ، بـــۆیەکارهێنانی لـــە مامـــەلەکانی ڕەســـمی تصدیقی قـــەواڵەی قوتابیانی زانستگاکانداا ٠

وەزیری دارایی

حکمت ابراهیم

Institut Kurde de Paris

بەیارمەتی ئێوە

خاک و نادەمیزادو خۆشەویستی

● تا ئەم خاکە .. هی خۆمانەو ، ئێمە لە « قوڕی » ئەوین وەکاتێ ئەجەلیشمان دێ هەر لە هەڕێمەوە لای خۆی .

● نادەمیزادی ئەم خاکەش یەکێکە لە ئێمە .. بەلکو بەشێکە لە ئێمە ، هەرچییەکی بەسەر بێت بەسەر ئێمەشدا هاتووەو ، بەپێچەوانەشەوە هەر .. راستە .

● ئێمە ئەم خاکەمان خۆش ئەوێ . نادەمیزادەکەشی .. ئەم خۆشەویستییەش خێرێك نییە بیکەین ، یا منەتێك بێت خۆمانی پێوە بنوێنین ، بەلکو ئەرکێکمانەو ، درێغی لێ کردنی گوناهباریە بۆ خاوەنەکەی .

● دەرخستنی ئەم خۆشەویستییەش چەند شێوەیەکی جیاجیای هەیە ..

● کارکردن ، هەر بۆ نموونە ، شێوەیەکە لەشێوەکانی دەربڕینی ئەم خۆشەویستییە .. جا هاوولاتییەك کارەکەی خۆی هەر چەندە بەباشی بکات دیارە ئەوەندە بەهێزەوە بەم خاکەو بەنادەمیزادەکەیەوە نووساوەو ، خۆشی ئەوێن .

● هەر وەها .. بەرگری کردن لەناو بانگی نیشتیمانیش .. لە گۆڕانە شۆڕشگێڕانەکانیو ، لەنیشانە چاکەکانی ژیانی نێوان لەپێناوی نادەمیزادی عیراقیدا ، ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی دەرخستنی ئەم خۆشەویستییە .

● جا هەر چەندە هاوولاتییەك لە هۆشیاریو ، لە ڕۆشنبیریەوە نزیك بێت ، ئەوەندە زیاتر بەدەست پاکیەوە ئەتوانێ بەرگری لە ناوبانگی نیشتمان بکات و ، ئەرکی سەرشانی بەرامبەر بەنیشتیمان کەورەتر ئەبێ ، چونکە ـ لەو حالەدا ـ خراپەی زیان بەخش ترو ترسناکترو ، لە بیانوو هێنانەوە دوورتر ئەبێت .

● ئەتەر هەر یەك لە ئێمە بەهەی بزانیبا ، هەلس و کەوتی زۆر کەسانمان بە جۆرێکی تر دەبوو ، ئەوە کەسانە ئەڵێم کە ، ئەم خاکە بۆ سوودی تایبەتی خۆیان ، بەشێوەیەکی خۆپەرستمانەو « بێسفەت » انە بەکار دێنن . بەبێ ئەوەی لەروانگەی واقیعی خۆشەویستی ئەم خاکو ، نادەمیزادەکەیەوە بیر بکەنەوە .

● ئەوی هوشیارە ـ زیاتر لە خەڵکی تر ـ ئەتوانێ خۆشەویستی بزانێت .. ئەوی خۆشەویستیش بزانێ بەخشندە ئەبێو .. خۆشەویستیش بەبێ بەخشندەیی درۆیە ، یان ـ بەلای کەمەوە ـ ... قسەی بۆچە .

● ئەو کەسانەی لە مەیدانی تێکۆشانو لەجەنگە شەرەفمەندانەکانی گەلەکەماندا گیانی خۆیان لەپێی خۆشەویستی ئەم خاکو خۆشەویستی نادەمیزادی ئەم خاکەدا بەخشیو شەهید بوونو .

● ئەو کەسانەی بەشەهیدی بەدوای کارێکی بەردارداکەوتنو ـ ئەکەون ـ ، بۆ خۆشەویستی ئەم خاکەو .. نادەمیزادی ئەم خاکە تلانو ـ ئەڵێن ـ .

● بەڵام ئەوانەی لەسەر ئەم خاکەدا ئەژین بەبێ ئەوەی هیچی پێ ببەخشن ، ئەوان وادەر ئەخەن ئەم خاکەو نادەمیزادەکەیان خۆش نەوێ و خۆیانی پێوەنەنوێنن .. خۆنواندنیش لە خۆشەویستیدا بازرگانی کردنە ، ئەمەر ئەڵێم راوروت کردنە .

● نازانم .. لەم راستییانە زیاتر بڵێم ، یان ئەمەندە .. بەسە ؟!

● هیوادارم .. بەس بێ .

عەثمان محمد فائق

هونەری بینین

ڕێبازێکی نوێیە هێشتا نەدۆزراوەتەوە

ئەو شەپۆلە نوێیەی سالی ١٩٦٥ لە پێشانگای هونەری نوێدا لە نیویورك دەرکەوت ، بوە هوی بەربەستێکی توندی ڕەخنەگرەکانی ، ئەو هونەرەنوێیە بە ((چاوی هەستیار)) ناسراو هەندێ لەبەر ئەوەڕەفزیان کرد چونکە بەلایانەوە وابو هیچ ناوەڕۆکی دەرنابڕێو هەندێکی تر بە لایانەوە وابو لە دەربڕینی ئەرکی هونەری نوێی وێنەدا سەرەڕای پڕ ڕەنگیو نزیکی لە ئوسلوبی پرویاکەندەیی و نەخشو نیگارەوەسەرنەکەوتوە .

ئەوەی شایانی باسە ، سەرەتای ئەم هونەرە بزوێنەرە (ناوب) بۆ سەدەکانی ١٧و١٨ی زایینی ئەگەڕێتەوەو ئەوکاتەی عەرەبەکان پارچەی ئەخش و نیگاریان کەپاندە ئەندەلوس و لە مەڕەپا بەکاریان هینا ، ئەو ئەخش و نیگارانە کارتی کردنی بەهیزیان هەبوو ، جا هەندێ وێنەگری نوێ کەوتنە لیکولینەوەی کارتێکردنی یاری کردن بەرەنگ ـ تا لە دروستکردنی جۆرە وێنەیەکا بەکاری بهێنن کە لە بینیندا پڕ بێ ، لە بیستەکانی ئەم سەدەیەدا ، هونەری « تەجریدی » بەسەر هونەری تەشکیلیدا زاڵبوو ، شان بە شانی ئاڵۆزانی واقیعەت ڕێگایەکی نوێی وێنە هاتەکایەوەو ناوەرۆك بایەخی راستەو خۆی ئەماو بایەخ دانی سەرەکی خۆی لە نێوان وێنەو ئەو فۆرماشەدا ئەنواند کە لە سەری ئەکرێ .

لە سالی ١٩٢٠دا (تاشینی بزواو)ی « چیبو » بوە هوی ژیانەوەی ئەم ڕێبازە ، چلی سەر بە خێرای ئەلەرێتەوە ، کە ئەمە لە شەبەکەی چاودا وێنەیەك دروست ئەکا لە خەلەتاندنی بینین ئەچی ، بەو جۆرەی چاو چلەکە لە هەموو لایەکەوە ئەبینێ ، کە لە راستیشدا نایبینێ ، لە سالی ١٩٢٠دا (جیهاری بینینی سوڕاوە)ی « دوشا » باوەری خستبوە سەر هەمان بۆ چون ، لەبەر ئەوەی هەمە جۆر فێلی ئەزانی ، تەنیا بە خەلەتاندنی یەك لایەنی چاو رازی نەئەبو . هیلی دائیری ڕەسم ئەکرد بە جۆرێ وا دەربکەوێ وەك جوڵەوەی بەروانەیەك کە وەك شتێکی بەقولاچوی پێچەوانە کراو بنوێنێ .

« فازالی » پێشەنگی هونەری بینراو کە لە بنەڕەتەکانی ئەم هونەرە ئەزانێ ئەلی (وێنەی پاکو ڕەنگی پاك ، ئەتوان وەك ڕەنگ دیاربن) ئەوەی شایانی باسە ئەم هونەرەمەندە ، بوبە وێنەکاری پرویاکەندەی بەرهەمەکانی (دادائی) لە بۆدابەستو هەندی بەرهەمی لە بەعدا کانی کردنەوەی پێشانگای هونەری فەرەنسی لە ١٩٦٠ ـ ١٩٧٥دا پیشاندراو پێشانگاکە لە موزەخانەی نوێی نیشتمانی لە ١٨ ـ ٣٠ ئەیلولی ١٩٧٦ پیشاندرا . خۆشی لە ١٩٠٨دا لە شاری (بیك) لە مەجەر لە دایك بوە (لەگەڵ ئەم باسەدا وێنەیەکی دەسکردی ئەم هونەرمەندە هەیە) .

شتی تر دەربارەی ئەم هونەرە ، ئەوەیە کە لە « بەیاننامەی ئەدەب »ی « سوتو »دا سالی ١٩٥٥ بلاوکراوەتەوە ، لەگەڵ پیشانگاکانی ئەم هونەرمەندەو وێنە سازەکانی تر ، کە سەرەتای کورانی هونەری ئەدەبی ئەوروپابو ، « سوتو » مسافەی نیوان « ئەدەب »و « بزواندن » کەم کردەوە ، بە دووبارەکردنەوەی شتە « موندیان »ی بزواو دروست بکا ، بۆ بە بەرهەمەکانی بەبزواو ناسرا چونکە بایەخدانی بەتایبەتی لەسەر بزواندنی بوو .

ئەوەی شایانی باسە ، ئەو جیاوازیە جەوهەریە دیاری بکەین ، کەهەندی ڕەخنەگر لەنێوان ڕیبازی ئەمەریکایی و ئەوروپایی دیاری ئەکەن . ئەوەش لەوەدایە کە لە ئەوروپا ئەخش و نیگارەکان پریەتی لە « تجرید »ی ڕەش و سپی ، بەڵام لە ئەمەریکا ئاسمان ترەو ڕەنگەکان زیاتر دیارن .

جانەپرسین :

ئایا ئەمەهونەرە ؟ یان ئەتوانێ تاقی کردنەوەیەکی ئەفسیە ؟! یان بانگەوازی پەرەپێدانی ژیانمانە ؟ لە هەموو حالەتێکا ، ڕێبازێکی نوێیە ، لە سنوری ڕاهاتنو ناسراوی تەشکیلیو ئەحت دەرچووەو باوەر ئەخاتە سەر بایەخدان بە جوانی بزواندنی ، وەخەلەتاندنی چاو ، بەوردتر : ئەهمیەتەکەی بەتایبەتی لە تێپەربوونی پێوانەی چاودایە ، ئەم خاسیەتەشە کە ڕەخنەی لەسەر ئەگیرێو هەر بەوەش هەڵئەسەنگێنرێو هێشتا لیکولینەوە بەردەوامە .

ـ زوهیر غانم ـ

بانگەوازی ئەنجومەنی موسیقای دەوڵەتان لەپایتەختەکانی مەیخانەدا

سەمای میللی لەمەڕەسەدایە !

ئەنجومەنی موسیقای دەوڵەتان ، لە هەموو جیهاندا چالاکیەکی ، لە پێناوی پارامتنی گەلەوری میللی لە سەما و موسیقاو گۆرانیدادەستی کردوە ، ئەنجومەن داوای لە ولاتانی دنیاکردوە کەکەلەپور بپارێزنو ئەیەنن شوو نرێو هەولی ئەوە بدرێ لە چوارچێوەیەکی زانستی ساغو بە ئەمانەتی هونەریەوەپێشکەش بکرێ . بە تایبەتی لە ولاتانی ئاسیاو ئەفەریقادا .

ئەنجومەنی موسیقای دەوڵەتان هەموو ساڵی لە ئاسیاو ئەفەریقادا گورەترین ڕیك ئەخاتو ولاتانی ئەوروپا لە نموونەی سەمای میللیو ئاوخۆیی و گەلەوری گورانیو موسیقا پێشکەش ئەکەن .

دوا کونگرە ، کونگرەی « موسیقای ئاسیا » بو لە « مانیلا »ی پایتەختی فیلیپین بەسترا ، ڕاپورتێك کە لە کونگرەکە دەرچوە نیشانەتی بۆ ئەوە کردوە کە : کە لەوری موسیقاو فولکلور لە ئاسیاو ئەفەریقا ، لەگەڵ بلاوبونەوەی « ترانزستور »دا کە بە ئاسانی ئەکاتە دەستو چۆنە هەموو شوێنو لایەکەوەو هەمە ڕەنگ موسیقایەکان لەسەر شانۆ ، ئایین کار لە گیانی میللیەت بکات .

ئەنجومەنی موسیقای دەوڵەتان لە هەموکونگرەیەکدا لیژنەی هەڵسەراندن دروستئەکا . کە لە شارەزاو موسیقازانەکان پێکهێن بۆ هەڵبژاردنی ئەو پارچە مۆسیقایانەی گیانی ڕەسەنیو میللەتی ساغیان پێویە لە هەل چاکیو ساغی دروستبوونی هونەریدا .

بەدبەختی دنیای نێرینە

● ئەو پیاوەی ئەم کتێبە بخوێنێتەوە ... هەژاروبەدبەختە !! ئەبێ لە کەل هەموو لایەرەیەکا هەناسە هەڵکێشی وئە بەر خۆیەوە بڵێ : بۆچی نافرەت نەبوم !؟!؟ پیاوەتی « وەك ئەم کتێبەدا دەرئەکەوێ »مانای بی هیزیو ئەخۆشی وتەمەن کورتیە !

دوکتور « عبدالمحسن صالح » لە کتێبەکەیدا « بەدبەختی دنیای نێرینە » دا ئەڵێ : ئێمە لە ٢٣ی ئەیلولی ١٩٧٥ زیاتر لە مێینە خۆمان ئەپرۆکێنینو زیاتر لە وزەو توانای ئەوان سەرف ئەکەین ، ئێمە لە ژیانماندا وەك تەنوری داگیرساو واین ، بەڵام لە سەرخۆ ئەگرێ ، سوتاندنی سوتەمەنیەکەی کە شەکرە بە جۆرێکە کە سەرفی هەموو شتەکانی تری ناوەوەمان بەو حسابەیەو وزەشمان بە قەدەر هەڵگیرسانی ڕەگی حەیاتی ناوەوەمان ئەجوێ .

ئەوەی سەیرە ، توانای هەڵچون لە ناو پیاودا لە ژن بەهێزترە ، لە بەر ئەوەش ڕادەی دامرکانەوەمان لە وەزیاترە . واتە ، ئێمە وزەی خۆمان بۆ ئەوان سەرف ئەکەین ، بەم جۆرەش ئێمە خێراتر لە وان ئەسوتێین ، کەواتە لەوان تەمەن کورتتر ئەبین ... بۆنمونە : لە بەراوردکردنی توانای پیاوو ژنێکی هاوتەمەنو هاوکێشە کە پێکەوە لە دایەڕەیەکدا ، کاربکەن ئەبینین پیاو لە دەقیقەیەکدا ١٫٦٠ وزەی گەرما سەرف ئەکات بەڵام ژن تەنیا ١٫٣٠ وزەی گەرما سەرف ئەکا . ئەگەر شان بە شانی یەك بڕۆن و ڕێکا ببڕن . پیاوەکە ٥٫١٠ وزەی گەرما لە خویا سەرف ئەکات کەچی ژنەکە ٢٫٩٠ سەرف ئەکات .

لە لایەکی ترەوە ، ڕادەی مردن لە ناو نێرینەدا لە مێینە زیاترە ، جا هەرچەندە ژمارەی ئەو نێرینانەی لە دایك ئەبن زیاترە لە مێینە ، بەڵام لە بەراوردی کەیشتنە تەمەنی پیری شتە پێچەوانە ئەبێتەوە ، لە ٦٠ ساڵیەوە بو ٦٤ ساڵی ژمارەی ئافرەت زیاترە ، لە تەمەنی ٧٥ بەرەو ژورەوە ژمارەکە زیاتر ئەبێو ژن دوو ئەوەندەی پیاوە .

دیسان لەشی ئافرەت لە هی پیاو گران ترە ، عملیاتی فسیولوجیو کیماوی لە ئافرەتدا بە هێزترو پێکهێوترە لە هی پیاو ، زنجیرەیەکی دوروو درێژ شوێنو جێگای کیماویو هورمونی لە لەشی ژندایە کە لەشی پیاو هەر هیچی لێ نازانێ !

ئەوەی ڕاستی بێ ، لەم جیاوازیە قولە نیشانەیەکی نوێی ئەهمیەتی مێینەیە لە ڕووی بیولوجیەوە ، وەك ئەوەیە : مێینە تاقەڕوبڕێی زامنی وەختی دژی نەخوشی دڵی پی دراوە ، خۆ ئەگەر ئەو تەڕو پڕیەی ئەما ئەوسا مێینەش ئەو زامنەی نامێنیو ئەوەی بە سەر نێرینەیەت ، بەسەر ئەویش یەت ، بەڵام هێشتا لەو کەمتر ، چونکە پیاو هەمیشە زیاتر توشی ئاڵۆزیو هیلاك بونو دڵ ئیشە ئەبێ ، لە بەر ئەوە تەمەن کورتیان زۆرترە .

جا ئیستا ... خوێنەری بەڕێز ... توش لە بەر خۆتەوە ئائی « دنیای نێرینە ... دنیای بەدبەختی یە ؟!

نۆبەت

دڵێکی زایۆنییە

ئەمجارەیش ئەکادیمیای زانستی سویدی ، خەڵاتی نۆبلی بەخشیە نوسەرێکی زایۆنی .. بەرلەدەسال شاعیری ڕەگەز ـ پەرستی زایۆنی (عەجنون) عەمان خەڵاتی پێدرا .. خەڵاتوەرگری ئەمجارەیش ناوی (سۆل بیلۆ)یە ، کە پەروەردەیەکی جولەکەیی و نارسوزکسی کراوەو بڕوایەکی بتەوی هەیە بە پەیوەندی نێوان ئەدەبو ئاین .. ئەم نوسەرە سەربەرەوشتی ئاینیی جوولەکەکانی ڕۆژەلاتی ئەوروپایە ، بۆیە زۆرجار (جولەکە) ئەکا بە جەمسەری ڕومانەکانی خۆی .. چونکە مرۆڤی جولەکە لەلای بۆچونی ئەمو لەئەنجاما (دراما) دروست ئەکات .. ڕەخنەگران لەوباوە ڕەدان کە شانۆکەریەکانی شتێکی ئەوتونین ، کەچی ڕۆمانەکانی هەڵئەسەنگێنن .. خۆی و ژنەکەی کە لە زانستگای (قودس) دەرسی ئەوتەوە ، چەندەمانگێ گەشتیکیان لەخاکی داگیر کراوا سازدا ، لەئەنجاما کتێبێکی لەژێر سەرناوی (چوونە قودسو کەڕانەوە)ی بڵاوکردەوە .. کەچی کتێبەکە لەلای ڕەخنەگرانداا هیچ دەنگی نەدایەوە ، تەنیا لەلای زایۆنیستەکان نەبێت ، لەمبارەیەوە (بیلۆ) وتویەتی : (ڕەخنە ، لە نووسینی شتی وەکو ئەم کتێبە ، لە پاشەڕۆژا ساردم ناکاتەوە) .. ئێستا بیلۆ تەمەنی کەیشتۆتە ٦٢ ساڵ هەروا : (جەوهەری تەجربەکانی مرۆڤ بەندە ، بەکەڕان بەدوای خۆیو بەدوای خۆشەویستیو دور لەمەرگ) ..

پیرۆزباییمان بۆ (نوبل) ، جەرگەی زایۆنیزمی فاشست .

کۆڕێکی چێرۆك خوێندنەوە لە هەولێر

سەر لە ئێوارەی ڕۆژی(١١ـ١١)لە هۆڵی یانەی فەرمانبەران لە هەولێر کۆڕێکی فراوانی چیرۆك خوێندنەوە سازکرا لەلایەن کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی . کۆڕەکە لەلایەن بەڕێز ـ بکر محمود ـ سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کرایەوەو و بەڕێزان ئەمینداری ئەوقاف و ئەمینداری کشتوکاڵ و چارەسەرکردنی کشتوکاڵو و جێگری ئەمینداری پەروەردەو خوێندنی پەرزو جێگری پارێزگاری دهۆك وجەماوەرێکی زۆر ئامادەبوون . کۆڕەکە بە ووتەیەکی سەرۆکی کۆمەڵە مامۆستا « خەلیل یابە » کرایەوە کە تیایدا باسی چالاکیەکانی ڕۆشنبیری کۆمەڵەکەی کرد و لەبایەخی بەستنی کۆڕە ئەدەبیەکان دوواو وبەلێنیدا کۆمەڵە بەردەوام بێ لەبزووتنەوەی هونەری و ڕۆشنبیری . لەپاشان دەستکرا بە خوێندنەوەی بەرهەمی ئەم چێروك نووسانە : (محەمەد ڕەشید فەتاح ، محەمەد ئەریق حەسەن ، ڕەئوف بێگەرد ، عەبدوڵلا سەراج ، حەمە کەریم ڕەمەزان) ،چیرۆکەکان لەلایەن مامۆستایان ـ کاکە مەم بۆتان ـ و ـ عەبدوڵلا محەمەد ـ وە ڕەخنەیان لێ گیراو هەریەکەیان چەند چیرۆکێکی هەڵسەنگاند ، لەپاشان بەرهەمەکان کەوتنە بەردەمی موناقەشەی دانیشتوان و ـ ڕەخنە لە چیرۆکەکان گیرا . وە ئەوەی شایانی باسە ئەمە یەکەمجارە لە شاری هەولێردا کۆڕێکی چیرۆك خوێندنەوە لەم شێوە تازەداساز بکرێ کە جێگەی ڕەزامەندی زۆربەی ڕۆشنبیران بوو .

دوادێر

ـ صباح عبدالرحمن ـ

هەڵکرتنی هەمو جۆرك لە پیروباوەڕانەی بۆ چاکەی کۆمەڵو لە پێناو بزوتنەوەی ئەودایە هەرگیز ناتوانین ناوی بنین نیشوکار .. بەڵکو برتنیە لە فەلسەفەو مەلوتسێنگ بەرامبەر ژیان ئەوانەو کێشانە لە ژیاندا توشی ئەبین و لەسەر شانوی ژیان بەدیان ئەکەین .. بیروباوەڕ کاتێك بە چاکی دەرئەکەوێت ورون ئەبێتەوە کە واقیع لە محەکی بدات ..

بیروباوەری مرۆڤایەتی خاوەن بیرەکە ناچارئەکات کە باوەڕێکی تەواوی بە قوربانی ـ دانو لە خۆبوردنو خۆراگرتنو ڕۆشن بینیەکی تەواوی هەبێت بەرامبەر ژیان .. دور لە خۆپەرستی و چاکەی خۆویستن کە ئەوانە خەسیەتێکی کاری خیانەتکاریو ئەلقە لە گوێیە .. خاوەن بیروباوەڕێکی پیشکەوتنخوازانە تەنیا لە دڵی خۆیانو ڕوناکی بیروباوەڕیانەوە تەماشای شتەکەن ، چونکە ئەو بوارینە یان تەماشاکردنێکی زانستیانەی مەوزوعی وریاوهۆشمەندانەیە .. بەڵام هەزار مخابن بۆ ئەوانەی لە کونوکەلەبەری خیانەت کاریدا خۆیان ناوەتەوە لە نوارینیاندا بۆ ئەمان تەنیا ئەو ڕوکارانەی ئەبینن کە خۆشیەکی بۆڕژوازیانەورابواریسێکی بۆش و پوچیان دەستئەخات ئەگەرچی ئەو خۆشیو رابواردنەشیان لەسەر ئێش و ئازاروچەوسانەوەی کەسانی تریش ـ بێت .. ئەو کەسانە تەنیا بەبەرژەوەندی خۆیانەوە غەریزیکانیانەوە کە لەسەر چاوەیەکی پڕ قینوورقاویی ناوناخی دڵو دەرونیانەوە بەرتوەئەچێو کینەو بوغزی ویژدانیان ڕێیان نیشانەدات بەراوردێکی ناواهی ساکار ئەو قەناعەتەمان لا ساغ ئەکاتەوە کە لە تاقی ـ کردنەوەی هەمو شۆڕشە ساواکاندا مەسەلەی هەڵگەڕانەوە شتێکی تەبیعی یە .. ئەویش لەو باوەڕەوە هەڵ ـ قولاوە کە هەمو شورشێك ڕەفزئەکات ، کە ئەو شۆڕشە باوەری بەوە هەبێت کۆمەڵ لە دواکەوتویی و دروشمی ئەوانەفوتارکات کە ئەڵێن ... (خۆمان چاکبیزقیروسیا لە خەلکی تر) .. کەواتە شتێکی سەیرنییە کە خیانەت کاران خۆیان کۆکەنەوەو هێزیان بدەنە پاڕێکترو بە هیوای ئەوە تێکوشن کە ئالای شەکاوەی ڕاستی بپچڕنەوە .. بۆشیو بەتاڵیو نارەوایی خۆی بسەپێنێ کاتەجاریی گەوجانەی بە ناواتە پاکە پیرۆزەکانی مرۆڤایەتی بێت .. ئەو تاقمەی کە مێژوو بەورێکی تەواویان بۆ دەرەخسێنێ .. لەناو خۆی مانەوەو بەردەوامی هەڵکرتوەو هەڵەنگوتنو کارەسات پشتی لە خەباتکردنی گیرانەوەی حەقو دانانی لە شوێنی خویدا ساردناکاتەوە .. هەرچەندە ڕێگای ئەو کارەش دورو پڕ دژواریو کۆسپو تەگەرەبێت چونکە نوجدان بە گوێرەی لیکدانەوەی شۆڕشگێران دوای لیکدانەوەو هەڵسەنگاندنو لێکۆڵینەوە ئەبێتە هۆیەکی گرنگی بال پیوەنانو بەرەوپێش چون بەرەو ئامانجو هێنانەدی سەرکەوتن .. هەزار سلاو لەبەعسی سۆشیالیستی عەرەب کە توانی لە شۆڕشەکەیدا تیوری ـ یەکانی بکاتە کاری دیموکراتیانەی ڕۆژانەوهەمیشەپلەی ڕابەری ئەگرێت لەناو شۆڕشە ڕزگاریخوازەکانی دنیادا .. ئۆکەرانی خیانەت ـ کاری لەناو ئەلیکدا جێگایان نابێتەوە کە چاوی بە تیشکی ناسۆی بەعس و نامە ئەمرەکەی هەڵهاتبێ .

Institut kurde de Paris